سەرچاوە
Serchawe

KURDISTAN

8
MARCH



# ٨ی مارچ سیمبولێک بۆ داخوازیەکانی ژنان

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست


١- حەقیقەت .......... بێبەش پیرۆتی ..... ٤
٢- پرسی ژنی ئەمرۆی کۆمەڵی کوردەواری، لەپەیڤی چەند کەسایەتی یەک دا .......... ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی ..... ٥
٣- ژنە پێشمەرگەکانی شاخ و چەن قسەیک لە ڕۆژی ٨ی مارسدا .......... نەوزاد خاڵە بازیانی ..... ٢٢
٤- بزووتنەوەی ژنان لە قۆناغەکانی مێژوودا .......... ڕەسوڵ بۆسکێنی ..... ٢٣
٥- کێشەکانی ئافرەتان لە ئێستا و ڕابردوودا .......... پەریزاد محەممەدی ..... ٢٨
٦- ٨ی مارسو ژنانی گوند .......... ئازاد ئیبراهیم ئەحمەد ..... ٣٢
٧- هەشتی مارس و ڕۆڵ و ئەرکی ئەمڕۆی ئافرەتانی کوردستان .......... د. ڤیان سلێمان ..... ٣٤
٨- لە یادی ٨ی مارس دا، ئەمساڵیش نەگۆڕاین! .......... پەروا علی ..... ٣٦
٩- ئافرەت لەسایەی فەلسەفەی حوکمڕانیدا .......... چیمەن محەمەد ڕەشید ..... ٣٨
١٠- ئەمساڵیش ٨ی مارس .......... ئێڤار ئیبراهیم ..... ٤٠
١١- ٨ی مارسو بازرگانی بەجەستەی ژنەوە .......... شیلان بیبانی ..... ٤٢
١٢- واز لە یەکسانی ژن و پیاو بهێنن .......... فەرهەنگ فەرەیدون ..... ٤٤
١٣- دیسان ٨ی مارس و کارە ڕۆتینە بێ کەڵکەکان .......... جوامێر مارابی ..... ٤٦
١٤- خۆڕزگارکردن لە سەربازگەی فیکرو بەندیخانەی بیروباوەڕەکان .......... شیرین تاهیر ..... ٤٨
١٥- با ٨ی مارسی ئەمساڵ بکەینە دەستپێکی قۆناغێکی نوێ بۆ خەباتکردن .......... سەرگوڵ سەلمە ..... ٥٠
١٦- بە بیانووی ٨ی مارسەوە .......... جەمال ئارێز ..... ٥٣
١٧- ٨ی مارس و چۆنیەتی گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی یەکسان و بەرابەر .......... ئارەزوو بەهرامی ..... ٥٤
١٨- یادی گەورە ژنی کورد تەڵا خانم لە ڕۆژی جیهانی ژناندا .......... پەخشانی ئەحمەدی ..... ٥٨
١٩- ڕۆژی هەشتی مارس .......... سیامەند شێخ ئاغایی ..... ٦٢
٢٠- بەڕاستی پیرۆزە...؟ .......... تروسکە سادقی ..... ٦٥
٢١- ٨ی مارس نمادی یەکسانیی ژن و پیاو .......... کوێستان فتووحی ..... ٦٧
٢٢- ژن لەنێوان ماف و ئەرکدا .......... پ.د.فایەق مستەفا ..... ٧٠
٢٣- ژن لە مێژووی کوردستاندا لە زەمانی مادەکاندا ژنانی کورد دەستەلاتیان هەبووە .......... ئارێز ئەندەریاری ..... ٧٣
٢٤- چەند سەرنجێک لەسەر پێگەی ژن لە کۆماری کوردستان و هەڵوێستی سیاسەتمەداران .......... ئەحمەد ئەسکندەری ..... ٨١
٢٥- کورتە مێژوی ڕۆژی جیهانی ژنان .......... شەماڵ علی ..... ٨٥
٢٦- قسەیەک دەگەڵ ژنان و پیاوان لە سەر ٨ی مارس .......... برایم جەهانگیری ..... ٨٨

٢٧- ژن، پێوەندییە کۆمەڵایەتی‌یەکان و ڕەنگدانەوەکانی ......... ئارەش لورستانی ..... ٩٠
٢٨- ژنکوژی، شەرەفو ناموس و یاسا لە باشوری کوردستان ......... د، کامران ئەمین ئاوە ..... ٩٣
٢٩- مافی ژن لە یاساکانی کۆماری ئیسلامی‌دا ......... عومەر باڵەکی ..... ٩٦
٣٠- هەشتی مارس بەتەنیا لە ئافرەتان پیرۆز بێت. ......... مستەفا شێخە ..... ٩٩
٣١- ڕۆژی جیهانی ژن لە ئێران ......... لەیلا موحەممەدی ..... ١٠١
٣٢- ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان و کێشەی ژنانی کوردستان ......... شەیما جەمال زەندی ..... ١٠٣
٣٣- پیرۆز بێت ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژن! ......... عوسمان ڕەحمانی ..... ١٠٥
٣٤- با تەنیا ٨ی مارس یادی ژن نەکەینەوە. ......... ڕۆژە عەزیزی ..... ١٠٨
٣٥- با هەموو ڕۆژەکانی ساڵ بکەینە ڕۆژی خەبات دژی ستەم و ناعەداڵەتی ......... کوێستان فتوحی ..... ١١١
٣٦- خەبات و ڕووتبونەوە؟! ......... بیگەرد میرسەیدی ..... ١١٤
٣٧- یاسای"پشتیوانی لە بنەماڵە" دیاریی ئەمساڵی ڕژیم بۆ ژنان ......... ئێلهام چایچی ..... ١١٧
٣٨- هەشتی مارس و چەند تێبینی ......... کاوە ئاهەنگەری ..... ١١٩
٣٩- وتەیەک لە بارەی ٨ی مارسی ئەمساڵەوە. ......... حوسێن ساڵح ..... ١٢١
٤٠- ژنانی کورد لە مێژووی ئیسلامدا ......... سیروان موساپوور ..... ١٢٥
٤١- ٨ی مارس، سیمبۆلی رزگاری ژنان. وەڵامێک بۆ زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان ......... حەمە غەفور ..... ١٢٧
٤٢- دەربارەی ڕۆژی جیهانی ژن ......... شەهلا سیمایی ..... ١٣٠
٤٣- ٨ی مارس و ئاوردانەوە لەخەباتی پەرتەوازەی ژنی کورد ......... ناهید موکری ..... ١٣٦
٤٤- هەشتی مارس ڕۆژی وەستانەوەیە بەڕووی تاوانکاری لەدژی ژنان! ......... حەمەغەفور ..... ١٣٩
٤٥- بە بۆنەی ٨ مارس ڕۆژی جیهانی ژنان ......... نگین شێخ ئوسلامی ..... ١٤١
٤٦- ٨ی مارس ڕۆژی هاوپێوەندی و بیرهێنەرەوەی خەبات و خۆڕاگریی ژنان ......... کویستان فتوحی ..... ١٤٣
٤٧- هەڵسەنگاندنی ژنی کوردی دیاسپۆڕا و ژنی کوردی دانیشتووی وڵات ......... گوڵاڵە شەرەفکەندی ..... ١٤٦
٤٨- هەشتی مارس وەک سیمبولێک بۆ داخوازیەکانی ژنان ......... کوێستان عومەرزادە ..... ١٥٠
٤٩- خەباتی چینایەتی و ئازادی ژنان ان" نووسینی: "تونی کلیف ......... وەرگێڕانی: بێستون ..... ١٥٢
٥٠- ڕووداوە گرنگەکان لەمێژووی خەباتی ژنان و دەرکەوتنی ٨ مارس ......... شیلان یاسین ..... ١٥٩
٥١- ژن و قەیرانی جیهانی ئیسلام ......... ب. بی نیاز(داریوش) ..... ١٦٣
٥٢- هەشتی مارس و هیوا و هەوڵ و ئەرکەکانمان ......... سەرگوڵ بێتووشی ..... ١٧١



# حەقیقەت



**بێبەش پیرۆتی**

به بۆنەی ٨ی مارس رۆژی نێونەتەوەیی ژن، پێشکەشە بە ژنی کورد بە تایبەت ئاتۆسا.

پێت وتم رۆژی ژنە و لەو بارەوە بۆت بنووسم. چۆن نانووسم کە خۆم لە ژن لە دایک بووم.
چۆن نانووسم کە تۆش ژنی، رۆڵەی کوردی، کە تۆش مەردی. تۆ پێشمەرگەی.

پێشمەرگەی، ئەو پێشمەرگەی خاکیش قەرزدارتە، خاکی پاکمان خۆی دەزانێ چیت بۆ کردوە.
تۆ لە نێو هۆزی ئازامدا حاشا لە هێزت دەکرێ، مافی رەوات پێنادرێ بەڵام هێند باوەڕ بە خۆ هەی هیچ ئاستەنگێک بەرگەی ئیمانت ناگرێ.

تۆ لە کار و پیشەی بەرەو پێشکەوتندا، تۆ لە خۆشەویستی و سۆز و حەزدا تەنانەت لە نێو سەنگەر لەکاتی هەڵمەت و شەڕدا دوا نەماوی. کەچی هێشتا بە داوی زور بەند و باوی کۆن و دزێو بەستراوی .

چاوم لێتە داوەکان دەپسێنی، ئاگام لێتە بە باوەرت رێگەی سەلماندنی حەقیقەت دەنخشێنی، دەستت داوەتە دەستی من هەر وەکوو من بەرەو هەرەس پێهێنانی بەفری سەدان ساڵەی ستەم لە هەورزان سەردەکەوی، دەچییە پێشێ و بۆ زانین و بۆ زانیاری دانامێنی.


تۆ ژنی، تۆ کوردی، تۆ پێشمەرگەی بۆیە ناهۆمێدی وشکان لە قامووستدا نەبووە و هەرگیز نابێ. دڵنیام و دڵنیا بەسەر دەکەوی.

# پرسی ژنی ئەمرۆی کۆمەڵی کوردەواری

## لە پەیڤی چەند کەسایەتی یەک دا

**کۆکردنەو ئامادە کردنی: رەحمان نەقشی**

**شەهید دوکتور قاسملوو**




ژنان نیوەی ئەندامانی کۆمەڵن. هەرچی کەمتر لە کاروباری کۆمەڵ دا بەشدار بن، ئەوەندە کارو تێکۆشان و خەللاقییەت لە کۆمەڵ دا کەمترەو هەر ئەوەندەش کۆمەڵ پاشکەوتووترە. بۆیە رادەی بەشداربوونی ژنان لە هەموو بارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی دا، نیشانە رادەی پێشکەوتوویی هەر کۆمەڵێکە. ئەوە لە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەش دا هەر راستە. هەرچی ژنان بەرینترو چالاکتر تێی دا بەشدار بن، ئەوەندە بزووتنەوە پێشکەوتووانەترو سەرکەوتووترە.

... بۆ ئەم مەبەستە دەبێ هەر نەبێ لە سێ بەرەدا خەبات بکەین. خەبات بکەین بۆ لابردنی پاشکەوتنی گشتیی وڵاتەکەمان کە هۆی ئەسڵیی پاشکەوتنی ژنانیشە. تێ بکۆشین دژی هەموو داب و شوێنی کۆنەپەرستانە کە ژن لەگەڵ پیاو بە یەک مافو یەکسان سەیر ناکەن. خەبات بکەین دژی شێوەی بیرکردنەوەی پاشکەوتووانەی پیاوان کە چەوساندنەوەی ژنان لە نێو خۆیان دا بە کارێکی بەجێ دەزانن. تێبکۆشین دژی خۆکەم بینی و لە خۆ دڵنیا نەبوونی ژنان، کە ستەمی کۆمەل و خێزان دژی خۆیان بە دیاردەیەکی ئاسایی و رەوا دادەنێن و لە بەرامبەری دا تەسلیم دەبن.

لە پەیامی دوکتور قاسملووی نەمر بەبۆنەی ٨ی مارسی ١٩٨٧

## بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن زادە



لە وڵاتانی دێموکڕات و پێشکەوتووی جیهاندا ژنان پێشکەوتنی بەرچاویان لە بواری یەکسانیی مافەکانیان دەگەڵ پیاواندا بەدەست هێناوەو ڕەوتی هەڵگیرانی مەودای نێوان ئەو دوو بەشە یەکتر تەواوکەرەی کۆمەڵیش هەر بەردەوامە. بەڵام لە کۆمەڵی کوردەواری و وڵاتانی دەوروبەرو بەشێکی یەکجار زۆری وڵاتانی دنیادا ژنان هێشتا زۆریان ماوە بۆ ئەوەی بە مافی بەرامبەر لەگەڵ پیاوان بگەن. هەرئەوەندە بەسە کە بزانین وڵاتی وامان هەیە هێشتا مافی دەنگدان و تەنانەت مافی ئوتۆمبیل لێخوڕین بە ژنان ڕەوا نابینێ.

ئەگەر بمانەوێ زیاتر باسی کۆمەڵی کوردەواری بکەین،بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی تەمەنێکی زۆرتریان لێ ڕابردوەو کۆمەڵی کۆنی کوردستانیان بەبیرە، ئاشکرایە کە لە هێندێ بواردا ناڵێم ژنان، دەڵێم کورد دەسکەوتی باشی بەدەست هێناوەو لە هێندێ داب و شوێنی بەڕاستی کۆنەپەرستانە ڕزگاری بووە. بۆ نموونە لەبیرمە کەسێک غیرەتی وەبەر خۆی ناباو لەپێش چاوی خەڵک کچە چووکەڵەکەی خۆی ماچ کردبا، یان "کفر"ی گەورەتری کردبایەو لەباوەشی کردبایە، بەڕاستی چییان پێوە نەدەهێشت. خۆ ئەگەر پیاوێک ڕەفتاری شارستانییانەی دەگەڵ هاوسەرەکەی ڕەچاو بکردایە، ئەوە هەر باسی سەر بوو. "ئاڵی"و"هۆمەر"و'کۆسە"و "شەکلە"و چەندین ناووناتۆرەی سەیروسەمەرەی لێ بار دەکران. باسی بەزۆر بەشوودان و گەورە بە چووکەو بەرخوێن و بنەتۆو و بەمنداڵی مارەکردن و...یش کە ئێستاش بەتەواوی خاشەبڕ نەبوون، لەوێ ڕاوەستێ. کەوایە،لەو بووارانەدا ژنان و بەگشتی کۆمەڵی کوردەواری دەسکەوتیان هەبووەو دەبێ بی بینین.

لە بواری کۆمەڵایەتییشدا دەزانین کە گۆڕانی بەرچاو بەدەست هاتوە. لە هەموو بەشـــــەکانی کوردستـــاندا - هەرکامەی بەڕادەی خۆی- ژنان مافی چوونە قوتابخانەو کارکردن و هەڵبژاردن و هەڵبژێرانیان بەدەست هێناوەو ئەمڕۆ لەزۆر بواردا ژنان مایەی شانازیی پیاوانی ڕووناکبیرو تێگەیشتوون. بەڵام بەوحاڵەش کۆمەڵی کوردەواری بەداخەوە زۆری ماوە بۆ ئەوەی بتوانێ بڵێ بە قۆناغی یەکسانیی مافەکانی ژن و پیاو گەیشتووم یان تەنانەت لێشی نیزیک بوومەوە. ئەگەر چاوێک لە ئاماری ئەو ژنانە بکەین کە بەدەستی مێردو باب و براو تەنانەت کوڕو خزمە دوورەکانیشیان دەکوژرێن، یان ناچار بە خۆکوشتن-و خۆسووتاندن دەکرێن، قووڵایی کارەساتەکەمان بۆ دەردەکەوێ و دەبینین چەندە گەڕاوینەوە سەردەمە تاریکەکانی مێژوو. هەرئەوەندە بەسە وەبیر خۆمان بێنینەوە کە لە نێوجەرگەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیاشدا پیاوانی وا لە کوردان هەڵ دەکەون کە "غیرەتی شێرانە"! یان ڕێگایان پێ دەدا کچ و ژنەکانیان پارچەپارچەو بێ

سەروشوێن بکەن.

بەباوەڕی من دەسکەوتی هەرە مەزن و بێ گەڕانەوەی ژنانی کورد ئەوەیە کە ژنی کورد وشیار بۆتەوە، خۆی و مافەکانی ناسیوەو ئامادەیە بە هاوکاری و پاڵپشتیی پیاوانی پێشکەوتنخوازو پێگەیشتوو کە بەخۆشییەوە ژمارەیان ڕۆژبەڕۆژ لە زیادبووندایە بۆ وەدست هێنانیان تێ بکۆشێ.

## بەڕێز هاشم کەریمی:



پرسی ژن لە کوردستانەکان لەگەڵ ئەوەی ئیستاش سیستمی باوکسالاری زاڵە، هێندیک جیاوازیی هەیە. بە هۆی دواکەوتوویی ریژەیی کۆمەڵگا لە هیندێ جێگە ئێستاش نیزامی عەشیرەتی بە تەواوەتی لە نێو نەچووە و داب و نەریتی کۆن بنبڕ نەبووە، ئەوەش کاری کردۆتە سەر بارودۆخی خراپی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا.

لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە هۆی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی ئیران، یاسا و رێسای شەریعەت برەوی هەیە. بۆیە ژن ناتوانێ ببیتە وەلی فەقیێە و ئیجتهاد بکا و تەنانەت ببیتە سەرەک کۆمار. لە قانوونی بنەڕەتیدا ژن لە زۆر بارەوە وەک نیوەی پێاو بە حیساب دێ. لە قانوونی مەدەنی ئێراندا ژن بۆی نیە لە زۆر شوغل و کاردا بشداری بکا وەکوو دادوەری. لە وەرگرتنی میرات و شەهادەت داندا دووژن بە پیاوێک حیساب دەکرێن، ژن مافی تەڵاقدانی نیە و ئەگەر لە مێردەکەی جیا بێتەوە قانوون منداڵەکە دەداتە باوکی منداڵەکە.جلو بەرگی بە زۆرەملی و ئەوەی کە مافی سەفەرکردنی بە بێ ئیجازەی مێرد یان باوک و کەس و کاری نادرێتی کۆت و زنجیرن و لە دەست و لاقی ژنان ئاڵاون. قانوونی فرەهاوسەری و کێشەی سیغە لەو ستەمانەن کە تەنیا ژنان بە دەستیەوە دەناڵێنن. لە قانوونی سەزاداندا ئەگەر پیاو بیسەلمێنێ کە ژنەکەی تووشی لادان بووە بۆی هەیە بە ناوی کێشەی نامووسی بیکوژێ و هیچ سەزایەک بۆ ئەو پیاوانە دانەندراوە. بە کورتی ژنان کۆیلەی پیاوانن. لە گەل ئەوش ژنانی کوردستان بە هۆی بەشداری یان یارمەتی بە بزووتنەوەی کوردستان،لە زۆر بارەوە لە ژنانی بەشەکانی دیکەی ئێران لەپێشترن و بەدایم لە هەوڵی پچڕانی ئەو کۆت و بەندانەدان. دیارە هەتا کۆماری ئیسلامی لەسەر کار بمێنێ چاوەڕوانیی گۆڕان لە بارودۆخی ژناندا بەزەحمەتە و دەبێ ژنان و پیاوانی پیشکەوتنخواز و ئازادیخواز تێبکۆشن بۆ تێکڕووخانی ئەو ریژیمە کۆنەپەرست و دیکتاتۆرە،ئەو کات ژنان دەتوانن لە هەموومافەکاندا لەگەڵ پیاوان یەکسان بن.

٨ی مارچ

لە کوردستانی باشوور لەبەر ئەوەی تا رادەیەک دیموکراسی هەیە و بەو شێوەی ئێران یاسای شەریعەت بەکار نابرێ و بوونی چەندین ریکخراوەی ژنان، بارو دۆخی ژنان تارادەیەک لە رۆژهەلات باشترە، بەلام چەند کێشە بۆتە هۆی ئەوە کە رادەی کوشتن و ئەزیەت و ئازاری ژنان لەکوردستانەکانی تر زیاتر بێ. لە کوردستانی باشووردا بە داخەوە لە هیندی جێ سیستی عەشیرەتی لە نێو نەچووە و دیارە لە سیستمێکی ئەوتۆدا ژن هیچ دەسەلاتێکی نیە. چەک بە فراوانی لەدست خەڵکدایە وئەوەش هۆیەکی ترە بۆ کوشتوبڕ کە بەداخەوە لەوشدا بەشی ژنان لە پیاوان زیاترە و کەس و کاری ژنان بە بیانووی پرسی ناموسی، ژنان دەکوژن و ئەزیەت و ئازاریان دەدەن و ریکخراوی ژنان کە زۆریشن لە ترسی تۆلەی ژن کوژان ناتوانن بە شێوازی پێویست بەرگری لە مافی ژنان بکەن، تەنانەت لە دادگاکانیشدا دادوەرەکان لە ترسی تۆلە ناتوانن ئەو جۆرەی پێویستە حوکمی عادلانە بەسەر ژن کوژاندا بسەپێنن، هۆی بنەرەتیی ئەوش لاوازیی دەسەلاتی بەڕیوەبردنە. لە ئەنجومەنی قانووندانانی(پارڵەمان) هەریمی کوردستاندا لایەنگرانی مافی ژنان نەیانتوانی قانوونی تاک هاوسەر ی بە پەسەندکردن بگەیەنن، چونکە لایەنی دژبەری ئەو قانوونە ژمارەیان زیاتر بوو و ئەمە زەبریکی قورس بوو کە لە مافی ژنان درا. لە کوردستانی باشووردا خەتێنەی کچان بنبڕ نەبووە و لەو بارەوە دۆخەکەلە بەشەکانی تری کوردستان خراپترە.
لە کوردستانی باکووردا و تا رادەیەکیش رۆژئاوا هەر ئەو بارو دۆخە بەسەر ژنان دا زاڵە و ئیستاش پیاوسالاری برەوی هەیە. تەنیا دوو پرس لە بەشەکانی دیکەی کوردستان جودایان دەکاتەوە. یەکێک ئەوەیە کە بە هۆی ئەوەی دەیان ساڵە قانوونی سکیولار لە تورکیە و سوریە دا تا رادەیەک بەکار دەبری، جیاوازییەکی لەگەل کوردستانی رۆژهەلات پیک هیناوە.

هەرچەند ئێستا لە تورکیە حیزبێکی ئیسلامی دەسەلاتدارە، بەلام نەیتوانیوە بە زەرەری مافی ژن دەسکاری قانوونەکە بکا. یەکێکی تر ئەوەیە کە پ.ک.ک بە سەدان کەس لە کچانی کوردستانی لە ریزەکانی پێشمەرگەی خۆیدا جێ کردۆتەوە و ئەوەش بێگومان گۆڕانێکی لە بارودۆخی ژنانی کوردستانی باکووردا پێک هیناوە .

## بەڕێز مستەفا شڵماشی:



پرسی ژن لە کۆمەڵگای کوردەواری دا ڕووکاری جۆراو جۆری هەیە. لە لایەکەوە هەر لە سەدان ساڵ لەمەوبەرەوە ژن لە نێو خێزانی کوردەواری دا جێگایەکی بەرزی هەبووە. لە گەڵ پیاو لە سەر مەزرا کاری کردووە. زۆر ژنی ڕێبەر و بەڕیوەبەر لە مێژووی کورد دا هەڵکەوتون، لە بواری سیاسی دا پشتیوانی پیاوەکان بووە و نەخشی بەرچاوی لە جوڵانەوە دا هەبووە. زۆر هونەرمەند و خەباتگێڕ لە نێو ژنانی کوردستان دا هەڵکەوتوون. کەچی لە هەمان کات دا لە هێندێک لایەنی دیکەوە ئەسیری پیاو بووە و پیاو سالاری بەسەر دا زاڵ بووە. بۆ وێنە تا چەند ساڵ لەمەوبەریش کچی کورد نەیتوانیوە بە ئازادی هاوسەری ژیانی هەڵبژێرێ. لە هات و چۆ دا زۆر ئازاد نەبووە.

لەپلە و پایە کۆمەڵایەتییەکان دا بێ بەش بوە و لە باری ئابوریشەوە بە تەواوی بە پیاوەکەیەوە بەستراوەتەوە. ئەوانە هەموی تەناقوزی کۆمەڵگای کوردەوارین، سەبارەت بە مافی ژن و یەکسانی لە نێوان ژن و پیاو دا. لە و سەردەمەش دا هەرچەند ئاڵ و گۆڕ بەسەر وەزعی ژنان دا بە گشتی هاتووە، بەڵام لە زۆر بواردا هەر وا بە مەحرومی و دواکەوتویی ماوەتەوە، بە تایبەت لە نێو چین وتوێژە نەخوێندەوارەکان دا. ئێستاش ڕێگایەکی دوور لە پێشە، تا یەکسانی تەواو لە نێوان ژن و پیاو دا، لە کۆمەڵگای کوردەواری دا بە دی بێ.

## بەڕێز خاتوو کوێستان فتووحی:



دیارە ئەم پرسە کە ناوی لێنراوە پرسی ژن پرسی کۆمەڵگە بە گشتییە. لەو کۆمەڵگایانەی کە عەقڵییەتی پیاوسالار زاڵە، دەسەڵاتی یەکەم بەپیاوە و قسەی یەکەم و ناوی یەکەم هەر هی ئەوە. ئەمە بەبێ شک کۆمەڵگەی کوردستانیش دەگرێتەوە. ئەگەر لە لایەنی دەسەڵات و سیستمی وڵاتەوە بڕوانینە پرسەکانی ژنان لە کۆمەڵی کوردەواریدا، کوردستان چەند بەشە و هەر بەشەی سیستم و دەسەڵاتێک حاکمە و بەپێی قانوون و ڕێوشوێنەکانی ئەو وڵاتانەی بەسەریاندا دابەش کراوە، دەبێ خوێندنەوەی بۆ بکەین. لە هەر بەشەی کوردستان ئەگەر چاولێ بکەین، ئاستی تێگەیشتن و پێشکەوتنیان تا ڕادەیەک ڕەنگە جیاواز بێ. من لەبەر ئەوەی چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانم تەرخان کردوە بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان، زۆرتر باسی ژنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەم. بە بێ هیچ ئەملاو ئەولا، ژن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هاووڵاتی پلە دوویە. کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی لە ژێر حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیدا، هاووڵاتیان بە ژن و پیاوەوە لە ئازادی بێبەشن و زیاتر لەوەش مرۆڤی کورد چەند قات لەژێر ستەم و چەوسانەوەی حاکمییەتی ئێراندا دایە. لەوەش زۆر زیاتر ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا سەرباری بێبەشیی لە ماف و ئازادییە سیاسیی و حوقووقییەکان، بەدەست دیاردە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانی کۆمەڵی کوردەوارییەوە دەناڵێنێ. دیارە پیاوسالاری تایبەت نیە تەنیا بە کوردستان، بەڵام کۆمەڵگەی کوردستان تا سەر ئێسقان پیاوسالارە و لە هەر مەسەلەیەکدا دەسەڵات لەدەست پیاودایە. ژنی کورد سەرەڕای چوونەسەری ئاستی وشیارییان و رابردووی بەشدارییان لە خەباتی سیاسی نەتەوەیی و بزووتنەوەی مافخوازانەی خۆیان، هێشتاش لە مافە هەرە سەرەتاییەکانیان بێبەشن. لە مەسەلە هەرە سادەکانی ژیان ڕا بگرە هەتا لە گرنگترین مەسەلەی ژیان و چارەنووسیان حەقی بڕیاردانیان نیە. هەر ئەوەی ڕۆژانە ئێمە هەواڵی خۆکوژی و خۆسووتاندنی ژنی کورد لە ناوچەجۆراوجۆرەکانی کوردستان دەبیسین، دەرخەری ڕاستییەکی تاڵە لە ژیانی ژنی کورد. ئەو ئینسانە بۆ ئاگر لەخۆی بەردەداو خۆی لەناو دەبا؟ دیارە ئازارەکانی ئەوندە زۆرن مەرگی پێ لە ژیان باشترە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ هۆی سەرکوت و خەفەقانێک کە لە لایەن دامودەزگای حاکمییەتەوە بەسەر کوردستاندا زاڵ، بەداخەوە بزووتنەوەیەکی ئاکتیڤ و چالاکیش بەوشێوەیە نابینرێ کە کار بکا بۆ گۆڕینی دۆخەکە. گوڕێنی ئەو هەلومەرجەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی

**کوردستان هەیانە، پێویستی بە بەرنامە و ڕێبەریی و ڕێکخستن، بە کۆڕو کۆبوونەوەی بەردەوام بۆ ئاگایی دان بە کۆمەڵگە بەگشتی و بە ژنان بە تایبەتی لە سەر مافەکانیان هەیە. بەڵام بە هۆی ئەمنییەتی سەیر کردنی کوردستان لە لایەن حاکمییەتەوە، هەموو ئەوانە قەدەغەن و سزای قورسیان لەسەرە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانەش، من داهاتووی رەوشی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان روون دەبینم. ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کرانەوەیە بە رووی جیهاندا بەهۆی کاناڵەکانی ئینترنێت و ماهوارە و.... دەتوانێ لەسەر ئاگایی و تێگەیشتنی تاک لە مافەکانی خۆی، لە ئازادی و دیموکراسی و ....دەتوانێ کاریگەری هەبێ لەسەر مرۆڤی کوردیش. پاشان پێگەیشتنی نەسڵی تازەی کچانو کوڕانی کورد کە ڕێگایان کەوتۆتە زانستگەو زانستگەیان تەواو کردوە، هەروەها گەشەکردنی هەستو شعووری نەتەوەیی ژنان و هاتنە نێو کاروباری کۆمەڵایەتیو سیاسیو کولتووری تا رادەیەک. هەموو ئەوانە بۆخۆی تروسکاییەکە کە دەبێ هومێدمان پیی هەبێ. هەموو ئەمانە دەتوانێ باگراوەندێک بێ بۆ ئێستا و داهاتووی رۆژهەڵاتی کوردستان کە ژنان چێ دیکە کویلەیی قەبووڵ ناکەن.**

## بەڕێز کەماڵ کەریمی:



**دەزانن مەسەلەی ئازدی و مافەکانی مرۆڤ زۆر لە ژێر کاریگەری سیستمی سیاسی و ئابووری وڵات دایەوە ئەو سیستمانە دەتوانن کارتێکەری جیاوازیان هەبێ و گۆران لە کولتووری وڵات یان گەلێک دا پێک بێنن. مافەکانی ژنان ئەگەر وەک مافی مرۆڤ بە لایەنە جۆراو جۆرەکانیەوە سەیر بکری دیارە هەڵسەنگاندی گران نیەو ئەوانیش وەک هەموو مرۆڤە ئازادی خوازەکانی وڵات دەچەوسێتەوە، دەگیرێن، زیندانی دەکرێن ئەشکەنجەی جیسمی و رووحی دەدرێن....ئەگەر وەک ژنیش سەیر بکرێن بەداخەوە دەبێ بلێم هەرچەند تێکۆشانی چالاکانی ناساند و پاراستنی مافەکانی ژن زۆر زیاترە لە دەیەکانی پێشوو، بەڵام لە نێو نەتەوەی ئێمە دا کە پێشینەیکی تارادەیک باشی هەبووە بۆ ئازادی ژیان و راگرتنی حورمەتی ئازادی ژن، بەرەو پێش چوونی جیدی بۆدروات کردنی کلتوورێکی باش کە بتوانی یارمەتی دەری کۆمەڵگا بێ بۆ پاراستنی مافی ژنان نابیندرێ و بگرە لە هێندێک بوار دا ئاستەنگەکان زیاتریش بوون. بۆ وێنە دەکری باس لە کێشە ئەمنیەتییەکان بکەین کە بە هۆی نائەمن بوونی لە رادە بەدەری ژینگە کۆمەڵگا لەوە دەترسی کە ژنەکانیان یان کچەکانیان ئەگەر لەو چووارچێوە دیاری کراوەی بنەماڵە بچنە دەر تووشی کێشە و گرفت بن و ببنە هۆی سەر ئێشەو تەنانەت سەر شۆری پیاوانی بنەماڵە. یان لایەنی ئاینی کۆمەڵگا، لە گەڵ ئەوەی کە دین و ئاینە جیاوازەکان هەر کام بە جۆرێک باس لە ماف و دەوری ژن لە نێو بنەماڵە و کۆمەڵگادا دەکا و ژیان و کاری ئازادانە لە چووارچێوە دیاری کراوەکاندا رێگە پێدرواوە، بەڵام تێنەگەیشتووی بەشێک لە موسوڵمانان لە دین وئاینەکەیان و لە ترسی ئەوەی مەبادا بە هۆی ژن و کچەکانیانەوە تووشی عەزابی قەبر و ئاگری جەهەنم بن ئەوان لە ژیانی**

ئازادانەی ڕێگەپێدراو مەنع دەکەن و بە بێ ئەوەی هەست بە گوناه بکەن مافەکانیان لە ژێر پێ دەنێن. دەزانن لە کۆمەڵگای کوردەواری بە تایبەت لە ڕۆژهەڵات هەم لە ژێر فشاری سیستمی خراپی ئابووری و سیاسی و ئەمنی دایە و هەم پەرەگرتنی دەمارگرژی ئاینی شوێنەواری نیسبی لە سەر داناوەو بەو جۆرە پیشکەوتنێکی کەمی لە بارەی تێگەیشتن لە پرسی ژن بە خۆیەوە دیووە.

## بەڕێز قادر وریا:



لە هەموو بەشەکانی کوردستان، ژنان لە جموجۆڵ و بەرەو پێشچوون دان. جموجۆڵ لە ژیانی کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئابووری و بە پلەیەکی کەمتر لە ژیانی سیاسییش دا. دیارە ئەم بەشدارییە ی ژنان بە پێی تایبەتمەندیی هەر بەشێکی کوردستان جیاوازە.

لەو بەشانەی کوردستان، کە ماهیەتی خەبات، ڕزگاریخوازانە و نەتەوەییە و داگیرکەر بە سەر کوردستان و نەتەوەی کورد دا زاڵە، ژنانیش لەو خەباتە دا بەشداران جا لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆردا.دیارە ئەگەر خەباتەکە نهێنی و شیوەی چەکداری هەبێت، ژنان هەر چەند تا ڕادەیەک هەر تێیدا بەشداران، بەڵام زیاتر وەک پشتیوانی خەباتکارانی نهێنی یا چەکدار، بەشدارن.

بەڵام لە پارچەیەکی کوردستان(وەک هەرێمی کوردستان) کە کورد لە بندەستیی نەتەوەیی تا ڕادەیەکی زۆر ڕزگاری بووە و بۆ خۆی حوکمی خۆی دەکات، ماهییەتی خەبات و تێکۆشانی ژنان، یەکسانیخوازییە و هەوڵدانە بۆ جێگە وپێگەیەکی باشتر لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵدا.

دەتوانم بڵێم بە حوکمی بەرەوژوور چوونی ئاگایی گشتی و بەرەوپێشچوونی پێوەندییەکان و کاریگەریی میدیاکان لە سەر بیرکردنەوەی خەڵک، ژنانیش بەو وەزعییەتەی ئێستای وڵات و کۆمەڵی خۆیان ڕازی نین و ژیانێکی باشتریان دەوێ. بۆیە ئەگەر لە یەک ڕستە دا بمەوێ پرسی ئەمڕۆی ژنی کۆمەڵی کوردەواری هەڵسەنگێنم دەڵێم لە حاڵی ڕاسان و بەگژاچوونەوەی ستەم و چەوسانەوە و نابەرابەری و هەڵاواردن دا دەیانبینم، ئەگەر چی بیروڕای دژ بە ئازادیی ژنانیش پێ بە پێی گەشەکردنی بزووتنەوەی ژنان، بە توند و تیژیی رووهەڵماڵاوانەترەوە هاتوونە مەیدان.

## بەڕێز کاوە ئاهەنگەری:



بە باوەڕی من دۆخ و چەندوچۆنی ژیانی ژنی کورد هێشتا نەگەیشتووەتە ئاستی پرس بۆ کۆمەڵگا. بە زمانێکی دیکە نە ژن و نە پیاوی کورد، وەک مەسەلەیەکی چارەسەرنەکراو یان گرفتێک کە پێویستە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، ناڕواننە پرسی ژنی کورد. جۆرێک کەمتر خەمی یان چاوداخستن دەبینم، بۆیە پێش چوونێکی ئەوتۆش بە دی ناکەم. ئێمە هەرتەنیا نابێ سەیری دۆخی ژیانی ژنی کورد لە هەندەران بکەین کە ئەویش هیچ باش نیە، بەڵکوو مادام باسی ژنی کورد بەگشتی دەکەین، پێویستە ئاوڕ لە دۆخی ژنانی کورد لە شار و گوندەکانی کوردستان بدەینەوە. بەداخەوە باری ژیانی ژنی کورد کە بێشکە و سەرچاوەی شەپۆلێکی فکری و تەشکیلاتی بێ، وەک پرسێکی زیندوو نابینم.

## بەڕێز خاتوو شلێر باپیری:




سەرەتا پێم خۆشە ئاماژەیەکی کورت بە پرسی ژن لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بکەم، سەرجەم پێشکەوتنەکانی وڵاتان و کۆمەڵگەکان لە بەرژەوەندیی ژناندان، هەر لە کرانەوەی سیاسی و بەشداری پێکردنی وەک هەر تاکێکی ئاسایی لە کاروبار و پرۆسەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا. لە ئاستی کوردستانیشدا بێ گومان گۆڕانکارییەکانی وڵاتان ئێستە خێرا دەگاتە وڵاتانی تر کە ئەویش هەر دووبارە خزمەت بە پرسی ژن دەکات تا ئەو ڕەگەزە دابڕاوە بۆ ناو ژیانی یەکسانی لەگەڵ پیاو بگەڕێنێتەوە.

سەرچاوە Serchawe

لە کوردستان هەوڵی زۆر لە ئارادایە تا ژن زووتر لە زۆربەی وڵاتانی تری ناوچەکە بگاتە ئاستی شیاوی خۆی، بەڵام ئەگەر بە کەمی هەست بە پێشکەوتنی دەکەین یان هەندێکجار کۆمەڵە رووداو و کارەساتی پەیوەست بە پێشێلی مافی ژنان هەر لە کوشتن و ئازار و شتی دیکەی لەو شێوە دەبینین دەبێ بزانین کە بە هەزاران ساڵە یاسایەک بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا زاڵ بووە کە بڕوای بە ژن و مافەکانی هەر نەبووە، بۆیە زۆر ئاساییە کە وەرچەرخان لەو پرسەدا ئەگەر زیاتر لە هەوڵەکانی ئێستەی پێویست بێ.

---

## بەڕێز هەیاس کاردۆ:



پرسی ژن و کێشە جۆراوجۆرەکانی هێندە ئاڵۆزە لە بابەتێکی ئاوادا وەڵام وەر ناگرێتەوە. بە تایبەت ئەگەر باسی ژن لە کوردستان بکەین ئاڵۆزییەکە زیاتر دێتە بەرچاو. بە گشتی ژنانی کوردستان هەرچەند زۆر هەنگاوی بە کەڵکیان بۆ چوونەپێش هەڵێناوەتەوە، کەچی جارێ زۆریان ماوە بەو شوێنە بگەن کە دەبێ پێی بگەن. ڕەنگە هۆی جۆراوجۆر هەبن کە دەبنە بەربەستی ئەوە ژنی کورد جارێ نەتوانێ بە ئاواتەکانی خۆی بگا. گرینگترینی ئەو هۆیانە بە باوەڕی من دەکرێ ئەمانە بن:

**یەکەم**، کورد جارێ بۆخۆی گرفتی گەیشتن بە ئازادیی هەیە و ناچارە زیاتر بیر لە ڕزگاریی نەتەوەیی بکاتەوە تا مافی بەرابەری.
**دووهەم**، باری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی نەتەوەی کورد بە جۆرێک دەگەڵ فەرهەنگی زاڵی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تێکەڵە کە خۆی بە تەنیا ناتوانێ بەرابەریی کۆمەڵایەتی دابین بکا.
**سێهەم**، نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ یان ناوچەی ڕزگار کراو هۆیەکی دیکەی ئەو نابەرابەرییە کۆمەڵایەتییەیە کە بە زەرەری ژنان ماوەتەوە.
**چوارەم**، نەبوونی بازاڕی پێویستی کار بۆ ژنان لە کوردستان کە بتوانن لە باری ئابوورییەوە لە سەر پێی خۆیان ڕاوەستن دیسان هۆیەکی گرینگی دیکەیە کە ئاسۆی گەیشتنیان بە ئازادیی تەواو لێل دەکا.
**پێنجەم**، دەگەڵ ئەوانەش نەبوونی بزووتنەوەیەکی بەهێزی یەکگرتووی کۆمەڵایەتی کە تایبەت بێ بە بەرابەریی ژن و پیاو هۆیەکی گرینگی دیکەیە کە ڕێگای لە گەیشتنی ژنان بە ئازادی و بەرابەری گرتوە. بە گشتی لە حاڵی ئێستا دا لە هەموو کوردستان و بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کێشەی بەرابەریی ژن و پیاو زۆر بە شلی کاری بۆ دەکرێ و ئەگەر بە مەودا حیسابی بکەین جارێ زۆری ماوە دڵمان پێی خۆش بێ.

## بەڕێز خاتوو کوێستان گادانی:



له راستیدا پرسی ژن به گشتی و پرسی ژنی کورد به تایبەتی گواستنەوەیەکی له ئاستی بنەماله و کۆمەلگا و بواری کۆمەلایەتی بەرەو پرسێکی گشتی و هەمەلایەنه و نەتەوەیی به خۆ وه بینیوە. که ئەمەش دەگەرێتەوه بۆ بەشداری کردن و لێ پرسین و چالاک بوونی تاکه یەکسانیخوازەکانی نێو کۆمەلگا. هەلبەت بەو مانایه نیه که چی دیکه گرنگی به کێشەی بنەماڵه و بواره کۆمەلایەتیەکان نادرێت، بەلکو ئاستی بەشداری و بواری چالاکییەکان گشتتر وبەرینتر بوه. له گەڵ ئەم گواستنەوەیەش ئێستاش پێم وایه که نەگەیشتووته ئەو ئاسته که ببێته پرسێکی رۆژانه و یەکێک له بابەتەکانی ناو کوروکۆبوونه گرینەکانی لایەنەکانی پەیوەندیدار ، ئێستاش پاشکۆی باسەکانی دیکەیه و وەک مەسلەیەکی لاوەکی و دەرەجه دوو باسی لێدەکرێت که زۆر جارانیش بەداخەوه وەک پرۆپاگەندا و شۆعاری مافی یەکسانی کەلکی لێ وەردەگیرێت. دەتوانم بلێم که پرسێکی هاتووه بەرباس و چاره نەکراوە، وەک زۆر باس و مەوزووعی دیکه به دەوری بازنەیەکدا دەخولێتەوه بەلام دەتوانین بلێن که خولانەوەکەی له جاران بەرچاوتره و راگەیاندنەکان به رێژەیەکی زیاتر بایەخ به بلاو کردنەوەی هەوال و چالاکیەکان دەدەن.

## بەڕێز خاتوو رۆژه عەزیزی:



به خۆشیەوه له ئێستادا بارودۆخی ژنان له ناو کۆمەڵی کوردەواری به چاو رابردوو زۆر گۆراوەو هەرچەنده ئەم گۆرانکاریانه له ئاستی

پێویستدا نین،بەڵام ناکرێ نائومێد بین و دەبێت هەوڵی زیاتر بدەین بۆ ئەوەی پرسی ژنان و بابەتی یەکسانی ژن و پیاو لە کۆمەڵگەدا زیاتر بناسێنین و کاری بۆ بکەین.

کۆمەڵگەی ئێمە بەداخەوە بە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارە و کوردستانیش بە هۆی هەڵکەوتەی شوێنی جوغرافیایی هەمیشە مەیدانی جەنگ و ناکۆکی داگیرکەران بووە،هەر بۆیە پرسی ژن بۆ کۆمەڵگەی ئێمە ئەوەندە پرسێکی کۆن نیە و تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێمە رەنگە بەشێکی زۆر شارەزاییان نەبێت لە سەر ئەو بابەتە.بەڵام بە نیسبەت کۆمەڵگەکانی دیکەی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست پرسی ژنی کورد زیاتر گەشەی کردوەو بزوتنەوەکانی ژنان لە چوار پارچەی کوردستان شایەدی بۆ دەدەن.

## بەرێز خاتوو کوێستان عومەرزادە:



پرسی ژن یا خود کێشەی ژن شتێک نیە کە تایبەت بێت بە کۆمەڵگای کوردی. من کە وەک پرسێکی جیهانی سەیری دەکەم ولە ئاست هەموو ئەو کەندو کۆسپانەی کە دێنە سەر رێگای خەباتی ژنان بۆ گەیشتن بە مافی ئینسانی خۆیان، بەداخەوە بەربەست زۆر هەن و زۆر جار کۆسپی زۆر قوڵ لەبەردەمیان لێدەدرێت، بەڵام ئەگەر بگەرێی نەوە بۆ کۆمەڵگای کوردی دڵنیام دەبێ بە دیدێکی دیکەوە و لە روانگەیەکی جیاوازترەوە چاو لە پرسەکە بکەین . هەر بەدرێژای مێژووی مرۆڤایەتی تا کو ئەمرۆ کە باس لە پرسی ژن و گرفتی ژنان دەکەین دەبینی مێژویەکی دوورو درێژ و پر لە نا عەدالەتی تۆمارکراوە ئەوە نە تەنها لە کۆمەڵگای کوردی بەڵکو گەر بە دیقەتەوە سەیری مێژوی گەلانی تریش کەین بە هەمان شێوەیە، بەڵام بە هۆی جیاوازی فەرهەنگ و کوڵتوری و بە پانتایی جوگرافیایی گرفتەکان و تێروانین بۆ چارەسەرکردنیان جیاوازیان هەیە. لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا نە بەحوکمی ئەوەی کە کۆمەڵگایەکی دواکەوتو و خێلەکییە ، کێشە بۆ ژنان هەیە. نا، بەداخەوە زۆر کەس گرفتەکانی پرسی ژن لە کۆمەڵگای کوردیدا بۆ ئەو هۆکارە ناسەردەمیانە دەگێرنەوە. خۆئەگەر ئەمە وابێت دەبێ ئێمە چاو لە کێشە و پرسی ژنان لە وڵاتە پێشکەوتوەکانی جیهان بکەین. بۆ نموونە ئەگەر سەیری رووداوەکانی سەدەی ١٦، ١٧ لە وڵاتانی رۆژ ئاوایی بکەین دەبینین کە لەو سەردەمەشدا کە بەردەوام لە گەشەسەندندا بوون، کێشە و گرفت بۆ ژنان بەردەوام هەبووە . نەچوونی ژنان بۆ قوتابخانەو گۆشەگیریان لە ماڵ و هاندانیان بۆ ژیانی هاوسەری و نانەوەی وەچە دوا کەوتوی بوبێت ئەو کات ، ئەوە ئەو فەرهەنگە لە سەردەمی پێش فیکتۆریا لە بەریتانیا لە سەدەکانی ١٧ بوونی هەبووە . ئەو کات عەقلیەتی مرۆڤ ئەوەندەی گەشە نەکردووە کە بە چاوێکی یەکسانی چاو لە مافی ژن و پیاو لە کۆمەڵگەیەکی یەکساندا بکات، بەڵام دوایی بە پێشکەوتنەکانی تێکنۆلۆژی و پیشەسازی مرۆڤ ناچارکرا کە زیاتر سەبارەت بە هەموو بوارەکان بیر کاتەوە، پێشکەوتنی هەر بوارێکی ژیان راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ کاریگەری دادەنێتە سەر بوارەکانی دیکەی ژیانیش.

**٨ی مارچ**

کۆمەڵگای کوردی بە حوکمی ئەوەی کۆمەڵگایەکی سونەتیەو ژنان تا ئەندازەیەک گرێدراون بەو سونەت و یاسایانەی کە لە کۆنەوە بوونیان هەبووە، جوانی و کاراکتێر و کەسایەتی بۆ ژنان بە پێی سونەت دارێژراوە. ئەگەر پرسی ژن بەراوردی بکەین لەگەل ١٠ ساڵی رابردوو، ئەوە هەست بە جیاوازیەکی زۆر دەکەین سەبارەت بە هۆشیار بوونەوەی ژنان لە بەدەستهێنای مافەکانیان، ئەوەش بەو مانایە نیە کە ژنی کورد تەواو هۆشیار بۆتەوە ودەزانێ کە ماف و حەقی ئەو چیە ؟ و چۆن دەبێ بەرگری لە و شتانە بکات کە لێی زەوت کراون یان دەکرێت. روو بە دنیایی دەرەوە ئاگا بوون لە کۆمەڵگاکانی دەور بەرەو هەڵسەنگاندی پرسی ژن یان بینی ژنان لەمەیدانی کاردا و بردنە سەری ئاستی هۆشیاری ژنان، زیاتر هاندەرێن کە ئەوان لە کوێی ئەو کۆمەڵگایەدان؟ و دەبی چ میکانیزمێک بگرنە بەر؟ تا یتوانین ژیانی یەکسان و دور لە چەوسانەوە و توندوتیژی بەسەر بەرین. ژنی کورد زۆر ئەوەندە لە رابردوودا چەوساوەتەوە و زوڵمی ڵیکراوە بە هۆی هەموو ئەو نۆرموو تابۆیانە کە لە کۆمەڵگای کوردیدا بوونیان هەبووە، بەڵام بەداخەوە زۆریان بەو ژیان و ستەم وتوندو تیژیە رازین و پۆشینی جڵ و بەرگی رازاوە و هەڵواسینی خشڵ و زێر بە خۆیانەوە بە دەسکەوتی هەرە مەزن دەزانن.

## بەڕێز برایم جەهانگیری:



پرسی ژن پرسێکی سیاسیی کۆمەڵایەتییە کە لە زۆر ولات دا تا ئێستاش دەگەڵ کێشە وگرفتی زۆر سەرەکی بەرە و روویە. ئەگەرچی لە هەموو جیهاندا تەنانەت لە وڵاتانی هەرە پێشکەوتووی جیهانیش جار و بارە بێعەدالەتی بەرامبەر بە ژن دەبینرێ و تەنانەت لە سیستەم و یاساش دا هەندێ جیاوازی دانان هەیە لە نێوان پیاو ژن دا بەڵام بە گشتی ئەو کێشەیە، کێشەی سەرەکی وڵاتە ئیسلامییەکانە ، ئەو وڵاتانەی بە پێی کولتووری شەریعەت هەر لەسەرەتاوە هەندێ یاسایان خستۆتە ناو کۆمەڵگاوە کە لەو دا ژن بە تەواوی دەچەوسێتەوە و وەک مرۆڤ حیسابی بۆ ناکرێ. لە شەریعەتی ئیسلامیدا پیاو سالار و سەردارە، مافی هەیە ۴ ژن بێنێ، لە ئەگەری مردنی دایک و باب دا ژن بە قەرا نیوەی پێاوێکی لە ماڵی بابی پێدەبڕێ، لە کێشەو گرفتەکانی ناو دادگە دا بە سێیان شاهیدێکن. ژن و پیاوێک بە شێوەیەکی ناشەرعی لەگەڵ یەک تێکەڵاو دەبن، سزای ژنە کە مردنی بە بەردباران کردنە و پیاوەکە بە وەرگرتنی حوکمی چەند قامچییەک و رەنگە چەند مانگ زیندان کێشە و تاوانەکەی لە مل دا دەماڵڕێ.

ئەوانە کە باسمان کرد لەراستیدا بوونەتە بنەمایەک کە لە هەموو بوارەکانی ژیان دا کە لە باری رەوانییەوە ژن لەو کۆمەڵگایانە دا خۆی هەست بە نوقستانی و کەم و کووڕی بکات لەبەرامبەر پیاواندا. پیاویش بەداخەوە بە هەمان موڕاڵ و ئەخلاقیات رەفتاردەکات و ئەو دەسەڵاتەی لە لایەن ئایین و شەریعەتەوە پێی بەخشراوە بۆتە کولتوور و چووەتە ناو رەگ و دەمارەکانی خوێنی هەردووک لایان. هەر بۆیە

ئەو کۆمەڵگایە بە گشتی کۆمەڵگایەکی پیاو سالارە و لەو دا بە داخەوە ژن لە بچووکترین ماف بێبەشە.

کۆمەڵگای کوردەواری ئێمەش بەداخەوە ئەو خاڵە دەیگرێتەوە و ئەگەرچی بە بوونی خەباتی دژی زۆرداری و بوونی حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان تا رادەیەک ژنان بە ماف و ئازادیەکانیان ئاشنان و تاک و تەرا و لێرەو لەوێ ژنی زۆر چالاک و بوێر و وشیار لەو بوارە دا هەن بەڵام بەداخەوە ئێستا ئەو چالاکییە نەبۆتە سیستەم و نەچووەتە ناو ژیانی ڕۆژانەی ژنان و پیاوانەوە. ڕێکخراوەکانی ژنان لەو بارەوە بەداخەوە کەمتەرخەمن. ئەوان لە جیاتی پرسی خۆیان لە حیزبەکان و سیاسەتی حیزبەکان جیا کەنەوە و وێرای بەشداریان لە کار و چالاکی حیزبی بەڵام پرسی ژن وەک پرسێکی ناحیزبی و گرفتی سەرەکی توێژێکی گەورەی کۆمەڵگا سەیر بکەن زۆر جار هەر لە چوارچێوەی سیاسەتی حیزبدا هەوڵی خۆیان بۆ دەربڕینی داد و هاواری ستەم و بێعەدالەتیەکان چڕ دەکەنەوە . لە حاڵێکدا ئەو پرسە هی حیزبێک و گروپێکی سیاسیی نییە کێشەی گەورەی کۆمەڵگایە. کەوایە ژن لەو بارەوە دەبێ هەوڵی زیاتر بدات بە تایبەتی کە گەیشتە کێشەی ژنان لە روانگەی ژنەوە دەرد و مەینەتیەکان بخەنە بەر باس نەک لە روانگەی سیاسەتی حیزبەوە. دیارە بە خۆشییەوە لەم دواییانە دا هەندێ هەوڵی سەربەخۆی ژنان دەبینرێ کە من هیوادارم ئەو هەوڵانە چڕتر بکرێنەوە و بەردەوام بن.

## بەڕێز خاتوو کویستان نستانی:



بە درێژایی مێژوو هەوڵی کۆیلەکردنی ژنان و گێرانەوەیان بۆ قوژبنی ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ و ئاشپزخانە وەدەرهاویشتنیان لەتێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوارەکانی فەرهەنگ و زانست و هونەر بووە.

ژنانی کورد زیاتر لەهەموو ژنانی وڵاتانی دیکە مافەکانیان پێشێل دەکرێ و کراوە،جارێک وەک کورد وجارێک وەک ژن، بۆیە دەبێ لە دوو مەیدانی خەبات بوونیان هەبێ خەباتی نەتەوەیی و خەباتی یەکسانیخوازی،چونکە ئەگەر کورد و کوردستان یەکەمین شوێن و یەکەمین هێزبووبن بە دژی شۆڕش وپەلاماری کۆنەپەرستانە بۆ ستاندنەوەی ئازادییەکان ئەوا بزووتنەوەی ژنانیش دژ بە بێ بەشکردنیان لە ماف و ئازادییەکانیان و بێ بەشکردنیان لە مافی یەکسانی لەگەڵ پیاوان و سوکایەتی کردن بە مەقامی ئینسانی ژن فاکتەری سەرەکی بوون بۆ ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیانەی کە دژی نێوەرۆکی داب و نەریتی زاڵ و دەسەڵاتی دواکەوتوانەی داگیرکەران هاتوونە مەیدان.

ئەم گەشەکردنەی هزری ژنانی کورد وای کرد کە ژنان وەک مرۆڤێکی خاوەن بیروڕاو کاریگەر کەسایەتیەکی سەربەخۆ و ئەکتیڤ لەبوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی تاکەکەسی وکۆمەڵایەتی دا بوونی خۆیان بسەلمێنن و بۆ داخوازی مافەکانیان هەنگاو بەرەو سەرکەوتنێکی

دڵخوازبنێن کە سەرەڕای بەربەست و ئەو گرفتانەی کە پێش بە بەرەوپێش چوونیان دەگرێت و گورزێکی کاراو کاریگەرلە پەیکەری لەرزۆکی ژێردەستەیی و چەوسانەوە بدەن. هەر لەو پێوەندیەدا ئەو کەسانەی وەک و ژنانی پێشەنگ و و پێشڕەو لەو بوارەدا سەرکەوتووبن ولە مافەکانیان نزیک ببنەوە و بە مەبەستەکانیان بگەن. ژنانێکیش کە خۆیان لە چوارچێوەی شۆناسێکی ژنانە دەبیننەوە و هەوڵیان داوە شوناسی ژن بوون وەک فاکتەرێک بۆ دۆزینەوەی پێگەی ژن و سەقامگیرکردنی پێرەوەکانی دان بە مافەکانی ژنان لە کۆمەڵگەدا دابنێن، چۆن بە بێ ئەو دۆزینەوەیە ناتوانن تایبەتمەندییە رەگەزییەکانیان وەک خاڵێکی باش پێناسە بکەن و بۆ زیاتر بەرەو پێش چوونیان سودی لێ وەربگرن.

## بەڕێز سامان فەقێ نەبی:



من ناوم "سامان فەقێ نەبی" یە و لە دایک بووی شاری مەهابادم. لە قۆناخی خوێندکارییدا کە هاوکات بوو لەگەڵ سەردەمی ئیسلاحات لە ئیراندا، تێکەڵ بە جووڵانەوەی خوێندکاریی و دواتر خەباتی سیاسی بووم. لە نەورۆزی ١٣٨٥ی هەتاوی تاکوو ئێستاکە بە شێوەی ئاشکرا لە ریزەکانی حیزبی دێموکڕات درێژەم بە خەبات داوە و وەکوو پێشمەرگە لە کۆمیسیونی راگەیاندن و لە بەشەکانی رادیۆ و رۆژنامەی کوردستان و کورد کاناڵ ئەرکەکانمان بەجێ گەیاندووە، و دوای کۆنگرەی شەشەمی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی رۆژهەڵاتی کوردستانیش وەکوو سکرتێری گشتی ئەم رێکخراوەیە کە بە یەکێک لە یادگارەکانی کۆماری کۆردستان ئەژمار دەکرێ درێژە بە خەبات و تێکۆشان دەدەم.

## بەڕێز خاتوو شوعلە قادری:



بە خۆشیەوە لەگەڵ تێپەڕینی زەمان پرسی ژنی کوردیش لە پەسندکراوە و ئەدەبیاتی هەموو حیزبەکانی کوردی دا ڕەنگی داوەتەوە. دەبینن کە ساڵ بەساڵ بە پێی گرینگی دان بە پرسی ژن لە ئاستی جیهان دا، ئەو پرسە لە ئەدەبیات و گوتارەکانی هیزەکانی نێو بزووتنەوەی کورد دا پڕڕەنگتر دەبێ. تەنانەت لە نێو کوردانیش دا هێندێک حیزب بۆ وێنە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان باس لە پەیماننامە جیهانیەکانی تایبەت بە ژنان دەکەن و لە بەرنامەی خۆیان دا پەسەندی دەکەن.

دیارە ئەوەی کە باسم کرد کەش و هەوای نێو حیزبەکانی بزووتنەوەی کوردە، ئەگینا لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا لەگەڵ ئەوەی کە بە خۆشیەوە ژنەکان تا رادەیەک لە مافەکانی خۆیان گەیشتوون و زۆریشیان حەوڵ بۆ داوە، زۆر ڕێکخراوی مەدەنیان بۆ داکوکی لە مافەکانیان دامەزراندوە، تەنانەت زۆر لەو شێرە ژنانە تووشی گرتن و ئەشکەنجەو ئێعدام بوونە، بە داخەوە هێشتاش کۆمەڵگا بە عام لە ژێر کلتوری پیاوسالاری دا دەناڵێنێت. هەروەها ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش بە زەبری یاسای ئیسلامی هاندەرێکی گەورەیە بۆ مانەوەی ئەو وەزعە.

## بەڕێز خاتوو شەونم هەمزەیی:



بە خۆشیەوە ئەمرۆکە دەبینین ژنی کورد توانیویە وەکوو توێژیک لە کۆمەڵگا خۆی بناسێنێت و بە دامەزراندی کۆرو کۆمەڵ و ڕێکخراوە وەکوو بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی خۆی پێناسە بکات، هەرچەند کۆمەڵگەی پیاوسالاری کوردستان و کولتووری چەن هەزارساڵەی پیاو سالار

لەمپەریکی گەورەیە لەم نێوانەدا و تێپەر نەکردنی قوناغی رزگاری نەتەوەیی تارادەیەک بزوتنەوەی ژنانی کوردستانی خستوتە پەراوێزی بزوتنەوەی نەتەوەیی .بەلأم بەگشتی دەتوانین بلێن کە بزوتنەوەی ژنانی کوردستان لە سەردەمی ئێستادا رەوتیکی باشی لە بەر گرتووە و گوتاریکی هاوبەش خەریکە لە نێوا ژنان دا پێک دێت، رەنگەر بەرهەمی ئەم هەوڵ و تێکووشانە ئێستا زۆر بەر چاو نەیت بەلأم لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبینین کە بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاری ژنانی کورد لە سەر ماف و ویستەکانی خۆیان بەرە بەرە رەنگدانەوەیەکی باشی لە کۆمەڵگەی کوردستان دەبێت.

## بەڕێز بیژەن قارەمانی



ئەمرۆ لە ناکاو کە سەردانی ماڵپەرەکانم کرد و بە ئاسپای پنجرەی " فیسبووک " م کردوە ، چاوت رۆژی ڕەش نەبیینی قیامت بوو !!!؟ باس باسی " ژن ، مافی ژن ، یەکسانی و بەرابەری " بوو ، کەس نورەی کەسی نەدەدا ! سەرم سوڕمابوو کە چۆن بە رۆژیک ئەم هەمووە فمینیستە سەریان هەڵدا و ئەم گەشتە مانێفیستەیان لە سەر مافی " ژن " نووسی !؟ خۆ ئەگر ژنێک باسی ئەم رۆژە و مافی ژنی کردوە ، باوەڕت هەبێت سەد پیاو زیاتر کومینتاری داناوە . خۆ ئەگر رێکخراوەیەکی سەر بە ژنان پیامی تایبەتی لەم رۆژە دا دابێت ، دفتری سیاسی هەموو حیزبەکان پیامی دوو قات و سێ قاتیان داوە ((چۆن حیزبەکان بەداخەوە دوو یا چەند بەشن )) ! باشە خۆ ئەمرۆ ٨ مارس هەر چند کاتژمێری ماوە کۆتایی دیت ، سەبینی ٩ مارسە ئەوکات چۆن بیر لە مافی ژن و ئەرک و برپرسیاریتی ژن لە کۆمەڵگا دا دەکیتەوە و چ مافیکی بۆ قائیل دبێت !؟

ڕاستە " ژن " لە کۆمەڵگای ئێمە دا دەچەوسیتەوە و تا ئێستاش هەر بەردەوامە و تایبەت بە دەسەڵاتیش نیە، ئەم دیارەیی هەموو جستەی کۆمەڵگای داگرتووە وەک شیرپنجەی لی هاتووە بەلأم " ژن " نیوەی کۆمەڵە و بە پێ ئەم دروشمە دەبی هەوڵ بۆ مافی نەتەویی و ئازادی ولأت بدا! ئەگەر ژنی کورد ئەمرۆ بەشداری لە بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی ولأتەکەی نەکا، بی گۆمان بە مافی یەکسانی خۆی ناگا هەر لە چوار چیوە دروشم دا دمێنیتەوە هەر وەک تا ئێستا ماوتەوە ! چوونە پێشی ئاستی بزوتنەوەی ژنان لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان تایبەتمەندی خۆی هەیی ، بەلأم حاشا لەوەش ناکری لە کوردستان باکور چ لە شاخ و چ لە شار تیکەڵ بە بزوتنەوەی نەتەویی بووە کە خاڵیکی گرینگی بزوتنەوەی کوردە ! ئەم تایبەتمەندی لە بەشەکانی تری کوردستان زۆر کەم رەنگە زیاتر ئەرک و مافی ژن لە دەسەڵات و حیزب " دروشم " دیاری دەکا و دەوری سەرەکی دەگیڕی . جا بوویە لەم رۆژە مەنیش هەر وەک یەک لە هەرە " فمینیستە توندرەوەکانی ژنی کورد لە تاراوگە " کە لە دروشم دانی بێ کردەوە ماندو بووم ، هیچ پەیامیکم نیە بۆ ئەم رۆژە چۆن دەزانم دەچیتە خانەی " شعار " ژنی

**٨ی مارچ**

کورد زۆر لەوە گەورەترە بە دروشم بەریقەدارەکانی رۆژی هەشتی مارس فریووی بدیّ ! هەشتی مارس بۆ ژنای ولاتانی پێشکەوتوو رۆژی سەرکەووتنە بۆ ژنانی وەلاتی من " دایک ، هاوسەر، خۆشک، هاوڕی ،...... " رۆژی نابەرابەری و بێ عیدالەتی ، کە دەسەلات، کۆمەڵگا، حیزب، کەلتوری دواکەوتوو و تەنانەت ژن بۆخۆشی لە خۆی دەکا. مادام کە ژن نیوەی کۆمەڵە دەبی وەک ئەم نیوەیی سەیری مافی خۆی بکا و هەولێ بۆ بدا ، جا بۆ ژنی کورد سەرەتاییترین ماف مافی نەتەوەیی کە بی گومان مافی هاوبەشی " ژن و پیاوە " . جێگای خۆیەتی ژنانی رۆژهەلات لەم رۆژە دا زیاتر بیر لە داهاتووی کۆمەڵگاکەیان بەکەنەوە کە تووشی چ قەیرانێک بووە بەرەو چ ئاقاریکی نادیار دا تیپەڕ دەبێت . کۆمەڵگای ئێمە بە گەشتی لە ناوخۆ و تاراوگە تووشی قەیران هاتووە (( دیارە ئەم دۆخە لە تاراوگە زۆر زیاتر )) بۆ چارەسەری ئەم وزعە و کۆتایی ئەم تەراژەدیی ئەرکی تاک تاکی کۆمەڵە کە هەولی خۆی بدا. ژن نیوەی کۆمەڵە " ژن و پیاو " پێک هێنەر و تەواو کەری کۆلگان ! ئەرکی وەک یەک و بەرپرسیاریەتی وەک یەکیان هەیی جا بوویە هەر کۆتاهێک لەم بوارە دا خۆیان لی بەرپرسیارن . هەشت مارس و ئەم هەموو شوعار و مەڕاسیمە کۆتایان پی دێت هیچ شتێک ناگۆردریت تا بۆخومان هەولی گۆڕین نەدین. لە بیرتان بێت سەبینی ٩ مارسە ئاو بە ئاور دادەکریت تا سالێکی تر و هەشتی مارسیکی تر....!

سەرچاوە: نامێلکەی کۆمەلێک وتوێژ بە بۆنەی ٨ی مارچ - ڕێکەوتی: ٨ی مارچی ٢٠١٣

---

# ژنە پێشمەرگەکانی شاخ و چەن قسەیک لە ڕۆژی ٨ ی مارسدا

## نەوزاد خاڵە بازیانی

هیچ گومان لەوەدا نیە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد تەنها بە پیاو نەکراوەو تەنها پیاوانیش کاراکتەری کۆتایی نەبوونە لەو شۆڕشانەدا ،بەڵکو ژنانیش کە گووتراوە نیوەی کۆمەڵ و دایکی نیوەکەی ترن ڕۆڵی کاریگەر و بەرچاویان هەبووە لەناو ڕێکخستنەکان و پێشمەرگایەتیدا ،، بەتایبەتیش لە بارەگا و شوێنە ڕزگار کراوەکانی کوردستان چ وەکو هاوسەر ودایک وخوشکی پێشمەرگەیەک چ وەکو کادرێکی بواری ژنان وئیعلام ویان وەکو پێشمەرگەیەکی سەربەخۆ .. هەموو ئەو ژنانەش کە لە گوندەکانی کوردستان خزمەتی پێشمەرگەیان کردووە یان تەتەرییان کردووە لەنێوان هێزی پێشمەرگەو ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناوشار و شوێنەکانی تر جێگای ڕێزو تەقدیرن و هەر شتێکی باشیان بۆ بکرێت لەلایەن حکومەت و حزبەکانەوە کەس گلەیی و ڕەخنەی لێیان نیە .... بەڵام ئەوەی کە جێگای داخ و مایەی نیگەرانییە و ئەبوایە هەم ڕێکخراوەکانی ژنان وهەم لایەنە پەیوەندی دارەکان لێی بێ دەنگ نەبوونایە (لەگەڵ ڕێزم بۆڕاستییەکان ) ئەوئۆردووە زۆرەی ژنانی خانەنشین کراوە بەناوی ژنی شاخەوە کە زۆربەیان نەک هەر پێشمەرگەی شاخ وهاوکاری شۆڕش نەبوونە بەڵکو هەندێک لەو ژنانە هەتا دوای ئەنفالەکان و تا ڕاپەڕینەکەش سەر بەخێزانێکی بەعسی بوونە ،، ئەسڵەن ژنی تیایە بە شەهید بوونی پێشمەرگەیەک کراسی سوری لەبەر کردووەو هەڵ هەڵەی لێداوە ،، هەندێکی تریان چەندین ساڵ لە دوای ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ کاتی شوکردنیان هاتووەو یان شوویان کردوە بەڵام بەبیانووی ئەوەی ئەم پیاوەی ئەم شووی پێ کردووە کاتی خۆی پێشمەرگەی کۆن بووە ئەمیش کراوە بە ژنە پێشمەرگەی شاخ ....

ئێستا بە بەرچاوی هەموو خەڵکی کوردستانەوە چەندین کۆنە پێشمەرگەی تەسلیم بوو ژن و خوشک و براژن و خزم وناسیاوەکانی کردووە بە ژنی شاخ و مووچەیکی بەرچاوی بۆ دەرکردون کەهەندێکیان لەو ژنە خراپانە بوونە باسمانکرد .. زانیاریارییە کان پێمان دەڵێن بەهەزاران ژنی لەو بابەتانە خانەنشین کراون و بوونە بە بار بەسەر حکومەت و حزبەکانەوە داخێکیشە چووەتە ناخی خێزانە شۆڕشگێرو کەم دەرامەتەکانەوە چونکە چەندەها پێشمەرگەی فیعلی ئێستا خۆیان و خێزانیان لەو پەڕی هەژاریدا ژیان بەسەر دەبەن ئەو خانەنشین کراوانەش چ لەزەمانی حەفتا و هەشتاکاندا چ لەڕاپەڕینەکانیشدا ئارەقیان بۆ کورد نەکردووە یان ئاهێکیان بۆ شەهیدو پێشمەرگە هەڵنەکێشاوە وەکو خوا پێداو هەر حازری بخۆر بوونە ....

ئێستاش نەچووە تا بچێت ،، مادام ئەوان و ئەو بەرپرسانەش ئەوانیان خانەنشین کردووە ئەوەندە بێ خەم و بێ ویژدان بن گوێ بە نارەوایی و حەرامی نەدەن گوێ بە ماندووبوونی ئەو ژنانە نەدەن کە لەڕۆژە سەختەکانی شۆڕش و ڕاپەڕیندا هەمیشە جێ دەستیان دیاربووەو لەپێشەوە بوون ،ئێستا بەپێچەوانەوە زۆربەیان کراونەتە پاشکۆی ئەو ژنە خراپانە ،پێویستە لێی بەدەنگ بێن و ئەو بابەتە لە بنەڕەتەوە چارە بکەن بەو کارەش هیچ نەبێ جۆرێک لە داد پەروەری و بارسووکی بۆ دارایی هەرێم پیادە دەکەن و دڵ نەواییەکیشە ئەو هەزاران ژنەی کە موستەهەقی خزمەتن و تا ئێستاش ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە ...

سەرچاوە: ماڵپەڕی میللەت - ڕێکەوتی: ٨ی مارچی ٢٠١٦

# بزووتنەوەی ژنان لە قۆناغەکانی مێژوودا



**رەسوڵ بۆسکێنی**

هەرچەندە چەوساندنەوەی ژنان مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە، بەڵام لێرەدا مەبەستم ئەوەنییە چەوساندنەوەی ژنان قۆناغ بەقۆناغی مێژوو بەسەر بکەمەوە، بەڵکو دەمەوێت ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لەمێژووی مرۆڤایەتی بدەینو سەرنجی ئەوە بدەین چەوساندنەوەی ژنان رابردوویەکی درێژی هەیە، سەرەڕای چەوساندنەوەی کۆیلەو کەمینەو بێهێزەکان لەلایەن خاوەن هێزو دەسەڵاتدارەکان.

## خۆڕاگریو فیداکاری ژنان

چەوسانەوەی ئایینە کەمینەکان لەلایەن پەیڕەوانی ئایینی زۆرینە، چەوساندنەوەی نەتەوە ژێردەستەکان لەلایەن نەتەوەی سەردەستەوە لەکۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بەردەوام هەبووە، بەڵام درێژترینو سەختترین چەوساندنەوە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا چەوساندنەوەی ژنانە لەلایەن پیاوی هاوڕەگەزی خۆیەوە، ستەمو چەوساندنەوە بارێکی قورس بووە بەسەرشانی ئادەمیزادەوە، لەبەر ئەوە نەیتوانیوە بۆهەمیشە بەبێ دەنگیو قبوڵکردنی ئەو چەوساندنەوەیە بمێنێتەوە، لەو سۆنگەیەوە چەندین بزووتنەوەو راپەڕینی فراوان لەقۆناغەکانی مێژوودا سەری هەڵداوە، ئەگەرچی ژنان فراوانترین چینوتوێژی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بوونو درێژترین چەوساندنەوە لەسەر ژنان بووە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ راپەڕینو جوڵانەوەیەکی ژنان دژی چەوساندنەوەی خۆیان لەمێژووی دووردا بەرچاو ناکەوێ، ئەوەش چەند تایبەتمەندیەکی خۆی هەیە، لەلایەک پێکهاتەی مەعنەویو سایکۆلۆژی ژنان نەیتوانیوە توندوتیژی ئەوەندە بنوێنێ چەوسێنەری خۆی بەرزەفت بکات یان هەرنەبێت چالاکیەکانی سست بکاتو توانای چەوساندنەوەی لاواز بکات، لەلایەکی ترەوە ئەو ئەرکەی ژنان پەیوەندی بەلایەنی کۆمەڵایەتیو پێکهاتەی خێزانیو سۆزداری کەسایەتیەوە هەیە، لەگەڵ رەگەزی بەرامبەری کە بووەتە هۆی چەوساندنەوەی، ئەوەی بڕستی ئافرەتی بڕیوەو هێزو تواناو قەڵەمی دەستوپێی ژنانی شکاندووە ئەوەیە بۆ ئەم کارە دەبێت لەهەڵوەشاندنەوەی خێزانی خۆیەوە دەستپێبکاتو چنگ بنێتە گیانی باوکو براو مێردو کوڕەکانی، لەڕاستیدا ئەوەش هێندە کارێکی ئاسان نییە لەبەرامبەر دەریایەک سۆزو خۆشەویستی ژن دا، هەر زاڵبوونی ئەم سۆزو خۆشەویستیەش بەدرێژایی مێژوو بووەتە کلتوری نەپساوە لەبەردەم بزووتنەوەی ژناندا،

سەرچاوە Serchawe

لەبارێکی ئاوادا ئاساییە هیچ راپەڕینێکی ژنـان دژی چەوسێنەرانیان سەری هەڵنەداوە، لەبـەر ئـەوە دەتـوانین بـەباوەڕەوە ئەمە ناوبنێین خۆڕاگریو فیداکاری ژنان لەبنیاتنانو بەردەوامی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا.

لەسەردەمی سەرهەڵدانو دەسەڵاتی ئیسلامیدا خەڵکی ناو سنووری دەوڵـەتی ئیسلامیی زۆربـەی هـەرە زۆریـان موسڵمان بـوون بەئێستاشـەوە، کاریگەری جێبەجێکردنی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی لەسەر پرسی ژنان رەنگی داوەتەوە بەوانەشەوە ئایینی ئیسلامیان وەک دینـی رەسمی خۆیان قبوڵ نەکردووە و موسڵمان نـەبوون، ئـەوەش لـەدوای قۆنـاغی خەلافـەتی راشیدین دۆخێکی ئـاڵۆزو کێبـەرکێو گومـان هاتـە ئـاراوە، یـەکێک لـەو کێشـانە دەربـارەی مافـەکانی ژنـان بـوو، لـەچوارچێوەی هـەر پێـنج مەزهەبـە سـەرەکیەکەی ئیسـلامدا کەوتنـە لێکدانـەوە و شیکردنەوەی مافەکانی ژنـانو تـائێستاش بنـەمای یاسـاو فتواکـانی دینـی لەسـەر بنچینـەی ئـەو مەزهەبانـە پـەیڕەو دەکرێت. سـەرەڕای ئـەم مەزهەبانەش فتوای پیاوانی ئایینیو تێکەڵکردنی دابو نەریتی خێڵەکی بوون بەبنـەمای ئـایین بـۆ لەقـاڵبـدانی مافـەکانی ژنـان، لەلایـەکی دیکەشەوە بەهۆی دەسەڵاتی عەرەب بەسەر جیهانی ئیسلامیو ویستی فـەرمانڕەوا عەرەبـەکانو کەسە لاوازو دەروون نەخۆشە خۆجێییەکانەوە دابو نەریتە خێڵەکیو دەشتەکیەکانی دواکەوتووی عەرەب بۆ ناو نەتەوە ژێر دەستەکانی ئیمپراتۆریـەتی ئیسلامی گواسـتەوە، شتێکی روونو ئاشکرایە کلتوری کۆنو سەردەمی جاهیلی عەرەب پڕیەتی لەدابونەریتی چەقبەستو کۆنەپەرستانەی دواکـەوتوو بەشێکی کە بریتی بـوون لەتوندوتیژی بێ سنوور دژی ژنان، ریسواکردنی کەسایەتی ژن هەر لە زیندەبەچاڵکردنی کچانو ژن لەیـەکتر داگیرکـردن، رفانـدنو کوشـتن، ژن بەژنو گەورە بە بچووک، تەڵاق دانو فرە ژنی، ریزکردنی کۆیلەو کەنیزەو چەندین دابو نەریتی دیکە کە هیچ پەیوەنـدی بەبنـەماکانی دینەوە نەبوو تەنیا رەنگدانەوەی دابونـەریتی خێڵەکیانـەی عـەرەب بـوونو بـەهۆی ئـەو بارودۆخانـەوە بەسـەر دانیشـتوانی سـنووری جیهـانی ئیسلامیدا چەسپابوون. ئەمەش سەردەمێکی دوور و درێژی بڕیو سەردەمی قۆناغی دەرەبەگایەتیشی گرتەوە.

## گرنگیدان بەمافەکانی مرۆڤ

دواتر لەقۆناغی سەرمایەداریدا ژیانی مرۆڤ گۆڕانکاری زۆری بەسەرداهات لەڕووی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو فەلسەفەو بیروباوەڕی زانستی، لـەم قۆناغـەدا گرنگیـدان بەمافەکانی مرۆڤ بەڕادەیـەکی وا پێشکەوت لەگـەڵ قۆناغـەکانی پـێش خۆیـدا بـەراورد ناکرێت، پەیوەندییـە کۆمەڵایەتیەکان گۆڕانی زۆری بەسـەرداهات، تەکنەلۆژیا بـووە هـۆی گەیشـتنی زانیاریـەکانو بەهـەموو جیهانـدا پـەلی هاویشت لەئەنجامدا سیستمێکی جیهانگیریی هاتەکایەوەو هـەموو جیهـانی بەیەکەوە کۆکردەوە، یـان وەکـو دەڵـێن جیهـانی کـردە گونـدێکی بچکۆلـە، لە پـەراوێزی گواستنەوەی زانیارییـەکانی ئـەم سیسـتمەدا دیموکراسی هاتەکایەوە و لەناوەڕاستی ئـەم قۆناغـەدا لەئەمریکاو فەرەنسـا پەرەیسـەند، ئـەم دەستکەوتە زانستیو کۆمەڵایەتیو سیاسییە گۆڕانکاری زۆری بەسەر کلتوری ژناندا هێناو لەچالاکییە حزبـیو سـەندیکاییەکاندا بەشداربوون، توانیان بزووتنەوەی تایبەت بەخۆیان دروست کرد.

لەسـەدەی نـۆزدەدا سـەرمایەداری گەشـەی بـەرفراوانی بـەخۆوە بینـیو لەسـەرەتای سـەدەی بیسـتو لەوڵاتـە پیشەسـازییە گەورەکانـدا ژنـان بەژمارەی زۆر هاتنە نێو بازاڕی کارکردنەوە، بۆ یەکەمین جار لەمێژوودا ژن دەرفـەتی کـاری بەکۆمـەڵ لـەدەرەوەی مـاڵی بۆ ڕەخسـا، بـازاڕی کار سەرەڕای پیاوان پێویستیی بەهێزی کاری ژنان بوو، سەرەڕای ئەوەش کرێی کاری ژنان لەچاو پیاوانی کریکاردا کەمتربوو و هەلومەرجی ژیانی زۆر نالەبار بوو، داکۆکیکارانی مافەکانی ژنان باوەڕیان وابوو، ژنانیش پێویستە خاوەن مـافی سیاسـی یەکسـان بـن لەگـەڵ پیاوانـدا،

لەم روانگەیەوە داواکاری بۆ مافی دەنگدانی ژنانی سپی پێستو خاوەن موڵک دەکرا، لەگەڵ ئەوەشدا مافی دەنگدان بۆ ژنو پیاوانی رەش پێست بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو.

## یاسای یەکسانی ژنو پیاو

کارکردن لەسەر چالاکیو جولانەوەی ژنانو بیرۆکەی کردنی ٨ی مارس بەرۆژی جیهانیی ژنان دەگەرێتەوە بۆ ئەو خۆپیشاندانەی ژنانی کریکار لەنیۆیۆرک لەسالی ١٨٥٧ بۆ نارەزایی دەربرین بەرامبەر هەلومەرجی کار بەرپاکرا، دواتر وەک رۆژێکی پرشنگدار لەخەباتی ژنان ٨ی مارسی ١٩١٧ لەروسیا بووە یەکەمین هەنگاوی ئەو شۆرشەی بەشۆرشی شوباتی ١٩١٧ ناسراوە، دواتر خودی ئەو شۆرشەش بووە سەکۆی شۆرشی مەزنی ئۆکتۆبەر لەدوای شۆرش بەهەوڵی ئەلکساندرا کۆلۆنتای یەکێک لەهەڵسوراوانی ناسراوی جولانەوەی ژنانو یەکەمین وەزیری ژن بوو، دەسەلاتی یەکێتی سۆڤیەتی جاران لەرۆژی ٨ی مانگی مارسی وەک رۆژێکی پشووی رەسمی راگەیاند. لەدوای سەرکەوتنی شۆرشی ئۆکتۆبەر لەساڵی ١٩١٧٧دا لەسۆڤیەتو راگەیاندنی یاسای یەکسانی ژنو پیاو و دابینکردنی مافی سیاسیو ئابووریو کۆمەلاتییەکانی ژنانو بەرەسمی ناسینی مافی دەنگدان بۆ ژنان، لەژێر گوشارو کاریگەری ئەو تەوژمە جیهانیییەی شۆرشی ئۆکتۆبەر بۆ بزووتنەوەی ژنان ولاتانی رۆژئاوا ناچاربوون مافی دەنگدانی ژنانیان بەرەسمی ناسی.

لەگەڵ گەشەکردنی بزووتنەوەکانی ژنان لەجیهانو هەڵکشانی داواکاریو خەباتو تێکۆشانی ژنان لەپێناوی بەدەستهێنانی مافەکانیان، پێ بەپێی بزووتنەوەکانی ژنان لەجیهان لەهەرێمی کوردستان گەشەکردنی بزووتنەوەکانی ژنان هەنگاوی نا، بەمەبەستی بەدەستهێنانی مافەکانی ژنانو هەوڵی گۆرینی ئەو رێساو یاساو دابونەریتانەی دژی مافو ئازادییەکانی ژنان بوو، هەرچەندە کۆسپو رێگری بۆ بزووتنەوەکانی ژنان دەکرێت، بەلام هەوڵی بەردەوامی ژنان بۆ گەشەو پێشخستنی بزووتنەوەکانی ژنانو بەشداری خۆپیشاندانو نارەزایی بەردەوامیان کردووە بۆ داواکردنی مافی ژنانو پێدانی مافو یەکسانیو ئازادییەکانی ژنان.

چالاکیەکانی ژنان بۆ باشترکردنی مافەکانیان لەکوردستان لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەوە سەری هەڵداوە، بەلام تائێستا وەک پێویست گەشەی نەکردووە و پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە نەدیوە، لەگەڵ ئەوەشدا چالاکییەکان لەم سەردەمەدا لەکوردستانو رێکخراوەکانی تایبەت بەژنان هاتوونە مەیدان بۆبەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیو نا یەکسانی بەرامبەر بەژنانو خەبات دەکەن لەپێناوی چەسپاندنی داواکانی ژنانو پارێزگاریکردن لەمافەکانیان، بەلام هێشتا ئەوە بەس نییە، پێویستە بزووتنەوەکانی ژنان روبەرِوی سیستەمو دەسەلاتو نەریتە کۆمەلایەتییەکان ببنەوە بۆ بەدەستهێنانی مافو ئازادییەکانی ژنان لەپێناوی چەسپاندنی یەکسانیی لەنێوان ژنو پیاودا، دەبێ رێکخراوەکانی ژنان وردبینانە کاربکەن لەسەر پرسی ژنانو هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگەو هەوڵ بدەن ئەم پرسە بەلارێدا نەبرێت، وەک هەندێککەس لەناو رێکخراوەکان یاخود لەناو گۆرەپانی تێکۆشانی تاکەکەسی دا هەندێک جار دەبیسترێ و دەوبسترێ بەناوی داوای جولانەوەیەکی فیمنیستی و جیاکردنەوە یان زاڵ بوونی ژن بەسەر پیاودا دەکرێت، یان بەناوی وەرگرتنی دەسەلات بۆ ژنان بەچارەسەری ریشەکێشی چەوساندنەوەی ژنو بەدەستهێنانی مافی ژنان دەزانن، بێ گومان ئەوە زیان بەهەوڵەکانی بزووتنەوەی ژنان دەگەیەنێو ئەم بیرە شێواوە لەداهاتوودا دردۆنگی بەرامبەر هەوڵەکانیان دروست دەکات، بەرای من ئەوە کارێکی زیادەرۆییو هەڵەیە، بەو پێوانەیە بێت هەموو ژنێک دەتوانێت ئەندامی ئەم جولانەوەیە بێتو لافی ئەوە لێ بدا هەوڵ دەدات بۆ بەدەستهێنانی مافو ئازادییەکانی ژنان، بەلام ئەگەر

سەرچاوە
Serchawe

بەوردی سەرنج بدرێت ئەم رایە مەبەستەکەی نەپێکاوە، چونکە بوونی کەسایەتی ژنانی بەناوبانگ لەسەرکردایەتی وڵاتانو بوونی خانمانی دەسترۆیشتوو لەدەسەڵاتدا مانای ئازادیو یەکسانی ئافرەت ناگەیەنێ، بۆ نموونە: مارگرێت تاچەر کە یەکێک بوو لەژنە سیاسیە بڕیار بەدەستەکانی بەریتانیا بڕیاری جەنگو کوشتاری بەدەست بوو، هەر بیریشی بەلای ئەوەدا نەدەچوو لەم شەڕانەدا هەزاران ژن لەناودەچنو کاریگەرییەکانی جەنگ دەبێتە مایەی هەژاریو ماڵوێرانی ژنانو لەئەنجامدا چی دۆخێکی نالەبار بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی ژندا دێت، یان سەرکۆماری بەنگلادیش وەک ژنێک لەبەرزترین پلەی دەسەڵاتدا کەچی خراپترین یاسا دژی ژنان لەوێ پەیڕەو دەکرا، ئەگەر وادەبینرێ بەبوونی چەند ژنێک لەدەسەڵات دۆخی ژنان باش دەبێ، بێ گومان ئەوە روونە ژنێکی نێو سەرکردایەتی حزبێکی دەسەڵاتدار پاراستنی بەرژەوەندی حزبەکەی لەلا باشترە لەبەرژەوەندی چینەکەی خۆی، هەڵبەت لێرەدا مەبەستم سەرکردایەتیو پلەی باڵا لەحزبە ئیسلامییەکانیش دەگرێتەوەو هەر یەک لەو ژنانەی ناو سیاسەتی حزبە ئیسلامییەکان لەپلەی بڕیاردان، ناتوانێت بەرگری لە مافو ئازادییەکانی ژن بکاتو رووبەڕوی جیاوازییەکانی هاوسەرگیریو شایەتی دانو بەشەمیراتی نێوان ژنو پیاو بێتەوە، هەروەک بینیمان ژنە پەلەمانتارەکانی ناو حزبە ئیسلامییەکان لەکاتی دەنگدان لەپەرلەمانی کوردستان لەسەر یاسای فرەژنی نەیانتوانی بەرگری لە مافو ئازادییەکانی ژن بکەنو ئەگەر لەناخیشدا ئەوەیان ویستبێ، ئەوا بەسوودی سیاسەتی حزبەکەیان دەنگیان بەفرەژنیدا.

## دەسەڵاتی پیاو سالاری

هەریەک لەو ژنانەی ناو دەسەڵات لەوانەیە سەرەتا مافی ژنان وەک چەکێکی کاریگەر بکاتە دروشمی خۆی وەک چالاکوانی بواری مافەکانی ژنان هەڵسورێت، تەنیا بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەستکەوتی تایبەتی خۆیەتی تاکو دەستی لەپلەیەکی حزبیو پێگەی سیاسی لەشوێنی بڕیاردان گیردەکات، بەڵام هیچ کات خۆی ناخاتە سەر ئەو بارەی دوور لەبەرژەوەندی حزبەکەی بەرگری لەیەکسانی نێوان ژنو پیاو بکاتو ئەمە بەکاری خۆی نازانێت، چونکە بوونی ئەو لەو پێگەو پۆستە باڵایەدا زۆرێک لەو مافانەی بۆ دەستەبەرکردوە کە ژنە هاوشێوەکانی خۆی لەدەرەوەی پلەی حزبیو لەماڵەوەدا پێی نەگەیشتوونو لەبارێکی ئابوری ئاڵۆزدا ژیان دەگوزەرێنن، هەر یەک لەم ژنانە مەبەستی نییەو ناشتوانێت بەرەو ڕووی دەسەڵات بێتەوە کە بووەتە هۆی ئەو کێشانە، یاخود هەرنەبێت بۆتە کۆسپێک لەبەردەم پێشکەوتنی ئەم پرسەدا، چونکە لەدەربڕینی هەر هەڵوێستێکی لەم جۆرە روبەڕوی پیاوێک دەبێتەوە هەمان کێشەی پێشێلکردنی مافو نایەکسانیو کێشەی مافە سیاسییەکانی هەیە، کەهەمان دەسەڵات بەسەر ئەو پیاوانەشی هێناوە، پیاوسالایش پێش ئەوەی ویستی پیاو بووبێت بەگشتی، کاری سیستمی دەسەڵاتە ژنو پیاو پێکەوە لەکۆمەڵگەدا بەنایەکسانی بهێڵێتەوە، راستییەکی بەڵگەنەویستە لەهەموو جیهاندا ژنانیش وەک پیاوان دابەشبوون بەسەر چینو توێژی تایبەتو پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان، دوای ئەوەی ئەمانەمان خستەبەر رووناکی سەرنجدانو وردبوونەوە پرسیارێکمان لەلا دروست دەبێت کە ئایا ئەمانە دەتوانن یەکسانیو ئازادی بۆ ژنان بەدیبهێنن؟، یاخود دەتوانن باوەڕ بەم ژنانەی ناو دەسەڵات بێنن واز لەشێلەی دەسەڵاتی خۆیان بێننو بێنە ڕیزی ژنانی چەوساوەو بێبەش لە مافو ئازادی؟، بێ گومان ناتوانن!!.

پەرش و بڵاوی چالاکی ژنان لەگەیشتن بەمەنزڵی ئەنجام دووردەخاتەوە، پێویستە تەواوی ژنان بەیەکگرتوویی لەدەوری یەکتر کۆببنەوە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان، چونکە شتێکی ئاشکرایە تا ژنان خۆیان هاودەنگو بەیەکگرتوویی هەوڵ نەدەن بۆ پێکهێنانی بزووتنەوەی ژنان، ئەوا کۆمەڵگەش ئاراستە ناکرێ. ئەمەش بەتایبەتی ئەرکی رێکخراوەکانی بواری ژنانە دەبێت بەپێداگریەوە هەوڵی پێکهێنانی

بزووتنەوەیەکی ژنانەی گشتگیر بدەن، لەڕێگای هوشیارکردنەوەی ژنان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان دێتەدی.

ئەوەی ماوەتەوە بیڵێم ئەوەیە لەئێستا دادوای ١٠٠ ساڵ لەڕاگەیاندنی ٨ی مارس هێشتا لەزۆر وڵاتانی جیهان ژنان بێ بەشترینو چەوساوەترین توێژەکانی کۆمەڵگە پێکدەهێنن، لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی خەباتو تێکۆشانی بەردەوام ژنان لەگەڵێک مافو ئازادی بەهرەمەند بوون، بەڵام لەهەندێک وڵاتیشدا یەکسانیو مافە سیاسییەکانی لەگەڵ پیاواندا بەدەستهێناوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٨ی مارچی ٢٠١٦

# کێشەکانی ئافرەتان لە ئێستا و رابردوودا




**پەریزاد محەممەدی**

هۆکاری چەوسانەوەی ئافرەتان هەمەلایەنن. بەشێک لەو هۆیانە پەیوەندییان بە داب و نەریت و کولتور و پیاوسالارییەوە هەیە و هەندێکی تریشی بە ناوی دینەوە زوڵم لە ئافرەتان دەکرێ و، بەشێکی بەرچاوی دیکەشی ئەوەیە کە ئافرەتان خۆیان بوونە هۆی چەوسانەوەی خۆیان، بە واتایەکی دیکە خۆیان زوڵم لە خۆیان دەکەن.

ئێمە ئەگەر لە داب و نەریتی کوردەواریی خۆمان بکۆڵینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە ژنان و کچانی کورد بە درێژایی مێژوو، ئێستاشی لەگەڵ دابێ، غەدریان لێ کراوە. ئەگەرچی هێندێک مێژوونووسی بێگانە، کە کتێبیان لەسەر کورد نووسیوە، باسیان لەوە کردووە کە ئافرەتانی کورد لەچاو ئافرەتانی وڵاتانی دەوروبەر، وەک تورکیە و ئێران و وڵاتانی عەرەبیی، ئازادتر بوون ئەویش بەوەی کە شان بە شانی پیاوان زیاتر لە لادێکاندا کاریان کردووە، بەڵام من پێموانیە ئافرەتانی کورد لە ئافرەتانی دەوروبەرمان ئازادتر بووبن، بەڵکو بە بڕوای من ئافرەتانی ئێمە زیاتر چەوسێنراونەوە. بەڵگەش ئەوەیە کە ئەوان سەرەڕای ئەو هەموو ئەرک و ماندووبوونە، کە هەم ئەرکی ماڵەوە و هەم ئەرکی دەرەوەشیان لەسەر شان بووە، بەڵام چەوسێنراونەوە و مافەکانیان پێشێل کراون و، ئەوە کە لە دەرەوە کاریان کردووە ناکرێ بە وەرگرتنی ماف وەسفی بکەین. بە بڕوای من ئافرەتان چ لە چوارچێوەی ماڵدا زوڵمیان لێ بکرێ، چ لە دەرەوەی ماڵ، هیچ جیاوازیی نیە. سەرەڕای ئەوەی ئافرەتان وەک پیاوان کاری دەرەوەیان کردووە، وەک کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی و تەنانەت خانوو دروستکردنیش، ئەرکی زەحمەتکێشانی ماڵەوەش هەر لە چێشتلێنان و خاوێنکردنەوەی ماڵ و شۆردنی جلوبەرگی هەموو خێزانەکە و زۆر کاری دیکەش بە تەنیا لەسەر ئەوان بووە بەبێ ئەوەی یارمەتی لە پیاوان وەرگرن. ئەوە بێجگە لە ئەرکی بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵ و، تەنانەت لە شۆڕشی کوردستانیشدا بەشدار بوون. نموونەی زۆرمان لە ئافرەتانی شۆڕشگێڕی ئەو بوارە هەیە کە سەرکەوتووانە لە شۆڕشەکاندا خەباتیان کردووە، بۆ نموونە (لەیلا قاسم)، کە کچێکی زیرەک و چاونەترس و شۆڕشگێڕ بووە، یان لە بواری حوکمڕانییدا چەندان ئەستێرەی پڕشنگدارمان هەن وەک (خانزادی میری سۆران) و ( عادیلە خانم) و چەندانی دیکە کە ئێمەی ئافرەت دەبێ شانازییان پێوە بکەین.

یەکێک لە ستەمە دیارەکان کە لە کچان و ئافرەتانی ئێمە کراوە ئەوەیە کە بە زۆر بە شوو دراون، ژن بە ژنەیان پێ کراوە، گەورە بە بچوکەیان پێ کراوە، یا لە کاتی بە مێرددانیان کەمترین ڕایان وەرنەگیراوە و، دوای مێردکردنیشیان لە لایەن مێردەکانیانەوە غەدرێکی زۆریان لێکراوە بە بێ ئەوەی ماڵی باوانیان لە چارەسەرکردنی کێشەکانیاندا هیچ یارمەتییان بدەن. بۆیە ئافرەتان ئەگەر ژیانیان لەگەڵ هاوسەرەکانیان وەک دۆزەخیش بووبێ دەبوو هەتا مردن بەو ژیانە ڕازیی بن و بەبێ دەنگ ئەو زوڵم و زۆرییە قبوڵ بکەن، چونکە ئیتر ئەوان ڕێی یان ڕووی چوونەوە ماڵی باوانیان نەبوو. ئەگەر ژنێک بە تۆران بچوایەتەوە ئەوە خەڵک بە چاوێکی سووک سەیریان دەکرد. ئەگەر هەندێک لەو ئافرەتانەی بەرگەی ئەو هەموو زوڵم و زۆر و ئازارەیان نەدەگرت، خۆیان لەناو دەبرد یا دوای چەندین جار ڕۆیشتنەوە بۆ ماڵی باوانی سەرەنجام یا ژنی بەسەر دەهات یا تەڵاق دەدرا. بۆ خۆشمان دەزانین کە باری وشەی تەڵاق لای ژن و لە کۆمەڵگەی ئێمە چەند گرانە، بە تایبەتیی لە ڕابردوودا کە خەڵکی ئێمە بە چاوی سووک سەیری ئەو ئافرەتانەیان دەکرد کە جوودادەبوونەوە و، دەبوو تەواوی ژیانیان بە تەنیا باجی ئەو لێکجیابوونەوە بدەن.

یەکێک لە ناشرینترین داب و نەریتەکانی کوردەواریی ئەوە بووە کە ئافرەتانیان لەجێی خوێن داوە بە یەکتری. بۆ نموونە ئەگەر دوو عەشیرەت یا دوو بنەماڵە دوژمنایەتیی یان خوێنیان لە نێواندا هەبووایە، ئەوە بۆ سوڵحکردن ئافرەتیان دەدا بە یەکتری. بێگومان لە ئەنجامدا ئەو ئافرەتانە ژیانێکی زۆر تاڵ و ناخۆشیان هەبووە. ئەوان وەک دوژمن هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کراوە و تووشی زوڵم و زۆرێکی زۆر بوونەوە نە تەنیا لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە بەڵکو لەلایەن ئەو عەشیرەت و بنەماڵەشەوە کە دوژمنایەتییان لەگەڵ کەسوکارەکەی هەبووە. دەبێ بڵێم بە خۆشییەوە ئێستا ئەو داب و نەریتە، مەگەر لە هەندێک شوێنی دوورەدەستی کوردستان بە کەمیی مابێ، دەنا نەماوە.

لە ڕووی دینییەوە و بە ناوی دینەوە دیسان ستەم لە ئافرەتان کراوە، ئەویش بەوەی کە پیاوان بە حەزی خۆیان دینیان بۆ چەوساندنەوەی ئافرەتان بەکارهێناوە. بۆ نموونە دەقە دینییەکانیان لە قورئانی پیرۆز دەرهێناوە و بە سوودی خۆیان لێکیان داوەتەوە و نەهاتوون هەموو دەقەکە وەک خۆی باس بکەن و شی بکەنەوە. هەر کە حەزیان هەبووبێ ژنی تر بێنن یەکسەر پاساویان بەوە هێناوەتەوە کە پیاوان ڕێگەیان پێدراوە تا چوار ژن بێنن، بە بێ ئەوەی باسی ئەو مەرجانە بکەن کە لەو بارەوە لە قورئانی پیرۆزدا هاتوون، کە بە بڕوای من هیچ پیاوێک وا بە ئاسانیی ناتوانێ هەموو ئەو مەرجانە جێبەجێ بکا. یەکێکی دیکە لە ستەمەکان ئەوە بووە کە هاتوون بە زۆر ئافرەتیان مار کردووە، یا گەورە بە بچوکییان پێ کردووە، یا لەسەر بێشکە مارەیان کردووە، زۆریی لەو ئافرەتانە کراوە کە بە پێچەوانەی ویست و حەزی خۆیان بە مارەکردنەکە رازیی بن و بڵێن بە ڕەزامەندیی خۆیان بووە. لەو پەیوەندییەدا کەمتەرخەمیی مامۆستایانی ئایینییش دەبیندرێ کە زۆرجار زانیویانە ئافرەتەکە لە ترسی گیانی خۆی بەو مارەکردنە رازیی بووە، بەڵام ئەوان هەر مارەیان کردووە. ئەمە لە کاتێکدا زانیویانە لە ئیسلامدا ئەگەر ئافرەتێک بە زۆر مارە بکرێ، ئەوە مارەیی نایە. لەو بارەوە چەند حەدیس هەن، یەکێک لەوانە ئەوەیە کە ژنێک دەچێتە لای پێغەمبەری خۆشەویستمان ( سەلامی خودای لەسەر بێ) و دەڵێ ئەی پێغەمبەر من بە زۆر بە شوو دراوم، پێغەمبەریش دەفەرمووێ تۆ مارەییت نەهاتووە و ژنی ئەو پیاوە نیت تا خۆت رازیی نەبی. ئەوە سەرەڕای زۆر زوڵمی دیکە کە لەلایەن نەشارەزایانەوە بە ناوی دینی ئیسلامەوە لە ئافرەتان کراوە، کە بە داخەوە نەک هەر خزمەتی بە ئیسلام نەکردووە، بەڵکو زۆر زیانیشی لێداوە.

شتێکی جێی سەرنج لە پەیوەندیی لەگەڵ زوڵم و ستەمەکانی سەر ئافرەتان ئەوەیە کە بەشێکی هۆکاری زوڵم و زۆرییەکان ئافرەتان

خۆمانین، ئەوەش راستییەکە دەبێ دانی پێدا بنێین. ئافرەتان لە چەند رێگەوە لەو زوڵم و زۆرەدا کە لێیان کراوە بەشدار بوون. ئافرەتان خۆیان هیچ جۆرە خەباتێکیان نەکردووە تا لە مافی بڕیاردانددا ئازاد بن. ئەگەر هەشبووبێ ئافرەتێک دژی ئەو زوڵم و ستەمە زۆرانەی لە ئافرەتان دەکرێ دەنگی هەڵبڕیبێ، هەر ئافرەتان خۆیان بوونە رێگری و بە سەرەڕۆ و خراپیان لەقەڵەم داوە. لە لایەکی دیکە ئافرەتان هەوڵی خۆخوێندەوارکردنیان نەداوە. ئەوانەش کە تێکۆشاون و خوێندوویانە هەوڵیان نەداوە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆیان و هاوڕەگەزەکانیان کەڵکی لێ وەرگرن. نموونەی زۆر لە بەردەست دایە کە ئافرەتان خۆیان هۆکاری بەشی زۆری چەوساندنەوەکان بوون. ئەوان کاتێک زوڵمیان لێ کراوە قەت پشتیوانیی یەکتریان نەکردووە، بگرە هاوکاری پیاوان لەو زوڵمەدا بوون.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئەوە بڵێم کە بە داخەوە ئافرەتانی ئێمە هەندێکیان بە هەڵە لە مافی خۆیان گەیشتوون، پێیان وابووە و وایە کە مافی ئافرەت هەر ئەوەیە رێگای چوونەدەرەوەی هەبێ و جلوبەرگی بە دڵی خۆی لەبەر بکا و کارێکیش بکا تا کەمێک پارە و سامان پێکەوە بنێ. لەگەڵ رێزم بۆ ئافرەتان، مافی ئافرەت زۆر لەوە گەورەترە کە بەو شتە بچووکانە بەراوردی بکەن.

هەندێک لە ئافرەتانمان کە بەشێک مافەکانی خۆیان وەرگرتووە، بە هۆی ئەوە کە خێزانێکی رووناکبیر و تێگەیشتوویان هەبووە بواری خوێندن و مافی دەربڕینی بیر و ڕا و زۆر مافی تریان هەبووە، زۆر بە کەمیی هەڵکەوتووە ئەو هەلە بۆ وەدەستهێنانی مافی زیاتر بۆ خۆیان بقۆزنەوە و خەمێکیش لە هاوڕەگەزەکانیان بخۆن و کار بۆ کەمکردنەوەی ئەو زوڵم و زۆرەی بەرانبەر ئافرەتان دەکرێ بکەن. بە پێچەوانەوە هەندێک لە خوشکانمان بە داخەوە ئێستاشی لەگەڵ بێ بە خراپی کەڵک لەو مافانە وەردەگرن کە بەدەستیان هێناوە. بەوەش زیان بە خەبات بۆ مافەکانی ئافرەتان دەگەیەنن و دەبنە نموونەیەکی ناشیرین بە دەست و دەمی ئەوانەوە کە دژی مافەکانی ئافرەتن.

ئێستا ئافرەتانی ئێمە زۆر لە دەرەوەی ماڵەکانیانن و کار دەکەن و لە باری پێکهێنانی ژیانی هاوبەشیشەوە تا ڕادەیەکی باش مافیان هەیە بۆ خۆیان بڕیار بدەن لەسەر ئەو کەسەی کە بڕیارە ژیانی هاوبەشی لەگەڵ پێکبێنێ، یان لانیکەم لەو پەیوەندییەدا ڕای خۆی هەبێ. هەروەها ژن بە ژن و گەورە بە بچووک و بەزۆر بەشوودان نەماوە. لە باشووری کوردستان زۆر ناوەند و سەنتەری ژنان هەن کە لە کاتی کێشەکاندا ئافرەتان دەتوانن یارمەتییان لێ وەرگرن. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش زۆر لە مافەکانی بۆ ئافرەتان دابین کردووە و دەبینین ئافرەتان لە پۆستی باڵای حیزبیی و حکومەتییدا جێگەیان گرتووە و کاریگەریی خۆیان هەیە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا وەرگرتنی مافەکانی ئافرەت لە ئاستی پێویستدا نیە. وەک باسمان کرد، هەر چەندە ئێستا ئەو جۆرە زوڵم و زۆرەی جاران نەماوە، یا ئەگەر لە هەندێک شوێنی کوردستانیش بە کەمیی مابێ، بەڵام ئەو ستەمەی لە ڕابردوودا لێیان کراوە ئێستا بە شێوەی جیاوازتر و لەژێر ناوی دیکەدا لێیان دەکرێ. ئێستا ڕێژەی ئافرەت کوشتن بە داخەوە زۆرە، ئەویش لەلایەن ئەو پیاوانەوە کە بە بیانووی جۆراوجۆر خوشک و کچ و هاوسەرەکانیان دەکوژن بەبێ ئەوەی گوێ بە هیچ بنەمایەکی ئینسانیی و ئایینیی بدەن. ئەگەر لە ڕوانگەی ئیسلامەوە تەماشا بکەین دەبینین ئیسلام نەهی کردووە لەوەی کەسێک بڕیار لەسەر ژیانی کەسێکی دیکە بدا و ببێتە قازیی و بیکوژێت. هەر کەسێک تاوانێک دەکا، دەبێ دەسەڵات و دادگا حوکمی بدا. لە قورئانیشدا حوکمی ئەو کەسەی یەکێک بە بە ئەنقەست ( بە عەمدیی) دەکوژێ دیاریی کراوە کە دەبێ بکوژرێتەوە.

وەک دەبینین و دەبیستین هەندێک لە ئافرەتان خۆیان دەکوژن یا دەسوتێنن، ئەوەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بە داخەوە

ئافرەتەکانمان خاوەن ئیرادەیەکی بەهێز نین و بڕوایان بە خۆیان نیە. بۆیە لەگەڵ ئەوەی زۆر ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان هەیە، بەڵام ئەو بڕیارە ترسناکە دەدەن و کۆتایی بە ژیانی خۆیان دێنن.

لە پەیوەندیی لەگەڵ کاری ڕێکخراوەکانی ئافرەتان دەبێ بڵێم بە بڕوای من ئەو ڕێکخراوانە لەگەڵ ئەوەی هەندێک کاری باشیان بۆ ئافرەتان کردووە، بەڵام وەک پێویست نەبووە. ئەوەش بەشێکی لەبەر ئەوەیە کە ئەو ڕێکخراوانە ڕێکخراویی حیزبیین و کارەکانیان لە نێوان خەبات بۆ مافەکانی ئافرەت و کاری حیزبییدا بەش کردووە، بۆیە بەپێی پێویست نەیانتوانیوە لە کارەکانیاندا سەرکەوتوو بن.

بە بڕوای من پێویستە ڕێکخراوێکی سەربەخۆی ئافرەتان هەبێ کە خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی گشت ئافرەتان بەبێ جیاوازیی بکا. هەر چەندە لە هەرێمی باشووری کوردستان ڕێکخراوێک بە ناوی (خانمانی کوردستان) دامەزراوە، کە ئەوە بۆ خۆی هەنگاوێک و کارێکی باشە، بەڵام تا ئێستا شتێکی وای بۆ ئافرەتان و مافەکانیان نەکردووە شایانی باسکردن بێ.

ئێمە دەبێ لەوە تێبگەین کە کۆمەڵگەی کوردیی پێویستە بە چاوی ڕێزەوە سەیری ئافرەتان و مافەکانیان بکا. بە تایبەتیی پیاوان دەبێ ڕێز لە ماف و کەرامەتی ئافرەتان بگرن و بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان هاوکاریان بن. ئەوان دەبێ ئەوە باش بزانن کە هەر کۆمەڵگەیەک مافی ئافرەتەکانی نەدا، قەت پێشناکەوێ.

لەسەر ئافرەتانیش پێویستە لە خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان بەردەوام بن و هیچ کاتێک ماندوو نەبن و بەربەستەکانی سەر ڕێگەیان ساردیان نەکاتەوە. هەوڵ بدەن بۆ خۆڕووناکبیرکردن و پێگەی خۆیان لەناو کۆمەڵگەدا بەهێز بکەن و لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیاندا دەوری کاریگەر ببینن و جیاوازیی لە نێوان کوڕ و کچەکانیاندا نەکەن و کوڕەکانیان فێر بکەن کە ڕێز لە ڕەگەزی بەرانبەر بگرن و هەرگیز بەرانبەر ئافرەتان توندوتیژ نەبن. هەروەها پێویستە ئافرەتان پشتیوان و یارمەتییدەری یەکتر بن. کاتێک ئافرەتێک بە بوێریی خۆی دیفاع لە مافەکانی ئافرەتان دەکا و لەو بوارەدا تێدەکۆشێ، هەوڵبدرێ بە هەمووان پشتیوانیی لێ بکەن. بێگومان ئەوەش دەبێتە هاندەرێکی باش بۆ ئەوەی کاری باشتر و گەورەتر بکرێ.

بەو هیوایەی ئافرەتانی کورد بە هەموو مافەکانی خۆیان بگەن و لەو ڕێگەیەشەوە سوود بە کۆمەڵگەی کوردیی بگەیەنێت و کۆمەڵگەکەمان پێشبکەوێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٨ی مارچی ٢٠١٦

# ٨ی مارسو ژنانی گوند



**ئازاد ئیبراهیم ئەحمەد**

لەهەموو لایەکی جیهانەوە، هەموو ساڵێک بەدروشمو ناوی جیاوازو بەچەندان دیدارو وۆرکشۆپو بەرنامەی تەلەفزیۆنی، رۆژی هەشتی مارس زیندو رادەگیرێت، واتە بەبێ جیاوازی، ئەم رۆژە بۆ تەواوی ژنانو خانمانی جیهان رۆژێکی جیاواز دەبێت لەهەموو رۆژەکانی تری ساڵ، کۆدەنگی جیهانیی لەسەر ئەم بۆنەیە، هەڵگری خوێندنەوەیەکی مرۆڤدۆستانەو یەکسانیی خوازییە بۆ ژنو پرسەکانی تایبەت بەژنانو مانای هێنانە پێشەوەی تەواوی ژنانە بۆ نێو کۆمەڵگەو کارکردنی ژنانو رەتکردنەوەی هەر لۆژیکو بڕوایەک کە ژنان بکات بەپلە دوو و بەکەم توانا لەژنان بڕوانێت.

لەگەڵ بەرەو پێشەوەچوونو کرانەوەی کۆمەڵگەکاندا، چەندان رێکخراو و سەنتەرو پڕۆژەی تایبەت بەپرسی ژنان لەژێر ناوو دروشمی جیاوازدا خۆیان راگەیاندووە، ئەوەش لەپێناو زیاتر بەجیهانیکردنی پرسی ژنانو تێگەشتن لەخەمی ژنان بەلام، هێشتا بەکۆی گشتی ئەو رێکخراو و ناوەندانەشەوە نەیانتوانیوە چارەسەری کۆتایی بۆ کێشەو گیروگرفتەکانی ژنان بدۆزنەوە. هەشتی مارس، ئەگەرچی ئامانجی هەموو تاکێکو رێکخراوێکی فێمنستییە تێیدا خەرمانی خەمەکانی ژنان بەبادا بدات بەلام، هێشتا کێشەی گەورەی ئەم رێکخراو و ناوەندانە لەجوگرافیای شارو گونددایە، لەم پرسەدا زیاتر ئەرکو کاری رێکخراوەکان دەکەوێتە چەقی شارەکانەوە و زیاتر لەجوگرافیای شاردا پڕۆژەو کارەکانیان ئەنجامدەدەن، زۆر کەمن ئەو کەسو رێکخراوانەی مانگانە، یان ساڵانەو لەکاتی بۆنەکاندا بەچەندان پڕۆژەو بەرنامەی گرنگو بەسوودەوە بچنە گوندەکانو لەگەڵ ژنانی گوندەکاندا کۆببنەوەو لەنزیکەوە گوێیان لێبگرنو خەمەکانیان بۆ لایەنی بەرپرس بگوازنەوە. دەتوانین بڵێین لەچوارچێوەی کاری رێکخراوەکانو شەڵتەرەکانو ناوەندەکانی تایبەت بەپرسی ژناندا، ژنانی گوندەکان نەکراونەتە چەقی پڕۆژەیەک بۆ کار لەسەرکردنو باشترکردنی دۆخی ژیانیان.

ئەگەر لەئێستادا لەزۆرێکی ژنانی گوندەکان بپرسین: هەشتی مارس چییە؟، گرنگی ئەم رۆژە بۆ ژنان لەچیدایە؟، ئەرکو مافی ژنان لەم رۆژەدا چییە؟، چەند ژنێکی گوندنشین نادۆزینەوە وەلامێکی دروستمان بداتەوە بۆ ئەو پرسیارانە. ئەوەش سەلمێنەری ئەو راستییەیە کە

**٨ی مارچ**

**ڕێکخرەوەکانی ژنانو چالاکییەکانیان لەم ڕۆژەدا ناگەنە گوێی ژنانی گوندەکانو بەبێ زیادبوونی شتێکی نوێ، بەسەریاندا تێدەپەڕێت. هەر لەشارستانییەتە کۆنەکانو کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانەوە بۆ ئێستای سەدەی بیستو یەک، دابڕانێکی جۆریو چەندێتی لەسەر ئاستی زانیاریو خێرایی کرانەوە لەنێوان شارو گوندەکاندا هەبووە و هەیە، ئەم دابڕانە لەهەر خاڵێکەوە لێی بڕوانرێت ڕەنگدانەوەی خۆیی هەیە لەسەر کۆمەڵگەکان بەپرسی ژنانیشەوە، چونکە لەهیچ گوندێکدا نابینرێت نوسینگەیەک یان ناوەندێکی زانیاریو ڕۆشنبیری یاخود داکۆکیکار لەمافی ژنان بوونی هەبێتو ڕاستەوخۆ لینکی بەکۆی ناخۆشیو ژیانی ژنانی گوندەکانەوە هەبێتو شوێن دەستی خۆی بەتواناي هزری ژنانی گوندەکانەوە جێبهێڵێت.**

**هەموو ئەو دروشمو بانگەشانەی ژنانو ڕێکخراوە فێمینستییەکان دەیدەن بەگوێی ژناندا بەگشتی، تەنها دەزگایەکی ڕاگەیاندنی نوسراوو ڕۆژنامە ناهێنێت کە ڕێکخراوەکانی ژنان یاخود کۆی ئەو ناوەندو سەنتەرو لایەنەکانی تایبەت بەپرسی ژنان، بەچاپی بگەیەنێو بیبەنە گوندەکانو بەسەر ژناندا دابەشی بکەن، تاکو بتوانن لەڕێگەی ئەو دەزگایەوە پەردە لەسەر زۆرشتی شاراوەی ژیانیان هەڵبداتەوە و ژنانی گوندەکان ئاشنا بکات بەئەرکو مافەکانیانو هەموو ئەو ڕووداو و پێشهاتانەی، ڕۆژانە لەجیهاندا ڕوودەدات و ژنان تێیدا دەبن بەقوربانی پلە یەک.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٨ی مارچی ٢٠١٦**

---



# هەشتی مارس و رۆڵ و ئەرکی ئەمڕۆی ئافرەتانی کوردستان



د. ڤیان سلێمان ❊

هزریی پیاوسالاری و بە باشتر زانین و بە پێشدانی پیاو لە بەرامبەر ئافرەت وەنەبێت بە تەنها هەڵقووڵاوی ئەم بەشەی گەردوون بێت لە رۆژهەڵات و کۆمەڵگەکانی، بەڵکو رەوتی مێژوو دەرخەری ئەو راستیەیە، کە لە رۆژئاواشدا لە سەردەمەکانی پێشوو مرۆڤایەتی بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیوە، کە بە قۆناغی دواکەوتوویی پێناس دەکرێن و زوڵم و ستەم بەرامبەر ئافرەت لە لوتکەدا بووە، لە ئێستاشدا سەرەڕای پێشکەوتوویی ئەو کۆمەڵگەیانەو بوونیان لە ئاستێکی بەرزی ژیاری دا دیاردەی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت هەر بوونی ماوە و ڕێکخراو و ناوەندی تایبەتمەند هەن کە کاری بۆ دەکەن ئەمەش هۆکاری سەرەکی بەجیهانیبوونی پرسی ئافرەتە، کە ڕێکەوتی ٨ی مارس وەک سیمبولێکە بۆ ئەو پرسە و، لەم رۆژەدا هەموو ئافرەتانی جیهان هاوسۆزی و هاوخەمی یەک پرس کۆیان دەکاتەوە کە پرسی ئافرەتە.

ئێمەی ئافرەتانی کوردستانیش بەشێکین لەو پرسە جیهانییە بە هەلومەرج و تایبەتمەندی کوردانەی خۆمانەوە، کە وڵاتێکی داگیر کراو و بەشکراومان هەبووەو دوژمنانی گەلەکەمان سەرەڕای داگیرکردنی خاکمان کولتووری خۆشیان بەسەرماندا سەپاندووە، کە کولتوورێکە هەڵگری زۆربەی ئەو بەهایانەیە، کە ڕێگرە لە بەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و چەسپاندنی مافی مرۆڤ بە تایبەتی مافی ئافرەت، هەربۆیە وەکچۆن شۆڕش و خەباتی نەتەوەیی پێویستیەکی سەرەکی کۆمەڵگەکەمان بووە، سەرهەڵدانی گوتاری مەدەنیەت و، مافەکانی مرۆڤ و، مافی ئافرەت بە هەمان شێوە پێویستیەکی ئەم کۆمەڵگەیە بووە.
لەو چوارچێوەیەشدا لە باشووری کوردستان لەگەڵ سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد و بە تایبەت دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان یەکەمین ڕێکخراوی داکۆکیکار لە مافی ئافرەت، کە یەکێتی ئافرەتانی کوردستانە هاتە دامەزراندن، کە ئەم ڕێکخراوە تێکەڵەیەک بووە لە داواکردنی مافەکانی ئافرەت و هاوبەشی لە خەباتی نەتەوەیی، بە شێوەیەکی گشتیش ئافرەتانی باشوری کوردستان لە هەموو قۆناغەکاندا رۆڵی گەورەیان هەبووە لە تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی مافە رەواکانی گەلی کورد و، لە هەمان کاتیش وەک داکۆکیکار و خەباتکاری مافە مرۆڤایەتیەکانی خۆیان.

لە قۆناغی ئێستاشدا کە هەرێمی کوردستان بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت و بڕینی بودجەی هەرێم لە لایەن دەسەڵاتدارانی بەغدا توشی قەیرانی دارایی بۆتەوە هاوکات بە درێژایی بەرەیەکی فراوان بەرامبەر دڕندەترین هێزی تیرۆریست بەرگری لە خاکی کوردستان دەکات هەروەک بینیشمان لە ئاکامی ئەم دەستدرێژیەی هەڵگرانی بیری توندڕەوی بۆ وڵاتەکەمان ئێمەی ئافرەتان زیاتر لەهەر توێژێک رووبەڕووی مەترسی بووینەوەو دیاردەگەلی وەک فرۆشتنی ئافرەت و بە کۆیلە کردنی و دەستدرێژی کردنەسەری ئەوەی بۆ سەلماندین، کە بیری توندڕەوی ئەگەر جارێک مەترسی بێت بۆ مرۆڤایەتی ئەوە دووجار مەترسییە بۆ ئافرەت. ئاکامی ئەمەش ئێستا ژمارەیکی زۆر ئافرەت لە بەرەکانی جەنگ وەک پێشمەرگە بەرگری لە گەل و نیشتیمان دەکەن، لە لایەکی دیکەوە ئەو ئافرەتانەی کە هاوژینەکانیان لە ئەرکی پێشمەرگایەتی دان بەرپرسیاریانە رووبەڕووی دۆخەکە بوونەتەوەو رۆڵی دایک و باوکیش لەنێو خێزاندا دەبینن و، لەکاتی شەهیدبوونی ئازیزانیشیان درێژەیان بە رۆڵی خۆیان داوەو، بوون مامۆستایەک بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانیان.

لە لایەکی دیکەوە سەرەڕای ئەم رەوشە ناهەموارە ئافرەتانی داکۆکیکار لە مافی ئافرەت بەردەوامن لە هەوڵەکانیان بۆ بەدیهاتنی یەکسانی بۆ ئافرەت، ئەگەر بێینە سەر تاکی ئافرەتیش دەبینین ژمارەیەکی زۆر ئافرەت خاوەن داهاتی خۆیانن لە رێگەی چوونەدەر بۆ کارکردن بە شێوەیەک لە ئێستادا بەڕێوەبردنی ژمارەیەکی زۆر لە خێزان لە رووی دارایی و کارگێڕییەوە لە ئەستۆی ئافرەت دایە، ئەمە وێڕای رۆڵی ئافرەت لە بوارەکانی میدیایی، پەرلەمانی، ئیداری هەروەها بوارەکانی دیکەش ئەمەش وەڵامە بۆ ئەوانەی، کە باوەڕیان بە توانای ئافرەت نییە، بەڵکو ئەمە توانای ئافرەت دەردەخات و، ئەوە دەسەلمێنێت، کەوا هیچ جیاوازیەک لە نێوان ئافرەت و پیاو نییە و هەموو ئەو توانایەی لە پیاودا هەیە لە ئافرەتیشدا بوونی هەیە و، بەڵکو گرنگیدان بە سەرچاوەی هێزی مرۆیی ئافرەت و وەبەرهێنان لە تایبەتمەندییە فیکری و دەروونیەکانی و بەشداریکردنی لە گفتوگۆ سیاسییەکان و پرۆسەی دروست کردنی بریار رۆڵی گرنگی دەبێت لە چارەسەرکردنی قەیران و کەمکردنەوەی گرژییەکان و بڵاوکردنەوەی ئاشتی، کە پێویستییەکی بەڵگە نەویستە بۆ ئێستا و داهاتووی کۆمەڵگەی کوردستانی، بۆ ئەوەی ئافرەتیش بتوانێت ئەو رۆڵە سەرەکییە بگێڕێت، پێویستە بواری تەواوی بۆ بڕەخسێت، بەڵکو لە هەندێک بواردا جیاکاری پۆزەتیڤ لە بەرژەوەندی ئافرەت بکرێت.

لەم کاتەشدا کە گەلەکەمان بە هەلومەرجێکی چارەنووسسازدا گوزەر دەکات و سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرۆک بارزانی لە چوارچێوەی پرۆژە نەتەوەییەکەی دا بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بۆ گەلی کوردستان داوای ئامادەکاری بۆ ئەنجام دانی ریفراندۆم بۆ بریاردان لە مافی چارەی خۆنوسین دەکات، ئەرکی هەموو لایەک قورستر بووە بە تایبەتی ئێمەی ئافرەتانی کوردستان، کە پێویستە خۆراگر بین و بە ئیرادەوە بەرەورووی سەختیەکان ببینەوەو، رۆڵی خۆمان بە سەرکەوتویی بگێڕین و پشتیوانی هەنگاوەکانی (سەرۆک بارزانی) بین، ئەمەش لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجی نەتەوەکەمان، کە سەربەخۆبوونە و، بەدیهێنانی وڵاتێکە کە پایەکانی لەسەر بنەمای مافی مرۆڤ و هاوسەنگی لەسەر بنەمای یەکسانی ڕەگەزیی بنیات نرابێت کە ئەمەش لە رێگەی بەشداری کردنی ئافرەت لە هەموو جومگەکانی دەسەڵات و چەسپاندنی مافەکانی ئافرەت و جیهانبینی ئافرەت لە دەستوردا دێتەدی، تەنها لە بارودۆخێکی لەو شێوەیە و لە جوگرافیایەکی ئارام و سەقامگیر ئێمەی ئافرەتانی کوردستان دەتوانین بە تەواوی مافەکانمان بگەین.

* سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەبات - ڕێکەوتی: ٨ی مارچی ٢٠١٦

# لە یادی ٨ی مارس دا، ئەمساڵیش نەگۆڕاین!



**پەروا علی**

ئێمە وەهاین ناگۆڕێین و نامانەوێت لە ٨ ی مارسی ئەمساڵیشدا بگۆڕێین، هەروەک نەنکمان (حورمەت و خۆشەویستیم بۆ نەنکی من و ئێوەش)، کونجی قەناعەتی ئایدیۆلۆژیامان گرتووە ولەو نیوەندە دا  لە نێو تەمی ترس و ئەوی دی قبوڵ نەکردن دا ئەگوزەرێین.

ئێمەی ژنان و کچان و هەموو دەستەواژەکانی تری مێینە بوون لەم هەرێمەی من  لە باشور نەمانتوانی گووتارێکی یەکگرتوومان بۆ ژنان هەبێت، ژنانی تێکرای حیزبە سیاسییەکانی ناوەوەو دەرەوەش خۆمان بەتەنها لە کێبڕکێی چالاکیداین بۆ ئەم یادە، دەیان چالاکی جۆراو جۆر ئامادە کراوە کە لە زۆرینەی چالاکییەکاندا پەنجە بۆ بەرامبەر ڕادەکێشین بۆ پیاوانی دەسەڵات و دین و کلتورن و بە عەقڵییەتی پیاوانەوە کە نەیانهێشتووە مافەکانی ژنان دەستەبەر بکرێت یا تەنانەت  ڕێزی لێبگیرێت، لای زۆرینە باوەڕیان وایە ژنان هەمیشە  چقڵی چاوی خێزان و خێڵ و عەشرەت بن، کە تەواوی سیستمی سیاسی لای ئێمە سیستمی خێڵە و گەڕانەوەیە بۆ ئەو قەدەرەی کە باوە و باوبووە.

ئەوەی ئەگوزەرێ و ئەم دۆخە چەق بەستووەی هێشتۆتەوە پشکێکی بەر خۆمان دەکەوێت ئێمەی ژنان، گەر باسی پێش راپەرین نەکەین و خەباتی ئازادیخوازانەی ژنان  لە دوای راپەڕینەوە بەرچاو بگرین، دەیان و سەدان ژنی چالاک و لێهاتوو هەبوون و هەن جگە لە چەندین ڕێکخراوی حیزبی و سەربەخۆ کە لەم بوارەدا کار دەکەین، بەڵام بەداخەوە نەگۆڕاین و نامانەوێت بگۆڕێین، بەهەمان ڕیتمی ساڵانی زوو هەرگروپەی بەتەنها و لەنێو چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیای خۆی بەدەر لە ژن بوون وەک پرسێکی گەورەتر هەول ئەدەین، دەربڕینی ئازارەکانمان بە تەنها و تاکلایەنە ئەخەینە ڕوو، ئەگەڕێین بۆ میکانیزمی جیاواز بۆ شێوازی ناوازەو تایبەت،  نامانەوێت کەسمان لەوی دی بچین خۆمان بە باشترین دەزانین لەوانی تر، لەکاتێکدا من هەر ژنم لە هەرکوێ بم هەر تەمەنێک و هەر ئاین و نەتەوەیەک بم ئازارەکانمان هەمان ئازارە لە بنەڕەتدا.

ژنانی باشوریش وەک پارچەکانی تر کەمیان نەکردووەو هاوشانی پیاوان، ئەگەر وەک پێویستیش نەبوبێت، هەوڵیان داوە و بەردەوامن، بەڵام ئەوەی جێگای تێڕامانە هەروەک چۆن حیزبە سیاسییەکان نایانەوێت بگۆڕێن و لە سەر کلتوری باپیرانیان بەردەوامن لەگەڵ جیاوازی

٨ی مارچ

زەمەن، ئێمەش هەمان دەستوری نەنکمان ترسمان هەیە لە ئەوانیتر ئەمە پارادۆکسی کەم بینین و قبول نەکردنی بەرامبەرە، ترسە لەوەی کە منیش هەم و باشترم لە تۆ.!

هەموان شانازی بە ڕۆڵی قارەمانانەی یەکینەکانی پاراستنی ژنان دەکەین کە هەموو هەڵسەنگاندنە شێواوەکانیان بۆ ژن تێپەڕاند، ئەوان لە دۆخی ئێستادا وەک ئازاترین جەنگاوەر خۆیان سەلمان کە خوازیارین لە قۆناغی داهاتودا وەک ژنێکی لیبراڵ لە هەموو بوارەکانی تریش ئەوە بسەلمێنن، ئەوان توانیان مێژوو تێپەڕێنن و لە ئەمڕۆدا بژین.

ئاواتم بوو ئێمەش ئەو مێژووەی چەندین ساڵە دووبارە دەبێتەوە بەتایبەت لە ٨ ی مارس دا تێپەڕێنین، هەموان یەک هەڵوێست و یەک گووتارمان هەبوایە، پێکەوە بە زمانی سیاسەت و ئەدەب و هونەر بەگژ نا داد پەروەری و نایەکسانی جێندەری و پەرت پەرت بووندا بچینەوە، ئەو هەموو چالاکیەمان یەکخستایە لە یەک جێگا و لە یەک کاتدا بوایە، نەک تەنها لە ڕۆژی ٨ ی مارس دا زیاد لە دە چالاکی هەیە کە هەر یەکەو سەر بە حیزب و لایەن و گروپێکی جیاواز، نە کەس دەنگی ئەوی تر دەبیستێ و نە کەسیشمان ئامادەی گوێگرتنی بۆچونی ئەوی ترین.

وێرای پیرۆزباییم بۆ هەموو ژنان لەهەرکوێ بن، درود بۆ روحی هەموو ئەوژنانەی تیرۆرکران، سڵاو بۆ ئەوژنانەی باجی ژن بوون ئەدەن. دەرئەنجام هەمووان بەرپرسین و ئەمسالیش نەگۆڕاین.!

سەرچاوە: ماڵپەڕی www.westga.net - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٦



# ئافرەت لەسایەی فەلسەفەی حوکمڕانیدا



چیمەن محەمەد رەشید

فەلسەفەو جۆری حوکم کردن، بە پێی بنەماکانی دەوڵەت کە بریتین لە:

١) گەل کە دانیشتوان دەگرێتەوە بە منداڵ و گەنج و بەساڵاچو، بە ئافرەت و پیاو بەپزیشک و کرێکار. هەروەها بەجیاوازی دین و نەتەوە ئەگەر دەوڵەتی نەتەوەیی نەبێت یاخود دەوڵەتی نەتەوەیی بێت و کەمەنەتەوەی تر بونی هەبێت،
٢) هەرێم "خاک" ئەو جوگرافیایەی گەل لەسەری دەژی،
٣) دەسەڵاتی حوکمڕانی، ئەمیش بریتیە لەجۆری حوکمڕانی ئەو فەلسەفەیەی لەپشت ئەم حوکمڕانیەیە.

ئەوەی ژیانی خەڵک بەڕێوە ئەبات جۆری سیستمە، فەلسەفەی حوکمڕانیە کە کاریگەری لەسەر تەواوی کۆمەڵگا هەیە، فەلسەفەی حوکم ئەگەر بڕوای تەواوی بە دیموکراتی راستەقینەو سەروەری یاسا هەبێت و گەل سەرچاوەی بڕیار بێت و دادوەری کۆمەڵایەتی بچەسپێت، ئەوا ماف و ئەرکی تاکەکان بەپێی دەستورو یاسا فەراهەم دەبێت بە پێچەوانەی دەسەڵاتی خۆسەپێن لەسایەیدا تێکەڵ بونی دەسەڵاتەکان و دەستێوەردان و ئازاد نەبونی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و قەزایی، ئەوا حوکمی دەستەیەک بەسەر تەواوی جومگەو دەسەڵاتەکاندا رەنگ ئەداتەوە، لەجیاتی هەوڵدان بۆ خۆشگوزەرانی تاکەکان هەوڵدان بۆ دەست بەسەراگرتنی دەسەڵات وائەکات تاکەکانی کۆمەڵ باجی سیستمێکی نادادوەرو ناشەفاف بدەن و ئەم دەسەڵاتانەش زۆر جار بە شۆڕش و راپەڕین کۆتاییان هاتوە.

فەلسەفەی حوکم دەبێت پشت بە بنەماکانی مافی مرۆڤ و ئازادی رادەربڕین و ئازادی تاکەکان ببەستێت، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت فەلسەفەی حوکم پشت بەیاسا ببەستێت و یاسا لەسەرو دەسەڵاتدارانەوە بێت، نەک دەسەڵاتداران لەسەرو یاساوە بن، واتە دەوڵەتی یاسا بێت و بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت دەستور کە تیایدا دەسەڵاتی حکومەت دیاریبکات، ئەرک و مافی دەسەڵات و تاکەکانی کۆمەڵ دیاریبکات و رێکبخات بە پشت بەستن بە بنەماکانی دیموکراتی و مافی مرۆڤ بە پەیڕەوکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی یاساو رێنمایی کاری پێبکرێن،

**٨ی مارچ**

هەموان بە دەسەڵات و حکومەتەوە تەواوی دامەزراوە کارگێڕیەکانەوە ملکەچی یاسابن، ماف و ئازادی تاکەکان دەستەبەر بکرێت، بەتەواوی پەیڕەوی دیموکراتی بکرێت، دەسەڵاتەکان جیا بکرێنەوە، ئەوکاتە مافی هاوڵاتیبون و مافی تاکەکان بەپێی ئەو دەستورەی بنەماکەی دیموکراتی و مافی مرۆڤ مافی ئازادی و مافی تاکەکانە دەستەبەر دەبێت، بێگومان ئەوکاتە ئافرەتیش وەک تاکێکی کۆمەڵگە لەسایەی ئەم سیستەمەدا زۆر لەمافەکانی دەستەبەر ئەبێت، بە بونی دەستور لەسەر ئەو بنەمایانەی باسمانکرد لە دادوەری و مافی تاک و یەکسانی بەرامبەر بەیاسا و مافی مرۆڤ و بونی ئازادی کەسی و ئازادی رادەربرین ئافرەتیش بەشێکی زۆر لەمافەکانی بەرجەستە ئەبێت، لەبەر ئەوە بینیمان لە شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی ئافرەتان رۆڵی بەرچاویان گێڕا، رەنگە ئامانجەکانیان بە پێی خواستەکانیان نەهاتبێتە دی بەهۆی ئەوەی مەسەلەی ژن روبەروی پەراوێز خستن ئەبێتەوە، بەڵام ئەگەر بەهەمان گەرموگوڕیەوە بەردەوام بن چۆن دیکتاتۆرەکان روخان بەو شێوەیە دەگەن بە ئامانجەکان.

ئافرەتی کوردو شۆڕش کردن دژ بە تاریکی لە رۆژئاوا، ئەو ئازایەتی و رۆڵەی هەیان بو هەمو تێڕوانینەکانی کە بەرامبەر بە ژن هەبو گۆڕی، ئەو گومانانەی نەهێشت کە ئەوەی بە پیاو دەکرێت بە ژنیش ئەکرێت، بۆیە پێویستە جیاوازیەکان لەسەر بنەمای رەگەز چیتر نەمێنێت، ئەو دەستکەوتەی رەنگە بەچەندین ساڵ خەباتکردن و داواکاری بۆ مافەکان نەهاتبنە دی، ئەو بەشداریە کاریگەرە بوە خاڵێکی وەرچەرخان نەک تەنیا بۆ ژنی کورد، بەڵکو سەرنجی جیهانیان بەلای خۆیاندا راکێشاو بوە پرسێکی جیهانی، ئەو دەستکەوتانەش لە یاسا و بەشداری ژنان، چنینەوەی ئەو خەباتە بو بەخوێن کرا. بۆیە دەبێت ئافرەتان رۆڵیان هەبێت لەبەدیهێنانی دەستورێک کە تیایدا مافەکانیان پارێزراو بێت، لەپێناوی سەروەری و چەسپاندنی یاسادا، بێگومان ئەمەش بە بەردەوامی خەبات کردن و کۆک بونی دەنگەکان و تواناو ئیرادەی ژنان و ئازادبونی بیرورا بۆ ئامانجی گرنگ و نیشتیمانی و فەلسەفەی حوکم کە تیایدا ئامانجەکانی ژنانیش دێتە دی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - ڕێکەوتی: ٨ی مارچی ٢٠١٦



# ئەمساڵیش ٨ی مارس



**نێڤار ئیبراهیم**

لە کۆمەڵگا پێشکەوتوەکان پرسی ژنان پرسی هەرەسەرەکی مرۆڤایەتیە چونکە ئەو کۆمەڵگایانە دەمێکە وەڵامی ئەو پرسیارەیان دەستکەوتوە، کە دەڵێت ئایا پێشکەوتنی کۆمەڵگا تا چەند پێویستی بە دابینکردن پاراستنی مافەکانی ژنان هەیە؟.

بە هۆی زاڵبون پیادەکردنی سیستمی پیاو سالاری و داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان قبوڵی مافەکانی ژنان نەکراوە، کاریگەری خراپی هەندێک شتی تر چەندین ساڵە ڕێگری دەکرێت لە هاوبەشی هێز و توانای ژنان لە کایە سیاسی و ناوەندەکانی بڕیاردان و کۆمەڵایەتیەکان و ئابوری و سەربازی و بەڕێوەبردن و کارگێڕیدا هتد ... ، لە دوای ڕاپەڕین ڕۆڵی ژن لە ئیدارەدانی و کارگێڕی وڵات لەسەرجەم سێکتەرەکاندا لاواز کراوە و دەرفەتی بەشداری کردنیان پێ نەدراوە و تاوەکو ئێستا لە ئاستی تموحی ژناندا نیە.

لە کاتێکدا ئەم حەقیقەتە تاڵەی سەرەوە بونی هەیە، کەچی ژنان ڕۆڵی مەزنیان هەبوە لە دروستکردن و نوسینەوەی مێژووی میللەتەکەمان، بەشێوەیەک ژن هاوشانی پیاوان بە شێوازی جیا جیا بەشداریان کردوە لە خەباتی شاخ وشاردا بۆ ڕزگاری و ئازادیخوازی لە هەموو پارچەکانی کوردستان، لەو پێناوەشدا قوربانی زۆریان داوە بە ئێستاشەوە، ئەوەتا ماوەیەکی زۆرە لە ڕۆژئاڤا ژنە شەرڤانەکان لەگەڵ پیاوان لەیەک سەنگەردان ڕووبەڕووی خوێنرێژترین گروپی تیرۆریستی بۆ بەرگری کردلە خاک و شەرەف و نیشتمان بونەتەوە، بە شێوەیەک قارەمانێتی گەورەیان نواندوە و لە جیهاندا بە سیمبولی ژنانی جیهان ناویان دەرکردوە.

لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ ڕاستە کە باشور نیمچە سەربەخۆییەکی بەدەستهێنا ژنان توانیان بەشداربن لە حکومەت و پەرلەمان و ڕێکخراوی خۆیان دروستبکەن، بەڵام لە دوای تێپەڕبوونی ٢٥ ساڵ هیچ بەرەوپێشچونێکی ئەوتۆ لە بواری ژناندا نەگۆڕاوە نابینرێت، ئەوەتا دوای ٢٥ ساڵ دۆخی ژنان ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو خراپی و ئاڵۆزی دەچێت، دەسەڵات و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە دام و دەزگاکانی دەوڵەت لەم ڕووەوە زۆر کەمتەرخەم بونە و هیچ کاتێک بەجدی گوێی لە ئازارەکانی ژنان نەگرتوە و هەوڵی چارەسەرکردن و

بنبڕکردنییشیان نەداوە، وەک چۆن قەیرانی دارایی و ئابوری و سیاسی رووی لە هەرێمەکەمان کردوە ئاواش قەیرانی خراپی رەوشی ژنان بونی هەیە.

ئێمە پێمان وایە دەبێت مافەکانی مرۆڤ بە گشتی و مافی ئافرەت بەتایبەت جێگیر بکرێت وجێبەجێبکرێت، بەبێ هیچ جیاوازیکردنێک لەسەر بنەمای ماف (زمان، ئاین، جێندەر، ئایدەلۆژ و باوەر) قایم بکرێت، هەر تەجاوزاتێک، پشگوێخستنێک لە هەر یەکێک لەو مافانەی سەرەوەدا بکرێت ئەوا توندوتیژی حیساب دەکرێت و پێچەوانەیە لەگەڵ بنەما یاساکانی گەردون و ئاسمان و زەوی، لە هەر کۆمەڵگایەکیش ئەگەر ئەو مافانە زەوت کران و جێبەجێ نەکران یان پێشێلکران کۆمەڵگە بەرەو هەڵدێر و نایەکسانی و ناعەدالەتیدا دەبات و بگرە مەترسی زۆر گەورەتریش دەخاتە سەر کۆمەڵگا لە هەموو روەکانەوە ، لەبری گەشە و بەرەوپێشچوون بەرەودوام دەگەڕێتەوە دواوە و شکۆی چینێکی نیوە کۆمەڵگا دەشکێت و نامێنێت، هەر بەتەنها بە حکومەت ناکرێ بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردە دزێوانە و توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان و بەدیهێنانی ماف و ئامانجەکانیان، بەڵکو دەبێت کۆمەڵگەش هاوکار و یارمەتیدەربێت و دەورێکی سەرەکی و رۆڵی راستەقینە و راستەوخۆی هەبێت .

ئێستا لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان رێژەی ژنان لە ٣٠٪ پێک دێنێت ئەو رێژەیە لە چاو ساڵانی رابردوو پێشکەوتنی بەخوە بینی و زیادی کرد ئەوەش کاریگەری و بەرهەمی خەباتی بەردەوامی ژنان بوو، بەڵام هیچ کام لە رێژەی بەشداری لە پەرلەمان و حکومەت بەدڵی ژنانی هەرێم نیە، لە کابینەی هەشتی حکومەت ژنان کەمترین رێژەیان پێدراوە و بە تەنها یەک وەزیری ژن هەیە ((ئەوەش هۆکارێک بوو من وەک ئەندام پەرلەمانێک دەنگ بەو کابینەیە نەدەم)).

پێویستە تاوەکو چیتر ژنان لە پەراوێزیدا نەمێننەوە و بە فیعلی بەشداری نیوەی کۆمەڵگا بکەنن،یەکێک لە خاڵە هەرەگرنگەکان کە ژنانی باشور بیگرنەبەر بەشداری و خەبات کردنی بەردەوامیانە بۆ گۆڕانکاری لەو یاسایانەدا کە پێویستە ئیسلاحی جدیان تێدا ئەنجامبدرێت و مافەکانی ژنانیان تێدا بەدی بێت. هەوەها یەکگری ژنانی هەرهەرچوار پارچەی کوردستان، بروا بەخۆبون کاری بەردەوام و یەکدەنگی و وەلانانی بەرژوەندی حیزبی، دەرچون و خۆ رزگارکردن لە یادکردنەوەی تەقلیدی ساڵانە لە رۆژی ٨ی مارسدا و گۆڕانکاری لە خەباتەکانیان (بیرکردنەوەی مۆدێرنانە و کارکردنی کوردستانیانە) هتد ...

سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکار لە مافەکانی ئافرەتانی پەرلەمانی کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - ڕێکەوتی: ٨ی مارچی ٢٠١٦

# ٨ی مارس و بازرگانی بەجەستەی ژنەوە



**شیلان بیبانی***

ئەمساڵ جیاواز لەساڵەکانی پێشوو، بەربەستە ئابوورییەکان‌و کاردانەوەیان لەسەر بژێوی ژیانی تاکەکان بەگشتی‌و ئافرەتان بەتایبەتی، لەهەشتی مارسدا باس لەنەهامەتییەکانی ماف یان ئابوورییە سەرسەختەکەی سەرشانی ژنان بکەین، لەڕووی ئابوورییەوە ئەو وڵاتانەی گرفتی ئابوورییان هەیە، زیاتر ئافرەتەکانیان دووچاری توندوتیژی‌و بابەتی ئەخلاقی دەبنەوە، کە باس لەقەیرانەکان دەکرێت ئەوا پۆلێن دەکرێت، لەوانە گشتی (شێوازەکانی بازرگانی جیهانی، نرخی کاڵاکان) نەتەوەیی (وەبەرهێنان لەکەرتی گشتیدا، هاندانی کار) تاک یا کۆمەڵگە (توانای کۆمەڵایەتی‌و ئابووری، بەکارهێنانی خواردەمەنی بەشێوەی تەندروست) کەواتە ئەتوانین بڵێین لەدنیادا قەیران خۆی لە سێ ئاستدا دەبینێتەوە، کە بەداخەوە هەرسێ حاڵەتەکەو بگرە زیاتریش باڵی بەسەر ئێستای کوردستاندا گرتووە، لەمەسەلەی بازرگانی‌و نرخ‌و وەبەرهێنان‌و هەلی کارو تواناو خواردنی ناتەندروست، لەساڵانی ١٩٩٧ - ١٩٩٨ دا قەیرانی ئاسیەوی سەریهەڵداو بێگومان ئەوەی باسی لێوەدەکراو شوبهاندنی بەحاڵەتەکانی هیندو باشووری ئەفریقاو نەیجیریاو تایلەند بوو، ئەم قەیرانە کاریگەری نەرێنی لەسەر بەدرەوشتی کردو بەپلەی باڵا ئافرەتان قوربانی سەرەکی بوون، کەواتە ئەتوانین ناوی لێبنێین وەبەرهێنان بەژنان‌و کچانەوە.

ئەوەی شایانی ئاماژەپێکردنە، ریزگرتنە لەمافەکانی ئافرەتان لەکاتی قەیرانەکان، چونکە زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە ئافرەتان زیاتر زەرەرمەند دەبن لەکاردانەوە ئابوورییەکاندا.
لەجیهاندا گرفتی کەمیی مووچە بەدیٚ دەکرێت، بەراوورد بەپیاوان بەڕێژەی ٢٢%، هەر ئەمەش هۆکاری لەدەستدانی کارەکەیانە، بۆیە زۆرجار رێژەی بێکاری لەئافرەتاندا زۆر زیاترە وەک لەپیاواندا، نەک هەر کار بەڵکو لەمەسەلەی خوێندندا رێژەی ئافرەتان ٦٦% بەرامبەر بەپیاوان کە ١٠٠%، ئەمانە لەوڵاتە تازەپێگەیشتووەکان زۆر بەبەرچاوروونی دیارە، تەنانەت لەدابەشکردنی پلەو پۆستیشدا ئافرەتان زۆرجار پلەی کەمتریان دەدرێتی‌و ئەم حاڵەتە لەکوردستانیش رەنگدانەوەی هەیە، کە رێژەی پلەو پۆستی ئافرەتان لەوەزارەت‌و پەرلەمان‌و حکومەتدا بەچارەکی پیاوان نییە ، کە ئەمانە خۆی بۆ خۆی پێشێلکارییە لەدابەشکردنی کارو پۆست لەڕووی ئابوورییەوە،

لەئەفریقا بەهەژاری کارکردن ناوی دەبەن بەوەی کە ئافرەتەکان ٢٢% لەکۆی ٢٧ وڵاتانی دنیا بێبەشن لەپلەکان، کەواتە ئێستا لەکوردستان بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەوە، ئەتوانین بڵێین لەبەردەم مەترسی بڵاوبوونەوەی وەبەرهێنانین بەئافرەتانەوە، ئەمە لەکاتێکدا کە بێکاری بەتایبەت لەلایەن ئافرەتانەوە زیادی کردووەو هەروەها مامەڵەو نەبوونی گرنگی بەبڕوانامەو زۆربوونی ئاوارەو کۆچبەرانو بارقورسی سەر شانی ئافرەتان لە بەخێوکردنی منداڵانو مەسەلەی جەنگو سەرگەردانبوونی زۆر لەخێزانەکان، خۆی ئەو وەبەرهێنانە لەجیهاندا لەڕووی بازرگانیکردن بەجەستە یان بەکارهێنانیان لەفرۆشتنی ماددە نایاساییەکان یان گواستنەوەی ماددەی هۆشبەرو زۆرجار گرێبەستی بازرگانی بەبەکارهێنانی ئافرەتانەوە دەکرێت، تەنانەت لەکۆمپانیاکان بەمەبەستی بەبازاڕکردنیان بەکارهێنراون.

لێرەدا مامەڵەکردنی ئافرەتان لەم روانگە پیسەی ئابوورییەوە گەورەترین کەمکردنەوەی ئافرەتانە، ئەمانە جگە لەبڵاوبوونەوەی نەخۆشیو مەترسی لەسەر ژیانیان زۆر زیاددەکات، ئەگەر پێشووتر تەنها باری داراییان خراپ بووبێت، ئێستا مەترسی لەسەر تەندروستیشیان پەیدادەبێت.
لەئەنجامی کارەساتی قەیرانو کەرتی وەبەرهێنان بەئافرەتانەوە، دیارە ئەنجامەکەی مردنی منداڵو خراپبوونی کەرتی پەروەردەو زۆربوونی نەخوێندەوارو گەڕانەوەی مرۆڤایەتی بۆ رابردوو، واتە سەرەنجامی قەیران گرفتی پەروەردەو فێرکردنی لێ دەبێتەوە، وەک وڵاتەکانی زیمبابۆیو تونگۆو ئەسیوپیاو نەیجیریاو موزەنبیقو تەنزانیاو زامبیا.

نەک تەنها ئافرەتانی هەژار بەڵکو مەترسی قەیران زۆر زیاترە لەسەر ئافرەتانی خاوەن کارو سەرمایەش، بەنموونە لەکاتی گرفتی ئابووریدا، زۆر لەکۆمپانیاو دەزگاکاندا دووچاری زەرەر دەبنو بەدڵنیاییەوە لەبواری کارکردندا قەرزداری هەیە، جا چ لەڕێگەی بانکی یا پشکی بێت، ئا لەم کاتەدا ئافرەتانی خاوەن سەرمایو کارەکان ناتوانن قەرزەکانیان دابین بکەن، وەک هەموو پیاوێکی دەستی کار، بەم شێوەیە دووچاری قسەو ناتمانەیی دەبنەوە، وەک چۆن لەبازاڕەکاندا پلەی ئافرەت بەنزمتر لەپیاوان دەخەمڵێنرێت.

لەکوردستاندا باری ئابووری خێزان وا دەخوازێت ئافرەتو پیاو شانبەشانی یەکتر کاربکەن، هەر بەم پێیەش ژمارەیەکی زۆری ئافرەتان کاردەکەن، بەڵام لێرەدا گرفتیک دێتە بەردەم ئەم رەگەزە، چونکە کارکردن لەم وڵاتە سنووردارەدا تەنها پیاوان سەربەستی تەواویان لەهەڵبژاردنی کارەکاندا هەیە، ئەگەر بەتەنها یەک لاپەڕە لەپەرتوکی ئابووری ئافرەتان هەڵبدەینەوەو باس لەیەک بوار بکەین، بۆ نموونە کارەکانی بازاڕو کڕینو فرۆشتن، نزیکەی ٩٥%ی پیاوانن لەجیهانداو ئافرەتان بەڕێژەی نزیکەی ٧٠% کراونەتە قاڵبی هەژارییەوە، بەو پێیەی لەسەرژمێری جیهانی بێکاریدا نزیکەی ١.٢ بلیۆن کەس ئەم رەگەزەن، کەواتە بەنەبوونی دەرفەتی کار بۆ ئافرەتان دەستی کارکردن زۆر کەم دەبێتەوەو بەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر هێڵی گەشەی ئابووری، هەموو ئەمانە مەترسی زیاتری وەبەرهێنان بەئافرەتان زیاد دەکات، پێویستە حکومەت هەوڵی جددی بدات لەتەشەنەنەسەندنی ئەم دیاردەیە، کە ئێستا بەشێوازی ئەتەکێتو جوانکاریش لەکەرتی تایبەتو بازاڕەکاندا دەردەکەوێت، جگە لەشەقامو کۆڵانو ژێرزەمینەکانی مامەڵەی جەستەییو سوکایەتی کردن بەئافرەتانەوە .

* ماستەر لەکارگێڕی کار

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٨ی مارچی ٢٠١٦

# واز لە یەکسانی ژن و پیاو بهێنن



فەرهەنگ فەرەیدون

بەبیرەوەری من، چالاکوانەکانی بواری ژنان داوای یەکسانی نێوان ژن و پیاو دەکەن، هەوڵدەدەن توندوتیژیەکان کەم بکرێتەوە، بەڵام توندوتیژی دژی ژنان و ژن کوشتن و دەستدرێژیکردنە سەر ژنان و بەکارهێنانی ژنان بۆ کاری نابەجێی و بەکەم سەیرکردنیان بەردەوامی هەیە.

رەنگبێت یەکێک لە هۆکارەکانی نەگەیشتن بەئامانجی رێکخراو و چالاکوانەکانی ژنان، خودی دروشمەکەی خۆیان بێت (یەکسانی لەنێوان ژن و پیاو)، ئەم دروشمە وا لە ژنان دەکات هەمیشە وا هەست بکەن کە بەشخوراون هەمیشە هەوڵدەدەن خۆیان بسەلمێنن، لە بەرانبەریشدا پیاوان هەستی خۆبەزلزانینیان لادروست دەبێت و هەوڵدەدەن زیاتر مافی ژن پێشێل بکەن نەبادا رۆژێک ژن و کچ و خوشکەکانیان ئازادبن و زاڵبن بەسەریاندا.

رەنگە ئەم دروشمە بگۆڕین باشتر بێت، با لەمەودوا واز لە یەکسانی نێوان ژن و پیاو بێنین، با لەبری ئەوە دروشمی خۆشەویستی نێوان ژن و پیاو بەرزبکەینەوە.

پێویستە بۆ ئەم کارە ژنان دەسپێشخەربن، ئەوە ژنان خۆیانن دەتوانن مافەکانیان بەدەستبهێنن نەک ئەوەی پیاوان مافیان پێبدەن، وەلێ سروشتی هەندێک پیاو رەق و توندە، هەندێک لە ژنیش بە پێچەوانەی پیاوەوە نەرم و میهرەبانە، ئەوە ژنە بە نەرمی ئاو ئاسای خۆی دەتوانێت رەقی بەرد ئاسای ئەو جۆرە پیاو بتوێنێتەوە.

ئەگەر دروشمەکە کرا بە خۆشەویستی، ئەوا دەتوانین خێزانی بەختەوەر پێک بهێنین، نەوەیەک پێکبهێنین کە بە خۆشەویستی گۆشکرابێت، منداڵ هەڵگری کردەوەکانی دایک و باوکێتی منداڵێک بە خۆشەویستی گۆشکرابێت، چۆن لەداهاتوودا توندوتوتیژی ئەنجام دەدات.

**٨ی مارچ**

**چیتر پێویست ناکات لەدوای کوشتنی ژنێک چالاکوانەکانی بواری ژنان چالاکی و کەمپین ئەنجام بدەن، با لەمەودوا هەوڵی دروستکردنی خۆشەویستی نێوان ژن و پیاو بدەن، با لەبری ئەوەی یەکسانی ژن و پیاو لە چەند خاڵکی کەمدا بچووک بکەنەوە، خۆشەویستی نێوان ئەو دوو رەگەزە گەورەبکەن.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - ڕێکەوتی: ٨ی مارچی ٢٠١٦**

---

# دیسان ٨ی مارس و کارە رۆتینە بێ کەڵکەکان



**جوامێر مارابی**

هەموو ساڵێک لە 8ی مارس دیسان دنیای مەجازی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پڕ دەبن لە بابەتی تکراری و وێنەی تکراری و دروشمی تکراری و و راگەیاندنی تکراری و وتاری تکراری و رێورەسمی تکراری. ئەوەی نابیندرێ هەنگاوی روبە پێش و پرۆژە و پلانە بۆ ئاینده. لەوەتەی تێکەڵی سیاسەت بووم گوێم لە ناوی "کلارا زتکین" و ژیاننامەکەی و هۆکاری ناوزەدکردنی هەشتی مارس بە رۆژی جیهانی ژن بوە. باسی حیجاب و پێشێلکردنی مافی ژنان و یاسا دژە ژنەکانی ئیسلام و زۆر شتی لەم بابەتانە و هەتا ئێستاش هەر دوپاتیان دەکەینەوە و بە قەول دەمانەوێ ئەم هەڵاوردنانە نەمێنێت کە چی هەر ماون. هەر ماون کە هیچ، خەریکە زیادیش ئەکەن!!! چونکە خاوەن پلان و بەرنامەی تۆکمە و رئالیستی نین بۆ کۆمەڵگاکەی خۆمان.

کۆمەڵێک دروشم و تیوری فێر کراوین کە دەیانساڵە دوپاتیان دەکەینەوە. ئەو دروشمانە کە لە سەردەمێکی تایبەت و جیاوازو لە کۆمەڵگایەکی جیاوازدا باسکراون کە دەکرێ بڵێین بۆ ئێستا و کۆمەڵگای ئێمە وەڵامدەرەوە نین (ئەگەرچی من لێرە نامەوێ کۆمەڵێک دەسکەوتی مرۆڤایەتی هەیە کە گشتین و نابێ بە بیانوی تایبەتمەندی کۆمەڵگاکان کەمرەنگ بکرێنەوە و بە لۆکاڵی بکرێن. مەبەست لە سەر شێوازی خەبات و تاکتیکەکانە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە). جگە لەوەش هەشتی مارس و مافی ژن ئێستا بۆتە مۆد و زۆر پیاو و تەنانەت ژنیش کە هیچ بڕوایەکیان بە یەکسانی نێوان ژن و پیاو نییە، خۆیان بەم رۆژەدا هەڵدەواسن و پۆزی بەرابەریخوازی و ئازادیخوازی لێدەدەن!!! ئەمانە هیچ لە ناخەوە هەستیان بە کارەساتەکە نەکردوە. لە لایەکی دیکەشەوە هەتا ئێستاش شەڕە لە سەر ئەوەی کە کام حزب یەکەمجار ژنی هێنایە ناو مەیدانی خەباتەوە!! ئەگەرچی ئەوە مێژوە و هەر حزبێک ئەوەی کردبێت، بێگومان وەکوو شانازیەکی گرنگ لە کارنامەی ئەو حزبەدا دەمێنێتەوە، بەڵام وتەیەکی کوردی هەیە کە دەڵێ: ئەو نانە نانە کە ئەمرۆ خوانە. (ئەو شەڕی خۆبەخاوەن کردنە ماوەیەک بۆ "گەڵاڵەی فدرالیزم"یش لە ئارادا بو).

## ٨ی مارچ

سەرەڕای ئەو شتانە کە ئێمە شانازییان پێوە دەکەین و پێمانوایە هەنگاوێکی گەورەمان هەڵگرتوە، کەچی لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان (روی قسەی من لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە) توندو تیژی بە دژی ژنان زیادی کردوە. هەڵاواردن لە قاڵب و شێوازێکی دیکەدا بێداد دەکات. کۆماری ئیسلامی بە هەمو شێوەیەک خەریکە یاساکانی خۆی بە سەر ژنان و کۆمەڵگەدا بسەپێنێت.

وتارەکانی ئێمە، ڕێکارەکانی ئێمە، لێکدانەوەکانی ئێمە، خوێندنەوەی ئێمە بۆ کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان نادەقیقە و ئابدەیت نەکراوەتەوە. بۆ نمونە، ئێستاش ئێمە خەریکین کەسانێک بانگهێشت دەکەین ڕۆشنگەریمان بۆ بکەن، کە لە بەشەکەی ژێرِ دەسەڵاتی ئەواندا ژنکوشتن و بێرێزی بە مافەکانی ژنان گەیشتوتە ئەوپەڕی خۆی، کەچی خەریکن نوسخە بۆ ئێمە دەنوسن!!! کەسانێکمان کردە ئولگو و هێنامانن لە ئوردوگاکانماندا قسەمان بۆ بکەن کەچی خۆیان ئێستا بونەتە سیمبولی حیجاب و مێردی سەربە هەوێیان کردوە و ....

من لێرە لە ئەو ژنانە کە خۆیان بە چالاکی بواری مافەکانی ژنان دەزانن پرسیار دەکەم، ئایا ئاماری ڕاستەقینەی ژنانتان لە بەردەستە؟ ئایا دەزانن ساڵانە چەند ژن دەبنە قوربانی و گیانیان لە دەست ئەدەن؟ ئایا دەزانن ڕێژەی ڕاستەقینەی ژنانی بێ سەواد چەندە؟ ئایا دەزانن گرفتی کچ و ژنان بۆ پەیدا کردنی کار چییە؟ ئایا دەزانن ژنان لە شوێنی کار بەرەو روی چ گرفتێک دەبنەوە؟ ئایا ئاگاتان لە ڕێژەی سەرسوڕهێنەری لەشفرۆشی هەیە؟ گریمانەی من ئەوەیە کە دەیزانن (هەرچەند دڵنیا نیم هەموو بیزانن) پلان و بەرنامەتان جگە لەو شتە تکراریان چییە، بۆ روبەرو بونەوەی هەڵاواردنی رەگەزی دژبە ژنان؟؟؟

من پێموایە خەباتی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەرابەری وەزعێکی باشتری لە خەباتی رزگاریخوازی کورد لەو بەشەری کوردستاندا نییە. بە هۆی ئەو دۆخەی کە حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێدا دەژین، گوتارەکانیان کەمترین کاریگەری لە سەر دۆخی ژنانیش هەیە. هەموو کاری ئێمە بۆتە گرتنی مەراسمێک و نوسینی چەند وتار و ئیتر هیچ. هەر وەک خەباتمان لە بوارەکانی دیکەدا، لەم بوارەش نەمانتوانیوە خەباتی بەشەکانی شار و شاخ و هەندەران پێکەوە گرێ بدەین. لەم نێوەدا بۆشاییەکی گەورە هەیە کە ژنان تێدا توشی گێژاو هاتون. بێ گومان یاسا و ڕێسا کۆنەپەرەستانەکانی کۆماری ئیسلامی ناتوانێ وەڵامدەرەوە خواست و ویست و ئاوات و ئارەزوەکانی نەسڵی نوێ بێت. ئێمەش کە ناتوانین کەمترین کاریگەریمان هەبێت. بۆ ئاگاداریتان نازانم چەندە دیقەتتان بەم مەسەلە داوە؟ لە غیابی ئاڵترناتیڤێکی گونجا و وەڵامدەر ئێستا بەشێک لە کەناڵە ئاسمانیەکان بە فیلمەکانیان خەریکن دەور دەبینن. بە تایبەت کارگەرییان لە سەر توێژی کەم خوێندەوار و نەخوێندەواری ژنان زۆرە. فیلم وو سریاڵە موبتەزلەکان و ئەکتەرەکانیان بونەتە ئولگوی ژیانی خانەوادەکان. کۆماری ئیسلامیش پێێ شاگەشکەیە .

ئەم وتارە بە هۆیەکی تایبەتەوە ئەو جۆرەی خۆم دەمەوێست گەڵاڵە نەبوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست - ڕێکەوتی: ٨ی مارچی ٢٠١٦

# خۆڕزگارکردن لە سەربازگەی فیکرو بەندیخانەی بیروباوەڕەکان



ن. شیرین تاهیر

ئەمڕۆ کە ٨ی مارس-ە، باس لەکاردانەوەو سیمبولەکانی هەشتی مارس ناکەین، لەڕێگەی ئەم یادەوە دەگەڕێینەوە بۆ چەقی نایەکسانیو نادادپەروەری ئەوکاتەی ناو هێزە خەباتگێڕە پیاوانەکان، لەناو مێژووی جیهاندا گەلاڵە بوونی خەونی ئازادیو یەکسانی دەگەڕێتەوە بۆ نایەکسانی دەسەڵاتی پاوانخوازی نێو شەپۆلو بزاڤە کۆمەڵایەتییەکانی سەرەتای سەدەی نۆزدە، لەسەرەتادا لەناو ئەو شەپۆلانەدا تورەییو نارەزاییەکان سەری هەڵدا، ئەو تورەییانەی کە لەنەخشەی عەقڵو بیری ژنانی رۆشنبیردا شێوەو رەنگی ئایدیایەکی دیکەی لەخۆ گرتبوو.

لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا، ئەو کاتەی کۆمەڵێک لەژنانی مۆدێرنخواز لەناو بزاڤە کۆمەڵایەتییەکاندا کاریان دەکرد، لەبەر پلەو پایەی نایەکسانییان کەوتبوونە دۆخێکی ناکۆکەوە، بەشداریکردنی ئەم ژنانە لەو رێکخراوانەدا بوو کە لەچوارچێوەی گوتاری مۆدێرنی یەکسانیو ئازادی دامەزرابوونو چالاکییان ئەنجام دەدا، دنیابینیو کارکردنیان لەو رێکخراوانەدا وایکرد هەلومەرجی داواکاریی سەربەخۆیی زیاتریان بۆ برەخسێت، هاوکات بزاڤو رێکخراوەکانی نەهێشتنی کۆیلایەتی دەرفەتی زیاتری هێنایە کایەوە بۆ بانگەوازی یەکسانیو رۆڵی گرنگی هەبوو لەدەرکەوتنی خەباتی رزگاریخوازی ژنان، لایەنگرانی ئەم رەوتانە داوای ئازادیو یەکسانییان دەکردو ئایدیایەکی ئازادیخوازانە کۆیکردبوونەوە، سەرەتا ساڵی ١٩٢٩ ژنان بەنامەگۆڕینەوە دەستیان بەخەباتی خۆیان کرد، بەسروشتی سۆزداریانەیان داکۆکیان لەکۆیلەکان دەکردو کاریان دەکرد بۆ نەهێشتنی کۆیلایەتی، واتە سەرەتا هەوڵیاندا بۆ ئازادکردنی کۆیلەکان، دواتر لەئەنجامی ئەو نایەکسانیەی لەناو بزاڤەکاندا هەبوو، ژنانی خاوەن ئایدیا ئازادەکان فراوانتر بیرەکانیان پراکتیزە کردو هاوکات هەوڵیاندا کار بۆ مافو ئازادیو داخوازییەکانی خۆشیان بکەن، چونکە پەراوێزخستنی ژنان لەکاری حکومیو رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکاندا لەلایەن ژنانەوە نارەزایی زۆری لێکەوتەوە، سەبارەت بەم نارەزاییانە سینکلەر پێی وابوو: «هیچ شتێک هێندەی پەراوێزخستنو بێبەری کردن نابێتە هۆی سەرهەڵدانی تورەیی«.

لەساڵی ١٩٣٧ کۆمەڵەی ژنانی (بۆستن) لەئەمریکا لەرێگەی نامەوە پەیوەندییان کرد بەکۆمەڵەکانی دیکەی ژنانەوە، لەئەنجامدا کۆمەڵەی

## هەشتی مارچ سیمبولێک بۆ داخوازیەکانی ژنان

### ٨ی مارچ

دژە کۆیلایەتییەکانی ژنان لەشارە جیاوازەکاندا دروستبوو، یەکەمین کۆنفرانسی دژە کۆیلایەتی ژنانی ئەمریکی لەساڵی ١٨٣٧ دا بەبەشداری (٨١) دەستەی نێردراو لە ١٢ ویلایەت دامەزرا، لەم کۆنفرانسەدا زیاتر جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە ژنان بەشداری کاری سیاسی بکەن، بۆ یەکەمجاربوو کە ژنان بەشدارییان کرد لەکۆڕ وکۆبوونەوەکاندا، هەروەها بۆ یەکەمجار چوونە سەر شانۆو وتاریان خوێندەوە، دوا بەدوای ئەوە لەکۆبوونەوەکاندا لەسەر شانۆ رووبەڕووی ئەو ئەو هاوارو رەخنانەی پیاوان دەبوونەوە کە ئاڕاستەی ژنانیان دەکرد، دەیانگوت: «بڕۆ ماڵەوە گۆرەوی‌و دەستەوانەکانت بچنە«، هەر لەو کاتەدا ژنان زۆر بەتوندی بەرپەرچی ئەم گوتەیەیان دایەوە، هەر لەو ساتەوەختەوە ژنان کارەکانیان لەماڵەوە گواستەوە بۆ کارگە، ژنان بوارێکی زیاتریان هەبوو بۆ کاری جیاوازتر لەدەرەوەی ماڵ، هەر لەوێشەوە پشتگوێخستنی ژنان‌و پەراوێزخستنیان زیاتر هەستی پێکرا، بەتایبەتی ئەو ژنانەی لەژنانی کۆمەڵەی سەرتاسەری دژە کۆیلایەتی بوون، لێرەشەوە »جیاوازی« لەگەڵ پیاوان‌و سەپاندنی سنوورە تایبەتییەکان لەسەر ژن زیاتر هەستی پێدەکرا، ئیتر لێرەوە ژنانی ناو رێکخراوەکانی دژە کۆیلایەتی رووبەڕووی خەڵکی ناحاڵی‌و پیاوانی جیاوازیخواز بوونەوە، ئەو تیۆریانە خاڵی وەرچەرخانی خەباتی ژنان بوون، هەروەها لەدوای شەڕی ناوخۆی ئەمریکا لە (١٨٦١ - ١٨٦٥)، ژنان چالاکی خۆیان بەگشتی لەخەباتکردن لەدژی کۆیلایەتی چڕکردەوە، بەهیوای ئەوەی لەدوای شەڕ هەلومەرجێکی لەبارتر بێتە ئاراوە، ژنان لەسەردەمی شەڕدا زۆرترین چالاکییان ئەنجامدا، رۆڵێکی گرنگیان لەسەرکەوتنی باکووردا هەبوو، سەدان ژن وەک پەرستیارو چێشتلێنەرو جلشۆرو بەرگدروو هاوکاری بەرەکانی جەنگیان کرد.

ژنە رەشپێستەکان-یش بەشێوەیەکی پەراوێز ئامادەییان هەبوو، هەندێکجار جەختیان لەسەر رەوشی تایبەتی ژنان‌و جیاوازی لەگەڵ بارودۆخی ژنە سپییە خزمەتگوزارەکانی لایەنگرانی مافەکانی ژنان دەکردەوە، لەساتە وەختی شەڕیشدا ژنانی وەک هاییت تۆبمان‌و سۆجۆر نەرتروت دامەزراوەیەکی هاوکاریکردنیان دامەزراند بۆ دەربازکردنی کۆیلەکان‌و کۆمەکی ئەو کۆیلانەیان دەکرد کە هەڵاتبوون، ژنانی دیکەی وەک ئەلیزابیس سنتۆن‌و سۆزان ئەنتۆنی لەگەڵ شەڕی ناوخۆدا هاتنە نێو سیاسەتی نەتەوەییەوە، لەساڵی ١٨٦٣ پەیوەندییان کرد بەو ژنانەی دەیانناسین‌و داوایان لێکردن لەگەڵ پیاواندا بەشداری لەیەکلاکردنەوەی حکومەت‌و پرسی پەیوەندیداردا بکەن، لەم کاتە بەدواوە ژنان لەبەرەکانی جەنگیشدا بەجلی سەربازی‌و بەرگی پیاوانەوە بەشداری لەشەڕەکاندا کرد.

لەسەردەمە تاریکەکاندا هەموو ئەو ژنانە ژیلەمۆی داگیرساوی خەبات‌و ئازادی‌و یەکسانیخوازی بوون، لەچوارچێوەی گۆڕانکاری‌و عەقڵی‌و رۆژئاوایی‌و ئەزموونەکانیاندا، دەتوانین ئەوەی کە گرنگە لەخەباتی ولاتە پێشکەوتووەکانەوە فێری ببین، بڕوابوونە بەپرۆژەی رزگاربوون، هەروەها بوارێکی دیکەی گرنگ هەیە ئەویش بریتییە لەهەبوونی پەیوەندی رەخنەیی لەگەڵ خودو کۆمەڵگەدا، دەکرێ مرۆڤ بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی رێبازی بیرکردنەوەو هەڵسەنگاندنی بگۆڕێت، ئەمەش لەپێناوی دەستکەوتی زیاترە نەک رەتکردنەوەی دەستکەوتە بەدیهاتووەکان، یاخود بازبدات بەسەر ئامانجە بەرهەم هاتووەکانی، گۆڕینی ئامانج‌و رێبازی بیرکردنەوە، بۆ داهێنان‌و بەرهەمی باشترو بۆ گۆڕینی واقیعی کۆمەڵگە، نموونەی شێوە داهێنانێکی دیکەیە لەئەزموونەکانی مرۆڤ، بەو هیوایەی ژنان لەئامانج‌و رێبازەکەیان نموونەیەکی جوان‌و ئەکتیڤی مرۆڤانە دروست بکەن، بۆ گۆڕینی جیهان، ئێمە ئێستا لە ٨ مارسێکی دیکەداین، ٨ی مارس بەئامانجەکانەوە گرێدراوە، بونیادو بەدیهاتنی ئامانجەکانیش پەیوەستە بەبناغەی فیکرو گووتن‌و کردارو مومارەسەکردنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٨ی مارچی ٢٠١٦

# با ٨ی مارسی ئەمساڵ بکەینە دەستپێکی قۆناغێکی نوێ بۆ خەباتکردن.



**سەرگوڵ سەلمە**

**ژنان و پیاوانی ئازادیخواز..**
**دایکان و باوکانی بەشمەینەت..**
**مامۆستایان، کارمەندان..**

هەروەکو دەزانن ئەمڕۆ کوردستان و عێراق بۆتە جەهەنمێک بۆ ئێوەی بەشمەینەت و ستەم لێکراو. کەهەرڕۆژەی جەستەی یەکێکتانی پێ دەسوتێنرێت .بۆتە گۆرستانێکی گەورە وبە شێنەیی گیانی ئازیزانمانی تێدا دەنێژین. بۆتە زیندانێک وشوێنێکی بێزارکەربۆ گەنجەکانمان کە ناچاردەبن وولات بە جێ بهێڵن وژیانی خۆیان بخەنە بەردەم مەترسی و کۆچ دەکەن بەرەو هەندەران تا کوو هیچ نەبیت لەو وەزعیەتە رزگاریان ببێ بەڵام بەداخەوە هەمووەمان دەیبینن ودەیبیستین ، کە چۆن ڕۆژانە بە تاک و بە کۆمەڵ هەواڵی گیانلەدەست دان و خنکاندنن و وون بوون بێسەروشوێن بوونی هاوڵاتیان لەگەڵ نقوم بوونی کەشتی و بەلەمەکان. سەرباری ئەو هەل و مەرجە تاڵ و دژوارە چاوەروانی هینانەوەی مەیتی ئازیزەکانمانین .

ئەمە چ کارەساتێکە ؟ کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی قوربانی یەکان ڕوو لە زیادبوون دەکات . سەرباری ئەو هەل و مەرجە ئاڵۆزو دژوارە کە یەخەی بە خەڵکی کوردستان گرتوە لە نەدانی مووجەو نیوە موچە، برسیکردنی مناڵەکان، بایکۆت و داخستنی دەرگای خوێندنگاکان، بێبەش بوونی خوێندکاران لە پەروەردەوخوێندن.ترس ودڵەڕاوکێ ی کرێچیتی لە خاوەن ماڵ کەوتنە سەرچادەو شکاندنی شەخسەیەت و کەرامەتی ئینسانیان ، کە کار گەشتۆتە ئەو ڕادەیەی ئێوە وەک دایکان و باوکان بۆکرینی شیر بۆ مناڵە کانتان یان دانی کرێ ی خانووی چەند مانگێک بۆ ئیدامە دان بەو ژیانە سەرکوت و کولەمەرگییە تان پەنا بەرن بۆ فرۆشتنی بەشێک لە ئەندامەکانی لەشتان.

ئایا ئێوە پێتان وایە پەنابردن بۆ خۆکوشتن و خۆ سوتاندن و فرۆشتنی گورچیلەکانتان ، لە ئەم هەموو ماڵ وێرانی و کارەساتانە کە

یەخەی بە خۆتان ومالْ ومنلْداتان گرتوە هیچ شتێک دەگۆرێت ؟ یان ئەو ئەحزابانەی کە بوونەتە هۆکاری ئەو قەیران و رۆژە ڕەشی یە مێشێک میوانیان دەبێت ؟

٢٥ ساڵە ئەحزابی قومی ودینی لە کوردستان و عێراق دا ژەهراوی مەرگ دەرخواردی ئێوەی کرێکاران، زەحمەت کێشان، ژنان، فەرمانبەران، منالاْن دەدەن. حکومەتێک و پەرلەمانێک و سەرۆکێک کەهەموو پیوەرێکی یاسایی یان لەدەست داوە لە فەسادی وگەندەڵی دا خەرق بوون، وە بونەتە مەترسی یەکی گەورەی سەر ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی سیاسی ئێوە مێژووی چەند ساڵەیان شاهیدی ئەوە دەدات کە ئەوەی رژێمی هارو درندەی بەعس نەیتوانی بیکات. ئەم ئەحزابانە بە ناوی دیموکراسی بە خەڵکی عێراق و کوردستانیان کرد. وە ئەو هەرێمە یان کردە تراتێنی دەوڵەتانی ناوچەکەو هەر لایەنێکیان کلکیان بە ناوچەیەکەوە گرێداوە.

سالاْنی نەوەدەکان بە هەمان شێوە خەڵکیان توشی ئەم وەزعیەتە کرد بەهۆی دابەشکردنی سەروەت و سامانی خەڵکی لە نێوان خۆیاندا شەری ناوخۆیان هەڵگیرساند. بە قەبارەی هەڵەبجەو ئەنفال تاوانیان کرووە و خەڵک بووە قوربانی سیاسەت چەوتیان. ئەمرۆش بیانووی شەری داعشیان کردۆتە چەکێک بۆ خۆ دزینەوە لە خواست و داواکاری یەکانی خەڵک. ئاخر ئەو شەرەش هەر بە خەڵکی فەقیرو هەژار وپێشمەرگە بێ مووچەکان دەکەن، ئەگینا بۆ خۆیان و کورو کورەزاکانیان لەوپەری خۆشگوزەرانی و ڕەفاهیەتدا دەژین.

ئەمانە بەشێکی زۆر کەمن لە دێژەی هەموو ئەو ناعەدالەتی و زوڵ و زۆرەی کە بەرامبەر ئێوەی فەرمانبەران، مامۆستایان، خەڵکی کرێکارو زەحمەت کێش و ژنان دەکرێت. کە رۆژانە لە تۆرە کۆمەڵایەتیکانەوە رق و تورەیی خەڵک لە بەرامبەر ئەم دەسەلاْتە پەخش دەکرێت.

لە پالْ هەموو ئەو وەزعیەتە کارەساتبارە کە بزووتنەوەی کوردایتی هێناویانە کایەوە، ژنانیش بەردەوام بونەتە قوربانی لە پێناو مافەکانیاندا. لە دریژەی ئەو ٢٥ سالە و دەستگرتن بەبالاْی کۆنەپەرستی وعەقلێتی خێلەکی و داعشی لە رێگەی مزگەوت و خوتبەکانیانەوە بەریان داونەتە گیانی ژنان. کوشتنی ژنان لە ناو مالْ گەرەک پارکەکان، بەردەبارانکردنی کچان و ژنان تاڕادەی مردن بەبەرچاوی خەڵکی یەوە.

لە ماوەی ئەو٢٥ ساڵەدا هەڵسوڕاوانی ژنان وبزووتنەوی یەکسانی خوازی ژنان لەلایەکەوە لە ڕووبەروبونەوەو کیشمەکێش و شەڕدان لەگەڵ دەسەلاْتداران و پەرلەمان و دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بە مەسەلەی ژنان. بەردەوام لە هەوڵ وکۆشش وخەباتی بێ ووچاندان بۆ گۆڕنی ئەو هەل ومەرجە کە یەخەی بە ژنان گرتوە و وە جێخستنی یاسای یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوان. لە لایەکی تریشەوە لەبەرامبەر عەقلێتی پیاوسالاری کۆنەپەرستی ئیسلامی سیاسی وەستاونەتەوە.

زۆر کار کرا زۆر هەنگاوی جدی نرا بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی ژنان وژیانی دەیان ژن لە هەرەشەی کوشتن پارێزرا، کۆرو سیمنارو کۆبوونەوە ی رێکخراوەکان و بەرێکخستنی کەمپین و یاداشتنامە و دانیشتن لەگەڵ پەرلەمان دا لەسەر دۆسیەی ژنان و ئالۆگۆری قانوونەکانی باری کەسێتی. بەلاْم لەچاو ئەوهەموو کارانە دەستکەوتەکان زۆر کەمن یان هەر نین.

**٨ی مارچ**

هەر بۆیە ئەوەی کە پێویستە بکرێت. ژنان و کچان لەگەڵ باقی چین وتوێژەکانی کۆمەڵمەڵگا بێنە مەیدان و دژ بەو پەرلەمان و حکومەت و دەسەڵاتە بوەستنەوەو دووبارە خەباتی خۆیان جۆشکەن و خۆیان بۆ شۆڕشێکی تر ئامادە بکەن چاو لە ژنانی ئەفخانستان و کانتۆنی کوبانی بکەن کە چۆن لەبەرامبەر وەحشیترین گروپی تیرۆرستی ئیسلامی هێزو ئیرادەی خۆیان خستەگەرو بوون بە ڕەمزی خۆڕاگری لە هەموو دنیا، گورزێکی دانشکێنیان دا بە ڕوی ئەوانەی کە ژنان بە کەم و ناقس عەقل یان پلە دوو سەیر دەکەن. ئێوەی ژنان پێش هەرکەسێ دەبێ باوەری تەواتان بە هێزو ئیرادەی خۆتان هەبێت.

ئیوەش تواناکانتان بە هەمان شێوەی تواناکانی ژنانی کوبانی یە ئەگەر ئیرادە لە خۆتان نیشان بدەن، ڕیزی ڕێکخراوەیی خۆتان ڕێکخەن و لە گەرەک و قوتابخانەو ناوەندەکانی کارکردن نوێنەری ڕستەقینەی خۆتان دیاری بکەن بۆ دوارۆژێکی باشتر. هەر وەکو ژنانی ئەفخانستان کوشتنی ژنان و تەرمی ژنان بەرێ ورەسی ڕێزلێنانەوە بەرێ بکرێت تا تاوانبارەکانیان ئاشکرا دەکرێن و بەسزای خۆیان دەگەن. نەوەکو لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بەدزی یەوە بکرێنە ژێر گڵەوە. خواستەکانی ژنان ئیتر دەبێت لەوە دەرچێت کە تەنها فشاردانان بێت لەسەر دەسەڵاتداران بەڵکو دەبێت کارلەسەر ئەوە بکرێت کە لە ناو کۆمەڵگادا چێگیر بکرێت و ببێتە عەقڵێتی کۆمەڵگا.

## ژنان و پیاوانی ئازادی خواز، دایکان و باوکان.

لە ڕۆژی هەشتی مارس وەرنە دەرەوەو واز لە خۆکوشتن و کۆچکردن و خۆسوتاندن بهێنن، گورچیلەکانتان مەفرۆشن بۆ چارەسەی کاتی وەرن داوای مافەکانی خۆتان بکەن، داوای قەرزەکانتان بکەنەوە لە دەسەڵاتداران. ئەو ماف و قەرزانەی ئێوە هەر خۆتان دەتوانن بەدەستی بهێننەوە ڕیزی خۆپیشاندانەکانی مامۆستایان و فەرمانبەران بەهێز بکەن خواست و داواکاری یەکانتان بەرزکەنەوە و کارلەسەر ئەوە بکەن کە دەبێت ئەو دەسەڵاتە کۆتایی پێ بێت. خۆتان ئامادە بکەن کە بۆ دەورەی داهاتوو کە خۆتان نوێنەرایەتی جین و توێژەکانی کۆمەڵگا بکەن دەسەڵاتێکی مەدەنی و غەیرە قەومی و دینی لەسەر دەستی خۆتان دابمەزرێت.

بژی ئازادی یەکسانی, بژی هێزی ڕاپەریوی جەماوەر.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەمرۆ - ڕێکەوتی: ٨ی مارچی ٢٠١٦

# بە بیانووی ٨ی مارسەوە



**جەمال ئارێز**

هەموو چینو توێژەکانی کوردستان گلەییان لەوەیە کە حکومەت گرنگییان پێنەداتو مافو خواستەکانیان پێشێل دەکات، بەشی زۆری ئەو گلەییانە راستە، بەڵام لەبەرئەوەی بۆنەکە 8ی مارسەو قسە لەسەر مافو داخوازییەکانی ژنانە، بۆیە لێرەدا هەڵوێستە لەسەر بەشێک لەو گلەیی‌و گازاندانەی ژنان دەکەین، ئەگەرنا ئەمە رەنگە بۆ چینو توێژو رەگەزەکانی دیکەش هەر راست بێت.

گەورەترین کێشەی ژنان لەکۆمەڵگەی ئێمە بەتایبەتی‌و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بەگشتی خودی ژنان خۆیانن، چونکە بەشێکی زۆر لەژنان تەنها مافی ژنانیان لەئازادییەکانی پۆشینو سێکسو فرەژنی‌و رۆڵی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیی ژناندا چڕکردۆتەوە، لەکاتێکدا ژن بوونەوەرێکی زۆر لەوە گەورەترە کە مافو ئازادییەکانی خۆی لەچەند خاڵێکدا چڕ بکاتەوە، چونکە بەر لەهەموو شتێک ژن مرۆڤەو دەبێت هەموو مافە شایستە مرۆییەکان بەمافی خۆی بزانێت، بۆیە دیاریکردنی تەنیا ٨ی مارس بەڕۆژی خەباتی ژنان کەمکردنەوەیە لەڕۆڵو گرنگیی ژنان، بەداخەوە ئەوەی لەم کۆمەڵگە داخراوانەی ئێمەدا بەدیی دەکرێت، ژنان خۆیان گەورەترین دوژمنی مافو خواستەکانی خۆیانن.

لەبچووکترین پێناسەی ئەوەشداو وەکو دروشم هیچ ژنێک قبوڵی نییە ژنی بەسەر بهێنرێت، بەڵام هەر ژنەو لای مەلای لاکۆڵان شوو بەپیاوی ژندار دەکات، ژنان قوربانیی دابو نەریتی کۆمەڵایەتین، کەچی هیچ خوشکو دایکێک قبوڵی ئەوە ناکات کوڕەکەی بێوەژنێک بهێنێت، چونکە بەپێی کەلتووری کۆمەڵایەتی «بێوەژن گونجاو نییە بۆ کوڕێک کە پێی دەڵێن بوخچەی نەکراوە«.

ئەگەر ئامارێکی سەرپێیی وەربگرین پێدەچێت ٩٠%ی بووکو (خەسوو و دش) ناکۆک بن، لەکاتێکدا رەنگە ١٠%ی زاواو خەزوورو ژن برا ناکۆک بن، تائێستاش دەمەوێت لەنهێنیی ئەو تێبگەم، بەڵام هۆکارەکەی نازانم چییە، بێینەوە سەر حکومەتو سیستمی سیاسیش زۆرجار گلەییەکان هەر بەرۆکی حکومەت دەگرێتەوە، بەڵام لەوەشدا ژنان بەشێک لەئۆباڵەکەیان دەکەوێتە ئەستۆ ، چونکە زۆر ژنی بەتواناو لێهاتوو هەیە کە لەکاتی هەڵبژاردندا خۆیان کاندید دەکەن یان ناودێر دەکرێن بۆ پۆستێک، کەچی هێندەی رەگەزی نێر دەنگی دەدەنێ، ژنان بۆخۆیان هێندە دەنگی نادەنێ، یان زۆر ژنی بەتواناو لێهاتوو هەیە کە بەهۆی قسەو قسەڵۆکی کۆمەڵگەو کەلتوورو دابونەریتی کۆمەڵایەتییەوە خۆی لەهاتنە مەیدان دەبوێرێت، بۆیە ئیتر کاتی ئەوەیە ٨ی مارس بکرێتە دەرفەتێک بۆ بەخۆداچوونەوەو هەڵسەنانندنی خەباتی سالانەو هاتنە مەیدانی ژنانو کچان، نەک بۆنەیەک بۆ ئاهەنگو هەڵپەڕکێ‌و خۆگۆڕینو سێڵفی گرتن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٨ی مارچی ٢٠١٦

# ٨ی مارس و چۆنیەتی گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی یەکسان و بەرابەر



ئارەزوو بەهرامی

٨ی مارس رۆژی جیهانی ژن، هەموو ساڵێک دەبێتە دەرفەت و هەلێکی گونجاو بۆ ئەوەی چالاکانی فمنیستی لەو ماوەدا دەرد و مەینەتیەکانی ژنان لە رێگەی ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆرەوە بخەنە بەردەم رای گشتی و بەو شێوانە هەوڵی نزیک کردنەوەی دیدی پیاو ژن لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان بدەن.

دیارە لە کۆمەڵگە ئازاد و کراوەکان، مەجال و دەرفەتی باشتر و لەبارتر هەیە بۆ چالاکی چالاکانی ژنان و وەک دەبینین پشتیوانی باشتر لە ماف و پرسی ژنان لەو وەڵاتانەدا دەکرێ، بەڵام ئەوەی زەحمەتە کۆمەڵگا داخراو سونەتی و پیاوسالارەکانە کە بەربەست و کۆسپی گەورەی بەردەم هەوڵەکانی ژنانن بۆ هۆشیارکردنەوەی رای گشتی و بەتایبەتیتر خودی ژنان لە کە لە حاست بێ مافی و چەوسانەوە بێ دەنگ نەبن و بە شێوە مەنتقی و گونجاوەکان رێگە بۆ کۆمەڵگایەکی سالمتر و کراوە خۆش بکەن.

چەوسانەوەو پێشێلکردنی مافەکانی ژنان لە هەر شوێنێکی ئەو جیهانە بۆ ئێمە ناخۆش و جێی داخ و کەسەرە، بەڵام پێ خوستی مافەکانی ئافرەتان لە کوردستان بەتایبەت بۆ ئێمە ژنانی کورد برینێکە کە دەردەکەی گەلێک بە ئازارەو سارێژ کردنیشی سەهل و ئاسان نابێ.

بۆ ئەوەی بزانین ژنان لە کۆمەڵگەی کوردستان لە چ هەلومەرجێکدان پێویستە هەندێک وردتر ئاورێک لە سیستەمی دەسەڵاتداری و کەلتووری کۆمەڵگەی کوردی بدەینەوە، ئەو کات هۆکانی بێ مافی و زوڵم و زۆر لە ژنانمان باشتر بۆ روون دەبێتەوە، دوای ئەوە بە شێوەیەکی دروستر و بەدوور لە هەرجۆرە حەساسیەتێک رێگەکانی چارەسەر کردنی ئەو وەزعە بخەینە بەردەم ژنان و پیاوانی کورد.

وەک لای هەمووان روونە کۆمەڵگای کوردستان، خاوەن کەلتوورێکی پیاوسالار و سونەتیەو لە دێرزەمانەوە پیاو خاوەنداریتی ژنی کردووە

هەر لەو سۆنگەوە زۆرێک لە رەفتار و هەڵسوکەوتی پیاوان لە حاست ژن، دوورە لە بەها ئینسانی و ئایینی و قانوون و پەسەندکراوە نێونەتەوەییەکان. هاوکات لەگەڵ ئەوەی زۆرێک لە دینەکان بەتایبەت دینی ئیسلام پەیامی ئاشتی کۆمەڵایەتی و رزگاری ژنی لە دەست کەلتوورە سەقەت و نارێکەکانی پێبووە، بەڵام بەهۆی لێکدانەوەو خویندنەوەی جۆراوجۆر لەو دینە دەبینین هەندێ جار پیاوان و زانایانی دینی و بەشێوەی تایبەتی تر حکومەتە ئیسلامیەکان، بە یاسای دەستکردی خۆیان، خودی دینەکە دەکەنە ئامرازێک بۆ ژێر پێ نانی مافی ژنان، وە زوڵم و زۆرکردن لە ژنان بە سیستەم دەکەن.

بۆ سەلماندنی ئەو راستیە پێویستە، یاسای بنەڕەتی رژێمی ئێران بکەینە نمونە، کە سەبارەت بە ژنان هاتووە، مافەکانی ژنان تەنیا لە روانگەی قانوونە ئیسلامیەکانەوە بەرەسمی دەزانێ کە ئەم خاڵە دەرخەری ئەوەیە مافی ژن لە یاسای بنەڕەتی رژێمدا تەنها لە چوارچێوەی بیری خۆیانداو بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان بە رەسمی دەناسن، کە ئەوەش دژایەتی هەیە لەگەڵ مافە گشتی و سەربەخۆکانی ژنان لە دەرەوەی بیری ئەوان. لە وەها حاڵەتێکدا وەک لەو یاسانەی رژێمدا دیاری کراوە، ئەرکی سەرەکی ژن ئەوەیە کە منداڵ ببێ و پەروەردەی بکا. هەروەها لە راگرتنی چوارچێوەی خانەوادە ژن ئەرک و بەرپرسایەتی زیاتری لە ئەستۆیە. لە باری فکری و عەقیدەییەوە ژن دەبێ پێبەندی بیر و عەقیدەی پیاو بێ. هەر ئەم چەند نمونە خاڵی هەرە زەقن بۆ ئەوەی یاساکانی رژێم وادارێژراوە کە بە عەمەلی ژن و پیاو ناتوانن بەرابەر بن، وە رێگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی پیاوان خاوەنداریتی ژنان بکەن لە ئێران و کوردستاندا. هەر ئەو بینینە رێگە دەدا بەوەی مافی ژنان لە باری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە بەرچاونەگیری و هاوکات لەگەڵ نادیدەگرتنی دەوری ژنان لەو پرسانەدا، بەعەمەلی پەراوێز بخرێن.

لەگەڵ ئەوانەدا، کۆمەڵگاو کەلتوورە باوەکان بە جۆرێک دەست و پێی ژنانی کوردی بەستووە، کە لەگەڵ هەست کردن بە چەوسانەوە بە ناچاری بێدەنگ بین و مل بدەین بەو زۆر و ناعەداڵەتیانەی لەگەڵمان دەکرێ، چوونکە دەترسین لە ئەگەری وەرگەران لەو کەلتوورانە، بکەوینە بەر غەزەبی کۆمەڵگا. لە وەها حاڵێکدایە کە بەو بێ دەنگی و ترسەی لە خۆمانەوە دەبینرێ، بە کردەوە بووینە هاوکار بۆ زیاتر چەوسانەوەمان. وە پەرەسەندنی توندوتیژی و سەرهەڵدانی دەیان حاڵەت و دیاردەی جۆراوجۆر لە کۆمەڵگای کوردستان کە لە هەموو ئەوانەدا خۆمان قوربانی سەرەکین.

بۆ قوربانی بوونی ژنان بە دەست کەلتووری پیاوسالاری و سیاسەتی دەسەڵاتداران دەتوانین دەیان نمونەی وەک خۆکوژی ژنان، کوشتن بەبیانووی ناموس، رێگەدان بە فرەژنی... کە بەداخەوە ئەو دیاردانە لە ئێراندا پارێزگاکانی کرماشان، کوردستان و ئیلام لە پلەی بەرزدان و بەردەوام رێژەی قوربانی بوونی ژن لەو سێ پارێزگایە بەرەوسەر دەچێ. بە پێی ئەو ئامارانەی لەلایەن دامودوزگاکانی رژێمەوە بڵاو دەبێتەوە لە ساڵی ١٣٩٢ زیاتر ٥٠ ژن خۆیان کوشتووە.

ئاماری دەستدرێژی بۆ سەرژنان لە ئێراندا کە لە ساڵی ١٣٩٣ راگەیاندنەکانی رژێم ٣١٣ حاڵەتیان بڵاو کردوە کە رێژەیەکی بەرچاو لەو دیاردەیە لە کوردستاندا تۆمارکراوە. ئەوەی روونە رێژەیەکی زۆر زیاتر دەستدرێژی و کوشتن ژنان لە کوردستاندا روودەدا بەڵام رژێم رێگە بە بڵاوکردنەوەیان نادا. کە ئەو هەنگاوە هۆیەکە بۆ ئەوەی هیچ کات ئاماری رەسمی و رێژەی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان لە کوردستان نەزانرێ.

ئەوەی دەکرێ ئێمە لێرەدا بیخەینەروو، شێوەی کارو بەرنامەی خۆمانە بۆ ئەوەی چیتر نەکەوینە ژێر هێژموونی ئەو کەلتوورانەو لە باری فکری و لە راستای مافی بەرابەر لەگەڵ پیاوان، کار بۆ دارشتنەوەی بەرخوردو ئەو بەرنامانەی خۆمان بکەین کە زۆر مەنتقی و بە دوور لە هەر زۆر حەساسیەتێکە، بۆ بردنە پێشی بزوتنەوەی مافخوازانەی ژنان لە کوردستاندا.

ئێمە ژنانی کورد پێویستە بە چاوێکی کراوەتر سەیری کەلتوور و فەرهەنگ و بیرکردنەوەی دەسەڵاتداران بکەین، بۆ ئەو مەبەستە لازمە بەرگی نەخوێندەواری دادرین و خوێندن و دواکەوتنی زانست، بکەینە ئەولەویەتی کار و ژیانی رۆژانەمان. چوونکە بەرگی براوەی دەسەڵاتداران و دابونەریتی دژ بە ژن، دوور خستنەوەی ژنانە لە مەیدانی پەروەردەو خوێندن و زانست. ئێمەی ژن هەتا نەخوێندەوار بین ناتوانین رێگەی درووستی سرینەوەی زوڵم و زۆرەکان و نەوعی بەرەوڕوو بوونەوەیان بدۆزینەوە، کەوایە زانست و خوێندەواری بۆ ئێمە رەمزی ئازادی ژیانە.

وەک روونە ئێمە نابێ شەڕی رەگەزایەتی وەرێ خەین چوونکە نەک دەستەبەری مافەکانمان ناکەین بەڵکوو بە عەمەلی کۆمەڵگا بەرەو لێواری رووخان دەبەین. دروست نیە ئێمە تەپڵی دژایەتی پیاو لێدەین و پیاو حەساس بکەین بە کارو چالاکیەکانمان، بەڵکوو کار بۆ تێگەیاندنی پیاوان بکەین کە ئەوەی ئێمە دەمانەوێ کەم کردنەوەی پێگەی پیاو نیە بەڵکوو، دەبێ بەرابەر و شەریکێکی راستەقینە بین لە کۆمەڵگادا.

لەو راستایەدا کەم نین ئەو پیاوە مەزن و شۆرشگێڕە کوردانەی هاوکار و پشتیوانی بەرابەری و مساواتی ژنان دەکەن و لەو بارەوە دەکرێ نمونەی ئەو تێکۆشەر و پێشمەرگانە بێنینەوە کە لە ماوەی ٣٥ ساڵی رابردوودا هاوکات لەگەڵ دژایەتی پاوانخوازیەکانی رژیمی دواکەوتوو دژە کورد لە ئێران، خەبات دەکەن بۆ سەرخستنی ئیرادەی ژنان لە راستای سرینەوەی ستەمی نەتەوەیی و رەگەزی.

ئەگەر چیی ئەو هەنگاوانە وەڵامدەر و تەواو نین، بەڵام دەکرێ هەلێکی باش بێ کە ئێمە ژنان کەڵکی لێ وەرگرین بۆ پەرەسندنی بیری یەکسانی خوازیمان. لەو پێوەندەدا دەکرێ رێز لە ئیرادەی هێزە ئازادیخوازەکان بەتایبەت سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بگرین کە هەر لە سەرەتای دروست بوونیەوە ئەو دەرفەتەی رەخساندوە کە ئێمەش لە ریزەکانی دا هاوکات لەگەڵ خەباتە نەتەوەیەکەمان، خەباتی ژنان بەرەوپێش بەرین، بەتایبەت لەم چەند ساڵەی دوایی دا دەبینین ژنان لە ریزەکانی سازمانی خەباتدا مەیدانی چالاکی باشیان پێدەدرێ کە فەرهەنگی بەرابەر و یەکسان لە نێو ریزەکانی سازماندا پەیرەو بکەن، هاوکات بۆ بەرەو پێشبردنی بەرنامەی بەرابەریخوازای، پشتگیری لە دامەزرانی رێکخراوی تایبەت بە ئافرەتان کراوە، کە ئەم هەنگاوانە گەر چیی تا ئێستا تەواوی ئامانجەکانی خۆی نەپێکاوە، بەڵام بۆ من دەتوانێ هیوایەک بێ بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کاری باشتر و بەرچاوتر بکەین لە ریزەکانی سازمانی خەبات، وە برایانمان هان بدەین دوور کەوتنەوە لە کەلتووری چەوسانەوەی ژن و بە جێی ئەوانە، هەر بە پێی بەرنامەکانی سازمانی خەبات کار بۆ جێ کەوتنی فەرهەنگی یەکسانی ژن و پیاو لە هەموو مەیدانەکاندا بکەین، وە فەرهەنگی رێزگرتنی ژن و پیاو لە خۆمانەوە بگوازینەوە بۆ کۆمەڵگاو لەو بارەدا پێشرەو پێشەنگ بین.

بێ گوومان ئێمە دەتوانین خەباتی نەتەوەیی و رەگەزی پێکەوە گرێ بدەین، بە دڵنیاییەوە بەو کارە هەم خزمەتمان بە کۆمەڵگاکەمان

کردوە، هەم ترسێکی زیاترمان دروست کردوە بۆ سەر بیرو پێگەی رژیمی دواکەوتووی ئاخوندان لە کوردستان.

پیرۆزبێ ٨ی مارس لە هەموو ژنان جیهان و ئێران بەتایبەت ژنانی تێکۆشەری کوردستان.

سەرکەوێ خەباتی نەتەوەی کورد و خەباتی یەکسانی خوازی لە کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - رێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٦

# یادی گەورە ژنی کورد تەڵا خانم لە رۆژی جیهانی ژناندا،



پەخشانی ئەحمەدی

هەموو ساڵێک بەبۆنەی ٨ ی مارس رۆژی جیهانی ژنان، کۆرو کۆمەڵی جۆراوجۆر پێک دێت، ژنان لە زۆربەی وڵاتانی جیهان یەکدەنگ دێنە شەقامەکان و لەسەر ویستو داواکانیان دەدوێن.

لەو رۆژەدا بەجێیە یادو بیرکردنەوە لەو ژنە تێکۆشەرانەی کە لە ناوماندا نەماون. ئەو ژنانەی کە تێکۆشان بۆ مافی هەموو کۆمەڵگەی ئینسانی، ئەو ژنانەی کە نەترسانە رچەشکێن بوون.

من لەم رۆژەدا یادی خانمێک دەکەم کە ئێستا لە ناوماندا نەماوە، خانمێکی زانا، ڕووخۆش، لێبوردوو بەخشەندە، خانمێک کە هەمیشە بە دەم هاوارو بانگی هەژاران و لێ قەوماوانەوە بوو. یادی تەڵا خانمی ئەحمەدی.

لە کاتێکدا دنیا لە گێژاوی کێشەکانی پێش شەری جیهانی دووهەمدا بوو، دەوڵەتی رەزا شای ئێران دەسەڵاتی زۆری بە سەر کوردستاندا نەمابوو. تەلا خانم ساڵی ١٩٣٧ی زایینی لە گوندی کیوەرۆ نزیک شاری بانە لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبوو. دایکی شاناز خانم بوو، باوکی سەلیم خان، یەکێک لە دەسەلاتدارن و حاکمانی شاری بانە بوو. ساڵانی منداڵی و لاویەتی خۆی لەناو بنەماڵەیکی گەورەو خێزاندارردا بەسەربرد.

لە گەرمەی شەری جیهانی دووهەمدا شێخ لەتیفی شێخ مەحمودی حەفید مەلیکی کوردستان، لەگەڵ هاوڕێ و هاوفکرەکانی دێنە بانە و لەلایەن سەلیم خانەوە بەگەرمی پێشوازییان لێدەکرێت. پاشان سەلیم خان بەڕاوێژ و رەزامەندی هۆزەکانی سەردەشت ، شێخ لەتیف دەباتە سەردەشت و دەیکاتە حاکمی ئەو شارە. پاش نزیک بە ساڵێک حاکمییەتی شێخ لەتیف لە سەردەشت، بابە عەلی شێخ رەئوف دێت بە دوای شێخ لەتیف دا و دەگەڕێنەوە بۆ سلێمانی. سەلیم خان ساڵی ١٩٤٥ ی زاینی بە هۆی نەخۆشییێکی گوماناوی کۆچی دوایکرد. سوپای دەوڵەتی

کە ئەوکات محەممەد شای کوڕی ڕەزا شا دەبێت، هێرش دەکاتە سەقز و بانە و ناوچەکە ئەگرێتەوە ژێر دەسەلاتی خۆی. ئەمجارەیان شێخ لەتیف بە یارمەتی بنەماڵەی سەلیم خانەوە دێت و دەیانباتە ماڵی خۆی لە کەناروی.

دوای ئەوەی کە بنەمالەی سەلیم خان دەگەرینەوە بۆ شوێنی خۆیان لە ناوچەی بانە، تەلا خانم پێوەندی هاوسەرگیری لەگەڵ شێخ لەتیف دەگرێت. بەرهەمی ئەو ژیانە هاوبەشیە سێ کچ بوو بە ناوەکانی مهاباد، شنۆ و نژۆ. ئەوە بۆ یەکەم جار بوو کچێک ناو دەنرا مهاباد. لە ڕاستی دا تەلا خانم و شێخ لەتیف لە خۆشەویستی کۆماری مهاباد ئەو ناوەیان هەڵبژاردبوو.

کاتی شۆرشی کورد لە باکوری کوردستان ساڵی ١٩٥٨ تەلاخانم شان بە شانی هاوڕێیانی، مامۆستا بهیە معروف، منیرە قفطاف، شفیقە سعید، اجنم زهدی و درخشان حفید لە یەکیەتی ژنانی کورد کاری دەکرد. وەکو ئەندامێکی چالاک زۆربەی کۆبوونەوەکان لە ماڵی ئەودا دەکران و پلان و بەرنامەی کار دادەڕێژرا. زۆر جاران ئەو ژنانەی کە لەدەست توندوتیژی بنەماڵەیان هەڵدەهاتن، دەچونە ماڵی تەلاخانم. ئەو لەبەرامبەر کەسوکاری یاندا ڕادەوەستاو پارێزگاری لێ درکردن، خەڵکیش لە قسەی ئەو دەرنەدەچوون و ڕێزیان لە بریارەکانی دەگرت. بەو شێوەیە زۆر ژنی لە کوشتن بەدەستی کەسوکاریان ڕزگار کرد. ئێستا بە خۆشییەوە لە زۆربەی ولاتانی دنیادا شوێنی تەیبەتیان هەیە بۆ یارمەتی بە کەسانی لێ قەوماو، ژن و مندالی هەژار.

تەلا خانم ژنێکی شۆرشگیر و چالاک و پارێزەری مافی ژن بوو. پاش ئەوەی چەند جار ماڵیان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە تالان کرا، ساڵی ١٩٧٤ خۆی و بنەماڵەکەی لە ژێر فشاری ڕژێمی بەعسی دا، سلێمانیان بەجێهێشت وئاوارەی ناوچەی پێنجوێن و مەریوان بوون. ماڵی ئێمە، دایکم، باوکم کە ڕەشیدی ئەحمەدی یە لە گەڵ خوشکو براکانم چووین بۆ سەردانیان لە مەریوان. ئەوکات من لە پۆلی چوارەمی سەرەتای دەمخوێند. ئەوە یەکەمجاربوو کە من تەلاخانم لە نزیکەوە بینی. ئەو خانمێکی بالا بەرز و جوان و میهرەبان بوو. ژنێکی زۆر لە سەرخۆ، لێوەشاوە، نەترس و بەهەڵوێست. بیرو باوەری شۆرشگێڕانە و ڕەفتار و هەڵسو کەوتی گارگێرییێکی زۆری لە سەر دانام.



سەرچاوە
Serchawe

کاتێک ئەوان گەڕانەوە بۆ سلێمانی لەگەڵ هاورێکانی رێکخراوێکیان دامەزراند بۆ یارمەتیکردنی بنەماڵەی شەهیدان، بنەماڵەی پێشمەرگە و قوتابیانی هەژار کە بتوانن درێژە بە خوێندن بدەن. ئەو یارمەتییانە هەرچەند بچوکیش بوایە بۆ ئەو کەسانە جێگەی خۆی دەگرت و لە کێشەکە رزگارییان دەبوو.

تەلا خانم لە تەمنێکی زۆر لاویەتی  دا هاوسەری خۆی لەدەستدا، لە کۆمەڵگای سوننەتی کوردەواریدا کە زۆر زەحمەت بوو ژنێک بە بێ پیاو بتوانێ بە ژیانی خۆیدا ڕابگات، تەلاخانم توانی بە پشت بەستن بە خۆی ئەرکی سەرپەرەستی وپاراستنی بنەماڵەیەکی گەورە بە باشترین شێوە بە ئەستۆ بگرێت. لە ژێر سەپەرەستی و چاوەدێری ئەودا هەر سێک کچەکانی توانیان بە پەلەی بەرزی ئاکادمیک بگەن وە لە هەمان کاتدا توانی یارمەتی زۆر کەسانی تریش بکات و هەڵوێست وکاریگەری لە کۆمەڵگەی خۆیدا هەبێت. وا بکات کە وەک کەسایەتییێک حیسابی بۆ بکرێت و رێز لە بریارەکانی بگیرێت.

ئەوخاتونە کەم وێنەیەی کورد بۆ یارمەتی هەژاران ودەربەدەران لە هیچ شتێک درێغی نەدەکرد. دەگێرنەوە لە سەرەتای حەفتاکاندا لە سلێمانی بەفرێکی زۆر دەبارێت بە چەشنێک کە ڕێگای هاتووچۆ لە خەڵک دەگیرێت. ئەوسالانەش یارمەتی حکومی بۆ خەڵکی نەبوو بەڵکو خەڵک دەبوو خۆیان بە یارمەتی یەکترییەوە

بڕۆن. تەلا خانم دەبینێ منداڵی مەدرەسەی گەڕەکەکەیان لە وێدا ماونەتەوە و ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ماڵی یان نییە. ئەویش ئەچێ ئەوەندەی لە توانایدابێت بە کۆڵ دەیان هێنێتە ماڵی خۆی، گەرمی یان دەکاتەوە و ئاگای لێیان دەبێت، هەتاکو کەسوکارییان دێن.

لە کاتی شەری نێوان ئێران و عێراق (١٩٨٠/١٩٨٨)، سلێمانی لە ژێر بۆمب بارانی رژێمی ئێراندا بوو. ئەو ژێرزەمینی ماڵی خۆی کرد بە پەناگای خەڵکی ناوچەکە. چەندەها خێزان بە درێژای ئەو شەرە، شەو ڕۆژ لە وێدا ئەحەوانەوە، ئەویش بەوپەڕی خۆشییەوە خزمەتی یان دەکات. لە ڕاستیدا ئەو هەمیشە ماڵەکەی پەناگای لیقەوماو ودەربەدەرانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان بووە،  کەم کەسایەتی و دەربەدەری کورد هەیە، پەریوەی سلێمانی و دەوروبەری بۆبێت و لەماڵی ئەو ماندویەتی نەحەساندبێتەوەو بە باشترین شێوەی ممکن یارمەتی نەکرابێ. پاش ڕوخانی کۆماری ساوای مهاباد ، سالانێکی زۆر خزمەتی ئەو سەرکردەکانی کرد کە لەدەست رژێمی شای ئێران هەلاتبوون.

دووهەم جار کاتێک من لە نزیکەوە تەلاخانم بینی، ساڵی ١٩٨٣ بوو. ئێمە وەکوو بنەماڵەیکی پێشمەرگە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، لە کاتی نەخۆشیدا هیچ چەشنە مەودایکمان نەبوو. دیارە من پێشمەرگەی چەکدار نەبووم بەڵکو وەکو مامۆستای شۆڕش لە دێی چۆمان لە گەڵ خوشکم گەلاوێژ خزمەتمان بە خەڵکی ناوچەکە دەکرد. باوکم پاش سالانێکی زۆر ژیانی سەختی پێشمەرگایەتی، زۆر نەخۆش بوو. کات زستان بوو، بەفرێکی زۆر کوێستانەکانی داپۆشی بوو. لەگەڵ باوکم و برای بچوکم مەجید، بەرەو باسنێ ڕۆیشتین و پاشان چوینە سلێمانی بۆ ماڵی تەلاخانم.

ئەو بە باوەشێکی گەرمەوە وەریگرتین. زۆر بە خێرای کاروباری دکتۆروبیمارستانی بۆ باوکمی رێک کرد. بۆ منی لاو کە لە کەژو کێوەوە

هاتبووم، سلێمانی شارێکی جوان و ڕازاوە بوو. کچەکانی بە جلوبەرگی زۆر شیکەوە دەهاتنە دەرەوە، من هەر بە جلی پێشمەرگایەتییەوە دەگەرام، هەر ئەوەش سرنجی خەڵکی لە ناو بازارەکان بەرەو من ڕادەکێشا. بەڵام تاڵا خانم ئەی گوت بەقوربانی جلە پێشمەرگایەتی یەکەشت بم. ئەو بە و پەڕی شانازییەوە منی بە هارێیانی خۆی ناساند. ڕۆژێک هاوڕێ لەگەڵ شنۆی کچی کە ئەو کات لە زانکۆی سلێمانی ئەندازیاری دەخوێند چومە زانکۆ. دانیشتن لە پۆلەکاندا و دیتن و قسەکردن لەگەڵ ئەو هەموو کچو کورە جوانو ژیرانە بۆ من زۆر خۆش و سەرنج ڕاکێش بوو. جیاوازیێکی زۆری هەبوو لە گەڵ ئەو دنیایەی کە منی لێوە هاتبووم. مەبەستی من لە گێڕانەوە ئەم چەند دێرە ئەوەیە کە پەنجە بخەمە سەر خوو و ڕەوشتی ئەو خانمە کە دۆست و هاورێی خەباتکاری کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بوو. کەسایەتییێکی وابوو کە لە گەڵ ئەو هەموو دڵسۆزی و خزمەتگوزاریەی کە بۆ میلەتی خۆی دەکرد قەت ناوی لێ نەدەهیناو هیچ ئیدعایەکی نەبوو.

سەرەنجام ئەو خاتونە گەورەیە پاش ململانێکی زۆر لە گەڵ نەخۆشیدا لە ئێوارەی ١٧ - ١ - ٢٠١٦ بۆ دوا جار ماڵاوای لە کوردستان و بنەماڵەی خۆی کرد. یادی و بیرەوەرییەکانی هەمیشە زیندووە!

١- سەرچاوەکان: کتێبی "چەند لەپەڕەیەک لە ژیانم" ٢٠٠٩، نووسینی ڕەشید ئەحمەدی
٢- وتووێژ لە گەڵ مهاباد شێخ لەتیف حەفید

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١ی مارچی ٢٠١٦

# رۆژی هەشتی مارس



سیامەند شێخ ئاغایی

**پیرۆز بێ رۆژی هەشتی مارس لە ژنانی ئازادیخوازی جیهان و بە تایبەتی ژنی کورد!**

رۆژی هەشتی مارس بە رۆژی نێونەتەوەی ژن ناسراوە. ئەمرۆژە لە مێژساڵە لەلایەن کۆمەڵانی ئازادیخوازانی جیهان و بەتایبەت رووناکبیرو شۆرشگێرانی کورد رێزی لێ دەگیرێ و بەگرینگی چاو لەو رۆژە مێژوویە دەکرێ. دەبێ ئەوەش وەبیر بێنمەوە هەر لە کۆنەوە لە سەردەمی 'زردەشت' پێغەمبەردا لە ئێرانی کۆندا بۆ هەر مناسبەتە رۆژێک دیاریکراوە وەک رۆژی کشاوەرز، دایک، مێهر، خەرمان هەڵگرتن، بەهار و... لە نێو هەموو ئەو رۆژانەدا رۆژێکیش بۆ ژن دیاریکراوە. (چواری مارس)❊

ئەوەی شایانی باسە. ژنانی ئوروپایی  لە ساڵی ١٩٢١وە سەربەخۆیی خۆیان وەدەست هێناوە. پێش ئەم ساڵە ژن بەشێوەیەکی فەرمی و شارستانیانە لەگەڵ پیاو مافی یەکسانی نەبووە. خاتوو' کلارا زتکین' ژنی خەباتگێرو بە ناوبانگی ئاڵمانی ساڵی ١٩١٠ زایینی لە کۆنگرەیەکی ژنانی سوسیالیست لە'کۆپنهاکی' پێتەختی دانمارک پێشنار دەکا رۆژێک بە ناوی رۆژی خەبات بۆ ئازادی ژن دیاری بکرێ، پاش ئەو داوایە بە پەسندی ئێف ئێن(سازمانی نەتەوە یەکگرتووەکان) ساڵوەگەڕی هەشتی مارسی هەمووساڵێک بۆ ژیانی یەکسانی ژن و پیاو دیاری کراوە.

دیارە پێشینەی دامەزراوەو یەکێتیەکانی ژنانی ئورووپا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی زۆر پێش ساڵی ١٩١٠ بەڵکوو لە ساڵی ١٧٩٨دا لە 'فەڕانسە' خاتوو' ئۆلیمپ دۆکوژ' پەیماننامەی مافی ژنی بردە نێو کۆمۆنی 'پاریس'، لە پەیماننامەکەدا هاتبوو کە ئەگەر دەسەڵات بۆی هەیە ژن لە سێدارە بدا، دەبێ ئەو مافەفەش بە ژن بدا کە بتوانێ بگاتە کورسی پارڵمان. بەڵام سەرەنجام ئەم خاتوونە ملی وەبەر گیۆتێن کەوت و کوژرا. هەروەها لە  ساڵانی ١٨٥٠و ١٨٥٧ ژنانی فێمنیسم و یەکسانی خوازی جیهان لە هێندێک شوێنی دنیا دەنگی خۆیان بە دژی

نابەرابەری جینسی و شوغڵی بەرز کردەوە. لە ساڵی ١٨٧١دا نزیکەی دەهەزار ژنی فەرانسی چالاکانە بۆ پارێزگاری لە کۆمۆنی پاریس لە بەرامبەر دوژمنەکانیاندا هاتنە مەیدان و یەکێتی یەکیان بۆ پارێزگاری لە پاریس و پەرەستاری کردن لە برینداران پێکهێنا و تەنانەت بەشێک لەو تێکۆشەرانە لە شەڕی نێو شەقامەکاندا گیانی خۆیان لە پێناو ئازادی لە دەست دا.

لە ساڵی ١٩٠٨دا ژنانی کرێکاری ئەمریکا لە شاری'نیویۆرک'دا خۆپێشاندانێکیان بەدژی بەکەمگرتن و بێحورمەتی بە ژنان و مافی یەکسانی لەگەڵ پیاوان بەڕێوە برد، لە خۆپێشاندانەکەدا ژنان بەشێوەیەکی دڕندانە کەوتنە بەر پەلاماری پۆلیس. ئیدی پاش ئەم رووداوە، جووڵانەوەی ژنان زۆر شێلگیرانە، بەرەو قۆناخێکی تازە هەنگاو دەنێ. هەروەک ئاماژەم پێکرد، بەدوای پێشنیارەکەی شۆڕەژنی ئاڵمانی کلارا زتکین کە رۆژی هەشتی مارس ببێ بە رۆژی ژنان. لە ١٩ مارسی ١٩١١دا لە چوار وڵاتی ئوروپای رۆژئاوا متینگێکی گەورە بۆ جەسپاندنی مافی یەکسانی ژنان بڕێوە دەچێ. دوابەدوای ئەم خۆپێشاندانە و چەندی دیکە، رۆژێ هەشتی مارس بە تەواوی دەچەسپێ و دەبێتە ڕۆژێکی نێونەتەوەیی و جیهانی. ئیدی لەو رۆژەوە تا بە ئەمرۆ ژنان بە هەوڵ و تێکۆشانێکی بێوچان توانیویانە لە زۆربەی وڵاتانی دێمۆکراتی جیهان ڕێکخراوەی خۆیان بۆ پشتگیری لە مافی یەکسانی و ئینسانی دابمەزرێنن و زۆربەی مافەکانی خۆیان دەستەبەر بکەن و کەسایەتی خۆیان بەرز ڕاگرن. بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەو پێشکەوتن و سەرکەوتنەی بۆ ژنان وەدەست هاتووە. بەبڕوای من ئافرەتانی ئورووپایی بە تەواوی بە ئامانج و ئازادییەکانی خۆیان نەگەیشتوون! چونکە لەم سەردەمەدا ژن لەلایەن مۆنۆپۆلەکانەوە وەک کالا چاو لێدەکرێ و مامەڵەو توجارەتی جینسییان پێوە دەکرێ. هەڵبەت لەمبارەوە نموونە گەلێک زۆرە و لەم نووسراوەیەدا جێی نابێتەوە و ناو هێنانی لەبەر نامرۆڤانە بوونی کردەوەکان زۆر قیزەون و بێز هێنەرە...

هەروەک ئاماژەم پێکرد، لە ئورووپا ئازادی و ئاسایشی ژنان هەروا بە سووک و ئاسانی وەدەست نەهاتووە. بەڵکوو لەم بوارەدا خەباتێکی شێلگیر و ماندوویی نەناسانە کراوە. بۆ وێنە، وەک پیرەکانی سوییدی دەگێڕنەوە:

ژنانی سوییدی هەتا پێش سەدەی نۆزدە لەوپەڕی ژێر چەپۆکەییدا ژیاون. ژنان هیچ چەشنە مافێک و دەسەڵاتێکیان نەبووە. بە هەزاران ژن بە تاوانی جۆراوجۆر، وەک منداڵ لەبەرخۆبردن، سگپڕی نائاسایی، پیاو لەسەر گرتن و... بێسەر و شوێن کراون. یان لەلایەن مێردەوە ناچار بە کاری دەرەوەی ماڵ، تەنانەت لەشفرۆشی کراون. هەروەها ژنانی منداڵەبەر مافی کار کردنیان نەبووە، ژنان کەمترین دەستمزدی رۆژانە و مانگانەیان پێدراوە. ژنان بەداییم لەلایەن بنەماڵەکانیانەوە لەژێر چاوەدێریدا بوونە و لەکاتی چوونەدەردا متمانەیان پێ نەکراوە، هەربۆیە زنجیر و قفڵی تایبەتیان لە نێوگەڵ بەستراوە.

ئەگەر بۆ ڕابردوومان بگەڕێینەوەو لەم بەینەدا بەراوەردێک لە نێوان ژنی کورد و سوییدیەکاندا بکەین. بۆمان دەردەکەوێ پێش سەدەی نوزدە ڕەوشی ژنی کورد بۆ باشی لەگەڵ هی سوییدییەکان بەراوەرد ناکرێ. چونکە مەڵبەندی کوردستان شوێنی ئەوینی ڕاستەقینە بۆ کچان و کوڕانی کورد بووە. جێ ژوان و سەرکانی و بێری و... گەواهیدەری ڕابردوومانن. دەکرێ ڕاشکاوانە بڵێم لە ڕابردوودا ژنی کورد هیچکاتێک ڕەفتارێکی لەگوێن ژنی سوئیدی پێش سەدەی نوزدەی لەگەڵ نەکراوە.

لەم سەردەمەدا کە سەردەمی ئازادی ژنانە. ژنی کوردیش لەم بوارەدا بە لێزانی بۆ دەستەبەر کردنی مافەڕەواکانی خۆیان دەستیان بەخەبات

و تێکۆشانێکی سەخت و دژوار کردووە.

ژنی کورد باری خەباتەکەی دوو جار قورستر لە هی ژنانی ستەم لێکراوی جیهانە، یەکەم ستەم کە لە ژنی کورد دەکرێ ژن بوونێتی و دووهەمینییش ستمی نەتەوایەتییە. سا هەربۆیە خەباتی ژنی کورد زۆر دژوارتر لە هی ژنی نەتەوەکانی دیکەی جیهانە. دەبێ سەربەرزانە ئەوەش بڵێم، لە سەردەمی ئێستاماندا بە هەزاران ژنی کورد بە پلەی خوێندەواری باڵا گەیشتوون. لەگشت بۆارەکانی ژیاندا زۆر ئازایانە و شارەزایانە چالاکن و خەباتێکی چڕوپڕیان لە پێناو وەدەستهێنانی مافی خۆیان و سەربەستی گەل و نیشتمانیان دەست پێکردووە. بەتایبەت ئافرەتانی دەرەوەی کوردستان بە پشتیوانی مرۆڤە ئازادیخوازەکان، زۆر مکوڕانە بۆ دەستەبەر کردنی مافی یەکسانی خۆیان و نەتەوەکەیان، بۆ لە قاودانی ئاکاری ناپەسەندی دژی ژن، پیاوسالار، ئایینی ڕەش بین و کلتوری داخراو و... بۆ لابردنی توندوتیژی و ئەو بیرە کۆنەپەرستانەیە کە ژن وەک ئامرازێک بۆخۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی پیاو لە کونجی ماڵ و چێشتخانەدا قەتیس دەکا هەوڵدەدەن.

* ئایین زەردەشت

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠١٦



# بەڕاستی پیرۆزە...؟



**تروسکە سادقی**

پیرۆزبایی لەدایکبوون بۆ لەدایکبوونی کەسێکە، پیرۆزبایی راپەرین بە بۆنەی راپەرینی گەلێکە، یادکردنەوەی کەسایەتییەک بەهۆی وەبیرهێنانەوەی سەرکردەو زانایەکە،و هەتا دوایی.... هەموو پیرۆزباییەک فەلسەفەیەکی لەپشتە،و لەسەرجەم پیرۆزبایی کردنەکانیشدا بێگومان مانایەکی کرداری و باوەرێکی نەگۆر خۆی حەشار داوە. بەڵام لە کوردستان مەبەستم کوردستانی گەورەیە، ماوەیەکە پیرۆزباییەک باو کراوە، کە هیچیان لەماناکەی نەگەیشتوون،و تەنیا وەکوو مۆدێل و ژێستی رووناکبیری بەژنان دەوترێت، ئەوەیش لەلایەن ئەو پیاوانەی کە خۆیان هۆکاری سەرەکی لەدایکبوونی ئەو رۆژەن، کە ئێستا خۆیان پیرۆزبایی لەژنان دەکەن. هەشتی مارس....

پیرۆزبایی رۆژێک دەکەن، بێ ئەوەی بزانن بۆ؟ ساڵی ١٨٥٧ لە شیکاگۆ دژی دۆخی نالەباریان رژانە سەر شەقامەکان، ئەو ژنانەی رۆژانە ١٠ کاتژمێر کاریان دەکرد و داوای باشتر کردنی دۆخی کاریان دەکرد،و بە توندی رووبەرووی دژایەتی هێزە ئەمنیەکان بوونەوە. جا هەم ئەوانەی ١٠ کاتژمێر کاریان بەژنان دەکرد،و دەستحەقی کەمتریان دەدانێ پیاو بوون، و هەمیش ئەو پۆلیسانەی لەسەر شەقام قژی ژنانیان رادەکێشاو نەیاندەهێشت نارەزایی دەرببرن، پیاوبوون. نیو سەدە دوای ئەو حزبی سوسیالیستی ئەمریکا لە ساڵێکدا رۆژێکی دیاری کرد بۆ ئەوەی ژنان بێنە سەر شەقامەکان و داوای مافی دەنگدان و دۆخی کاری باشتر بکەن. جا لێرەشدا سوسیالیستەکانی ئەمریکا لەژێر تەوژمی خێرایی چەپەکانی جیهان هەوڵی راکێشانی سرنجی نیوەی کۆمەڵگایان بۆ بەرژەوەندی سیاسیی خۆیان دەدا،و لە ١٩٠١-ەوە کە حزبی کارو سوسیالیستی ئەمریکا دامەزرا، هەتا دوا ساتەکانی کە تەمەنێکی زۆریش نەبوو، هیچ بڕیاردەرێکی ژنی نەبوو.

بەهەرحاڵ هەشتی مارس بەداوایەکی سوسیالیستی دادەنرێت، و مافی دەنگدان، خوێندن، داهاتی رۆژانەی یەکسان، ئەو داوایانەی کە بە تێپەڕ بوونی زەمان وەک شەپۆل لە ئەمریکاوە گەیشتە ئاڵمان، نەمسا، دانمارک، سویس و رووسیا.

هەمووی ئەوانە هۆشیارییەک لەگەڵ ئەوەش داوایەکی هەمیشەیی لای کۆمەڵێک ژن دروستکرد. هەم لە سەردەمی بورژوازی و هەمیش لە رەوتە سیاسیەکانی دیکەی جیهاندا ژنان بەردەوام نارازی بوون بەرامبەر بە نابەرابەریەکان، دەسەڵاتی سەرمایەداری و جیاوازی چینایەتی

٨ی مارچ

و ئایدۆلۆژیای نێر پەرەستی ئایینەکان توندوتیژیەکانی بەرامبەر بە ژنان زیاتر کرد تا ئەو کاتەی کار گەیشتە ولاتانی بە سیاسەت دیموکرات و بگرە لە زۆربەشیاندا قوربانی یەکەمی کایە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و هێز پەرەستییەکانی نێوان پیاوان، هەر ژنان بوون.

بزوتنەوەی ژنان بەقۆناغ گەلێکی زۆرو جیهانبینی جۆراوجۆردا تێپەری،و لەو کورت مەودایەدا ناگەرێمەوە سەری، ئەو شەپۆلانەی کە ژنی کورد نە بە بە باش نە بە خراپ، نە بە سەرکەوتوو نەبە ناسەرکەوتوو نەیانتوانیوە خۆیانی تێدا بدۆزنەوە.
لەو ژنانە دەگەرێم کە تا ئێستاش نازانن چەندین ئەشکەنجە و خوێن رشتن کرا تا ژنانی سەدەی رابردوو توانیان ٨ی مارس بە فەرمی بکەنە رۆژی ئێوە و ناشزانن چ مانایەکی هەیە، بەلام رووی قسەم لەو پیاوانەیە کە پیرۆزبایی دەکەن!

## چەند دەقەیەکی کەم لەگەڵ خۆتان بیر بکەنەوە:

* ئەگەر هاوسەری چۆن پیرۆزبایی لە خێزانەکەت دەکەی لە کاتێکدا کە هیچکات تێروانینت بەرامبەری لە ئاستی تەنیا ژن بوونی تێنە پەریوە.
* ئەگەر باوکی چۆن پیرۆزبایی لە کچەکەت دەکەی لە کاتێکدا کە بچووکترین رێز لە هەستی کچانەی ناگری، و ئێستاش پاسەوانی لەگیانی ناکەیت، بەڵکو شەورۆژ چاوەدێری جولەکانی لەناو کۆمەڵگادا دەکەیت.
* ئەگەر برای چۆن پیرۆزبایی دەکەی لە کاتێکدا کە بەردەوام گوشاری رووحی بووی بۆ خوشکەکەت،میان چۆن شەرم ناکەی کە بەسەر خوشکە گەورەکەتدا فەرزت دەکەن.
* ئەگەر بەرێوەبەرێکی پیاوی چۆن پیرۆزبایی لە فەرمانبەرە ژنەکانت دەکەی لە کاتێکدا کە دەرفەتی پێشکەوتنیان پێنادەی،و وەکوو ئێکسێسوارات دەیبینی، بالای هەبێ، گەمژەش بێت قەیناکات!!!
* ئەگەر سەرۆکی هەر دەزگا و حزب و ولاتێکی چۆن پیرۆزبایی دەکەی لە کاتێکدا کە ژن بە رووکەش بۆ پرسە تایبەتەکان بەکار دەهێنی و ناشیشاریەوە کە لە سەرکەوتنەکانی دەترسی.

ریشەی ئەو کێشەیە لەوە قووڵترە و بە چەند پیرۆزباییەک چارەسەر نابێ، لە سەردەمێکدا و لەناوچەیەکدا و لە ولاتێکدا کە هەموو قەیرانە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان دووقات بەسەر ژناندا دەشکێنەوە. نازانم چۆن پیرۆزبایی ئەو رۆژە بکەم، کە هەن و هەبوون کە بە فرۆشتن و بەکۆیلەکردنی کچ و ژنانی ئێزدی لەناخی مەلەکووتی وئاسمانی خۆیدا هەڵپەرکێی بوو، و بە سزای شەیتان پەرەستی ئەوانی دەزانی! هەربۆیە نامهەوێ تاوانبارابم و پیرۆزبایی لە دایک و خوشکی خۆشم ناکەم کە ژیان لەناو دەسەلاتدارەکان تەنیا لە هەوڵی بێ دەسەلاتکردنیان دا بووە.
ئێستاش دەیلێمەوە شتێک بە ناوی فیمینیزمی کوردی بە مانای تەواوی خۆی و هەڵقولاو لە ناخ و خواستی ژنی کورد دروست نەبووە و هیچ شەپۆلێک ناتوانێ نەهامەتیەکانی ژنی کورد بسرێتەوە. ئەو نەهامەتیانەی لە بۆشایی نەبوونی خۆیان بەردەوام خەریکە گەورەترو گەورەترو گەورەتر دەبێت.

سەرچاوە: فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٦

# ٨ی مارس نمادی یەکسانیی ژن و پیاو



**کوێستان فتووحی**

## ئازادی، یەکسانی و دادپەروەری خواستی هەر ئینسانێکی مافخوازە

لە بەرەبەری ٨ی مارس، رۆژی جیهانیی ژن داین. 8ی مارس، وەک نمادی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی بیرهێنەرەوەی یەکەمین هەنگاوە پێشکەوتووەکانی سالانێکی زۆر دوورە. ٨ی مارس بیرهێنەرەوەی خەباتی لێبڕاوانەی ژنانی جیهانە بۆ گۆڕینی هەلومەرجی نادادپەروەرانەی ئابووری، سیاسی و کۆمەلایەتی. رۆژێکە کە ژنان جارێکی دیکە وەبیر دەسەلات و سیستەمی سیاسیی ولاتەکانیان و کۆمەڵگەکەیان دێننەوە کە پێوانەی ئازادیی و دیموکراسی کۆمەڵگە، رزگاریی ژنانە لە ستەم و هەلاواردن. لە 8ی مارس دا جارێکی دیکە بە سیستەمی پیاوسالاری کۆمەڵگەی خۆیانی رادەگەیەنن، هەتا گەیشتن بە ئامانجەکانیان کە دابینبوونی ئازادییە ئینسانی و قانوونی و یەکسانیی راستەقینەیە، دەست لە خەبات و تێکۆشان هەڵناگرن.

بزووتنەوەی ژنان بۆ یەکسانی و دادپەروەری لە جیهاندا نزیک دوو سەدەیە وەک رێکخستنێکی کۆمەلایەتی پێی ناوەتە مەیدانی خەباتەوە و زیاتر لە یەک سەدەشە ٨ی مارس وەک رۆژی نێونەتەوەیی ژن دیاریکراوە. بە هۆی خەباتی لێبڕاوانەو یەکسانیخوازانە، ژنان لە هێندێک لە ولاتانی جیهان بە کۆمەڵێک لە ئامانجەکانی ٨ی مارس گەیشتوون و دەسکەوتی بەنرخیان وەدەست هێناوە و بە بەشێک لە مافەکانیان گەیشتوون. بەلام ئێستاش رێگەیەکی زۆر ماوە کە ژنان بە هەموو ئەو ماف و ئازادییانەی کە لە پەیماننامە نیونەتەوەییەکاندا هەن، بگەن. ئێستاش لە زۆربەی ولاتاندا ژنان لەژێر باری ستەم و چەوسانەوەدا ژیان بەسەر دەبەن، تەنانەت لە هێندێک ولاتدا ئێستاش سەرەتاییترین مافە ئینسانییەکانیشیان لە لایەن حاکمانی دەسەلاتدار و کۆمەڵی پیاوسالارەوە پێشێل دەکرێ. ئێستاش توندوتیژی و دەستدرێژی بۆتە بەشێک لە ئازارەکانی رۆژانەی ژنان. ولاتانی رۆژهەلاتی نێوەڕاستو بەتایبەت ئەو ولاتانەی بە جۆرێک ئایین تێکەلاوی دەسەلات و ژیانی ئینسانەکانە، بەشێک لەو ولاتانەن کە ژنان بە دەست ئازارەکانی هەلاواردنو توندوتیژی و دەستدرێژیو بێحورمەتی،

کڕین و فرۆشتنی جەستەیانەوە دەنالێنن.

یەکێک لەو وڵاتانەی کە ژنان سەرەڕای ئەوەی مێژوویەکی دروور و درێژەیان لە خەباتی مافخوازیدا هەیە، ئێستاش لە هەلومەرجێکی دژوار و نادادپەروەرانەدا ژیان بەسەر دەبەنو هەڵاواردنی نارەوا بە دژیان بەشێوەیەکی بەرین بەردەوامە، وڵاتی ئێرانە. حاکمانی ئێران ٣٦ ساڵە مەزهەبیان کردۆتە کەرەسەیەک بۆ لە دواکەوتووییدا هێشتنەوەی کۆمەڵگە و، بۆ پاراستنی نیزامەکەیان. هیچ ئایین و مەزهەبێکیش لە خۆیدا ناتوانێ مرۆڤەکان یەکسان ببینێو مافی وەکیەکیان بۆ لەبەرچاو بگرێ. بۆیە لە نێو دەسەڵاتێکی ئیدئۆلۆژی ئایینیدا یەکەم توێژ ژنانن دەکەونە بەر سەرکوتو زەوتکردنی مافەکانیان. ڕێبەرانی مەزهەبیی ئێران کە دەسەڵاتی بێسنوورو رەهایان بەخۆیان داوە، ئایینیان کردۆتە بیانوویەک بۆ هێرشکردنە سەر مافی دیموکراتیکی نیوەی کۆمەڵگە و، دژایەتییەکی ئامانجدارانەیان لەگەڵ ئەو نیوەیە لە کۆمەڵگە هەیە، چونکە ئەوان باش دەزانن ئەگەر ژنان لە بەند و ئەسیریدا بمێننەوە، نیوەکەی دیکەش بەبێ کێشە بۆ ئەوان لە ئەسارەت و دیلی ئەواندا دەبێ.

***

ئەمساڵ لە هەلومەرجێکدا یادی ٨ی مارس دەکرێتەوە، لە ناوچەکەی ئێمە (ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست) زیاتر لە هەموو کاتێک مافو ئازادییەکانی ژنان کەتۆتە مەترسییەوە. کێشەو قەیران و شەڕی ئایینی لە عێراق، سووریە و هێندێک وڵاتی دیکە بۆتە هۆی پەرەسەندنی زیاتری دیاردەی توندوتیژی دژی ژنان. دەستدرێژی، توندوتیژی بنەماڵەیی، کڕین و فرۆشتنی ژنان و وەحشیگەری دژی ئینسانەکان، هەمووی ئەوانە لە ناوچەکەدا ئەگەر لە پێشدا بەهۆی دەسەڵات و حاکمان و کەلتووری پیاوسالارییەوە و، لەسەرووی هەموویانەوە کۆماری ئیسلامی، ژیانی لە ژنان ناخۆش کردبوو، ئێستا بە هۆی سەرهەڵدانی ئەو گرووپە کۆنەپەرست و توندڕەوانەی وەک داعش کە بێبەریین لە هەرچەشنە بەهایەکی ئینسانی، بە ناوی دین و پابەندبوون بە بەهاکانی دین، توندوتیژییەکان لە دژی مرۆڤەکان بە تایبەتی ژنان بەوپەڕی خۆی گەیشتووە. نموونەی هەرە بەرچاو لە ساڵی ٢٠١٤ دا لە لایەن ئەو گرووپە ئیسلامییەوە بوو کە بەسەر ژنانی و کچانی شەنگالی باشووری کوردستان هات. بە هەزاران ژن و کچی ئیزەدی لە ژێر ئاڵای ئایینیدا ئەسیر کران و دەستدرێژییان کرایەسەر و برانە بازاڕەکانی کڕین و فرۆشتن. ئەوەی داعش ئەمڕۆ بەناوی پێڕەوانی ڕاستەقینەی ئایینی ئیسلام بەسەر کەمایەتییە ئایینییەکانی دیکەی وەک ئیزەدییەکانیان هێنا و دنیا شاهیدی جینایەتەکانیانە، ٣٦ ساڵ لەمەوبەر دەسەڵاتدارانی ئێران بەشێوەیەکی دیکە کەوتنە دژایەتی لەگەڵ جیابیران و ژنان لە ئێراندا. پاسدارانی خومەینیو ئاخوندە کۆنەپەرستەکان کە خۆیان بە پاسداری "حیجاب" و پاکداوێنی ژنانی ئێران دەزانی، یەکەم توێژ کە زۆرترین هەڵاواردنیان لە دژی کرد، ژنان بوون و ئەم شەڕە لەگەڵ ژنان وەک سڕینەوەو کوشتنی جیابیران تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە.

بەرەنگاربوونەوەی ئەو هێزە کۆنەپارێزانە کە هیچ بڕوایان بە ئازادی و ئینسانییەت و یەکسانیی ئینسانەکان نیە، خەباتی یەکگرتووانەو لێبڕاوانەی بە فکر و ئەندیشەی دەوێ. ژنانو پیاوانی ئازادیخواز چی دیکە نابێ قەبووڵی بکەن بەناوی پیرۆزییەکان، مافی بەختەوەری ئینسانەکان زەوت بکرێ. پێویستە ژنو پیاوی کورد لە هەموو جێیەکی کوردستان خۆڕاگرییە ١٠٠ ڕۆژەو و ئازایانەکەی ژنان و پیاوانی کۆبانێ بکەن بە ئۆلگوو لەپێناوی ژیانو ئازادییە ئینسانییەکانیاندا. ڕەوتی ئازادی و یەکسانیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و وڵاتی ئێمەش هەڕەشەیەکی گەورەی لەسەرە. ئایینی ئیسلامی سعودییو ئێرانی، وێنەیەکی سادەی ترسناکە لەسەر ئازادیو پێشکەوتنی کۆمەڵگا بە

ژنو پیاوەوە. هەر ئایینێک کە رەوایی بدا بە کوشتن، سووکایەتیو ڤیزەونکردنی مرۆڤەکان، دەبێ رێی لێبگیرێ. بۆیە خەباتی فکریی یەکگرتوانە و بەربڵاوی ژنانو پیاوانی یەکسانیخواز دەتوانێ زامنو رێگر بێ لەسەر ئەو هەموو سەرکوت و جینایەتانەی لە دژی ئینسانەکان رۆژانە روودەدەن.

لە ژمارە ٦٥١ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی مارچی ٢٠١٥

---

# ژن لەنێوان ماف و ئەرکدا




**پ.د.فایەق مستەفا**

گرنگترین ئەو بابەتانەی کۆمەڵگە شارستانیو نوێکان گرنگی پێدەدەن، بابەتی (مافو ئەرک)ە لای تاک، لەبەرئەوە فێرکردنو پەروەردەکردنی تازە پێگەیشتوان بەشێوەیەک کە مافو ئەرک بناسنو لێکیان جیا بکەنەوە بۆتە ئەرکێکی سەرەکی لەکۆمەڵگە نوێکاندا، بۆئەوەی کاروباری کۆمەڵگە بەشێوەیەکی راستو دروست بڕواتو سیستەمو ئارامی تیایدا جێگیر بێت. بەڵام لەکۆمەڵگە گەشەندەکاندا ئەم بابەتە تائێستاش پشتگوێ خراوەو گرنگییەکی ئەوتۆی پێنادرێ، هەر بۆیە لەم کۆمەڵگایانەدا تێکەڵبوونی مانای شتەکانو ناجێگیری کۆمەڵایەتی دروست دەبێت، زۆربەی جاریش لەو تێکەڵبوونەدا ماف بەسەر ئەرکدا زاڵ دەبێت، بەهۆی ئەوەشەوە ناهاوسەنگی لەتەرازووی مافو ئەرکدا دروست دەبێتو ئەوکاتەش دواکەوتەیی بەهەموو جۆرەکانییەوە لەکۆمەڵگەدا بڵاو دەبێتەوە.

لەستوونی ئەم هەفتەیەماندا زیاتر قسە لەسەر مافو ئەرکی ژن دەکەین، ئەویش لەبەر ئەو تێڕوانینە هەڵەیەی لەکۆمەڵگەی ئێمەدا بەرامبەر بەمافو ئەرکی ژن دروست بووە.

ئاشکرایە ژن لەسەرجەم جیهاندا رووبەڕووی سەرکوتکردنو چەوسانەوەو نکۆڵیکردن لەمافە مرۆییەکانی بۆتەوە، بەخراپترین شێوەش بەکارهێنراوە لەمێژوودا، چونکە لەشەڕدا کراوە بەدەستکەوتی شەڕو کۆیلەو کارەکەرو فرۆشراوەو کۆتوبەندی توندی بەسەردا سەپێنراوەو لەسادەترین مافە مرۆییەکانی بێبەش کراوە، تێڕوانینە ئایینییە باوەکەش بەهێمای هەڵەو ئاژاوەو شەڕخوازیی دایناوە. بەڵام لەسەدەی نۆزدەوە گۆڕانکاری لەبابەتەکەدا دەستی پێکرد، چونکە بزوتنەوەکانی ژنان دەرکەوتن، داوای مافە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانیان دەکرد، ئەوەش لەدوای سەرهەڵدانی بزوتنەوە رۆشنگەرەکانی ئەوروپا بوو کە داوای بەرزنرخاندنی عەقڵیان دەکردو باوەڕیان بەمافی مرۆڤ هەبوو لەئازادیو دیموکراسیدا، باوەڕیان بەیەکسانی ژنو پیاویش هەبوو، لەکۆمەڵگە ئیسلامییەکانیشدا لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا هەندێک دەنگ دەرکەوتن کە داوایان دەکرد بەشێک ژنانیش بەشێک لەمافەکانیان بدرێتێ، لەنێو ئەو دەنگانەدا بیریارو نووسەران بوون، کە زۆربەشیان کورد بوون، ئەوانە بەرگرییان لەمافی ژن دەکرد وەک، قاسم ئەمین، ئەحمەد ئەمین لەمیسر، هەردوو شاعیر ئەلزەهاویو ئەلرەسافی لەعیراق.

سەرچاوە
Serchawe

## ٨ی مارچ

مافی ژن: جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ، دانی بەهەموو مافەکانی ژندا ناوەو ئەوەشی کردۆتە بنامەیەک کە نابێ جیاوازی بکرێت لەنێوان مرۆڤداو هەمووان لەمافو شکۆی مرۆییدا بەیەکسانیو بەئازادی لەدایک دەبن، هەموو مرۆڤێک مافی خۆیەتی بەهەموو ئەو مافو ئازادیانە بگات کە لەم راگەیاندراوەدا هاتووە، بێ هیچ هەڵاوێردنێک، بەهەڵاوێردنی رەگەزیشەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا مافی ژن لە هەندێک لەکۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا پێشێل کراوە. ئێمە بەپەرۆشەوە داوا دەکەین سەرجەم ژنان بەهەموو مافە یاساییو کۆمەڵایەتییەکان بگەن، گرنگترین ئەو مافانەش ئەمانەن:

١- مافی خوێندن: هەندێک لەهێزە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگە ئیسلامییەکان دژایەتی خوێندنی ژنانیان کردو پێیان وابوو بەرەو لادانو فەسادیان دەبات، چونکە بەبۆچوونی ئەو هێزە دواکەوتوانە ژن ئەگەر فێری خوێندەواری ببێت، نامەی دڵداری دەنووسێتو هەستی ئەویندارییی خۆی دەردەبڕێ، وەک ئەوەی هەستو سۆز بۆ ژن حەرام بێتو تەنها بۆ پیاو حەڵاڵ بێت، بەڵام ژنی موسڵمان سوور بوو لەسەر تێکۆشانی خۆی، بیریارە رۆشنگەرەکانیش پشتیوانیان لێکرد، ئەمەش سەرەتا لەمیسرەوە دەستی پێکردو پاشان گوازرایەوە بۆ وڵاتە ئیسلامییەکانی تر، ئێستاش ئەم مافە بۆ ژن بۆتە مافێکی ئاسایی، چونکە خوێندن ئەو رووناکییەیە کە تاریکی نەزانیو دواکەوتوویی لای ژنو پیاویش دەڕەوێنێتەوەو رێگە بۆ گەشەپێدانی کەسێتیو کارەکەی دەکاتەوە، دۆزینەوەی کاریش مرۆڤ لەخراپەو بێزاریو هەژاری دوور دەخاتەوە.

٢- مافی کارکردن: کارکردن سەربەخۆیی ئابووری بۆ ژن دەستەبەر دەکاتو وای لێدەکات لەناو کۆمەڵگەدا پلەو پایەی هەبێت. قاسم ئەمین دەڵێ: ژن ئەگەر سەربەخۆیی ئابووری نەبێتو دوور بێت لەکاری بەبەرهەمەوە لەناو کۆمەڵگەدا، دەبێتە پاشکۆو ملکەچی ئەو کەسەی نانو پێداویستییەکانی ژیانی بۆ دابین دەکات... ئەگەر موسڵمانەکان چاوکراوە بوونایە، دەیانزانی کە بەخشینی ژن لە یەکەم ئەرکی خۆی کە خۆئامادەکردن بوو بۆ بەدەستهێنانی پێداویستییەکانی ژیان بەدەستی خۆی، هۆکارە بۆ لەدەستدانی مافەکانیو ئەو بەخشینەش نەبوایە ئێستا پیاو بەرپرسی هەموو شتێک نەدەبوو، کار نەدەگەیشتە ئەوەی پیاو خاوەنی هەموو مافێک بێتو ژنیش تەنها ئەوەی بۆ بمێنێتەوە کە وەک ئاژەڵێک سەیر بکرێتو شوکرانە بژێر بێت کە خاوەنەکەی پێداویستییەکانی بداتێو لەبەرامبەریشدا ئارەزووەکانی پێ تێربکات. هەمووشمان دەزانین کۆمەڵگەیەک کە نیوەی ژنە، ئەگەر ئەو نیوەیە بێکار بێت چارەنووسی بەکوێ دەگات.

٣- مافی هەڵبژاردنی هاوبەشی ژیان: لەئاراستەی گشتی شەرعی ئیسلامدا واهاتووە کە ژنو پیاو یەکسانن لەمافو ئەرکەکانیاندا، لەو مافانەش، مافی هەڵبژاردنی هاوسەرەکەیەتی، ئەو مافانە بۆ ئەوەیە کە هاوسەنگی لەهاوسەرگیرییەکەدا هەبێت وەک هاوسەنگی لەتەمەنو لەخوێندنو هاوسەنگی پلەو پایەی کۆمەڵایەتی، بەڵام هاوسەرگیری سەپێنراو بەسەر کچێکی بچکۆلانە لەگەڵ پیاوێکی بەساڵاچوودا لەرێکەوتنێکی ماددی نێوان کەسوکاری کچەکەو بەساڵاچووەکە، یان بەهۆی هاوپەیمانی نێوان کەسە زاڵەکانی ناو خێزانەوە بێت وەک مستەفا حیجازی دەڵێت، ئەم جۆرە هاوسەرگیرییانە قەوارەی مرۆیی کچەکە لەدەست دەدات، چونکە لەبوونەوەرێکی خاوەن سۆزو ئارەزووەوە دەیکات بەئامرازێک کە پلەو پایەی کۆمەڵایەتی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە وەک ئامرازێک دانی پێدابنێن، بەڵام دانپێدانانێکی مەرجدار، چونکە ئەو کچە وەک ئامرازێک بۆ رێکەوتنی نیچوان هەردوو خێزانەکە دانی پێدا دەنرێت، هەروەها ئامرازێکە بۆ چێژبەخشین بەپیاو، ئامرازێکیشە بۆ وەچە خستنەوە، ئەو هاوشانو هاوبەشی مێردەکەیو خاوەنی بڕیار نییە لەژیانی ژنو مێردایەتیدا.

## ئەرکەکانی ژن: گرنگترین ئەو ئەرکانەی خراونەتە ئەستۆی ژن ئەمانەن:

١- زانینی پەروەردە: لەکۆمەڵگەی ئێمەدا دەمانەوێ ژن بەباشی منداڵ پەروەردە بکات، چونکە ئەو شێوازی پەروەردەی منداڵەکە داهاتووی بەباش یان بەخراپ دەستنیشان دەکات بۆ کۆمەڵگە. بۆ نموونە منداڵ لەکۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا، هەر کە چاوی بەدنیا هەڵهێنا، بەگۆرانییەکی خۆش نەبێت نانوێ، هەر کە پێی گرت دایکی دەیخانە عارەبانەیەکەوەو دەیبات بۆ باخچەکان، لەبەرئەوە چاوی تەنها سروشتی جوان دەبینێت، بەئاسمانو باخچەو جۆگەکانییەوە. هێشتا بەتەواوی فامی نەکردۆتەوە کتێبی دەخرێتە بەردەست، لەو کتێبانەی قسەو نووسینی تێدا نییەو تەنها وێنەی جوانو رەنگاورەنگی باڵندەو ئاژەڵو بوونەوەرەکانو سروشتی پڕ لەرووناکیو دڵفرێنی تێدایە، لەبەرئەوە هەست بەجوانی وێنە دەکات پێش ئەوەی وشەی وێنە فێربێت، هارمۆنیای گۆرانی دەناسێت، پێش ئەوەی بزانێ گۆرانی چییە، هەست بەهاوڕێکیو گونجاوی بارودۆخەکەو رەنگەکان دەکات لەو دیاردانەی لەگەردوونەکەی لەدەروبەریدا هەیە، کاتێکیش فێری وشەو دەربڕینەکان دەبێت لەبارەی هەموو ئەو هەستانەوە، ئەو پێشتر لەرێگەی هەستەکانییەوە پەی بەجوانیی بردووە، تەنها ئەوە ماوە لەرێگەی عەقڵو لۆژیکەوە تێیان بگات، ئەویش کاری خوێندنگەو کتێبەکانە، چونکە تەنها هەست کردن بەو جوانییەی لە بوونەوەرەکانو شتەکاندا هەیە، هەنگاوێکی گەورەیە لە پێکهاتنی لایەنی رۆحیی منداڵدا. دوای هەموو ئەمانە دەتوانین بیهێنینە پێش چاوی خۆمان کە منداڵێک بەم جۆرە پەروەردە بکرێت، چی جۆرە کەسێتییەکی لێ دەردەچێت.

٢- دەستبەرداربوون لەڕوانینی پیاوانە: روانینی پیاوانە بۆ ژن لەلایەن پیاوەوە بێت، یان لەلایەن خودی ژنەوە، گەورەترین کۆسپی بەردەم ئازادیو پێشکەوتنی ژنە. روانینی پیاوانە بۆ ژن واتە، وا بیر لەژن بکرێتەوە کە لەشولارێکی جوانی هەیە تەنها بۆ چێژ بەخشین بەپیاوو وەچە خستنەوە دروست کراوەو ئیتر لایەنی مرۆیی ژنو قەوارەی کەسێتییەکەی هیچ بەهایەکی نییە. فەریدە ئەلنەقاش کە چالاکوانێکی بواری ژنان لەمیسر لەوبارەیەوە دەڵێ: تائێستاش زۆربەی کۆمەڵگە، بەتایبەت زۆربەی پیاوەکان، وا ژن دەبینن کە بوونەوەرێکی جیاوازە، نەک هەر ئەوەش، بەڵکو پێیان وایە لەعەقڵو رۆحو جەستەشدا کەمترە لەپیاو، لەبەرئەوە گومان لەتواناکانیو لێهاتوویی دەکرێت، جگە لەوە تائێستاش زۆرینەی ژنان خۆشیان ملکەچی ئەو بارودۆخە بوونو بەشتێکی سروشتی دەزانن.

٣- خوێندنەوەو رۆشنبیری: دەمانەوێ ژن رۆشنبیر بێت، زانیاری فراوانی هەبێت، لەخۆی تێ بگاتو لەکۆمەڵگەکەیو هەموو گەردوونیش تێ بگات، دەمانەوێ قسەکانی خۆش بنو وا لەگوێگر بکات رێزی لێ بگرێت، لەبەر خودی خۆی، نەکە لەبەر لەشولارەکەی، ئەمەش وا دەکات لەناو کۆمەڵگەدا پێگەیەکی بەرزی هەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی : ٤ی فێوریەی ٢٠١٥

# ژن لە مێژووی کوردستاندا لە زەمانی مادەکاندا
# ژنانی کورد دەستەلاتیان هەبووە



ئاریز ئەندەریاری



**کەسێیەتیەکدا ژنان و پیاوان لە دیرۆکی کوردستاندا خاوەن پێگەیەکی بەرانبەر بوون. لە ئایین زەردەشتی دا؛ هەر مرۆڤێک خاوەن زانست و ڕەوشتی باش بێت؛ شایەنی ڕێزە. بە پێی باوەڕییەکانی زەردەشتی؛ لە دەستپێکی ئافەرینشدا بە خواستی ئاهوورامەزدا؛ لە ڕۆژی میهر لە مانگی میهر دوو چووزە " ڕێواس"ی لێک ئالاو لە خاک سەریان دەرهێنا و شێوەی ئەو ڕێواسانە هێدی هێدی گۆڕدرا بە ڕۆخساری دوو مرۆڤ کە لە بالا و ڕۆخساردا هاوشێوەی یەکتر بوون؛ یەکیان نێر بە ناوی " مەشیە" و ئەویتریان مێ بە ناوی" مەشیانە".**

**لە کتێبی بۆندەهێشن (١) "Bundahishn" بەشی ١٥دا هاتووە: ئەوکات ئاهوورامەزدا کە پێشتر" گیان"ی ئافراندبوو خستیە لاشەی مەشیە و مەشیانە و گیانی پێیان بەخشی. و دوواتر بەوانی گوت: ئێوە دایک و باوکی خەڵکانی زەوینن. ئێوەم بە پاکی و تەواوەتی ئافراند. هەردووکتان هزری ڕوون و کرداری باشە بکەنە پیشە؛ خۆتان لە دێوەکان بەدوور بگرن. دوواتر مەشیە و مەشیانە لە جێی خۆیان**

کەوتنە جووڵە، و خۆیان شت، و یەکەم وتەیەک هاتە سەر زمانیان ئەوە بوو؛ "ئاهوورامەزدا تاقانەیە. ئەو ئافرێنەری مانگ و ڕۆژ و ئەستێرەکان و ئاسمان و ئاو و خاک و ڕۆەکە گیاندارەکانە". هەروەک لە ئایینی مەزدەیەسنی دا کە باوەڕیەکانی زەردەشتیەکان لەسەری بنیادنراوە ژن و پیاو هەردووکیان لە یەک ڕیشەوە دەڕوێن و پێکەوە لە زەوی سەر دەردێنن و بە شێوەیەکی هاوبەش گەشە دەکەن و ئاهوورامەزدا وەک یەک ناویان لێدەبات و ڕێنوێنی هاوبەشیان بۆ دیاری دەکات. ئەو دووانە دووای دانان بە تاقانە بوونی ئاهوورامەزدا ئەم وتانەیان هێنایە زمان: " هەرکامە لە ئێمە پێویستە ڕەزامەندی، دڵگەرمی و سۆز و خۆشەویستی بۆ ئەویتر فەراهەم بکات". لەم وتەیەدا دەردەکەوێت کە هیچ جیاوازی و هەڵاواردنێک نییە لە نێوان ژن و پیاو لە ئایینی زەردەشتی دا و هەروکیان لە ڕووانگەی ئافرێنەرەوە یەکسان و بەرانبەرن. کەسێیەتی ژن لە ئایینی زەردەشتی دا نە تەنیا لە دەستپێکی جیهان لەگەڵ پیاو بەرانبەرە لە کۆتاییشدا ژن و پیاو بەرانبەر و یەکسانن.

پێگەی ژنانی کورد لە کۆندا لەناو کۆمەڵگە زۆر باڵا بووە و ژن لە زۆربەی کاروبارەکانی ژیاندا هاوکاری پیاویان کردووە. بە پێی نووسینی کتێبی" ئەیرەنگستان" کە بە زمانی کوردی پەهلەوی نووسراوە، ژنان توانیویانە لە خوێندنەوەی یەسنا و بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی ئایینی بەشداری بکەن یان خۆیان بە تەنیا هەستن بە ئەنجامدانی ئەو ڕێوڕەسمانە. تەنانەت توانیویانە لە هەندێک کاتی دیاریکراودا پاسەوانی لە ئاگری پیرۆز بکەن و بە پێی کتێبی"ماتیگان هەزاردستان" (٢) "Matigan-i Hazar Datistan" کاری پارێزەریان کردووە.

پێگەی ژن چ لە دەورانی کۆن و چ لە کاتی زەردەشت و دووای ئەویش لە کۆمەڵگەکانی کوردەستاندا لە ئاستی ڕێز و حۆرمەت دا بووە. بەڵام بە دەرکەوتنی زەردەشت و چاکسازییەکانی و بەو پێیەی لە ئاڤێستا دا هاتووە ژن بوو بە خاوەن پێگەیەکی بەرانبەر لەگەڵ پیان لە کۆمەڵگەدا و بە ئاستی پیاوان کاریگەریان هەبووە.

سەبارەت بە ئازادی لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا گرنگترین بەڵگە ڕەفتاری خودی زەردەشتە لەگەڵ کچکە بچووکەکەی "پوورچیستا". لە یەسنای ٥٣ی بەندی ٣دا زەردەشت بە کچەکەی دەڵێت:

پوورچیستا من "جاماسپ" کە پیاوێکی ژیر و زانایە وەک هاوسەری تۆ دەستنیشان دەکەم؛ تۆ بە پێی هزر و ژیری خۆت بڕیار بدە بۆ ئەو یەکە کە ڕازیت یا نە؟

لەبەندی ٥ی گوتەکانی( گاتا) زەردەشتدا ڕوو لە سەرجەم کوڕان و کچانی گەنج دەڵێت: " ئەی کچانەی دەم بەخت و ئەی ئەو کوڕانەی بە نیازی پرۆسەی هاوسەرگیرین ئامۆژگاریتان دەکەم و ئەم پەندەم لەبیر نەکەن ڕەفتاری پێبکەن تا لە ژیاندا بەختەوەر بن. هەر کام لە ئێوە پێویستە لە ژیانی هاوسەرگیری و خۆشەویستی و پاکی و چاکەدا لەوانیتر پێشی بگرن، چونکوو تەنیا بەمشێوەیە دەتوانن ژیانێکی پڕ لەبەختەوەری دەستەبەر بکەن.

بە پێی دەقەکانی ئاڤێستا ئاهوورامەزدا هەم ڕوانگەی دایکی هەیە و دەم باوکی.

سەرچاوە
Serchawe

گەورەیی پێگەی ژن لە ئایینی زەردەشتی دا لێرەوە دەرکەوێت کە لە حەوت ئەمشاسپەندی ئایینی زەردەشتی، سێ ئەمشاسپەند وەک نێرینە و سێ ئەمشاسپەندی تر وەک مێینە و ئەویتریان نە نێرینیە نە مێینە ناویان لێبراوە کە بریتین لە:

ئەمشاسپەندی یەکەم هۆرموز بەمانای سەروەری زانا

**سێ ئەمشاسپەندی نێرینە بریتین لە:**

**یەکەم**: وهوومەن یان بەهمەن بە مانای ژیری
**دووەم**: ئەشاوەهیشتا یان ئۆردیبەهشت بە مانای ڕاستی
**سێیەم**: خشتروییریە یان شەهریوەر بە مانای بەهێزی

**هەروەها سێ ئەمشاسپەندی تر کە مێینەن بریتین لە:**

**چووارەم**: سپێندرامۆزد یان ئێسفەند بە مانای ئەوین وپاکی
**پێنجەم**: ئۆروتات یان خۆرداد بە مانای پێگەیشتوویی
**شەشەم**: ئۆمرتات یان ئەمۆرداد بەمانای نەمری

بە پێی دەقە پەهلەویەکان "میهر" یەکێک لە ئیزەدەکان مێ بووە کە بە شێوەی ژنی میهر هەبووە و دوواتر هێمای پیاوانەی پەیدا کردووە.

بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە مافەکان ژن و پیاو پێویستە گرنگیەکی زۆر بدرێتە گوتەکانی(گاتا) زەردەشت و شرۆڤەیان بۆ بکرێت و لە هەرچەشنە هەوڵدانێک بۆ دەربڕینی بۆچوونە کەسییەکان خۆمان بەدوور بگرین. زەردەست لە گوتەکانیدا ژن و پیاو بە شێوەیەکی هاوتەریب بە مۆخاتەب دەگرێت و لە هەندێک لە گوتەکانیدا لە پێشدا بانگ لە ژنان دەکات. بۆ وێنە لە بەندی ١٠ی یەسنای ٤٦دا هاتووە:

" ئەی خۆدای زانا، لەگەڵ ئەو ژنان و پیاوانەی لەم جیهانەدا بۆ ئەو فەرمانانەی تۆ داتناوە هەنگاو دەنین و لەگەڵ ئەوان لە سنوورەکانی ڕزگاری دەرباز دەبم". (٣)
یان ئەم وتەی دەستپێکی نوێژی "یێنگە هاتام"(Yenghe Hàtàm) لە یەسنای ٢٧دا:

یێنگە هاتام(Yenghe Hàtàm) : واتە بەیانی ئاهوورامەزدا ئاگای لەو ژنان و پیاوانە دەبێت ستایشی ئەو دەکەن، سڵاو ئاراستەی ئەو ژن و پیاوانە دەکەین بە هۆی دروستکاری و ئیمانداریان. یێنگە هاتام ئاماژە بە بەرابەر بوونی ژن و پیاو لە ئایینی زەردەشتی دا دەکات و هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە تەنیا باشی و یارمەتیدان کەسانیترە کە دەتوانێت ببێتە هۆکاری لەپێش بوونی مرۆڤەکان نەک پیاو یان ژن بوونی ئەو مرۆڤە.

**Yenghe . Hàtàm. Aat .yesne .paiti .vangho…**
**Mazdà . Ahuro . vaethà . ashàt . hachà…**
**Yàonghàm-chà tàns-chà tàos-chà yazamaide.**
**Anahita**




**بێگومان ئاهوورامەزدا ئەو ژن و پیاوانەی لە ڕووی راستیەوە کار دەکەن لە بەرانبەر پەرستش و خزمەتەکانیان باشتر دەناسێت. ئێمەش ستایشی ئاوەها ژن و پیاوگەلێک دەکەین.**

**یان لە یەسنای ٢٩ بەندی ٣ دا هاتووە:**

**ئێستا ستایشتی گیانی پیاوان و ژنانی پاک دەکەم کە بۆ سەرخستنی ڕاستی لە تێکۆشاندان و بەردەوام دەبن لە تێکۆشان.**

**لە یەسنای ٤١ بەندی ٢ بەشێوەیەکی زۆر ئاشکرا باس لە بەرابەری تەواوی مافی ژن و پیاو لە هەردوو جیهانی ماددی و مینەوەی دەکات بەمشێوەیە:**

**دەبێت کە فەرمانڕەوای باش جا پیاو بێت یان ژن لە هەردوو ژیاندا فەرمانڕەوای ئێمە بکات.**

**٨ی مارچ**

کەواتە ژنان نە تەنیا لە بەردەم خۆدا بەرابەرن لەگەڵ پیاوان، بەڵکوو لە بواری ڕابەرایەتی کردندا چ لە جیهان مادی چ لە جیهانی مینەوەی خاوەن پێگەیەکی یەکسانن.

بەرپرسیاریەتی ژنان لە بڵاوە پێکردنی زانستدا هەر وەک پیاوانە؛ لە یەسنا ٣٥ بەندی ١٦دا هاتووە:

ئەو شتەی ژن یان پیاوێک بە ڕاست و باسی دەزانێت، نەک تەنیا پێویستە بەکاری بێنێت بەڵکوو ئەرکی سەرشانیەتی تا کەسانیتریش ئاگادار بکاتەوە بە مەبەستی بەکار هێنانیان.
ئەمە لەکاتێکدا لە یونان، ڕۆما،چین، سومەر، بابل، هێند و میسری کۆندا؛ ژنان خاوەن مافی کۆمەڵایەتی نەبوون و لە ناو ماڵ و کۆمەڵگەدا خاوەن مافێکی ئەوتۆ نەبوون و بەردەوام پاشکۆی پیاو بوون بەڵام لە دیرۆکی کۆنی کوردانەدا دەردەکەوێت کە ژنان هاوتەریبی پیاوان لەسەرجەم مافە کۆمەڵەیەتیەکان بەهرەمەند بوون.

لە یونانی کۆن کە لانکی ئازادی شارستانیەتی مرۆڤ ناسراوە ژن هیچ پێگەیەکی نەبووە، لە ماڵی باوک و لە ماڵی هاوسەر وەک کۆیلە و خزمەتکارێک بووە. باوک لە کاتی بەشوودانیدا هیچ بایەخێکی بۆ ڕای کچ دانەناوە و وەک باو بووە هیچ کچێک مافی ئەوەی نەبوو لە چارەنووسی خۆیدا بڕیاردەر بێت. لە هیندوستان و میسر وزۆرێکتر لە هەرێمەکانیتر پێگەی ژن هاوشێوە بووە.

بەڵام بەسەرنجدان بە بەشێکی زۆر لە گوتەکان(گاتا) و پەیڤەکانی زەردەشت کە بەیادگار بۆمان ماوەتەوە و کۆنترین بەشی گوتەکانی پێغەمبەر زەردەشتە؛ بە روونی ئەندیشە و بۆچوونەکانی سەبارەت بە هاوسەرگیری و ئیرادە و ئازادی کچان لە هەڵبژراندی هاوژینی خۆیان دەردەکەوێت.
ئیرادەی ژنان و کچان چ تا ئەو کاتە لە ماڵی باوک بوون و چ کاتێک ژیانی هاوسەرگیریان پێکهێناوە سەربەخۆ بووە و لە رووی ژیری و ڕاستیییەکانەوە توواناى ئەوەیان بووە راستی خۆیان بسەپێنن.



لە ئایینی زەردەشتی دا ڕۆژێک لە پاڵ ڕێوڕەسم و جەژنەکانیتر ڕۆژێکیش لە ساڵدا بە ناوی ڕۆژی ژن دەستنیشانکراوە؛ جەژنی ئێسفەندگان ( ڕەشەمە) یان "جەژنی ڕۆژی ژنان" ڕۆژی سپەندارمز لە مانگی ئێسفەند کە دەکاتە ٢٠ی مانگی ڕەشەمە ئەم جەژنە بەڕێوە دەچێت.

ئێسفەند یان سپەندارمز لە ئاڤێستا وەک" سپەنتە ئارمەیتی" هاتووە، بە مانای لەخۆبوردوویی و خۆڕاگری. سپەنتە ئارمەیتی ناوی یەکێکە لە ئامشاسپەندان. ئامشاسپەند سپەنتە ئارمەیتی ڕۆڵی پاسەوانی زەمینە و بەو پێیەی کە زەمین وەک ژنان لە ژیانی مرۆڤەکاندا ڕۆڵی زاووزێ و بەردانە، جەژنی ئێسفەندگان بۆ ڕێزگرتن لە ژنان بەڕێوە چووە. لە ڕابردوودا لەو ڕۆژەدا ژنانی کورد جل و بەرگی نوێیان لەبەر کردووە و لە لایەن کۆمەڵگەوە ڕێزیان لێگیراوە و لە لایەن هاوژینەکانیانەوە خەڵات کراون، ژنان لەو ڕۆژەدا هیچ چەشنە کارێک ئەنجام نادەن و پیاوان و کوڕەکانیان کارەکانیان بۆ رادەپەڕێنن. ئێستاکەش زەردەشتیەکان ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژی ژن و دایکی زەردەشتی ناودێر دەکەن.

**Taqe Bostan – High-relief of Anahita, Khosro II, Ahura Mazda**

بە پێی یاساکانی هاوسەرگیری لە ئایینی زەردەشتی دا لە یەک کاتدا ژن یان پیاو تەنیا دەتوانێت هاوسەرێکی هەبێت و هاوسەرگیری بە شێوەی کاتی بوونی نییە و ئەو پرۆسەیە هەمیشەیی و تا کۆتایی ژیانە. مەگەر بە هۆکارێکی دیاریکراوە کە لە ئایین نامەی باری کەسیەتی زەردەشتیەکاندا ئاماژەی پێکرابێت.

هەروەها هاوسەرگیری پێش گەیشتنە تەمەنی یاسایی(بلووغ) وەک کارێکی ناشیاو زانراوە و باوک و دایک ئەرکدار کراون کە گوشار نەخەنە سەر منداڵەکانیان بۆ هاوسەرگیری و بە پێچەوانەوە ئەوە تاوانبارن. لە گوتەکانی زەردەشت دا ئاماژە کراوە بە ئازادی ژنان و پارێزراوی مافەکانیان بە تایبەتی مافی سەربەخۆیی ئیرادە و پێداگری لەسەر ئازادی هەڵبژاردن کراوەتەوە.

لە دیرۆکی کوردان دا پرۆسەی هاوسەرگیری تەنیا بەمەبەستی جەستەیی و ڕەگەزی (Gender) نەبووە. بەڵکوو ئامانجێکی باڵا هەبووە لەوکارە. ئەو ئامانجە فەراهەم کردنی بواری پێشکەوتنی مەعنەوەی و سەرخستنی چاکە بووە بەسەر خراپیدا. کەوابوو هاوسەرگیری لە ئایینی زەردەشتی دا کردەوەیەکی پیرۆزە و جێی ڕێزە و لە هەرچەشنە سووکایەتی و هەڵاواردن و نابەرابەریەک بەدوورە.

جمیز دارمستەتەر(٤) "James Darmesteter" سەبارەت بە سەردەمی ساسانیەکان دەڵێت: ئەو سەردەمە نە تەنیا لە مێژووی ساسانیان بەڵکوو لە مێژووی دنیادا خاوەن گرنگیەکی تایبەتە. بە گوێرەی کارنامەی ئەردەشێر بابەکان (٥) کەسایەتی ژن لە هەمان دەستپێکی دەسەڵاتداری ساسانیان ڕێزی لێگیراوە؛ و هیچ کەس تەنانەت پاشا نەیتوانیوە بە خواستی خۆی ژنێک ئازار بدات یان سووکایەتی پێبکات. دایکی شاپووری دووەم نزیکەی ٢٠ ساڵ پێش هاتنە دنیای کوڕەکەی واتە شاپوور تا کاتێک ئەو گەشتە تەمەنی یاسایی؛ کاروباری دەسەڵاتداری لەگەڵ مووبەدەکان بەڕێوە بردووە.

کریستیان بارتولومە (٦) "Christian Bartholomae" ڕۆژهەڵات ناسی ئاڵمانی لە پرتووکی" مافی ژن لەسەردەم ساسانی" دەڵێت: کچ لەهەڵبژاردنی هاوسەر دا ئازاد بووە و ناچار نەکراوە مێرد بە پیاوێک بکات کە باوکی پێشنیاری بکات و باوکیش مافی ئەوەی نەبووە کە کچەکەی لە میرات بێبەش بکات یان سزایەکیتری بۆ دیاری بکات.

لە بەشی ١٩ی پرتووکی ماتیگان هەزار دەستان لە بەندەکانی ٣ و ٤ دا هاتووە: ناتوانرێت کچان ناچار بکرێن بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری

یان لە بەندی ٢٩ لە بەشی ٢٨ی هەمان پرتووک دا هاتووە: کچان و کوڕان لە دانەوەی قەرز باوک و دایکی کۆچکردوویان شەریکن.

**بە پێی یاساکانی ئاڤێستا (٧)**

١. ژن مافی موڵکداری هەبووە و توانیویەتی سامانی خۆی سەربەخو بەڕێوە ببات.

٢. ژن توانیویەتی سەرپەرەشتی بنەماڵە بێت و مافی پەروەردەی منداڵەکانی هەبووە

٣. ژن توانیویەتی بە پێی یاسا بە جێی هاوسەرەکەی لە دادگاکاندا بەشداری بکات و بە ناوی هاوسەرەوە بەرگری بکات( لەئەگەری نەخۆشی هاسەردا)

٤. ژن مافی ئەوەی هەبووە لای دادوەر شکات لە هاوسەرەکەی بکات و داوای سزادانی بکات.

٥. پیاو مافی ئەوەی نەبووە بێ ڕەزامەندی ژنەکەی، کچەکەی بە شوو بدات

٦. لە دادگا شایەتی دانی ژن فەرمی بووە.

٧. ژن مافی هەبووە ببێتە دادوەر یان پارێزەر.

٨. ژن توانیویەتی وەک خاوەن میرات وەسیەت بکات بۆ سەرجەم سەروەت و سامانی خۆی.

هەر دوو ئیزەد میترا و ئاناهیتا، پێش هاتنی ئایینی زەردەشتی لە ئیزەدە بەهێزەکانی کوردان لەسەردەمی پێش زەردەشت دا بوون و دواتریش بە هۆی ئەو ڕێز و پێگە جەماوەریەی هەیانبووە لە لایەن باوەڕمەندانی زەدەشتی قبووڵ ئەکرێن و وەکوو دوو ڕۆخساری شایستەی ڕێز و حۆرمەت لە پانتایی ئایینی زەردەشت دا جێیان بۆ تەرخان دەکرێت. کەوابوو تەنیا ڕێز بۆ ژنە دەبێتە هۆکاری ئەوەی میترا و ئاناهیتا لە ناو ئایینی زەردەشتی دا جێگیر بین.

دووای زەردەشت بە هۆکارگەلێکی زۆر لە سەردەمی ساسانیەکان ئەو هاوسەنگیە تێکچوو و پێگەی کۆمەڵایەتی ژن و مافەکانیان بەرەو هەڵدێر چوو و بەداخەوە چیتر ژنان ئەو پێگەی پێشڕەوییەی خۆیان نەماو، هەرچەندە لەسەردەمی ساسانیەکاندا دوو ژن وەک شای ساسانی دەسەڵاتیان گرتە دەست. بەڵام لەو سەردەمە بەدوواوە تا ئێستا ژن لە کوردستان نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی ئەو پێگەیەی کە پێش ساسانیەکان هەیبو.

بە ئاوڕدانەوەیەک لە دیرۆکی کورد و ئەو داب و نەریتانەی لە کوردستان جێگیر بوون، دەردەکەوێت پێگەی ژنی کورد لە بە درێژایی مێژوو، پێگەیەکی جێی ڕێز بووە و پاش هاتنی بیر و ئایدیای دەرەکی و کۆبوونەوەی دەسەڵاتدا لە ناوەندەکانی دەسەڵاتدا پێگەی ژن لەو هەرێمانەی کوردی تێدا ژیاوە لاواز بووە و پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و بووەتە پاشکۆی دەسەڵاتداران و بیرە دەرەکیەکان.

نووسین و لێکۆڵینەوە: ئارێز ئەندەریاری arezandaryari@gmail.com

**Refrenc**

٨ی مارچ

(١) "Bundahishn" بۆندەهێشن کتێبێک بە زاراوەی کوردی فەیلی یان پەهلەوی لە لایەن" فەڕنبەغ" نووسراوەتەوە.

(٢) "Matigan-i Hazar Datistan " پرتووکی ماتیگان هەزار دەستان بە زاراوەی کوردی فەیلی لەسەر پرسی دادوەری سەردەمی ساسانیەکان نووسراوەتەوە.

(٣) توێژینەوەیەک لەسەر( نوێژ – Pray ) لەیەکەم ئاپینی تاک خودایدا – زەردەشتیی – لێکۆڵینەوە و نووسین – ئاریز ئەندەریاری

(٤) "James Darmesteter" جمیز دارمستەتەر لێکۆڵەوەر و ئارکۆلۆگی فەرانسەیی لە ساڵی ١٨٩٢-سێ وەرگێڕاوی بە شرۆڤەی خۆی لە زەند ئاڤێستا بڵاو کردەوە.

(٥) پرتوکی کارنامەی ئەردەشێر بابەکان بە زاراوەی کوردی فەیلی یان پەهلەوی لەسەردەمی ساسانیەکان دا نووسراوەتەوە


(٦) پرتووکی ژن لە مافەکانی ساسانی دا نووسینی" Christian Bartholomae" کریستیان بارتولومە وەرگێڕانی پەرویز سائێعی

(٧) اوستا نامه مینوی آیین زرتشت- نگارش جلیل دوستخواه

azarmehr.eu/ku/?p=1310http://

سەرچاوە: ماڵپەڕی: دەزگای دۆستایەتی ئیسرائیل کورد

# چەند سەرنجێک لەسەر پێگەی ژن لە کۆماری کوردستان و هەڵوێستی سیاسەتمەداران




ئەحمەد ئەسکەندەری

گوتاری فیمینستی

کورد بەردەوام کۆماری کوردستانی ساڵی ١٩٤٦ لە مەهاباد بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەممەد وەکو لاپەڕەیەکی گەشی مێژووی خۆی سەیر دەکات. سەبارەت بە زەمینەی پێکهاتنی کۆمار، (کۆمەڵەی ژێ کاف) و دواتر دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و رووخانی کۆمار و هۆکارەکانی و هەروەها لە سێدارەدانی قازی محەممەد و برا و ئامۆزاکەی زۆر شت نووسراوە و لێکدانەوەی زۆر کراوە. کۆماری کوردستان سەرەڕای تەمەنی کورتی یازدەمانگەی دەسکەوتی زۆری بووە و ئەگەر بۆ نموونە بەراوردی ئەو یازدە مانگە بکەین لەگەڵ دەسەڵاتی کوردی لە هەرێمی کوردستان، ئەوسا گرینگی ئەو دەسکەوتانەمان بۆ دەردەکەوێت.

یەک لەو بوارانەی کە کۆمار بە تایبەتی سەرنجی دایە، بارودۆخی ژنان بوو. لە رۆژنامەی 'کوردستان' ژمارە یەک ١١ - ١ - ١٩٤٦ دا هاتووە: "لەسەر ئەمری پێشەوای موعەظەم و قەراری حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەوەی بەولاوە پێویستە بۆ پەرەپێدان و رەواجی زمانی کوردی، خوێندن لە مەدرەسەکاندا بە کوردییە. لەو تاریخەوە تا ١٠ رۆژی دیکە هەرکەسێک کوڕ و کچی هەبێت کە عومری ئیقتیضای خوێندن بکا دەبێ بنێرێتە مەدرەسە. ئەڵبەتە هەرکەس لەو ئەمرە ڕوو وەرگێڕێ بە توندترین موجازات تەنبێ دەکرێ".

حاجی قادری کۆیی نزیکەی سەدو بیست ساڵ پێش ئێستا بانگەوازی ئەوەی کردووە کە بە منداڵەکانتان و لەوانە بە کچەکانتان بخوێنن. بڕیارەکەی سەرەک کۆمار قازی محەممەد زیاتر لە پەنجا ساڵ پاش حاجی قادر و نزیکەی پەنجا ساڵ پێش دامەزراندنی پەرلەمان و حکوومەتی کوردستان لە باشوور دراوە.

سێ بەشی ئەم بڕیارە جێگای سەرنجە؛

**یەکەم**: خوێندن بە زمانی کوردی،

**دووهەم**: ئیجباری بوونی خوێندن بۆ کوڕان و کچان.

**سێهەم**: ئەوەی کە هەرکەس لەژێر ئەم بڕیارە دەرچێت "بە توندترین موجازات تەنبێ دەکرێ.

"بڕیاردەری ئەم یاسایە زۆر بە پەرۆشی خوێندن بە منداڵان بووە بەگشتی و بە کچان بەتایبەتی. هەروەها ئاگاداری بارودۆخی ئەوسەردەمەی کوردستان بووە کە زۆر دایک و باوک منداڵەکانیان و بەتایبەت کچەکانیان نەدەنارد بۆ خوێندن. هەربۆیە لە دوای دەرچوونی ئەم بڕیارەوە ئەم کارەیان بە تاوان داناوە. بەڵگە لەبەردەستدا نییە بۆ ئەوەی بزانین لەو ماوە کەمەدا و لەو بەشەی کوردستان کە لەژێر دەسەڵاتی کۆماردا بووە، تاچەندە ئەم بڕیارە برەوی هەبووە.

ڕۆژنامەی 'کوردستان'ی ژمارە ٢٤ باس لە کردنەوەی یەکەمین خوێندنگەی کچان لە شاری شنۆ دەکات. لەراپۆرتێکدا سەبارەت بەم خوێندنگەیەکە لەلایەن حەسەن کاظمی بەرێوەبەری خوێندنگەکەوە نووسراوە، هاتووەکە `پێویستە هەموو خەڵکی شار سپاسی ڕێبەری ح.د.ک. بکەن بۆئەم خزمەتەگەورەیەو بەخۆشیو مەیلەوە کچەکانیان بنێرن بۆ ئەم خوێندنگەیە`.

لێرەدا سەرنجێک بۆ سەر ڕێژەی خوێندەواری لە باشووری کوردستان و بەتایبەت لەناو مێینەدا زۆر پێویستە. ئەگەر شەست و پێنج ساڵ پێش ئێستا بڕیارێکی وەها لەلایەن سەرەک کۆماری کوردستانەوە دەرچووبێت، دەبوو بارو دۆخەکە لەمەڕ نەخوێندەواری لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی کوردیدا زۆر زیاتر لەوەی کە هەیە بەرەوپێش چووبێت.

بەپێی ئاماری یونێسکۆ **UNESCO** لە ساڵی ٢٠٠٧دا ٢٤% ژنان و ١١% پیاوان لە عێراق نەخوێندەواربوون و بەداخەوە سێ پارێزگای هەولێر، دهۆک و سلێمانی لەو پارێزگایانەن کە زۆرترین ڕێژەی نەخوێندەوارییان تێدایە. هەروەها بەپێی ئاماری حکوومەتی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٩دا کە یونێسکۆ بڵاوی کردووەتەوە، لە هەرپێنج منداڵ لە عێراق یەکیان ناچێتە خوێندنگە.

تەنها چوونە خوێندنگەیش بە واتای خوێندەواری نییە. ئاماری فەندی منداڵانی نەتەوەیەکگرتووەکان دەریدەخات کە تەنها ٥٥%ی مێینەی نێوان ١٤ هەتا ٢٤ساڵ کە بەپێی ڕاپۆرتەکان چوونەتە خوێندنگە خوێندەواربوون! هۆی نەچوونە خوێندنگەیش سەرنجڕاکێشە: ٥٠%ی نەچوونی کچانی گەنج بەهۆی نەهێشتنی دایک و باوکەوە بووە و ئەم ڕێژەیە ١٥% ە بۆ کوڕان. هەروەها ١٦%ی کچان بەبۆنەی هەژارییەوە نەیانتوانییە بچنە خوێندنگە و ئەم ڕێژەیە بۆ کوڕان ٢٨% ە.

بۆ دەستخستنی ئامارێکی ورد لەلایەن کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێمەوە لە کوردستان دوو لێدوان لەلایەن "بەڕێوەبەری فێرکردنی نائاسایی وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان" وە هەیە کە بەداخەوە گومان دەخاتە سەر ڕاستبوونی ئامارەکە. ئەم بەرپرسە ڕۆژی ١ - ١١ - ٢٠٠٩بە ڕۆژنامەی هەولێر ئەڵێ ڕێژەی نەخوێندەواری لە کوردستان دابەزیووە بۆ ١٤%. بەڵام نزیکەی یازدە مانگ

دواتر واتە ٢٢ - ٨ - ٢٠١٠ بە هەمان رۆژنامە ئەڵێت رێژەیی نەخوێندەواری لە کوردستان بۆ ١٨% نزم بووەوە! ئەم ئامارەی دوایی لەلایەن وەزیری پەروەردەیشەوە دووپات کراوەتەوە. گومان لەوەدا نییە کە هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی خوێندەواری لەناو خەڵکدا بەگشتی و لەناو کچان و ژناندا بەتایبەتی یارمەتیدەرە بۆ پێشخستنی دۆخی ژنان لە کوردستان.

سەبارەت بە بەشداری سیاسی ژنان لە کۆماری کوردستان پێویستە بگوترێت کە کەمتر لە دوو مانگ پاش دامەزراندنی کۆمار، 'حیزبی دیموکراتی ژنانی کوردستان' دادەمەزرێت. ئەم رێکخراوەیە لە ژمارەکانی رۆژنامەی 'کوردستان'دا جاری وایش بووە بە 'یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان' ناوی براوە. ڕاستە لەبالاترین ئاستدا و لەلایەن خودی سەرەک کۆمارەوە پشتگیری لە ژنان کراوە، بەڵام بەداخەوە ئەمە ناگەیەنێت کە بەگشتی دۆخی ژنان و پێگەی ژن لە کۆمەڵگەی ئەو کاتدا بەرەوپێشچوونێکی ئەوتۆی بەخۆوە بینیبێت. هەرچەند (مینا خانم) هاوسەری پێشەوا قازی محمەد و ژمارەیەک لە هاوسەرانی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات چالاک بوون، سەرەڕای ئەوەش ژنان لە شوێنی گرینگی بڕیارداندا نەبوون و سیستەمی سیاسی بەتەواوی پیاوانە بووە.

مافی دەنگدان بۆ ژنان هەر هەمان ساڵی ١٩٤٦ لە کۆماری ئازەربایجانی دراوسێدا بە ڕەسمی ناسراوە. لە کۆماری کوردستان هەرچەند کە باسی دەنگدان نەهاتە ئاراوە، بەڵام سەرەک کۆمار لەگەڵ ئەوەدابوو کە مافی دەنگدانی گشتی بدرێت. لەکونفرانسێکی رۆژنامەوانیدا لە قازیمحەممەد پرسیارکرا `حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان مافی دەنگدانی لە هەڵبژاردنەکاندا داوە بەژنان، ئایا ئێوەش ئەمکارەتان کردووە؟` وەڵامەکە ئاوابوو، `هەرچەند ئێمە ئەم هەنگاوەی ئازەربایجان بە ئەرێنی هەڵدەسەنگێنین بەڵام دەبێ ئاگادارتانبکەمەوە کە ئێمە نەمانتوانیوە ئەم سەرکەوتنە بەدەستبێنین.' لەم هەڵوێستەیشدا دەبینین کە سەرۆکی کۆماری کوردستان چەندە گرینگی دەدات بە مافی دەنگدانی ژنان لە هەڵبژاردنەکاندا و ئەوە بە 'سەرکەوتنێک' دەزانێت بۆ کۆماری ئازەربایجان.

لە ئێران ساڵی ١٩٦٢ ژنان مافی دەنگدانیان بەدەست هێنا و لە عێراق ١٩٨٠. وەکوو بەراوردێک لە ئاستی جیهانیدا و هەڵسەنگاندن لەگەڵ وڵاتانی دەورووبەری کورد سەرنجێک لە نێوان ئێران و وڵاتی فینلاند لەجێی خۆیدایە. لە فینلاند ساڵی ١٩٠٦ مافی دەنگدان درا بە ژنان. ڕێک هەمان ساڵ لە ئێران شۆڕشی مەشرووتە بەرپا بوو کە ڕووداوێکی زۆر گرینگە لە مێژووی نوێی ئێراندا. لەو پەرلەمانەی کە بەناوی 'مجلس شورا' دامەزرا بەم شێوە باس لە ژنان و مافی دەنگدان دەکرێت: "ژنان، ئەوانەی لە دین دەرچوون، شێتەکان، خەڵکی بیانی، دز و بکوژ و سواڵکەران و ئەوانەی تەمەنیان لە خوار ٢٠ ساڵ بێت، مافی دەنگدانیان نییە!"

لەم سۆنگەوە سەرنجدان بە وتەکەی پێشەوا قازی محەممەد سەبارەت بە مافی دەنگدان بۆ ژنان و بڕیاری خوێندنی زۆرەملی بۆ کوڕان و کچان گرینگییەکی تایبەت پەیدا دەکات. وەها هەڵوێستێک لەو ساڵانەدا نیشانی ئەدات کە دەکرێت سەرکردەی وڵاتێک کە هێشتا بەتەواوی نەکەوتووەتە سەر بواری پێشکەوتن دەتوانێت ڕۆڵی گرینگی هەبێت لە گەشەپێدانی کۆمەڵگەکەیدا. قازی محەممەد ناکەوێتە هێنانەوەی بیانوو کە گوایە ئەوە جارێ زۆر زووە بۆ ئێمە و میللەتی ئێمە دواکەوتووە و وڵاتی ئێمە هێشتا زۆری ماوە بگاتە ئاستی وڵاتانی پێشڕەفتەی دونیا و یان ئەوەی بڵێت ئاخەر خۆ ئێمە موسوڵمانین و نابێت داب و نەریتی خۆمان ڕەچاونەکەین. لەم جۆرە بیانوو هێنانەوە بەداخەوە شەستوپێنج ساڵ پاش لەسێدارەدانی ئەو مرۆڤە زانا و بوێرو گەورەیە لە زۆر شوێن و لەلایەن زۆر سەرکردەی سیاسی کوردەوە دەبینرێت.

کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتی قازی محەممەد نەک هەر بۆ وەگەڕ خستنی ژنان لە بوارەکانی فێرکردن، فەرهەنگو ژیانی سیاسیدا، بەڵکوو لەبەر دامەزراندنی سیستەمی مودێرنی فێرکردن، دەزگای ڕاگەیاندنی مودێرن، ئەرتەشی میللی، سیستەمی باجوەرگرتن، سروودی میللی، ئاڵای میللی، زمانی میللی لە فۆرمەکانی دیکەی حکوومەتی پێش مودێرن جیادەکرێتەوە. سەرەڕای ئەوەش ناتوانین ئەو ڕاستییە نەبینین کە سیاسەتەکانی کۆماری کوردستان لە هەموو بوارەکاندا تایبەتمەندی پیاوانەی پێوەدیارە. لەلایەکی دیکەوە لەناو ئەو هەموو دوژمنە ناوەکی و دەرەکییە و لە هەلومەرجی هەستیاری پاش کۆتایی شەڕی جیهانی دووهەم و بە ڕەچاوکردنی ژێرخانی ئابووری وڵات و پێگەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی زۆربەی ڕێبەرانی کۆمار کە فیۆداڵ، سەرۆک عەشیرەت و خاوەن مڵک و سەرمایەی شاری بوون، بەربەستی زۆر لەسەر ڕێگایدا هەبوو و ماوەی حوکمڕانییەکەشی زۆر کورت بوو. ڕۆڵی کەسایەتییەکی وەکوو پێشەوا قازی محەممەد، هەرچەند زۆریش بەرجەستە بووبێت ناتوانێت موعجیزە بخولقێنێت.

**سەرچاوەکان**:


- کتێبی 'ژنانی میللەتێکی بێدەوڵەت: کوردەکان نووسیار: شەهرزاد موجاب (ئەم کتێبە بە زمانی ئینگلیزی نووووسراوە و لەژێر وەرگێڕاندایە بۆ زمانی کوردی)
- کتێبی 'کۆماری میللی مەهاباد'، مەحموود مەلا عیزەت
- کتێبی 'حکوومەتی کوردستان، کورد لە گەمەی سۆڤێتیدا' نەوشیروان مستەفا ئەمین

**•http://www.unesco.org/fileadmin/MULTIMEDIA/FIELD/Iraq/pdf/Literacy_Day_Factsheet_Sep8_EN.pdf**
**•http://www.hawler.in/more.php?id=9622**
**http://www.hawler.in/more.php?id=965 •**

# کورتە مێژوی ڕۆژی جیهانی ژنان




**شەماڵ علی**

ڕۆژی جیهانی ژنان لە سەردەمیکدا دەرکەوت کە ڕۆژگاری قەیرانی گەورەو هەڵچوونی کۆمەڵایەتی بوو، ئەم ڕۆژە لە ئامیزی جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی کرێکارانو خەباتی جەماوەری کرێکاران بۆ بەدیهێنانی ژیانێکی باشترو جیهانێکی باشتر لەدایک بوو. هەربۆیە ئەم ڕۆژە هەڵگری مانای گەورەی ناڕەزاییو خەباتی سیاسیە. هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لە وڵاتە پیشەسازیە گەورەکاندا ژنان بە ژمارەی زۆر هاتنە مەیدانی کارکردنو بوونە کارگەری بەکرێ. کاری ژنان تایبەت بوو، پیشەسازی ئەو سەردەمە شورەیەکی لە جیاکردنەوەو هەڵاواردنی جنسی بەسەر کرێکارانی ژندا داسەپاندبوو، کاری ژنان بە زۆری لە مەیدانی ڕستنو چنینو جلوبەرگ قەتیس هێڵرابوو،لەو سەردەمەدا ژنان تەنانەت لە چاو پیاوانی کرێکاریشدا، کرێیان لە خوارترو هەلومەرجی کارکردنیان دۆزەخی تر بوو.

بیرۆکەی کردنی ٨ی مارس بە ڕۆژی جیهانی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خۆپیشاندانەی کە ژنانی کرێکار لە نیویۆرک لەم ڕۆژەدا لە ساڵی ١٨٥٧ بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بەرانبەر هەلومەرجی کاریان بەڕێیان خست. ئەم خۆپیشاندانە کریکارانی جلوبەرگ ئەنجامیاندا کە لەگەڵ سەرکوتی پۆلیس ڕووبەڕوو بوو و بڵاوەی پێکرا. لە مانگی ئۆگۆستی ساڵی ١٩٠٧ بیرۆکەی خۆپیشاندانی ساڵانە بۆ داکۆکی لە ژنانی کرێکارو مافەکانی ژنان لە لایەن ڕابەرێکی سۆشیالیستی ژن، کلارا زیتکینەوە لە کۆبوونەوەیەکی گروپی ژنانی سۆشیالیستی سەر بە ئەنتەرناسیۆنالی دووەم پێشکەش کرا. ساڵی ١٩٠٨ ژنانی سۆشیالیستی ئەمریکا لە ٨ی مارسدا یەکەمین ڕۆژی ژنانیان بە خۆپیشاندانێکی فراوان ڕاگەیاند، ساڵی دوای ئەو، واتە ١٩٠٩ لە ٢٨ی فەبریوەریدا هەزاران ژن لە گەڕەکی مانهاتنی شاری نیویۆرک لەم ڕۆژەدا ڕێپێوانیان کرد. ئەم خۆپیشاندانە بە دوای مانگرتنێکی گەورەو شکۆداری کرێکارانی ژن لە نیویۆرکدا هات کە تیایدا زیاتر لە ٢٠ هەزار کرێکار دەستیان لەکار کێشایەوەو بۆ ماوەی زیاتر لە ١٤ هەفتە سەرەڕای گوشارو دەستگیرکردنو ڕاونان، مانگرتنەکە درێژەی پێدرا.

بیرۆکەی کلارا زیتکین لەگەڵ نیازی وەفدی ژنانی سۆشیالیستی ئەمریکا بۆ کۆنفرانسی ژنان کە لەلایەن ئەنتەرناسیۆناڵی دووەم لە کۆپنهاگن لە ساڵی ١٩١٠دا بەسترا یەکی گرتەوە. لەم کۆبوونەوەیەدا لەسەر پێشنیاری کلارا زیتکین بڕیاردرا کە هەموو ساڵێک لە هەموو وڵاتەکان لە ڕۆژێکی دیاریکراودا خۆپیشاندانو ئاکسیۆن بەڕێبخرێتو خواستەکانی ژنانی کرێکار لە ناو ئەوانەشدا مافی دەنگدان بۆ ژنانی

سەرچاوە
Serchawe

کرێکار بەرزبکرێتەوە، ئەم بڕیارە لە لایەن ١٠٠ هەڵسوڕاوی سۆشیالیستی ژن کە لە ١٧ وڵاتەوە هاتبوون پشتگیری کرا. ساڵی دوای ئەو، واتە ١٩١١ ڕۆژی ١٩ی مارس وەک ڕۆژی جیهانی ژنان لە وڵاتەکانی ئەڵمانیاو نەمساو سویسراو دانیمارک یاد کرایەوە. هەڵبژاردنی ئەم ڕۆژە بەو بۆنەیەوە بوو کە پاشای پروسیا (یەکێک لەو میرنشینانەی کە دواتر لە پاڵ چەند میرنشینی تر ئەڵمانیای لێ پێکهات) لە ساڵی ١٨٤٨ بەڵێنێکی بەجێنەهێنراوی بە ژنان دا کە مافی دەنگدانیان لە پەرلەماندا هەبێت.

چەند ڕۆژ دوای ئەو یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانی ژنان، ڕووداوێکی دڵتەزێنو لەیادنەچوو کێشەی ژنانی کرێکارو ڕابردووی خەباتو جووڵانەوەی ژنانی کرێکاری ئەمریکا هێندەی تر بەرجەستە کردەوەو خەباتی لەم مەیدانەدا چەند بەرابەر گەرمتر کرد. ئەو ڕووداوەش سووتانی ١٤٦ کرێکاری ژن لە کارگەی جلوبەرگی ترایەنگڵ بوو لە نیویۆرک.

ئەم ڕووداوە کە لە مێژووی شاری نیویۆرکدا هەتا ١١ی سەپتەمبەری ٢٠٠١، گەورەترینو تراجیکترین ڕووداوی شوێنی کار بوو. ڕۆژی ٢٥ی مارسی ساڵی ١٩١١ لە کارگەیەک کە هەموو شتێک تیایدا بۆ کارەسات ئامادە بوو، ڕووی دا. خاوەنکارانی ئەم کارگەیە ساڵێک لەوەوبەر بەدوای مانگرتنی سەرکەوتووانەی ناسراو بە ڕاپەڕینی ٢٠ هەزاریی ڕازی نەبوون کۆنتراکت لەگەڵ ئیتیحادیەی ژنانی کرێکاری جل و بەرگ ئیمزا بکەن. ناو ئەم کارگەیە پڕ بوو لە قوماش کە زۆر خێرا دەکرا گڕ بگرن، مەکینەکانی دروومان کە بەکاردەهێنران سەرچاوەیەکی مەترسی بەردەوامی پزیسکی کارەبایی سوتێنەر بوون، هەندێک لە کرێکارانو پاسەوانانی پیاوی ناو ئەم کارگەیە جگەرەیان دەکێشاو بۆ ڕووناکی لە زۆر شوێنی ئەم کارگەیەدا سوود لە لۆکس وەردەگیرا، خاوەنکارەکان بە ناو بۆ ڕێگاگرتن لە پاوسو پشووی مۆڵەت نەدراو دەرگاکانی بەشەکانی کارگەیان لەسەر کرێکارەکان دادەخستو بێدەربەستیەکی گەورەیان بۆ فەراهەمکردنی شوێنی دەربازبوون لە کاتی ئاگرکەوتنەوەدا، نیشاندابوو.

کاتێک ئاگر لە قاتی هەشتەمی کارگەکەدا کەوتبووەوە، قاتی دەهەم کە خاوەنکارەکانی لێبوونو کرێکارانی قاتی هەشتەم زوو ئاگاداری مەترسیەکە بوبوون، بەڵام ئاگاداریی پێویست بە کرێکارانی قاتی نۆهەم نەدرابوو، خاوەنکارەکانو بەشێک لە کارمەندەکان لە قاتی دەهەمەوە چووبوونە سەربانو دەرچوبوون، ئەوانەی قاتی هەشتیش فریای خۆدەربازکردن کەوتبوون، بەڵام کرێکاران لە قاتی نۆهەم بوون، یان لە نێو دوکەڵو بڵێسەی ئاگر گڵوکۆیان دامرکابوو، یاخود بە ناچار لە پەنجەرەکانەوە خۆیان هەڵدابووە خوارەوەو ٦٢ کەسیان بەم جۆرە گیانیان لە دەستدابوو. بە گشتی ١٤٦ کرێکار کە بەشی هەرەزۆریان کچۆڵەی کرێکاری کۆچکردوو بوون گیانیان لە دەستدا. هەفتەیەک دوای ئەم ڕووداوە لە نێوان ٨٠ - ١٠٠ هەزار کەس لە ڕێپێوانێکی ماتەمەینیو ناڕەزایەتی بە بۆنەی ئەم ڕووداوەوە لە شەقامەکانی نیویۆرک بەشدارییان کرد.

خاوەنکارانی ئەم کارگەیە، لە حاڵێکدا کە بێدەربەستیو بێباکیان بە ژیانی کرێکاران ئاشکرابوو، لە دادگای لە تۆمەتی قورس بێتاوانکرانو تەنها سزایەکی مالی زۆر کەم دران. بۆ هەر کرێکارێک کە گیانی لە دەست دابوو، ٧٥ دۆلار سزا دران کە دەبوو بیدەن بە کەسوکاری کرێکاران، بەڵام لە بەرامبەردا نزیکەی ٦٠ هەزار دۆلاریان لە بری خەسارەتی کارگەکەیان لە کۆمپانیای بیمە وەرگرت کە دەیکردە زیاتر لە ٤٠٠ دۆلار لە بەرامبەر هەر کرێکارێکی کوژراودا. شایانی باسە کە تا ئەمڕۆش ئاشکرا نەبووە کە ئایا ئاگرکەوتنەوەکە پێشهاتێکی نەخوازراو بووە، یاخود بە دەستی ئەنقەست کراوە.

سەرچاوە Serchawe

**٨ی مارچ**

ئەم ڕووداوە کێشەی ژنانی کرێکاری لە ئاستێکی زۆر فراواندا ناساندو سەرنجی ئێتیحادیە کریکاریەکانو ڕای گشتی بۆ بایەخدان بەم کێشەیە ڕاکێشا. لە دوای ئەو ڕووداوەوە هەموو ٨ ی مارسێک یادی ئەو کارەساتە جەرگبڕە دەکرێتەوە. ساڵی ١٩١٣ ڕۆژی جیهانی ژنانلە جیاتی ١٩ مارس گواسترایەوە بۆ ٨ ی مارسو لە گەلێک وڵاتی ئەوروپا ئەم ڕۆژە بە ڕێپێوانی گەورە یادکرایەوە، خواستی ڕێپێوانەکان لە پاڵ خواستە ئەسڵیەکانی ژنانی کرێکار خواستی ئاشتیو ڕیگاگرتن لە شەڕیشی بۆ زیادکرا. ئەم ڕێپێوانانە لەسەروو بەندی خۆئامادە کردنی دەوڵەتەکانو سوپاکانی سەرمایەدارانی دنیا بۆ شەڕ سازدرا، هەر بۆیە خەسڵەتی دژی جەنگو خواستی ئاشتی تیایدا زۆر بەرجەستە بوو.

ساڵی ٨ ی مارس ١٩١٧ لە ڕووسیا، کە بە پێی ڕۆژمێری کۆنی ڕوسیا (ڕۆژژمێری جولیانی) دەکەوتە دووایین یەکشەممەی مانگی شوباتو ڕێکەوتی ٢٣ ی مانگ بوو، ڕێپێوانیکی گەورەی ژنان لە شاری پیترسبۆرگ ئەنجامدرا. ئەم ڕێپێوانە کە بۆ داواکردنی مافی دەنگدانو خواستەکانی ژنانی کرێکار بوو لە بارودۆخیکی زۆر تایبەت بەڕێوە چوو، سەرماو برسێتی تەنگی بە خەڵک هەڵچنیبوو، تورەیی لە جەنگو درێژەکێشانی لە پاڵ ئەو بارودۆخەدا خەڵکی هێنابووە جۆشو خرۆش. هەربۆیە ڕێپێوانی ٨ی مارس بوە سەرەتای فراوانبوونەوەی ناڕەزایەتیەکانو سەرەنجام دوای هەفتەیەک تزار دەستبەسەر کراو دەسەلاتی لێ سەندرایەوە. بەم جۆرەش ٨ی مارسی ١٩١٧ لە ڕوسیا بووە یەکەمین هەنگاوی ئەو شۆڕشەی کە بە شۆرشی شوباتی ١٩١٧ ناسراوە، کە دواتر خودی ئەم شۆڕشەش بووە سەکۆی شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەر.

لە دوای شۆڕش بە هەوڵی ئەلکساندرا کۆلۆنتای کە یەکێک لە هەڵسوڕاوانی ناسراوی جووڵانەوەی ژنان بوو و یەکەمین وەزیری ژن بوو، دەسەلاتی سۆڤێتی لە ڕوسیا ٨ی مارسی وەک ڕۆژێکی پشووی ڕەسمی ڕاگەیاند، بەلام بە کردەوە لە ١٩٦٥ بە دواوە بووە ڕۆژی پشوو کارنەکردنی گشتی لە یەکێتی سۆڤیەتدا.
بە بۆنەی یادی ٥٠ ساڵەی ڕاگەیاندنی ڕۆژی جیهانی ژنان ساڵی ١٩٦٠ - ٧٢٩ نوینەر لە ٧٣ وڵاتەوە لە کۆپنهاگن کۆبوونەوەو لەم کۆنفرانسەدا ڕاگەیاندنێک بۆ پشتیوانیکردن لە مافە سیاسی، ئابووریو کۆمەلایەتیەکانی ژنان پەسەند کرا. لە ساڵی ١٩٧٥ کە وەک ساڵی جیهانی ژنان ڕاگەیەنرابوو، نەتەوە یەکگرتووەکان دەستی کرد بەوەی کە هەموو ساڵێک ٨ ی مارس وەک ڕۆژی جیهانی ژنان یادبکاتەوە. ئەمرۆ ٨ی مارس لە زۆربەی هەر زۆری وڵاتەکانی جیهان یاد دەکریتەوەو لەم ڕۆژەدا یان لە ڕۆژە پشووەکانی نزیک بەم ڕۆژە ڕێپێوانو خۆپیشاندانو کۆرو کۆبوونەوەی جۆربەجۆر بەرپا دەکرێت. بەلام ٨ ی مارس تەنها لە ٣٠ وڵاتی دنیا پشووی ڕەسمیە.

نزیکەی ١٠٠ ساڵ دوای ڕاگەیاندنی ٨ ی مارس هیشتا لەگەلێک جێگاو وڵاتی دنیادا ژنان بێبەشترین و ژێردەستەترین توێژەکانی کۆمەڵگاکان پیک دەهینن، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ژنان لەمرۆی دنیادا لە چاو ١٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا لە گەلێک مافو ئازادی بەهرەمەند بوونو لە هەندێک لە وولاتان یەکسانی تەواوی حقوقی و سیاسیان لەگەڵ پیاواندا بەدەستهێناوە.
ڕەووەندی ٨ ی مارس و میژووی جێکەوتنی ئەم ڕۆژە میژووی خەباتو بەرەنگاریی جووڵانەوەی کرێکاریی و ئازادیخوازیە. لە مانگرتنو ڕیپیوانی ژنانی کرێکارەوە لە سەدەو نیوێک لەمەوبەرەوە، بە قۆناغە گرنگەکانی وەک ڕووداوی ئاگرکەوتنەوەی ئەمریکاو خۆپیشاندانی ٨ی مارسی ١٩١٧، ٨ی مارس نیشانەو جێپەنجەی خەباتی شکۆداری کرێکاران و سۆشیالیستەکانە بە مێژو و فەرهەنگی بەشەریەتەوە.

ماڵپەری ڕێکخراوی کرێکاران - ڕێکەوتی : ٢٥ی فێبریریۆری ٢٠٠٩

# قسەیەک دەگەڵ ژنان و پیاوان لە سەر ٨ی مارس



**برایم جەهانگیری**

٨ی مارس رۆژی نێو نەتەویی ژنانە، هەر بۆیە جارێکی دیکە و لە سەپێکی ئەو کورتە سەرنجە دا ئەو رۆژی لە هەموو ژنانی جیهان بە تایبەتی ژنانی کوردستان پیرۆز بێ.

لەو ماوەیەی ڕابردوو دا زۆر جاران هەم لە لایەن پیاوان و هەم لە لایەن ژنانەوە بە تانەوە دەکوترێ و دەنووسرێ کە، زۆربەی پیاوان کە باوەڕیان بە مافی ژن نییە ئەو رۆژە پیرۆز بایی دەلێن و ئەوەش جۆرێک پۆز لێدانە. خۆ گومان لەوە دانیە هەر هەمووی ئەوانەی پیرۆزبایی ئەو رۆژە گرینگە دەکەن هەر لەماڵە خۆیاندا بە کردەوە سەلماندوویانە کە باوەڕیان بەو رۆژە نییە. بەڵام ئایا ئەوە تانەیەکی بەجێیە لەم رۆژە دا؟

رۆژی جیهانی ژن و مافی ژن و گەورەیی ژن وەک مرۆڤێکی بێ جیاوازی دەگەڵ پیاو لە یاسای زۆر ولاتی پێشکەوتووی جیهان دا چەسپاوە و بە کردەوەش ئەو باوەڕە چۆتە ناو خوێن و دەماری کۆمەڵگا. نەک ئەوەی کۆمەڵگا خێری پێ کردبن، بەڵکوو لەو ولاتانە دەرفەت و ئیمکانی بەرابەر بۆ هەڵدان و نەشو نما کردنی ژنان و پیاوان لە هەموو بارێکەوە و سەرکەوتنی ژنان لەو مەیدانە دا، ئەو باوەڕەی بە کردەوە سەلماندووە کە ژنان و پیاوان نە تەنیا بەرابەرن بەڵکوو لە هەندێ بارەوە خەریکە دەوری ژن لەو ولاتانە بەرچاوتر دەبێ، زۆربەی ئیدارە و شوێنە گشتی و مەدەنیەکان، وەک بانک و نە خۆشخانەو ئافیس و فرۆشگەکان و بازار وماڵی گەورە و فرۆکەخانە و مەدرەسە و هتد هەر لە ١٠ کەس بەلانی کەمی ٦ یان ژنن.

ئەو نموونە و ئەو کورتە باسەم بۆ هێنایە گۆڕێ چوون زۆربەی ئەوانەی لە دەرەوە دەژین ئەو دیمەنە هەموو رۆژێ و لە پێوەندی دەگەڵ کاری رۆژانەیان دا بە دەیان جار دەبینن. کە وایە بە دڵنیاییەوە سەلماندنی مافی ژن کاتێ دەبێتە بیرۆکەیەکی گشتی و زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا کە پیاو و ژن هەردووک لا ئەو نەمانی جیاوازییە لە کار وبەرهەم هێنان دا، لە رەوتی هەڵسووڕانی ژیانی ئاسایی و هەمووڕۆژە

**٨ی مارچ**

**دا بە چاوی خۆیان ببین، لێرەوە ئەو راستیەمان بۆ دەر دەکەوێ کە ئەگەر بمان هەوێ مافی ژن لەبەرچاو بگیرێ و ئەگەر بمان هەوێ خەڵک بەڕاستی لە رۆژی جیهانی ژندا باوەڕ بەوە بێنێ کە ژن هیچی لە پیاو کەمتر نییەو ئەو رۆژە دەبێ بە دڵ لە ژنان پیرۆز بکات، ئەوا دەبێ هەموو لایەک هەوڵ بدەن تا سیستەمی ژیانی ناو کۆمەڵگا بگۆردرێ بەرەو سیستەنم و دەسەڵاتیکی ئازاد و دیمۆکراتیک وپێشکەوتوو بچێ ئەو دەم ژن خۆی، خۆی دەسەلمێنێ و من و تۆی پیاویش تەنانەت ئەگەر باوەڕیشمان بە ماف و بەرامبەری ژن و پیاو نەبێ ناچارین بە کردەوە دەست بەردەینەوە وتەسلیمی ئەو راستیە بین کە ژن لە پیاو کەمتر نییە و ئەو رۆژەی بە دڵ لێ پیرۆز بایی بکەین.**


**مەسەلەیەکی دیکە کە پێم خۆشە دۆستان بیریان بێتەوە ئەوەیە کە لەوڵاتانی پێشکەتوو رۆژی ژن خەریکە مانا و مەفهوومی خۆی لەدەست دەدا و رەنگی وردە وردە کاڵ دەبێتەوە و تەنیا لە تەقویم ورۆژژمێرەکاندا دەبینرێ، چۆن ژن ئیدی هەست بە هیچ چەشنە جیاوازیەک ناکات تا ئەو رۆژە بە چاوی پیاوی خۆ پێ زۆر یان کۆمەڵگای پیاوسالار دا بداتەوە،ئەوەندەی مافی ژن و رۆژی ژن لای مەمانان گرینگە قەت بە یەک لەسەدی ئەو بابەتە لە هەندەران باسی لێوە ناکرێت، ئەگەرچی لە هێندێک لە وڵاتان دا هیشتاس بەتەواوی و لە سەتا سەت مافی ژن و پیاو بەرابەر نییە.**

**وتەی کۆتاییم، لە کوردستان کاتی پیاو ئەو رۆژە پیرۆز دەکات دەبێ هەموو لایەک بە ژن وپیاوەوە ئەو پیرۆزباییە کردنە بە دڵ وەرگرن و لە جیاتی تانە لێدان لەو رۆژە دا سوپاسی دۆستان بکەن و لەو تانە و تەشەرانە خۆ ببوێرن، بە دوو هۆکار، یەکەم ئەوەی کە ئەگەر کە کەسانێک لەو رۆژەدا و بەو بۆنەوە پیرۆز بایی لە ژنان دەکەن لە دوو مەسەلە بەدەر نییە، یان باوەڕیان پێیەتی و لە دڵەوە ئەو رۆژە پیرۆز دەکەن کە من پێم وایە ئەو کۆمەڵە خەلکە کەم نین، یا لەبەرامبەر مافی بەهەقی ژنان و گەورەیی ئەو رۆژە دا تەسلیم بوون و ناچارن پیرۆز بایی بکەن. کە لەهەردووک حاڵەت دا چاک وایە و ئەو دەربڕینە بە قەولێک بە فاڵی خێر وەربگرین و پێی خۆشحاڵ بین. ئەو رۆژە هی ژنانە و با هەموو کەس ژن گوڵباران بکات، ٣٦٤ رۆی ساڵ دەمێنێ ئەو رۆژانەی دوایی با تەرخان بکرێ بۆ ئاوڕدانەوە لەو مەسەلەگرینگە و با دۆستان، پیاوانی بێ باوەر بەو مەسەلەیە خوری شۆر بکوتن.**

**لە رۆژی هەشتی مارس دا، رۆژی جیهانی ژن، ئەو بوونەوەرەی دنیا بێ ئەو نە مانای هەیە نە بوون، جارێکی دیکە پڕ بەدڵ پیرۆزبایی دەکەم لە هەموو ژنانی جیهان لە سەروویانەوە ژنانی بەش مەیتەتی وڵاتاکەم ، کوردستان ...**

**سەرچاوە: دیواری فیسبووکی نووسەر - رێکەوتی: ٨ی مارچی ٢٠١٤**

# ژن، پێوەندییە کۆمەڵایەتی‌یەکان و ڕەنگدانەوەکانی



**ئارەش لورستانی**

لە دنیای ئەمڕۆدا هەموو کۆمەڵگاکان ـ بە دێموکراتیک و نادێمۆکراتیکەوە ـ ئازادی، خۆشبژیوو یەکسانی وەک دروشمی سەرەکی و ئامانجی ستراتیژیکی خۆیان دەناسێنن، بەڵام ڕاستیییەکان و ئامارەکان پێچەوانەی ئەوەمان پێ‌نیشان دەدەن. ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەر بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە جیهان و لە ساڵی ٢٠١٣دا، ئەمساڵی بە یەکێک لە خراپترین ساڵەکان ناوبردوە کە بەهۆی هێندێک لە دڵتەزێنترین جینایەتەکان هەرگیز لەبیر ناچێتەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە زۆربەی هەرە زۆری دەوڵەتەکان جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤیان پەسند کردوە کە بناغە و بنەماکەی بریتییە لە ئازادی و یەکسانیی مافەکانی هەموو مرۆڤەکانە لە ڕۆژی دیکبوونیانەوە. ئەگەر چاوێک بە ڕێکەوتننامە پەسندکراوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە پێوەندیی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا بخشێنین، دەبینین پارێزگاری کردن لە مافی ئەو گرووپە لە مرۆڤەکان کە بە گوێرەی ئامارەکان خەسارگەڵگرترن، زیاتری پێ لەسەر داگیراوەتەوەو وەک تەبسەرەو پەیماننامەی دیاریکراو تۆمار کراون. گەورەترین گرووپ کە زیاتر لە نیوەی حەشیمەتی جیهان پێک دێنن، بەڵام زیاترین پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤیان لەبارەدا تۆمارکراوە، ژنانن. بارودۆخی ژنان لە حکوومەتە نادێموکراتیکەکانی وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر خراپتر و نالەبارترە و لە زۆربەی کاتەکاندا حکوومەت هەڵاواردنێکی سیستماتیک بەرامبەر بە ژنان پێڕەو دەکا.

گرنگترین بوارەکانی پێشێلکردنی مافەکانی ژنان لە ئێران بریتین لە دەسەڵاتی خۆیان، مافی خاوەندارێتی و یەکسانی کە هەرکام لەم خاڵانە لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی‌دا بەسەر چەند لق و بەشدا دابەش دەبن.

سەرەتایی‌ترین پێداویستیی هەر مرۆڤێک هەبوونی دەسەڵاتی خۆیەتی، بەڵام لە ئێراندا منداڵانی کچ یان کوڕ بەرامبەر بە دەسەڵاتی خۆیان، دوو جۆرە هەڵسەکەوتی جیاوازیان لەگەڵ دەکرێ. ئەگەرچی کچان زووتر لە کوڕان دەگەنە تەمەنی بلوغ و دەبێ ئامادەیی تەواویان هەبێ بۆ پێنانە نێو تەمەنی بلووغەوە، بەجۆرێک کە بە دەسەڵاتی تەواو و بێ ترسەوە بە بەراورد لەگەڵ هاوتەمەنەکانیان لە وڵاتانی دێمۆکراتیکدا چاکە و خراپە لێک جیا بکەنەوە و ئەو ڕێگە ڕاستە هەڵبژێرن کە سڵامەت و بەختەوەریی خۆیان و کۆمەڵگاکەیان دابین

دەکا، بەڵام بە پێچەوانەوە لە ئێران زۆربەی بنەماڵەکان بە شێوەی نەریتی و تەنانەت بەهۆی ترس لە پێکهاتەشکێنیی کۆمەڵایەتی، کچەکەیان وەک بوونەوەرێکی ملکەچ و گوێ لەمست پەروەردە دەکەن (واتە ملکەچی بنەماڵە و بەهاکانی کۆمەڵگای نەریتی) و، کوڕەکان ئەوەندەی دەکرێ زووتر دەنێردرێنە نێو کۆمەڵگا بۆ ئەوەی بتوانن لە کەمترین ماوەدا سەربەخۆیی و کەسایەتیی کۆمەڵایەتی وەدەست بێنن. بەمجۆرە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیک زیان بە هەستی بوونی دەسەڵات و خاوەندارێتی و یەکسانیی کچان لە بەرامبەر کوڕاندا دەگەیەنن و بوار بۆ نەهادینەکردنی هەڵاواردنەکانی دواتر خۆش دەکەن. ڕەوتی دۆزینەوەی دۆست و هاوڕێ و گۆڕینەوەی زانیاری و ئەزموونەکان لە نێوان کچان و تەنانەت لەگەڵ کوڕانیش دواتر دەبێتە قوربانیی هەڵاواردن و، بەها کۆمەڵایەتییەکان لە بەرتەسک کردنەوەی پێوەندییەکانی کچان لە چوارچێوەیەکی تەسک و دیاریکراودا پێناسە دەکرێن. لەم حاڵەتەدا کچ وەک مرۆڤێک کە کەوتبێتە دۆخی بەرگری کردن لە خۆیەوە، تووشی قەیرانی شوناس و کەسایەتی دەبێتەوە و ئەگەر لە داهاتوودا بتوانێ هەلومەرج و ژینگەی خۆی بگۆڕێ، بە ناچاری لە بەرامبەر لۆژیکی کۆمەڵگای نەریتی دەوەستێتەوە و ئەم بەرەوڕووبوونەوەیە لەوانەیە تێچووی قورسی بەسەردا بسەپێنێ. هەڵاواردن و خەوشدارکرنی دەسەڵات، خاوەندارێتی و یەکسانیی ژن لە قۆناغی پێوەندی گرتن بە ڕەگەزی بەرامبەردا و تەنانەت لە کاتی زەماوەندیدا، ژن دەکاتە بوونەوەرێکی زۆر هەستیار یان دزەهەڵنەگر (نفوذ ناپذیر)، بەجۆرێک کە لە پێوەندی کردن بە ڕەگەزی بەرامبەر یان شووکردندا چەند جار تووشی شکست دەبێ و، بە پێی ڕوانگەی بە ئامراز زانین یان تەنانەت هێندێک جار بە کاڵا زانینی پیاوان بەرامبەر بە ژنان، ژن قورسترین تێچوو و هەزینە دەدا و، لە دەستپێکردنەوەی دووبارەی پێوەندییەکی دیکەدا ناچار دەبێ بەربژێری زۆر خوارتر و قەیراناویتر هەڵبژێرێ.

شوێنی پەروەردە لە سەرەتاییەوە هەتا زانکۆ و تەنانەت دامەزراوە تایبەتەکان، ڕاگەیەنەکان و ئامرازەکانی پەروەردەیی و پێوەندییە گشتییەکان لە ئێران، بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان فەرهەنگ و کولتووری حکوومەتی بە ژنان بناسێنن و حکوومەت دەیهەوێ ژن لە کۆمەڵگادا بە شێوازی دڵخوازی سیستمی حاکم هەڵسوکەوت بکا، بەجۆرێک کە بە تەواوی ملکەچی خواست و ویستەکانی حکوومەت بێ. بەڵام ئامار و ئەزموون نیشانیداوە کە شوێنە پەروەدەییەکان، بە تایبەت زانکۆ، سەرەڕای هەوڵ و پلانەکانی حکوومەت، بەردەوام یەکێک لە گرنگترین و چالاکترین ناوەندەکانی گەشەی وشیاری و ئاگایی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا بە تایبەت ژنان بوونە و ئەم هێزە خوێندەوارانە، پتانسیەلێکی بەهێزن کە بەردەوام لە بەرامبەر پاوانخوازی و سەرکوتی سیستمی حاکمدا دەوەستنەوە. بۆ وێنە گەڵاڵەی جیاکردنەوەی ڕەگەزیی زانکۆکان کە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بۆ ڕووخاندن و خەوشدارکردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتی و زانستییەکانی توێژی لاو داڕێژرا یەکێکە لە هەوڵەکانی حکوومەت لەم پێوەندییەدا.

لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا پلاندانان و بە ڕەسمی ناسینی دەسەڵات و خاوەندارێتی و یەکسانی بۆ ژنان، زەنگی مەترسی و هەڕەشەیەکە کە دەبێتە هۆی ئازادبوونی وزەی ئەرێنی و بنیاتنەری نیوەی کۆمەڵگا، واتە ژنان و، لە ئاکامدا ژنان دەتوانن لە کەمترین ماوەدا ویست و ئامانجەکانی خۆیان بە کۆمەڵگا و بە تایبەت بە پیاوان بناسێنن و، خولێکی نوێ لە ڕکەبەرایەتی و گەشەی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگای ئێران بەرەو ئەو ڕێڕەوە دەبا کە وڵاتانی سێکۆلار بڕیویانە.

ڕاگەیەنەکان بەهێزترین ئامرازی پێوەندیی گشتین لە هەزارەی سێهەمدا کە بەردەوام بە بۆمبارانی زانیارییەکان لە هەوڵی ڕاکێشان و

**٨ی مارچ**

کارتێکەری لەسەر بیر و زەینی بەردەنگەکانیاندان. هەربۆیە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵ دەدا بە قورسترین تێچووی ئابووری کۆمەڵگای ئێران، بە تایبەت ژنان، بکاتە بەردەنگی راگەیەنەکانی و پێش بە دزەی زانیارییەکانی هێزی دژبەری سیستمی حاکم و، تەنانەت پێش بە بڵاوبوونەوەی بڵاوکراوە جیهانییەکان لە نێوخۆی ئێراندا بگرێ و، هەڵومەرجەکە بەتەواوی کۆنترۆڵ بکا. بەڵام خەڵکی ئێرانو بە تایبەت ژنان نیشانیانداوە کە لە هەر دەرفەتێک کەڵک وەردەگرن بۆ ئاگاداربوون لە مافەکانیان و بردنەسەری ئاستی ئاگایی و وشیاری کۆمەڵگاکەیان و دەیسەلمێنن کە جیهان بە هیچ شێوەیەک دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی بە رەوا نازانێ. ئەوەی روون و ئاشکرایە ئەوەیە کە کۆمەڵگا تەنیا ئەوکاتە بە دێمۆکراسی دەگا کە دەسەڵات و خاوەندارێتی و یەکسانی بۆ هەموو ئینسانەکان دابین بکرێ و بێگومان ژنیش کە نیوەی زیاتری کۆمەڵگا پێک دێنێ، هەتا مافە ئینسانییەکانی خۆی وەدەستنەهێنێ، بە دێمۆکراسی و داهاتوویەکی گەش ناگا.

**وەرگێران بۆ کوردی: مەسعوود رەواندوست**

**لە ژمارە ٦٢٧ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠١٤**

---

# ژنکوژی، شەرەفو ناموس و یاسا لە باشوری کوردستان



د. کامران ئەمین ئاوە

(بە بۆنەی ٨ی مارس رۆژی جیهانیی ژنان)

شێوەی هەڵسوکەوتی خەڵک وئەرزشە ئەخلاقیەکانی هەر وڵاتێک پێوەندیی لەگەڵ ئاستی گەشەسەندنی فەرهەنگی کۆمەڵگا، سەروەریی یاسا و پاراستنی ماڤی مرۆڤ بە پێی پرنسیپە گشتییەکانی جیهانیی هەیە. لە کۆمەلگایەک کە قانوون لەوێ سەروەر بێ و هەر کردارێک کە لە لایەن قانوونەوە مەنع نەکرابێ و تاوانێکی بۆ دیاری نەکرابێ تاوان نیە. هەرچەندیش لە لایەن ئۆلی و شەریعەتەوە، حەرام یان مەباح لە قەڵەم درابێ. فەرهەنگ بۆخۆی ئاکامی دوایین دەستکەوتەکانی ماددیو مەعنەویی هەر وڵاتێکە. بە پێی ئەم پێناسەیە مەسەڵەی بۆچوونی خەڵک لەگەڵ چەمکی شەرەفو ناموس، خۆشەویستیی و ئەوینو دڵداریی گەنجانی وڵات و بە تایبەت کچەکان لە چوارچێوەی فەرهەنگ، دابو نەریتی کۆمەڵگا ڕەنگ دەداتەوە. لە وڵاتێکی پێشکەوتوودا هەرچەشنە توندوتیژیی دژ بە ژنان و منداڵان بە پێی یاسا سزا دەدرێ و مکانیسمی پێویست بۆ بەرگریی لە گیانی ئەو ژنانەی کە دەستڕێژیان لێکراوە یاخود گیانیان لە مەترسی کوشتن یاخود هەرچەشنە دەستڕێژیی و ئازاری جەستەیی و ڕووحیی دایە، لەبەر چاو گیراوە. ئەم کەسانە نە تەنیا لە لایەن سیستێمی دادوەریی و پۆلیسی وڵات بەلکوو لە لایەن ڕێکخراوە جوراوجۆرەکانی مەدەنیش پشتیوانی دەکرێن. بەڵام لە وڵاتێکدا کە دابو نەریتی کۆن و وەدواکەوتوو ئاخەرین قسە دەکا و یاسا بە هۆی باڵادەست نەبوونی لە کۆمەڵگادا لەبەرامبەر توندوتیژیی بە ژنان بێدەنگی پێشە دەکا و بەشێکی بەرچاو لە عاڵمە ئایینیەکان لە مزگەوت و هتد ... لە ورووژاندنی پیاوان بۆ ئەنجامی توندوتیژیی دژی ژنان دەورێکی سەرەکی دەگێرن، گیانی ژنان بە هۆی پاراستنی شەرەفی بنەماڵە زۆرتر لە ژێر مەترسیی کوشتن دایە و ڕادەی کوشتنی ژنان و کچان بە پاساوی شەرەف ڕۆژ بە رۆژ ڕوو لە زیادە دایە. زۆرجار بەشێک لە دیاردە نەرێنییەکان بە تێپەرینی کات دەبنە فەرهەنگی زاڵی نێو کۆمەڵگا و وەکو دیاردەیەکی ئاسایی لەبەر چاو دەگیرێن، یەک لەوان کوشتنی کچو ژن لەو وڵاتانەیە کە جارێ فەرهەنگی خێڵەکیی - ئایینیی و پیاوساڵار هەیشتا باوە و ڕەگەی لە پێستو گۆشتو خوێنی بەشێکی زۆر لە ئەندامەکانی کۆمەڵگا کردوە. لەم وڵاتانەدا پشتیوانی

شەریعەتو قانوونی دادوەریی و دەستەڵات یاخود بێدەنگی ئەوان سەبارەت بەم چەشنە جەنایەتانە بە جووانیی دەبیندرێ. ڕەنگدانەوەی بەشێکی زۆر لەم جەنایەتانە لە دەزگای ڕاگەیاندنی گشتیی و گۆڤاری حیزبە سکوڵارەکانیش زۆرتر لە چوارچێوەی بڵاوکردنەوەی خەبەر و جاروبار دەربڕینی دڵسۆزییەکی بە تاڵ لە ناوەرۆکو راستیی دایە تا لێکدانەوە و خەسارناسیی ئەم دیاردەیە یاخود پێدانی پێشنیارێکی دروست بۆ لەبەین بردن یان پێشگیری کردن لە سەرهەڵدانی ئەم ئاکارە نائینسانییانە!؟

لە باشوری کوردستان کە پتر لە ۲ دەیەیە حکومەتی نیوە سەربەخۆی کورد پێک هاتووە، ڕۆژ نییە کە خەبەری دیتنەوەی تەرمی ژنێک یاخود کچو کوڕێکی لاو بە هۆی پاراستنی شەرەفو ناموسی بنەماڵە بڵاو نەبێتەوە. بە پێی ئەو ئامارانەی کە لە لایەن سایتی وزارەتی ناوخۆی کوردستان و بەریەوبەرایەتیی توندوتیژی دژی ژنان و هتد ... بڵاو بوونەوە ڕادەی سکاڵاکان و توندوتیژیی و ژنکوشتن بە بۆنەی پاراستنی شەرەفو ناموس لە لایەن ئەندامەکانی بنەماڵە ساڵ بە ساڵ زیاد دەکا و لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا ڕێژەی توندوتیژیی جەستەیی – سێکسیی، کوشتن، خۆکوشتن و ئەشکەنجەی ژنان بە هۆی کێشەی ناموسو خۆشەویستیی لە پانتایی هەرێمی کوردستان پتر لە پێنج هەزار حالەتە. ئەمانە تەنیا بەشێک لەو ئامارانەن کە لەسەر تۆری ئینتێرنێت بڵاو بوونەتەوە، دەنا ڕەهەندی کارەساتەکە زۆر لەمە زۆرترە کە باسی دەکرێ. بە ڕاستیی چۆن دەکرێ لە وڵاتێکی ئاوا لە چەشنی باشوری کوردستان خەبات لەگەڵ ئەم چەشنە هەڵسوکەوتانە لە کۆمەڵگادا بکردرێ؟ ئێستا کە کورد لەم بەشەی کوردستاندا حکومەت و یاسای خۆی هەیە، بۆ بە چەشنێکی جیددی بەربەرەکانی بۆ پێشگیریی لەم کارەساتانە ناکردرێ و بەشی سەرەکیی بکوژانی ناموسپەرەست بە ڕاحەتیی بێ هەر چەشنە سزایێک دەرباز دەبەن؟ بۆچی لە دەزگای بڵاوکردنەوەکانی گشتیی ڕەخنەیەکی جیددی لە یاسا و بێدەنگی و بێ عەمەلیی حکومەت و پارلەمان و پۆلیس و دەزگای دادوەریی ناکردرێ و بایەخێک بە خەسارناسیی فەرهەنگی کۆمەڵگا نادرێ؟ بە ڕاستیی چۆن دەکرێ لە وڵاتێک کە بیرو فەرهەنگی عەشیرەییو ئیسلامیی یەکێک لە هۆیە سەرکییەکانو خولقێنەری ئەم چەشنە جەنایەتانەیە پێشگیری لەم چەشنە کارەساتانە بکردرێ؟

بە باوەری من لێرەدا چەند خاڵی گرینگ دەبێ لەبەرچاو بگیرێ،

**یەکەم** فەرهەنگی کۆمەڵگایە کە گۆڕینی خاڵ نەرینییەکانی پێویستیی بە کارێکی درێژخایەن لە لایەن دەوڵەت، سیستێمی پەروەردەو دەزگای ڕاگەیاندنی گشتیی و پسپۆڕانی کۆمەڵناس هەیە. دووهەم پەسەندکردنی قانوونێکی ئەورۆییو ئینسانیی دژ بەهەر چەشنە توندوتیژیی، دەستدرێژیی، ژنکوژیی، هەروەها جیاکردنەوەی قانوونی شەریعەتو سزای ئیسلامیی لە قانوونی دادوەریی بە پێی ماڤی مرۆڤە. هەر وەک پێشتر کوترا خاڵی یەکەم نیازی بە کاتێکی زۆر هەیە و ئەوەش دەگەرێتەوە سەر شێوەی بارهێنانی وچەی نوێ لە مەدرەسەکان، هەروەها پەرەپێدانی زانستو فەرهەنگی ئەورۆیی لە کۆمەڵگادا. بۆ وەدی هێنانی ئەم ئامانجە دەبێ سیستێمی پەروەدە لە ژێر کاریگەریی ئایینو شەریعەت و دابو نەریتی کۆن و فەرهەنگی خێڵەکیی بێتە دەرێ. لەم ڕەوتەدا بێ گوومان دەزگای بڵاوکردنەوەی گشتیی و بەتایبەتیی تەلەویزیۆن دەتوانێ ڕۆلێکی گەورەی بێ و بە پیشاندانی ڕێپۆرتاژو بەرنامەی بە کەڵک دەورێکی باش لە بارهێنان و پەرەسەندنی بیری نوێ و ئەمرۆیی بگێرێ.

**خاڵی دووهەم** یانی پەسەندکردنو جێبەجێکردنی یاسا بە پێی ماڤی مرۆڤ لە کوردستانە کە پێویستی بە هەنگاوی خێرا هەیە. ئەرکی ڕوناکبیران، حیزبە سکوڵارەکانی پێشکەووتوخواز، ڕێکخراوە جوراوجۆرەکانی بەرگریی لە ماڤی مرۆڤ و بە تایبەتی ژنان و منداڵانە کە لە

سەرچاوە
Serchawe

**٨ی مارچ**

هەر چەشنە شێوە و ڕێگـایەکی مەدەنیـی بـۆ گوشـار هێنـان  بە دەوڵەت و پارڵەمـانی کوردسـتان بـۆ جیـاکردنەوەی قـانوونی شـەریعەت لە سیستێمی پەروەردەو دادوەریی و سزادانی سەختی ئەوانەی بکردرێ کە دەستدرێژیی بەدەنییو ڕووحیی لە ژنانو کچان و منداڵان دەکەن و بە بیـانووی پاراسـتنی شـەرەفو نـاموس ئـاوا بـێ بەزەیـانە گیـانی ئەوان دەگرن. بـۆ ئەوەی کە وڵاتێکـی پێشکەوتوومان بـێ پێویسـتە ژن وەک ئەندامێک بە ماڤی بەرامبەرەوە نە تەنیا لە ژیانی ماڵێ بەڵکوو لە ڕەوتی گەشەسەندنی تەواوی بوارەکانی کۆمەڵگادا نەخش بگێـرێ، ئەمە پێداویستیی بە پێکهێنانی وڵاتێک هەیە کە قانوونێکی سکوڵار و ئەورۆیی بە پێی ماڤی مرۆڤ لەوێدا سەروەر بێ و ڕێگا بە توندوتیژیی و سووکایەتی کردن بە هیچ تاکێکی کۆمەڵگا نەدا و  ژنان بتوانن بە ئازادیی و بە دور لە هێرشی جەستەیی و ڕووحیی کەڵک لە ژیانی

خۆیان وەرگرن. بە جێهێنانی ئەم ئەرکە کـارێکی هـاسان نـییە بەڵام کـارێکی پێویست و ئینسـانییە.  خەڵکی کورد بـێ لادانی ئەم دابو نەریتە وەداوکەوتـووە نـاتوانێ ڕێگـای خـۆی بـۆ گەیشتن بە ژیـانێکی مودێرن و ئەمرۆیـی ببـرێ. ئەم ڕاستییە پێویسـتە وەکو دیـاردەیەکی ئەمرۆیـی لە کۆمەڵگـای ئێمەدا جـێ بکەوێ کە ژن نە کەرەسـتەی جینسـییە و نە کلفەتـی مـاڵێ، ژن نە  ناوەنـدی گونـاهە و نە هـۆی بـێ کەرامەت کردنی بنەماڵە، بەڵکوو ژن سەرچاوەی ژیـان، هێمنـیو خۆشەویستییە. ژن هەر ئەو دایکەیە کە ئێمەی لە باوەشی خۆیـدا گەورە کردوە و ڕێگای ژیـانی پـێ نیشـان داویـن و بە تەواوی هەسـتی خۆی گیـانو سلامەتی ئێمەی پاراستووە. ژن سـەرچاوەی جوانترین هەسـتی ئینسانییە کە لە ژیانی ڕۆژانەی ئێمەدا لە دڵسۆزیی و خۆشەویستیی دایک و خوشک و ئەوینـی هاوسـەر و هەست و نـازی کچەکانمـان ڕەنگ دەداتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد  -  ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٤

# مافی ژن لە یاساکانی کۆماری ئیسلامیدا



**عومەر باڵەکی**

لە پێشەکی قانوونی بنەڕەتی ئێراندا پێگەی ژن لە کۆماری ئیسلامیدا بەو شێوەیە دەستنیشان کراوەو لێرەدا هەر بە دە قە فارسییەکەی وە ک خۆی نەقڵی دەکەینەوەولە دواییدا شیدەکەینەوە.

«درایجاد بنیادهای اجتماعی، نیروهای انسانی که تاکنون در خدمت استثمار همه جانبه خارجی بودند هویت اصلیو حقوق انسانی خود را بازمییابند.... خانواده واحد بنیادین جامعه و کانون اصلی رشد و تعالی انسان است و توافق عقیدتی و آرمانی در تشکیل خانواده که زمینەساز اصلی حرکت تکاملی و رشدیابنده انسان است اصل اساسی بوده ..... و ضمن بازیافتن وظیفه خطیر و پر ارج مادری در پرورش انسانها مکتبی پیش آهنگ و خود همرزم مردان در میدانهای فعال حیات می باشد....».

ئەوەی لە ناوەرۆکی ئەو پێشەکییە هەڵدێنجێندرێ ئەوەیە کە قانوونی بنەڕەتی ئێران کەسایەتی ئەسڵی ژنانو مافی ئینسانی ئەوانی تەنیا لە ڕوانگەی پێکهێنانی بونیادە ئیسلامییەکان بە قانوونیو مەشروع داناوەو دەبینین کە بەشێوەی سەربەخۆ سەرنجی نەداوەتە مافی ژنان، بەڵکوو زۆرتر وەک کەرەسەیەک بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆی چاوی لێدەکا. بۆ ڕوون بوونەوەی زیاتر دەتوانین لەسەر هێندێک لەو وشەو دەستەواژانەی کە لەو دەقەدا هاتوون هەڵوێستە بکەینو ئەو کات تێڕوانینی کۆماری ئیسلامیمان لەسەر پرسی ژن زیاتر بۆ دەردەکەوێو ڕوون دەبێتەوە کە یاسادانەر تەنیا مەبەستی ئەوە بووە کە لە باوەڕەکانی خۆی لانەداو وەک ئامرازێک لە ژنو پێگەی ژن لە کۆمەڵگەدا کەڵک وەربگرێ.

لەو جێگایەدا کە باس لە «توافقی عقیدتی و آرمانی» دەکا ئەو ناتەباییە لەگەڵ مافی مرۆڤ بە تەواوی خۆی دەردەخا. ڕاستە کە باس

لە پێکهاتن «توافق» لە نێوان ژن‌و پیاودا دەکرێ بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوبەش، بەڵام زیادکردنی وشەکانی «عقیدتی‌و آرمانی» نیشانەی ئەوەیە کە یاسادانەرلە قانوونی بنەڕەتی ئێراندا ئەو تەوافوقە ئازادانەی نێوان ژن‌و پیاوی بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوبەش قبووڵ نیە، بەڵکوو دەبێ لە بواری بیروباوەڕەوە واتە «عقیدە» پێکەوە هاوسەنگییان هەبێ‌و ئەوە دەچێتە خانەیەک کە سنووری دیاریکراوی نیە واتە روون نیە سنووری «عقیدە» هەتا کوێ دەچێتە پێش‌و ژن‌و پیاو چۆن دەتوانن ئەو هاوسەنگییە دروست بکەن چونکە روانگەکانی «عقیدتی» زاڵ لە کۆماری ئیسلامی‌دا جیاوازن‌و ئاڵوگۆڕیان بە سەردادێ‌و لە هەمان کاتدا ئیزافە کردنی وشەی «آرمانی» بەر بەستێکی دیکەیە لە بەردەم ئیرادەی ژن‌و پیاودا کە ئەو وشەیە زیاتر سنوورداریان دەکا بۆ پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش‌و رەنگە یاسادانەر مەبەستی لە «آرمان» هەمان ئامانجی سیاسی کۆماری ئیسلامی بێ. چونکە بە کردەوە دەبینین بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئیداراتی دەوڵەتی‌دا ئیدارەی «عقیدتی سیاسی» دروست کراون‌و زۆریش چالاکو فەعالن.

لە لایەکی دیکەوە هەر لەو پێشەکییە کورتەی یاسای بنەڕەتی ئێران کە باس لە پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی ژن‌و پیاو دەکا بە مەبەستی دروست کردنی بنەماڵە، لە ژن‌و پیاوی ئێرانی دەوێ هەتا خزمەتی قوتابخانەی ئیدولۆژی دینی کە کۆماری ئیسلامی لە سەر دامە زراوە بکەن، چونکە یاسادانەر لوتکەی گەشەو پێگەیشتوویی تایبەت دەکا بە ئەو دەستە لە ئیماندارانی موسوڵمان کە شایستەی وەدەستهێنانی سفەتی مەکتەبی بن. چونکە مرۆڤی مەکتەبی، بێ.

لە بەرچاوگرتنی رەگەز، بە هەر ژن‌و پیاوێکی موسوڵمان کە لە ئێراندا دەژی، دەگوترێ کە بێ ئەملاو ئەولا خۆی هاوسەنگ بکا لەگەڵ ویستە سیاسییەکانی کۆماری ئیسلامی. بۆیە دەتوانین بڵێین قانوونی بنەڕەتی ئێران سنووربەندی ئیدۆلۆژی بە ڕەسمی ناسیوەو ژیانی تاکەکانی لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌دا چوارچێوەدار کردوە. لێرە دایە دەبینین پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامی‌دا چۆن بە یاسا کراوە چونکە ئەو پێشەکییە کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەر دارشتنی تەواوی قانوونەکانی دیکە کە پێوەندییان هەبێ بە مافی ژن یا مافی تاکەکان لە کۆمەڵگادا.

ئەوەتا هەر لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا لە ئەسڵی ٣ بەندی ١٤دا بەو شێوەیە باس لە یەکسانی ژن و پیاودا دە کا :»دابین کردنی مافی هەمە لایەنەی تاکەکان لە ژن‌و پیاوو پێکهێنانی ئەمنییەتی دادوەرێکی دادپەروەرانەیە بۆ هەمووان‌و یەکسانیی گشتی لە بەرامبە ر قانووندا.»

یەکسانیی گشتی لە بەرامبەر قانووندا دەربڕی ئەو مانایە کە گۆیا ژن وپیاو لە یاساکانی ئێراندا مافی یەکسانیان هەیە بەڵام ئەوە وانیە چونکە هەر ئێستا چاو لە قانوونە نووسراوەکانی ئێران بکەین دەبینین قانوون خۆی هەڵگری نایەکسانییە، هەر بۆیە دەکرێ مەبەستی یاسادانەربە شێوەیەکی دیکە تەفسیر بکەین. کاتێک قانوون خۆی هەڵگری مافی یەکسان بۆ تاکەکانی دوو ڕەگەز نیە، ناتوانرێ ئەو یەکسانییە کە یاسادانەری کۆماری ئیسلامی لە قانووندا باسی کردوە بە ئیمتیاز دابندرێ. بە واتایەکی دیکە بەندی ١٤ لە ئەسڵی ٣ی یاسای بنەڕەتی باس لە یەکسانی دادخوازی‌دا دەکا نەک یەکسانی لە دادرەسی‌دا. چونکە قانوونەکانی دیکەی وەک قانوونی بواری شارستانی «مدنی» و قانوونی سزادانی ئیسلامی بە شێوەیەکی دیکە باس لە دادرەسی‌و یەکسانی دەکەن بە باسکردنی دوو نموونە دەتوانین باشتر ئەو بابەتە روون بکەینەوە.

٨ی مارچ

مادەی ٩٤٩ لە قانوونی بواری شارستانی «مدنی» بەو شێوەیە باس لە دابەشکردنی میرات دەکا لە نێوان ژنو پیاوێک کە پێکەوە ژیانی هاوسەرییان هەیە.

* «ئەگەر هیچ وەرەسەیەک نەبوو بۆ وەرگرتنی میرات بێجگە لە ژن یا مێرد، تەواوی میراتی ژن، دەدرێ بە مێردەکەی بەڵام لەو حاڵەتەدا ژن تەنیا ئەو بەشەی بۆی دیاری کراوە پێی دەدرێو ماباقی ماڵەکەی دیکەی مردووە کە بە حوکمی مادەی ٨٦٦ لە هەمان یاسادا دەبێتە ماڵی کەسانی بێ وەرەسەو دەوڵەت دەستی بەسەردا دە گرێ.

مادەی ٢٥٨ لە قانوونی سزادانی ئیسلامی «مجازات اسلامی» بە شێوەی خوارەوە باس لەوە دەکا کە چۆن بکوژی ژنێک کە حوکمی قەساسی هەیە ئەو حوکمە بەڕێوە دەچێ.

* «هەر کاتێک پیاوێک ژنێک بکوژێ دەبێ خوێنگرانی ژنەکە نیوەی خوێن بەها «دیە» بدەن بە بکوژە کە ئەو کات دەتوانن حوکمی قەساسی لەسەر جێبەجێ بکەنو بکوژ دەتوانێ بە کەمتر یا زیاتر لە سەر رادەی خوێن بەها «دیە» لەگەڵیان پێکبێ.»

ئەوانەی سەرەوە دوو نموونەن لە دەیان نموونەیتر کە دەرخەری ئەو راستیین کە قانوونەکانی کۆماری ئیسلامی چەندە ناتەبان لەگەڵ پاراستنی مافی مرۆڤەکانو بە تایبەتی مافی ژنو بۆمان دەردەکەوێ کە لەو قانوونانەدا ژن وەک مرۆڤ سەربەست نیە بەڵکوو لە ژێرچاوەدێری پیاو و دەوڵەت دایە، هەر بۆیە ئەو قانوونانە ناتوانن پێناسەی قانوونێک بن کە یەکسانیو دادپەروەری لە هەمووبوارەکانی ژیاندا دەستەبەر بکا.

لە ژمارە ٦٢٧ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠١٤

# هەشتی مارس بەتەنیا لە ئافرەتان پیرۆز بێت.



**مستەفا شێخە**

لە زمانی ئێمەدا ژن وشەیەکە زۆر زۆر زیاتر لە وشەی ئافرەت لەسەر زارو زمانانە. دیارە هەزار جار ماشەڵڵا زمانەکەشمان زۆر لەمێژە لە رووباری بە خوڕی بەستانداردبوون پەڕیوەتەوە و خەریکە لەوبەر رووبارەکە خۆی رادەوەشێنیت و بە تەمایە جلەکانی ژێرەوەی بکاتەوە بەر. زمانی پێشکەوتوو گەشەکردوو، ئەو زمانەیە لەخەم ڕستووە و لە هەمووشێک لە خۆ بۆتەوە. زمانێک کە لێی خاترجەمین ناکەوێتە بەردەستی لەفەفرۆشو ساندویچ فرۆشەکانی سەر شەقامەکانی سەهۆڵەکەو شێخەڵڵا و ئیقبالو مەلاجامی، ئیدی بۆ ئەوە نابێ خەمی بۆ هەڵبگرین. ئەم زمانە پوختو پاراوەمان دوور لە هەر چەشنە برژاندنو دەمارگرژییەک خەریکە زۆر بە خێرایی قۆناخەکانی پێشکەوتن دەبڕێت. لە سەروبەندی ساڵرۆژی هەشتی مارسدا وەک هەموو بۆنەو رێکەوتێکی دیکە، بابەتی تایبەت بەم رۆژە زیاتر دەکەوێتە سەر زارو زمانان. هەر بەم هۆیەشە لەم چەند رۆژەدا، ژنو ئافرەت بە هەوای سوێچکەیی‌و سێپێیی‌و شێخانی‌و داغەیی‌و رۆینە لە سەر زمانی هەموو کەس هەڵدەپەڕن. ئەم هەڵپەڕکێیە جیاوازی بە زمانی نێرو مێ ناکاتو هەرکەسێک لەم دوو رەگەزە ئازیز و مێهرەبانە دەمی بکاتەوەو گۆشەیەکی زمانی دەرکەوێت، ئەوە هەڵپەڕکێیە دەست پێدەکات.

ئەم زمانە چەورو لووسو نەبڕاوە کە بەردەوام خەریکی هەڵپەڕاندنی ژنو ئافرەتە بۆ هەر کامیان سنووری بەرچاویشی دیاری کردووە. وێڕای ئەوەی ئەو مرۆڤانەی لە لایەن زمانەوە ئەم ناوانەیان بۆ لەبەرچاوگیراوە قەڵافەتی وەک یەکە، بەڵام جیاوزیی بەرچاویشیان هەیە.

**لێرەدا ئامادەم بە نوێنەرایەتیی زمانی پاراو و پێشکەوتوو ئاماژە بە هێندێک لە جیاوازییەکانی ژنو ئافرەت بکەم.**

١- ژن لە دووپیتی «ژ» و «ن» پێکهاتووە و ئافرەتیش لە کۆمەڵە پیتی «ئـ»، «ا»، «ف»، «ر»، «ە» و «ت» پێکهاتووە. هەر بۆیەشە زۆربەی هەرە زۆری ئافرەتان جلەکانیان شۆڕ و درێژە و جوان دایاندەپۆشێ و وەک ژنان قاچ و قول رووت و سینگ دەرپەڕیو نین.

۸ی مارچ

٢- لە کوردستانی گەرمێن کە جاران تەنیا ناوی گەرمێن بوو و ئێستا چەندین ناوی سەیرو سەمەرەی دیکەی وەک باشوورو هەرێم و شتی وای هەیە، هەر ژنێک لە ناوچەی سەوزەوە بچێتە ناوچەی زەرد، هەر لەخۆڕا دەبێت بە ئافرەتو هەر ئافرەتێکیش لە ناوچەی زەردەوە بچێتە ناوچەی سەوز، ئەوە بەشێوەیەکی ئوتماتیک واتە هەر لە خۆڕا، دەبێت بە ژن. ئەم خاڵی دووەمە تەنیا ئەو ژنو ئافرەتانە دەگرێتەوە کە بە جۆرێک لە جۆران لە کاروباری سیاسیدا دەمڕاستن یان خۆیان بە کاری دەمڵەپێشی هەڵدەستن. لێرەدا چونکە باسی هەڵپەڕینمان کرد، وشەی «هەڵدەستن» بە داتاشراو نازانرێتو تەواو لەجێگەی خۆی دایە. لە هەڵپەڕیندا کەسانی لای گاوانیو گۆرانیبێژی ناوەندی هەڵپەرکێکە بۆیان هەیە پڕ بەدەمیان هاوار بکەن و بڵێن هەستە دەی هەستە سەرچۆپی.

٣- لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ژن بۆ حاڵی خۆی لە ئافرەت وریاترە و ژن بێ ئەوەی پەرەمێزی لە دەستدا هەڵبچێتو ئاگر بگرێت، دەتوانێت رۆژانەو تەنانەت شەوانەش بە کەیفی خۆی بچێتە حەمامو بێ ئەوەی بسوتێتو بمرێت، درێژە بە ژیانی بدات. هەروەها لە خۆی رادەبینێت دەیان سەرەپەتو گوریسو داوی ئەستوورو باریک بدۆزێتەوەو خۆی بە هیچکامیانەوە نەخنکێنێت. بەڵام ئەم کارە زۆر بە زەحمەت لە دەست ئافرەت دێت. ئافرەت پێچەوانەی ژن زیاتر نەوت و کارەبا و دەواو دەرمانو تەنانەت بە دەنکە شقارتەیەکیش دەمرێت.

٤- لە بەرانبەر ئافرەتدا ژن بوونەوەرێکی دەستو پێ سپیلکەیەو زۆر کاری پێ ناکرێن. بۆ وێنە ژن بە زەحمەت دەتوانێ خۆی بەگژ هەوییەکو دووهەوێو تەنانەت سێ هەوێشدا بکاتو لەگەڵیان لە ژوورێکدا چەنگە پرچەو شەڕەشەق بکات. هەر لەم بێ دەستەڵاتییەوە بە تەنیا لەگەڵ مێردەکەی دەژێتو توانای هەوێساریی نیە.

٥- ژنان رۆژی هەشتی مارس دەکەن بە جێژنو خۆشی و ئافرەتان پێیان فشەیە.

ئەم جیاوازیانەو چەندین جیاوازیی دیکەش لە ناو ژنانو ئافرەتاندا بەرچاون. وێڕای ئەمەش هاوسەرانی ژنانو ئافرەتانیش جیاوازیی بەرچاویان هەیە.
ئەو پیاوەی هاوسەری ژنە ترسنۆکەو ناوێرێ ژنەکەی تووشی هەوێساری بکات، بەڵام ئەوەی هاوسەری ئافرەتە وا نییەو لە خۆی رادەبینێت رادەی ئافرەتەکانی هاوسەری بگەیەنێتە چوار کەس کە بە خۆیەوە باری ئۆتۆمبێلێکی قەمەرەی پێنج کەسی دەبن کە دوانیان لەپێشەوە و سێ لەدواوە سواری بیلامانێ قەمەرەکە دەبن. (بەم تێبنیەوە تەنیا ئافرەتێک دەتوانێ لەگەڵ شۆفێرەکە لە پێشەوە دابنیشێت، سێ کەسەکەی دواوە واباشترە هەتا نۆبەی لە پێشەوە دانیشتنیان دێت، پێکەوە بسازێن).
ئەوپیاوەی مێردی ئافرەتە، هەروەها لەخۆی رادەبینێت لەم چوار ئافرەتەش هەرکامیانی بەدڵی نەبوو، تەڵاقی بدات و خێرا ئافرەتێکی دیکە لەخۆی مارە بکات. لێرەدا دەبێ پیاوانی بەرێز ئەمەیان لەبەرچاو بێت کە پێویستە هەموو هاوسەرە هەوێکان ئافرەت بنو ئەگەر تەنیا یەک ژن بکەوێتە ناویانەوە ریسەکەی لێ دەبێتەوە بە خوری.
بەم هۆکارانەی سەرەوە و زۆر هۆکاری دیکەش کە یان بۆ باس کردن نابن یان بۆ ئەوە نابن لێرەدا بیانخەینە بەرباس، هەشتی مارس هەر لە ئافرەتان پیرۆز بێت.

لە ژمارە ٦٢٧ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ: ڕێکەوتی: ٦ ی مارچی ٢٠١٤

# ڕۆژی جیهانی ژن لە ئێران



لەیلا موحەممەدی (ئەفسەر)

هەموو ساڵێک ژنان لە سەراسەری جیهان دا یادی ڕۆژی جیهانی ژن دەکەنەوەو پێداگرتر لە پێشوو ویستەکانی خۆیان بۆ بەدەست هێنانی مافەکانیان دووپات دەکەنەوە. هەموو ساڵیک لەو ڕۆژەدا ویستو ئامانجەکانی خەباتی ژنان لە پێناو یەکسانی دا بە دەنگێکی بەرزتر دەگوترێتەوە.

هەموو ساڵێک و لە ڕۆژی جیهانی ژندا بە جیهان و بەوانەی کە بەردەوامن لە پێشێڵ کردنی مافی ژنان دەگوترێتەوە کە ئامانجەکانی ژنان بۆ بەدەست هێنانی مافەکانیان زیندوون و ئەو کێشانەی کە کە هەشتی مارسی بەدیهێنا، هێشتا هەر ماون و چارەسەر نەکراون. ڕەگی مێژوویی ناونانی هەشتی مارس، ڕۆژی جیهانی ژن، دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوێک کە هەر لەو ڕۆژە داو لە ساڵی ١٨٧٥ ڕوویدا. لەو ڕووداوە دا ژنانی کرێکاری کارخانەکانی ڕستن و چنینی جل و بەرگ، ڕژانە شەقامەکان و داوای زۆرتر کردنی حەقدەست و باشتر کردنی دۆخ و شوێنی کارکردنەکەیان کرد. دوای تێپەڕبوونی چەندین دەیە سەر ئەو ڕووداوە دا و لە ساڵی ١٩٢١ و بە هەوڵی ژنانێکی پێشەنگی وەکوو ڕۆزا زێتکین و ڕۆزا لۆگزامبورگ هەشتی مارس وەک ڕۆژی جیهانی ژن دیاری کرا. لەو کاتەوە ئەو ڕۆژە لە سەرانسەری جیهان وەک ڕۆژی ژن پەسند کرا. لە زۆربەی وڵاتانی جیهان دا ژنان مافی ئەوەیان هەیە کە بە بێ لە بەرچاوگرتنی هەر جۆرە سیستەم یان بیروبۆچوونی سیاسیی و ئاینی، بەبێ هیچ پێشگیریی کردنێک داوای مافەکانیان بکەن. گرنگی جیهانیی ڕۆژی هەشتی مارس ئەوەیە کە کۆمەڵگاکان بە هەر جۆرە بیرو بۆچوونێک و یاسایەک کە ژێربەنای نیزامی سیاسیی هەر وڵاتێک هەیە، ڕێگە دەدەن کە ژنان لەو ڕۆژە دا بەرنامەگەلێکیان هەبێ و کێشەکانیان لە گەڵ بەرپرسانی سیاسیی وڵاتەکانیش دا باس بکەن.

ئەگەر مەبەست لە ڕۆژی ژن ئەوەیە کە سەرنجی هەموان بەرەو ئەوە ڕاکێشێ کە ژنیش یەکسانە لە گەڵ پیاوو هاوکات دەبێ یەک وەزنی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابووریی... هەبێو هەمان مافی هەبێ کە پیاو هەیەتی، زۆر باشە. بەڵام ئەگەر بڕیار بێ بە شێوەیەکی فۆرمالیتە ڕۆژێک بە ناوی ژن یان دایکەوە بێ و دواییش ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵگادا لەبەرچاو نەگیرێو وەک هەمیشە لە بیر بچێتەوە، کەواتە ئەو ڕۆژە گرنگی خۆی لە دەست دەدا. ڕاستە کە یەکێک لە هۆکارەکانی کۆبوونەکانی هەشتی مارس، باس کردن لە کێشەو

**٨ی مارچ**

گرفتەکانی ژنانی کرێکار لە دڵی جیهانی بورژوازیی دا بووە، بەڵام ئەگەر ژنان لە هەموو جیهان دا یادی ئەو رۆژە دەکەنەوە، لەبەر ئەوەیە کە دەستکەوتەکانی ئەو رۆژە تەنیا بۆ لە چوارچێوەی بە دەست هێنانی مافی کرێکارانی ژن نەمایەوە و سەرجەم لایەنەکانی دیکەی چەوسانەوەی ژنانی لە سەرجەم کۆمەڵگاکان و شوێنەکان دا گرتەوە. تەنیا نابێ شتێک لە بیر بکەین، ئەویش ریشەو مێژووی بزووتنەوەی ژنانە کە لە هەشتی مارس دا خۆی دەبینێتەوە. بەڵام لە ئیران دا ئەگەر بمانەوێ تەنیا مەسەلەی ژنانی کرێکار لە بەر چاو بگرین، ژنانی کرێکاری زۆر کەممان هەیە. بە بڕوای من رۆژی ٨ی مارس بووەتە رۆژێک کە سەرجەم توێژەکانی ژنان، بە کرێکاریشەوە دەتوانن خۆیانی تێدا ببیننەوە. بە بڕوای من ئەو مێژووی ٨ی مارس سنووری تەنیا رووداوێکی تێپەڕاندووە، وەک ئەوەی واش بووە، بەڵام ئەوەی کە ڕێشەی ئەو رۆژەو بەربڵاوی ئەو و هەروەها گرنگی دان بەو رۆژە لە لایەن سەرجەم توێژەکان، دەتوانێ چەندە بێ، لە ئێران دا زۆر نوێیە و هێشتا گاگۆڵکێ دەکا. بەڵام لە ئێران، دەسەڵات بەدەستان نەک تەنیا رۆژی هەشتی مارس وەک رۆژی جیهانی ژن بە ڕەسمی ناناسن، بەڵکوو رۆژی (٢٠ جمادالثانی) کە رۆژی لە دایک بوونی فاتمە، یەکێک لە کچانی پێغەمبەری ئیسلام و هاوسەری عەلی، یەکەمین ئیمامی شیعەیە، وەک رۆژی ژن دیاری کراوە. دیاری کردنی ئەو رۆژە وەک رۆژی ژن لە ئێران دا، زیاتر سونبولی چەسانەوەی ژنانە، نەک ڕێز گرتن لە ژن. ئەگەر کارمان بەو لایەنەش نەبێ کە ئایین چەندە رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە چەساندنەوەی ژناندا، دیسان رۆژی لە دایک بوونی کەسێکی سەر بە ئایینێکی تایبەت (شیعە) دەتوانرێ لە لایە کەسانێکەوە یان ژنانێکەوە کە پێڕەوی ئایینێکی دیکەن قەبووڵ نەکرێ. وەک خوێنەرانی ئەو دێڕانەش دەزانن کە ئێران وڵاتێکی فرە ئایینەو دیاری کردنی ئەو رۆژە وەک رۆژی ژن، وەک باسم کرد، جیا لە رۆڵی ئایین لە چەوسانەوەی ژنان دا هاوکات، بێ ڕێزی کردنو چەوسانەوەیەکی دیکەی ژنانێکە کە سەر بەو ئایینە نین، چ دەگا بەو ژنانەی کە هەر بڕواداری ئایینی نین. هەروەها لەو رۆژانەی دا کە دەسەڵاتدارانی ئێرانیش بۆ ژنانیان دیاریان کردووە، هیچ کات باس لە کێشە و گرفتەکانی ژنان ناکرێ و تەنیا بۆ درووشم دان و میوانی، ئەویش لە نێو ژنانی سەر بەدەسەڵات دا یان ئەوانەی کە تەواوە لە ئیدئۆلۆژی ئیسلامی فیقهی دا، رۆژی ژنی "مۆدێلی ئیسلامی شیعیی ئێرانی" یاد دەکرێتەوە. دیاری کردنی رۆژێک لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە رۆژی ژن، جیا لەوەی دەتوانێ کۆپی کردنێکی ناشیرینی رۆژی جیهانی ژن بێ،

بەڵام ئەوەش نیشان دەدا کە دەسەڵاتدارانی ئیران بە تەواوی ئاگاداری چەوساندنەوەی ژن هەن لەو وڵاتە دا. بەڵام بۆ خۆشیان باش دەزانن کە کێشە و گرفتەکانی ژنان تەنیا بە دیاری کردنی رۆژێک بە نێوی رۆژی ژن تەنانەت ئەگەر ئەو رۆژە "٨ی مارس"یش بێت، چارەسەر نابن. بەڵکوو چارەسەری کێشەو گرفتەکانی ژنان پێویستی بە کاری زۆر بنەڕەتی لە ئاستی کۆمەڵگاو هەروەها پەروەردەی بنەڕەتیو زۆر شتی دیکە هەیە کە ناتوانرێ لە وتارێکی کورتی لەو شێوەیە دا بگونجێندرێ.

لە کۆتایی دەمەوێ بڵێم کە دەبێ کێشەو گرفتەکانی ژنان، چ لە ئێران و چ لە هەر کۆمەڵگایەکی دیکە ، دەبێ بە تەواوی بۆ سەرجەم چین و توێژەکانی ئەو کۆمەڵگایانە روون بکرێتەوە. دەبێ زەمینەی ئەوە بهێنرێتە ئاراوە ژنانو کۆمەڵگاش بە مافەکانی ژنان ئاشنا بنو ڕێزیان لێ بگرن تا دەگەین بە کۆمەڵگایەک کە لەو دا مافی ژنو پیاو یەکسانەو هیچ کەس لە هیچ رەگەزێک بەدەستی رەگەزی بەرابەر ناچەوسێنرێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەری حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٤ی مارچی ٢٠١٤

# ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژنان و کێشەی ژنانی کوردستان



**شەیما جەمال زەندی**

رۆژی جیهانی ژنان هەمو ساڵێ لە ٨ی مارس یادی ئەم رۆژە دەکرێتەوە، وەک رۆژێکی مێژویی دادەنرێت و یادی ئەو شۆڕشە گەورەیە دەکرێتەوە، کە ژنان بەرپایان کرد لە ساڵی ١٨٥٦ دژی ئەو ستەمکاریە و نامرۆڤایەتیەی کە بەرامبەریان کراوە لە ویلاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، بە تایبەت لەشاری نیویۆرک بە هەزاران ئافرەت رژانە سەر شەقامەکان و هەرچەندە پۆلیس رێگای پێگرتون بە نامرۆڤانەترین شێوە بەرهەڵستیان کرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ژنان بەردەوام بون لە دەربڕینی نارەزایی و بەدەستهێنانی مافە رەواکانیان، رێپێوانەکەیان سەرکەوتنی بەخۆوە بینی و وایکرد بەرپرسان لە خشتەی کاری رۆژانەیان کێشەی ژنان دابنێن و هەوڵی چارەسەری بۆ بدەن.

لە ساڵی ١٩٠٩ بۆ جاری دوەم بە هەزاران ژنی کارکەر لە کارگەی رستن و چنینی ئەو شارە رژانە سەر جادەکان و رێپوانیان بەرپاکرد، ئەمجارە پارچە نانێکی و شک و دەسکەگوڵیان لەگەڵ خۆیان هەڵگرتبو وەک هەنگاوێک و سومبلێک بۆ بزوتنەوەکەیان و دانانی وەک دروشمی (نان و گوڵ)، لەو رێپوانەیاندا ژنان داوای کەمکردنەوەی سەعاتەکانی کارکردن و کارنەکردن بە منداڵانیان کردبو، هەروەها ژنان مافی دەنگدانیان هەبێت، بزوتنەوەی (نان و گوڵ) سەرەتای دروستبونی رێکخراوێکی ژنانی بەهێز بو لەناو ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و بە تایبەت کاتێک ژنانی چینی ناوەندیش بەشداربون لەو بزوتنەوەیە داواکاری ئەم بزوتنەوەیە زیادیکردو هەوڵیاندا بۆ دەستەبەر کردنی یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئابوری و مافی سیاسی و هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن و رێزگرتن لەئافرەت وەک مرۆڤێک و دەیان داواکاری چارەنوسسازی تری بواری ژنان.

ئەم رێکخراوە یا ئەم بزوتنەوەیە پەرەی سەندو وڵاتانی ئەوروپای گرتەوەو وایکرد کاربەدەستانی ئەو وڵاتانەش چاوێک بە کێشەی ژنان بخشێنن و سەعاتی کارکردنیان کەم بکرێتەوەو زۆرێک لەمافەکانیان دەستەبەر بکرێت و رۆژی ٨ی مارس وەک رۆژی ژنان لەو وڵاتانەش بناسرێن.

## هەشتی مارچ سیمبولێک بۆ داخوازیەکانی ژنان

### ٨ی مارچ

کۆمەڵێک ڕێکخراو دروستبون کە باسیان لە کێشەی ژنان دەکرد، کە زۆربەیان سەر بە پارتە شیوعیەکان بون لە جیهان ساڵی ١٩٤٥ یەکەم کۆنگرەی جیهانی ژنانی دیموکراسی لەپاریسی پایتەختی فەرەنسا بەستراو هەوڵیاندا ئەم ڕۆژە وەک ڕۆژی جیهانی ژنان لەهەمو جیهان بناسرێ، ساڵی ١٩٧٧ لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە داواکار لەهەمو وڵاتانی جیهان کە ئەم ڕۆژە وەک ڕۆژی جیهانی ژنان بناسرێ و لەم ڕۆژەدا بوار بدرێ بە ژنان کە هەمو چالاکیکانی خۆیان بکەن.

لەکوردستان پێش ٨ی مارس و پێش ئەوەی ژنانی وڵاتانی ئەمەریکاو ئەوروپا دەست بە خۆپیشاندان بکەن، بۆ بەدەستهێنانی مافی خۆیان ژنانی کورد هەوڵیانداوە مافی خۆیان دەستەبەر بکەن و هاوشانانی پیاوان لەکۆڕی خەبات و قوربانیدا هاوبەش بون.

لەپاش راپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ وەرچەرخانێکی مێژوی لەژیانی ژنانی هەرێمی کوردستان رویدا ژنان لە کایەی سیاسی بەشداربون و بە سەدان  ڕێکخراوی ژنان دروست بون، بەڵام ئەوەی گرنگە لێرە ئاماژەی پێ بدەین ئەوەیە کە ڕێکخراوەکاتی ژنان لەئاست تموح و داواکاری مافی ژنان نەبون، ئەو ڕێکخراوانە زۆربەی هەرە زۆریان پاشکۆی حیزبە سیاسیەکان بون، لەبری ئەوەی خزمەت بە ژنان و رەوشی ژنانی هەرێمی کوردستان بکەن، بە پێچەوانەوە خزمەتی پیاوان و حیزبەکانیان دەکەن، لەدوای راپەرینی بەهاری ١٩٩١ کێشەی ژنان روی لە زیادبون کردوەو ڕۆژانە و هەفتانە باس لەکوشتن و سوتاندن و ئابڕوبردنی ژنان دەکرێ و دەسەڵاتی دادوەری و یاسایی و حکومی هەرێمی کوردستان دەستەوەستان راوەستاون لەئاستی ئەو تاوانانەی، کە دژ بە ژنان دەکرێ و ڕێکخراوەکانی ژنانیش کە پێشتر هیواو ئاواتی ژنان بون، ئێستا تەنها بە بەیاننامەیەک هاوسۆزی و خەمخۆری خۆیان دەردەبڕن، دواترین تاوان تاوانی کوشتنی ئەو دو خوشکەیە لە قەزای سەیدسادق کە چەند ڕۆژێک پێش یادی جیهانی ژنان لە هەرێمی کوردستان رویداو هەستی مرۆڤایەتی هەژاند، گەورەیی ئەو تاوانە لەوەیە کە لە دەزگاکانی حکومی و حیزبی و دادوەری و پزیشکی و راگەیاندن باس لە گەورەیی ئەو تاوانە ناکەن و هۆکارەکانی دەستنیشان ناکەن و بەپێچەوانەوە دەستەوەستان راوەستاون، لە یادی ٨ی مارسدا کێشەکانی ژنانی کوردستان زۆر گەورە و ئاڵۆز بون، پێویستە لەم یادەدا شۆڕشێکی تر بەرپا بکرێت بۆ ئەوەی ئێمەی ژنان لە زوڵم و زۆر و چەوساندنەوە و کوشتن رزگار بکرێین و چیدی ژێردەستەی دەزگایەکی دادوەری ئیفلیج نەبین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی  -  ڕێکەوتی: ٤ی مارچی ٢٠١٤

# پیرۆز بێت ٨ی مارس رۆژی جیهانیی ژن!



**عوسمان ڕەحمانی**

زیاتر لە سەد ساڵ لەو کارەساتە تال و دڵ تەزێنە تێدەپەڕی کە تێیدا ١٤٠ ژنی کرێکار بە هۆی ئاگر کەوتنەوە لە "تیانکەل"ی شاری نیویورک و لەبەر نەبونی سیستەمی پاراستنی شوێنی کار و خراپیی هەلومەرجی کار، گیانیان لە دەستدا. لەو کاتەوە تا ئێستا بە بەردەوامی هەڵاواردن و ستەم، توندوتیژی و کوشتار، کۆیلایەتی سێکسی و ڕەگەزی لە دژی ژنان پەیرەو کراوە و تایبەتمەندی و ڕوتینی ڕۆژانەی حاشا هەڵنەگری کۆمەڵگای ژێر دەسەڵاتی پیاوسالاریی و سیستەمی سەرمایەداریە.

سەرەڕای ئەوەش کە هەشتی مارس وەک رۆژی جیهانیی ژن لە ساڵی ١٩٧٥ دا لە لایان ڕێکخراوی نێونەتەوەییەوە بە ڕەسمی ناسرا و پەسەند کرا، بەڵام زوڵم و تەعەدا و تاوان لە هەمو دونیادا لە دژی ژنان بەتایبەتی لە وڵاتانی ئایینی و دواکەوتودا بەردەوامە و رۆژانە ژنان دەکاتە قوربانی.

لە ڕۆژی ٨ی مارسی هەر ساڵێکدا ژنان لە سەرتاسەری جیهان دا لە دەوری یەک کۆ دەبنەوە تا ڕیز لە دەستکەوتەکانی خەباتیان بگرن و پەیمان نویّ دەکەنەوە کە تا گەشتن بە ئازادی و بەرابەری لە هەمو بارێکەوە و لە هەمو جیهاندا، بەردەوام بن لە خەبات و بە هانای یەکترەوە بچن. بەم حاڵەشەوە دیسانەکە ستەم و هەڵاواردن و توندوتیژی لەسەر ژنان هەر بەردەوامە و تەنانەت بەشیک لە خودی ژنانیش دەستیان لەم زوڵم و زۆر و تاوانانەدا هەیە دژ بە خۆیان.

ژنان بە بەردەوامی لە هەمو کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆی جیهاندا و لە بواردەکانی ئابوری، سیاسی و کولتوری و کۆمەڵایەتی و خێنزانیدا زولم و ستەم وتوندوتیژیان بەرانبەر دەکرێت. لە هەمو بارێکەوە نابەرابەرن و تەنانەت لەو نەختە مافە سوکەش کە پیاوان هەیانە، بێ بەشن. تەنانەت لە کۆمەڵگا مودێڕن و پێشکەوتوەکانیشدا، نابەرابەری ژن و پیاو یەکیکە لە تایبەتمەندی و بنچینەییەکانی سیستەمی سیاسیی حاکم. بەکار هێنان و چەوساندنەوەی ژنان، تەنها باری ڕەگزیی ژنان ناگرێتەوە، بەڵکو بەرینایی ئەم زولمە مێژوییەی بەشەر زۆر لەوە

بەرینتر و فراوانترە کە قسەی لەسەر بکرێت.

لە هەمو کۆمەڵگا دواکەوتو و پێشکەوتوەکاندا، هەر هەمو باس لە مافی ژنان دەکەن. ئەم باس کردنانە تەنها بۆ فریودان و سوئیستفادە و بەهرە وەر گرتنە لە ژنان و هێزی کاریان. بۆ نمونە لە هەڵبژاردنەکاندا حیزبە سیاسیەکان بە دانی بەڵێنی نەهێشتنی ستەم لە سەر ژنان و دابین کردنی مافەکانیان، مامەڵە بە سەر ئازارەکانی ژنانەوە دەکەن. هەروەها بۆ بەدەست هێنانی هێزی کاری هەرزانتر و گوێڕایەڵتر، هەرهەمو پیاوانی دەوڵەتی و سەرمایەگوزاران و خاوەن کارخانەکانەکان باسی مافی ژنان و ڕیزگرتن لە ژنان

دەکەنە خۆراکی پروپاگاندەی خۆیان. کاتێک کە بەرهەمەکانی ئارایش کردن، لەش ساغی، پاک و خاوێنی، ڕازاندنەوە، جوانکاری و هەر شتێک کە بتوانێ لەگەڵ پێشوازیی ژنان یان ڕێکلام لە لایان ئەوانەوە، قازانجی زۆر بۆ خاوەن کومپانیاکان و دەڵاڵەکان دەستەبەر بکا، بە لێشاو دەرژێنرێتە ناو بازاڕەکان. بەڵام لە کردەودا لە بابەت دەستەبەر کردن و پاراستنی مافی ژنان هیچ کەسێک، نە ئەوانەیکە لە کاتی هەڵبژاردندا بەڵێنیان دا و گەشتە پلە و پۆستی دەوڵەتی، نە پیاوانی هەڵسوڕینەری دەوڵەت و نە سەرمایەدارانی پشتگریکەر لە مافی ژنان، نە بەرهەم هێنەران و دەلاڵەکانی هێنان و هەناردەی بەرهەمەکان بۆ بازار، دەنگی قیژە و هاوار و سکاڵا و ئازاری ئارام ئارام وردوخاش بونی کەسایەتی و هەویەی ژنیان نەبیست و نابیسن.

بێگومان مافە ئینسانیەکانی ژنان بە بێ هاتنە مەیدانی خۆیان و بە بێ هوشیاری و ناسینی ڕیشەی ئەم نابەرابەری و ستەم و زوڵمانە، بەدەست نایەن و ناپارێزرێن. ژن دەبێ خۆی وەک ئینسانێکی سەربەست و خاوەنی مافی یەکسان جێ و شوێنی کۆمەڵایەتی خۆی بناسێت و بۆ پاراستنی تێبکۆشێت! ژن دەبێ خۆی نرخی خۆی بزانێت و ڕیزی لێ بگرێت و باوەڕی بە خۆی بێت کە هیچ گومانێکی تێدا نیە لەم بارەیەوە. بەڵام بە داخەوە تەوەرێکی سەرەکیی شاراوە هەیە کە گەورەترین هۆکاری چەوساندنەوە و ژێر دەستیی ژنانە. زۆربەی ژنان بەردەوام بەرهەمی دێننەوە و ناتوانن دەستی لێ هەڵبگرن. خۆیان بونەتە ئامرازی سەرکوت و دەمکوتی دەستی سیستەم و باوەڕی دژی ئینسانیی پیاوسالاری و ئەم کوشت و کوشتارەیان. بۆ ناسینی ئەم تەوەرە دزیو و زیانبارە هەر ئەوەندە بەستە کە ئاماژە بە کارەکانی خودی ئەم ژنانە بکەین کە شانازیشی پیوە دەکەن و خۆیانی پێوە با دەدەن:

ئایا چەند ژن لە کەس و کار و نزیکان و دەراوسێ و دەوروبەر و دۆست و ناسروای خۆتان دەناسن کە بە دانستە کارگەڵێک دەکەن کە لە بەرژەوەند و قازانجی ژنان و تەنانەت خۆشیاندا نیە؟ چەند ژن دەناسن کە لە قسە و وتار و کۆر و کۆبونەوە و وتوویژ لەگەڵ میدیا و تەلەڤزیون و ڕۆژنامەکاندا وەک ژنێکی هوشیار و تەواو تێگەشتو لە مافەکانی ژنان خۆیان نیشان دەدەن، بەڵام لە کردار و کاتی هەلوێست گرتندا کە دەبێ بیسەلمێنن چاوپۆشی لە هەمو مافەکانی ژنان دەکەن و بە پێچەوانەوە ملکەچی خواست و یاساکانی پیاوانی ماڵ و دەستگاکانی دەولەتی و کولتورین. ئەم ژنانە کە بە قسە و وتار و ڕواڵەت هیچیان نەهێشتوەتە، بەڵام لە کرداردا ڕاست وەک ئەو ژنانەی کە بە هۆی هەژاری و یان دواکەوتویی کولتوریەوە لە ژێر باری زوڵم و ستەمی خێزانەکەی خۆیدا واتا مێرد، باوک و برا کە دەبی دابین کەری ئەمنیەتی گیانی و ژیانی بن، مل بە هەر توندوتیژی و ژێر دەستی و سوکایەتیەک دەدەن. چەند ژن دەناسن کە هوشیارن و بە تەواوی لە مافە ئینسانی و یەکسانەکانیان تێگەشتون، بەڵام بۆ بەدەست هێنانیان و سەپاندنیان هیچ کارێک ئەنجام نادەن؟ ئەم ژنانە هەمو تەعەدا و سوکایەتی و هەڵاواردنێک قەبول دەکەن بە مەرجێک برێک زێریان بۆ بکرن کە دەکاتە قیمەتیان و هیچیتر.

**٨ی مارچ**

ئەم تەوەرە سەرکیە کە ئاماژەی پێ کرا، "هەست و سۆز و عاتیفەیە" یانی شتیک کە بە دریژایی مێژوی پیاوسالاری هیچکاتێک فام نەکرا، نەبینرا و چاوپۆشی لی کرا و بێ وڵام مایەوە. ئەگەر نەختێک زەحمەت بدەین بە خۆمان و لێ ڕامێنین، دەبینین کە ئەم "هەست و سۆزە" یەک لاێەنەیە وەک خۆرکە ژنانی خواردوە و کۆیلە و دەستمۆی کردون. هەست و سۆزی دایکی، هەست و سۆزی هاوسەر، هەست و سۆزی کچ بون، هەست و سۆزی خوشکایەتی، هەست و سوزی ماڵدار، هەست سۆزی قەومی و ئایینی و ... ئەم هەست و سۆزانە بە شێوەیەکی وەها بە سەر بونی ژندا زاڵ بوە کە هەستی ژن بونی تێدا کوشتوە و ڕێگای لێ گرتوە کە بیرێک لە خۆی بکاتەوە و تێبگا کە، بەرلەویکە کچ،

خوشک، دایک، هاوسەر و یان هەر ناوێکی دیکە کە کراوەتە تەوقی گەردەنی هەیبێت، بە خۆی بڵێت: تۆ "ژنیت"!! ئینسانێکی ژنیت و مافی تەواوی ئینسانی و یەکسانت هەیە لەگەڵ پیاو. ئەم بڵایە واتا هەست و سۆز کە ژنی نابود کردوە، زۆربەی هەرە زۆری ژنانی ناچار بە بێدەنگی و خۆ خواردنەوە، تەعامول و تەحەمول و چش لە خۆ کردن، وە خۆ کردنە قوربانی کە، بەم حالەشەوە هیچ حەسابێکی بۆ ناکرێ و بە کالای سێکسی و ئامێری ڕابواردن بۆ پیاوان و بەشیک لە ملک و ماڵی پیاو دادەنرێت.

هەست و سۆزی ژن تەوق و کۆت و کەلەبچەیەکی مێژوییە کە ژنان کردویانەتە ئەستۆی خۆیان و مرۆڤ بونی خۆیانیان پێ نابود و سڕیوەتەوە. تا ژنان واز لەم خەڵاتە قێزەونە نەهێنین کە پیاوسالاری بڕیویەتی بە باڵایاندا، قەت ناتوانن بگەن بە کەمترین مافە ئینسانیەکانیان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەمڕۆ - ڕێکەوتی: ٩ی فێبریوێری ٢٠١٤

---

# با تەنیا ٨ی مارس یادی ژن نەکەینەوە.



**ڕۆژە عەزیزی**

یەکێک لە رۆژەکانی ساڵ کە لەناو خەڵک و میللەتاندا گرینگی پێدەدرێت و باسی دەکرێت رۆژی (٨ ی مارس)یان (١٧ رەشەممەیە) کە بە رۆژێکی گرینگ و پیرۆز دادەنرێت.

لە وەها رۆژێکدا واتە (٨ی مارسی ١٨٧٥) ژنانی کرێکار لە کارخانەکانی ڕستن و چنین لە شاری نیۆیۆرکی ئەمریکا بۆ باشتر بوونی هەلومەرجی رێوشوێنی کاریان یان بڕی دەرامەتەکەیان، دەستیان دایە رێپێوان بەرێوەبردن. ئەم رێپێوانە زۆر بە خراپی لە لایەن پۆلیسی ئەمریکاوە سەرکوت کراو بەشێکی زۆر لە ژنەکان لێیان دراو بریندار کران.

ئەم بابەتە بوو بە هۆی ئەوەی کە بەشێکی دیکە لە ژنانی کرێکار هۆشیار ببنەوە لە بارەی هەلومەرجی کار و شێوازی پێڕانەگەیشتنیان لە لایەن ساحەب کارەکانەوە، تا بەوئەنجامە گەیشتن کە ئەم ڕێگایە درێژە پێبدەن. ئەم جموجۆڵە ئیعترازیانە ساڵ بە ساڵ جا بەشێوەی ئاشکرا یان نهێنی زیاتر پەرەی دەسەند و چالاک دەبوولە ناو کارخانەکاندا. تا لە رۆژی (٨ی مارسی ١٩٠٧) بۆ جارێکی دیکە ژنانی کرێکار لە کارخانەکانی ڕستن و چنین لە ئەمریکا داوای کەمکردنەوە کاتژمێرەکانی کاریان بۆ (١٠) سەعات و هەر بۆ ئەم مەبەستە دەستیان دایە ئەنجامدانی ڕێپێوان، کە ئەم جارەش وەک جاری رابردوو لە لایەن پۆلیسەوە سەرکوت کراو بەشێک لە ژنانی کرێکار گیران و ڕەوانەی بەندیخانە کران.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت ئەم رێپێوانە (ئیعترازیانە)بە بەشداری چەند پیاوی کرێکار و ژنانی دیکە لە چینەکانی کۆمەڵگە پێکهاتبوو.

ساڵێک دوای ئەم رێپێوانە واتە لە ساڵی (١٩٠٨) حیزبی سۆسیالیستی ئەمریکا کۆمیتەیەکی گشتی ژنانی پێکهێنا بۆ ئەوەی ژنان بتوانن مافی دەنگدانیان هەبێ، لە مارسی هەمان ساڵدا ژنانی کرێکار لە کارخانەی چنین بۆ داواکاری کار نەکردنی منداڵ وپێدانی مافی دەنگدان

بۆ جارێکی دیکە لە نیۆیۆرک دەستیان دایەوە ڕێپێوان (اعتراز)دەربڕین. ئەم هەموو ڕوداوانەی (٨ی مارس) ئەوسا بوونە هۆکارێک کە لە ساڵی داهاتوو واتە (١٩٠٩) ئەم رۆژە بۆ یەکمجار لە ئەمریکا بە رۆژی ملی ژنان لە ئەمریا تەسویب کرا.

ئەم رۆژە وردە وردە بوو بە رۆژێکی رەسمی بۆ ژنانی کرێکارکە لەو رۆژەدا دەنگی نارەزایەتیان بەرانبەر دەوڵەت و ساحەب کارەکانیان بەرزبکەنەوە، بۆ باشتر بوونی بواری کارو مافە کۆمەڵایەتیە گشتیەکانی ژنان لە هەموو بوارەکانی پیشەسازی.لە کۆنگرەی

نێودەوڵەتی سوسیالیستەکان لە ساڵی (١٩١٠) کە لە (کپنهاگ) دانمارک بەرێوەچوو، بۆ یەکەم جار ژنە سوسیالیستی حیزبی دێموکراتی ئاڵمان(کلارا زتکین) پێشنیاری دیاری کردنی رۆژی (٨ی مارس) وەک رۆژی جیهانی ژن پێشکەش کرد. هەر لەم کۆنگرەدا ئەم پێشنیارە پەسەند کراو رۆژی (٨ی مارس) وەک رۆژی جیهانی ژن دیاریکرا.

دەکرێ بڵێم یەکێک لە گەورەترین ئەو بۆنەو رێورەسمانەی کە لە مێژووی چالاکی ژنانی جیهان تۆمارکراوە دەگەرێتەوە بۆ (٨ی مارسی ١٩١١) کە لە وڵاتانی (ئاڵمان، دانمارک، سویس، ئوسترالیا) رێپێوانێکی بەشکۆ بەرێوەچوو. بەرێوەبردنی جەژن و پێشکەشکردنی وتار، داوای مافی دەنگدان، مافی کارکردن، ئاموزشی باشیان بۆ ژنان کرد.

لە لایەکی دیکەوە لە هەمان ساڵدا بە بۆنەی رۆژی لە کارەساتی(تریانکل)لە شاری نیۆیۆرک بە هۆی نەبوونی کەل و پەلی باش و خراپی باری ئەمنیەتی نەبوونی سیستمێکی دروستی کار ئاگرێکی گەورە کەوتەوەو لە کارخانەیەک (١٤٩) ژنی کرێکار گیانیان لە دەستدا.

هەر ئەم بابەتە بوو بە هۆی ئەوەی ساڵی داهاتوو لە (٨ی مارس) دا لە هەموو جیهان ئەم رۆژە بە گرینگیەوە یادبکرێتەوە، خراپی بواری کارو نەبوونی پێداویستی ئەمنیەتی و تەندروستی مەحکووم بکرێ، داوای باش بوونی بواری کارکردنی ژنان بکرێت.

بە هۆی هەڵگیرساندنی شەری یەکەمی جیهانی رەوانەکردنی ژمارەیەکی زۆر لە پیاوان بۆ بەرەکانی شەڕ گیان لە دەستدانیان و بێ سەرپەرشت بوونی بنەماڵەکانیان، ژنان لە رۆژانی یادی (٨ی مارس) دا رێپێوانەکانیان بە دژی شەرو وێرانکاری و کوشتارەکانی دوای شەر بەرێوەدەبرد.

دوا بەدوای دەستپێکردنی شەرێ یەکەمی جیهانی لە (٨ی مارسی ١٩١٧) لە ڕوسیا ژنان ئەمجارە بە دژی زیادبوونی نرخی شتومەک و داخرانی کارخانەکان و دەرکرانی ژنانی دوگیان، رێپێوان و چالاکیان نواند، ئەم رێپێوان و نارەزایەتیانە بە یەکێک لە ڕوداوە گرینگەکانی شۆرشی فەوریەی هەمان ساڵ رۆڵی بینی.

پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە لە ساڵەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم تا سەرەتای دەیەکانی شەست رۆژی جیهانی ژن زۆر بەشکۆوە یادی نەدەکرایەوە، چونکە ژنان توانیبویان بەشێکی بەرچاو لە مافەکانیان بەدەست بهێنن. بە گەشە کردنەوەی جوڵانەوەکانی ژنان لە دەیەکانی شەست دوبارە رۆژی (٨ی مارس) بۆ جارێکی دیکە گرینگی خۆی بەدەست هێنایەوە. لە ساڵی ١٩٧٥ لە لایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەم ساڵە بە ساڵی نێودەوڵەتی ژنان دیاریکراو دوو ساڵ دواتر واتە لە ساڵی ١٩٧٧ رێکخراوی یونسکۆ (٨ی مارس) ی بە

**٨ی مارچ**

ڕەسمی بە ڕۆژی جیهانی ژن ناساند. لەو ڕۆژە بەدواوە پیاوان بە ژنان دەستەگوڵ یان دیاری پێشکەش دەکەن و ئەو ڕۆژەیان لێ پیرۆز دەکەن، هەر بەم بەنەوە ڕێز لە هەوڵ و تێکۆشانەکانی ژنان دەگرن.

دوای ئەم هەموو هەوڵ وکۆششانەی کە ژنان لە پێناو بەدیهێنانی مافەکانیان داویانە هێشتاش زۆرێک لە ژنان ڕوبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە و مافەکانیان پێشێل دەکرێت. بە جۆرێک کە دەڵێن تەنیا ڕۆژێک لە ساڵدا کە ئەویش ڕۆژی(٨ی مارس)ە یادی ژن دەکەنەوە پەیمان نوێ دەکەنەوە کە مافی ژن پێشێل نەکرێت. بەڵام ئەی ڕۆژەکانی دیکە ساڵ چی؟ بۆ دەبێت ڕۆژانە چەندین هەواڵی دڵتەزێنی مەرگ و کوشتن و خۆسوتاندن و یا چەندین ڕوداوی دیکە ببیستین. بۆ ئەو ژنە مافی نیە کە وەک پیاو لە مافەکانی ژیان سودمەن بێ، هەر تەنیا بە هۆی ئەوەی رەگەزەکەی ژنە؟

بە خۆشیەوە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا تا ڕادەیەک ئەم پێشێل کاری و هەڵاواردنانەی ژنان کەم بۆتەوە، بەڵام لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بە تایبەت ئەو دەڵەتانەی کە حکومەتێکی دینین تازە لە سەرەتای ئەو جموجوڵانەن، کە بۆ دابین کردنی هەلومەرجی کارو ژیانێکی گونجاو تێدەکۆشن.

ژنانی ئێرانیش لەو هەوڵە بە نرخەی کە لە (٨ی مارسی ٢٠٠٣) ئەنجامیاندا ئەویش بە هەڵگیرساندنی ڕێپێوان لە تاران و زۆربەی شارەکانی دیکەی ئێران، جگە لەوەی کە داوای مافی ئینسانی و کۆمەڵایەتی و ئابورییان دەکرد، دواکاری گونجاندنی (٨ی مارس) یان لە رۆژمێری رەسمی کۆماری ئیسلامی ئێران کرد وەک ڕۆژی جیهانی ژنان، بەڵام تا ئێستا ئەم دواکاریە پەسەند نەکراوە.

لە کۆتاییدا دەمەوێت داوای ئەوە بکەم با بە هەموومان هەوڵ بدەین تەنیا ڕۆژی (٨ی مارس) ڕۆژی ژن نەبێ، تەنیا ڕۆژێک لە ساڵ ڕێز لە ماف و ئازادیەکانی ژنان نەگیرێ، تەنیا لەو ڕۆژەدا وەبیرمان نەیەتەوە کە ژن هەیە و دەبێت ژن مافی بەرابەری لە گەڵ پیاوی هەبێت. هەوڵ بدەین هەموو ڕۆژەکانی ساڵ هەریەکەمان بە نۆرەی خۆمان باسی مافەکانی ژنان بکەین و ڕێز لە گەورەیی و پیرۆزی دایکان، هاژینەکان و خوشکان و کچەکانمان بگرین.

بە هیوای بەدیهێنانی ژیانێکی ئازاد بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵگاکەمان بە تایبەت ژنان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٣

# با هەموو رۆژەکانی ساڵ بکەینە رۆژی خەبات دژی ستەم و ناعەدالەتی

**(بەبۆنەی رۆژی جیهانیی ژنانەوە)**



**کوێستان فتوحی**

٨ی مارس رۆژی نێونەتەوەیی ژنان، بیرهێنەرەوەی یەک سەدە خەباتی مافخوازانەی ژنانی جیهان بۆ گۆڕینی هەلومەرجی نادادپەروەرانەی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییە. رۆژی هاودڵی و هاوپێوەندیی ژنانی جیهان لە دژی نابەرابەرییەکانە. رۆژی وەئاگا هاتنەوەی هەموو ژنان و کچانێکە کە دیلی بیروبۆچوونە کۆنەپەرستانەکان و دابونەریت و یاسا پڕ لە هەڵاواردنەکانی وڵات و کۆمەڵگەی خۆیانن. ئەو رۆژە هەلێکی باشە بۆ هەموو ژنانی ستەم لێکراو تا داوا و خواستەکانیان جارێکی دیکە بێننەوە بەرباس و گوڕ و تینێکی دیکە بە خەباتەکەیان ببەخشنەوە. حاشاهەڵنەگرە کە دەستڕاگەیشتن بە ماف و ئازادییە ئینسانییەکان تەنیا لە رێگەی خەبات و تێکوشانی بێوچانەوە مسۆگەر دەبێ.

بێمانایە باس لە پێشکەوتن و پەرەسەندنی ئابووری، سیاسی و کەلتووریی هەر وڵاتێک بکرێ کەچی نیوەی کۆمەڵگەکەی لە تێکۆشانی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، ئازادانە بەشدار نەبێ، روحی پیاوسالاری بە سەریدا زاڵ بێ و ژن تێیدا مافەکانی پێشێل بکرێ. هیچ بزووتنەوەیەکیش ناتوانێ ئیدیعای رزگارکردنی نەتەوەیەک بکا، بەڵام بایەخ بە رۆڵی ژن لە خەباتدا نەدا.

سەرەرای هەوڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ بە رەسمی ناسینی مافەکانی ژنان لە جیهاندا بەداخەوە هەتا ئێستاش لە زۆر وڵات و کۆمەڵگەی جۆراوجۆردا ستەم و ناحەقی بەرانبەر ژنان، هەر بەردەوامە. یەکێک لەو وڵاتانەی بە شێوەیەکی سیستماتیک و بەردەوام مافەکانی ژنانی تێدا پێشێل دەکرێ و ژن رووبەرووی توندوتیژی و سووکایەتی و ستەم و ناعەدالەتیی حاکمییەت و کەلتووری پیاوسالاری بووەتەوە، وڵاتی ئێرانە.

سەرچاوە
Serchawe

**٨ی مارچ**

هەڵاواردن و توندوتیژی لە دژی ژنان لە تایبەتمەندییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامین. ئەو ڕێژیمە کۆنەپەرست و دژی ژنە ، ٣٤ ساڵە بە بیانووی جۆراوجۆری وەک ڕەچاو نەکردنی ڕێوشوێنە ئیسلامییەکان، ژیانی لە ژنانی ئەم وڵاتە تاڵ کردوە. خومەینی دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەی خۆیدا شەڕی لە دژی ژنانی ئێران ڕاگەیاند کە ئێستاش ئەم شەڕە هەر بەردەوامە. ناوبراو ٨ی مارسی بە دیاردەیەکی ڕۆژئاوایی ناو برد و گوتی هیچ پێوەندییەکی بە ژنانی ئێرانەوە نییە. ڕۆژی ٨ی مارس بەرانبەر بە ١٧ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ (ڕۆژی جیهانیی ژنان)، خومەینی فەرمانی حیجابی زۆرەملیی دەرکرد. ناوبراو کە قسەی بۆ کۆمەڵێک لە ژنان دەکرد، گوتی» خانمەکان دەتوانن بچنە ئیدارەکان بەڵام بە حیجابەوە دەبێ بچن»!. ئەمە سەرەتای دەستپێکردنی سەرکوتی ژنان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی تازەدا بوو. ئامانجی ئەو ڕێبەرە کۆنەپەرستە ئەوە بوو کە ڕۆحییەی ئازادیخوازانەی ژنانی ئێران هەر لە سەرەتاوە تێک بشکێنێ و پایەکانی حکوومەتە کۆنەپەرستەکەی قایمتر بکا. لێرە بەدواوە لە هەموو یاساو ڕێساکانیاندا ژنیان بە مرۆڤێکی پلەدوو دانا و بە یاسای پڕ لە هەڵاواردن نەک هەر پێوەندیی نێوان ڕەگەزی نێرو مێ بەڵکوو سەرتاپای کۆمەڵگەی ئێرانیان تووشی ناهاوسەنگی و شێوان کرد.

## لە ئێران خەباتی ژنان دژوارتر دەبێ

لە ماوەی ٣٤ ساڵی ڕابردوودا سەرکوتی ژنان یەکێک لە سەرەکیترین کارو بەرنامەکانی حاکمانی کۆماری ئیسلامی بووە. بەردەوام بەرنامە و گەڵاڵە لە بواری جۆراوجۆر لە بەرزترین پلەکانی حکوومەتیدا لە دژی ژنان هاتوونە بەرباسو بڕیار لەسەردان. ڕێژیم بە بەکارهێنانی ئەو جۆرە سیاسەتە، ویستوویەتی بە شێوەیەکی سیستماتیکو ڕێکخراو، ژنان بشکێنێو بیانکاتە کۆیلە و، کۆمەڵگەی ئێران بگێڕێتەوە بۆ سەدەکانی نێوەڕاست. هەوڵی داوە ڕوانینێکی جنسییەتی لەکۆمەڵگەدا نەهادینە بکا کە بەداخەوە بمانەوێ و نەمانەوێ سیاسەتی هەڵاواردنی ڕەگەزی لە ڕێگای سیستمی پەروەردەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، کاریگەریی لەسەر ژیانی بەشێکی زۆر لە مرۆڤەکانی ئەم وڵاتە داناوە. هەروەها بە هۆی تێکەڵکردنی تێگەیشتنی دواکەوتوانەیان لە ئایین و پێوەندییە کۆمەلایەتییەکان لە گەڵ یاسا و سیاسەت، ژنانیان تووشی ژیانێکی هەتا بڵێی تاڵ و ئازاراوی کردوە. زیندانی کردن و ئازاردانی ئازادیخوازان و چالاکانی ژنیش تەنیا بە تاوانی نارەزایەتی دەربڕین بە دژی هەڵاواردنی جنسییەتی، بۆتە کارێکی ڕۆژانەی دەسەڵاتدارانی خۆسەپێن بە سەر ئێراندا. ژنان ڕۆژ نییە لەگەڵ یاسایەکی نوێ کە دژی مافی ئینسانی و ئازادی و کەرامەتی ئەوانە، ڕووبەڕوو نەبنەوە.

بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو سەرکوتو چەوسانەوە یاساییانە، ژنانی ئاگا و ئازای ئێران قەت لە خەباتو بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو یاساو کولتوورو سوننەتانە کە ئاخوندە دواکەوتووەکان بەسەر کۆمەڵگەی ئێرانیاندا سەپاندوە، غافڵ نەبوون. هەر لە یەکەم ڕۆژەکانەوە بە نارەزایەتی لە قسەکانی خومەینی زۆربەی ژنانی کارمەند لە چوون بۆسەر کار بە حیجابەوە خۆیان پاراست و لە دژی ئەم بڕیارە کۆنەپەرستانەیە خۆپیشاندانیان وەڕێ خست. بە هەزاران کەس لە ڕۆژی ٨ی مارسی هەمان ساڵدا لە دانشکەدەی فەننیی تاران کۆبوونەوە و ئەم ڕۆژەیان کردە ڕۆژی خۆپیشاندان لە دژی بڕیارەکەی خومەینی. ئەمە سەرەتای بەربەرەکانیی ژنانی ئاگاو وشیاری ئێران لە دژی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی بوو. لەو کاتەوە بزووتنەوەی بەرابەریخوازی ژنان بەشێوەی جۆراوجۆر و لە سەنگەری جۆراوجۆرەوە هەوڵیان داوە ئەو ناهاوسەنگیو نابەرابەرییانەی بەسەر ژناندا سەپاوە، تێک بدەن و ژیانێکی ئینسانی بۆ خۆیان دابین بکەن. یەکێک لەو بوارانەی کە ژنان بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی خۆیان هاتوونەتە مەیدانەوە، بواری نووسین و کاری فەرهەنگی بووە، بە تایبەتی بە دامەزراندنو

بەڕێوەبردنی سایت و وێبلاگ دەستیان کرد بە وەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی گەورەی فەرهەنگیو لەو ماوەیەدا بەڕاستی ئەدەبیاتی ژنان پێشکەوتنێکی یەکجار زۆری بەخۆوە بینیو، ئاگایی ژنانیش تا رادەیەکی زۆر چووە سەرێ. لە ماوەی ئەو ساڵانەی دواییدا بە دەیان و سەدان سایت و وێبلاگ تایبەت بە مەسەلەو کێشەکانی ژنان لە کۆمەڵگای ئێراندا سەریان هەڵدا و لە ئاگاکردنەوەی ژنان لە سەر مافەکانیان نەخشێکی گرنگیان گێڕاوە. ژنان ئازایانە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، تواناکانی خۆیان دەرخستووەو سەرەرای ئەو هەموو کێشە و ئاستەنگەی خراوەتە سەر رێیان، بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەسەڵات و یاسا پڕلە هەڵاواردنەکانیان سڵیان لەو کۆسپانە نەکردووەتەوە و لە هەر دەرفەتێک کە بۆیان هەڵکەوتبێ شانبەشانی هەموو ئازادیخوازانی دیکە لە مەیداندا ئامادە بوون و لە ئازار و سووکایەتی و تەنانەت لە مەرگیش نەترساون. حاکمانی کۆنەپەرستیش کە فکرەنو زاتەن دوژمنایەتییان لەگەڵ پێشکەوتنی ژناندا هەیە، بە هەموو شێوەیەک کۆسپیان خستۆتە سەر رێیانو بەردەوام سانسۆریان خستۆتە سەر سایتو وێبلاگەکانیانو دایان خستوون و بەڕێوەبەران و نووسەرانیان رەوانەی زیندانەکان کردوون و تەنانەت حوکمی نارەوایان بەسەردا سەپاندون. بەخەیاڵی خۆیان پێیان وابووە پێشی ئەو بزووتنەوەیە دەگرن کە لەگەڵ هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە سەری هەڵداوەو بۆتە هۆی ئابڕووچوونی کۆماری ئیسلامی لە نێو کۆمەڵگەی جیهانیدا.

## خەباتی ژنان لە کوردستان

لە کوردستانیش ژنان لە دەست سیاسەتی پڕ لە هەڵاواردنی کۆماری ئیسلامی و کەلتووری دواکەوتوانەی ژن بەکەمگر کە کۆماری ئیسلامی هەمووکات پەرەپێدەری ئەم کەلتووره بووە، وەزاڵە هاتوون. سەرەرای ئەوەش ژنانی کورد لە هاورەگەزەکانیان لە ئێراندا دوا نەکەوتوون و لە دوو سەنگەر دا هەم دژی سیاسەتی هەڵاواردنی رەگەزیی کۆماری ئیسلامی و بۆ دەرباز بوون لە ژیانی پڕ لە جیاوازی و چەوسانەوە و بەسووک چاولێکرانیان، هەم بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکانیان وێڕای پیاوانی ئازادیخوازی کورد خەباتیان کردوە و هیچ تەنگ و چەڵەمەیەک بەچۆکی دا نەهێناون. ئەوە راستە کەلتووری کۆمەڵگەی کورد لە رابردوودا لە ژنی ویستوە بێدەنگ بێ و ئەو سنوورەی بۆی دانراوە نەیبەزێنێ، بەڵام ژنانی ئاگا ئەو سنوورەیان تێک شکاندوە و بێدەنگبوونیان نەکردۆتە پێشە. هەرچەند بەداخەوە لەم چەند ساڵەی دواییدا هێندێک لە ژنان بۆ خۆدەربازکردن لە مەینەتییەکانی ژیان پەنا دەنەنە بەر خۆسووتاندن و خۆلەنێوبردن، کە ئەمە نەک ناوی نانرێ خەبات بەڵکوو ئەوپەڕی لاوازیی و داماویی ئەو مرۆڤانە دەگەیەنێ. ئەو کردوەیە لە لای خەباتکاران و ئازادیخوازانەوە ناپەسند و مەحکوومە و نابێ رێگە بدرێ ئەم فەرهەنگە لە نێو ژناندا پەرە پێ بدرێ. لە جیاتی ئەوەی ستەم و چەوسانەوە و هەلاواردن، ناچارمان بکا چۆک دابدەین و پەنا بۆ خۆکوشتن ببەین، دەبێ بەرەوروویان ببینەوە و ئێمە چۆک بەوان دابدەین.

دەبێ تێبکۆشین هەتا کاروانی خەباتی ژنان بۆ گەیشتن بە مافە رەواو ئینسانییەکانیان بگاتە ئامانج و چی دیکە شاهیدی ناعەداڵەتی و بێمافییەکان لە وڵاتەکەی خۆماندا نەبین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٣

# خەبات و رووتبونەوە؟!



**بیگەرد میرسەیدی**

زیاتر لە سەد ساڵە کە خەڵکانی جیهـان گرینگیـان داوە بە ژن ومافەکانی ژن بـۆ ئـەو مەبەستەش تیدەکۆشن ، بە هێنانە گـۆری گەلاڵـە وپلانی هیمنانە کە پاراستنی ژن و مافەکانی ژن لە قالبی تئۆریەو ە بخەنە خانەی پراکتیک،بۆ لێکۆڵینەو و سەرەنجام چارەسەری. ساڵانە گەلێک سمینار و کۆنگرە لـە لایەن کارناسـانی بەشی ژنـان بـۆ ئـەو مەبەستە بەرێوە دەچن و گـەلێک رەخنـە و پێشنیار و راوێژ تـاوتوێ دەکرێن.

**بە گشتیش مەبەست لەو دانوستاندنانە ولامدانەوەیە بە و چەند خاڵەی ژیرەوە؛**

١- چۆن دەکرێ راشکاوانە حەول بدەین بۆ گێرانەوەی ئەو مافانەی کە چەندین سەدەیە لە ژنان زەوت کراون؟
٢- چۆن دەتوانین مافی پارێزگاری لە ژن دەستەبەر کەین و جیهان بۆ ژن بکەینە ژینگەیەکی ئارام و بێ ترس؟
٣- چۆن چۆنی بتوانین ئەو هۆکارانە دەست نیشان بکەین کە بەر بەست و لەمپەرن بۆ گەیشتنی ژن بە مافەکانی؟
٤- چۆن بتوا نین پتر سرنجی پیاوان راکێشین بۆ هاریکاری و پاڵپشتی خەباتەکەان کە جۆریک پاڵپشتی سەقامگیر بێ، لـە لایـەک بـێ سەلمێنین کە بەشداری ژن لە خەبـاتی نەتەوەیی بەشێکە لە خەبـاتی رزگاری ژنـان، لـە لایـەکی دیکـەش خۆمان بە میراتگری راستەقینەی خەباتی نەتەوەخوازی بزانین چون بەشی هەرە زۆری ئازارو ژانەکانی ژیان لە پێناو رزگاریدا قورسایی دەخاتـە سەر شانی ئێمەی ژن ،بە لەدەست دانی مێرد، کچ و کور، خزمەت بە شۆرشگێران، سەغیر باری و بێوە ژنی سەرەرای قەید وبەندەکانی کۆمەلگا و...

سەرەرای ئەو هەموو حەول و تێکۆشانە، دوای چەندین ساڵ بی پسانەوە گەلاڵە وپلانەکان بۆ ئەو مەبەستە جیـا لـە وڵاتـانی رۆژئـاوا سـەر کەوتنێکی ئە تۆیـان بەدەستەوە نـەداوە، کـە ببیتـە هـۆی رەزامەنـدی و قەناعـەتی ژن، بەتـایبـەت لـە رۆژهـەلاتی نیـوە راست کـە نـاوەنـدی هەراوی بیری فندا منتاڵێ کە لە ژێر سێبەری هیندێک داب ونەریتی خێل وکۆمەڵگا بەر دەوام خەبـاتی ژنانی بەرەو ئـاقـاری خوێن وکوشتار

و بی سەر کردن بردۆ، جێی داخە لێرە خەباتی ژنان دەبێ لە دەربەندێگ تێپەرێ کە لە لایەن سێ جەمسەری هارو دەستەمۆ نەکراو بۆسەی بۆ دانراوەتەوە.

١- یاسای ئیسلام و بیری نەگۆر!

٢- داب ونەریتی خێڵ و کۆمەڵ، کە خۆیان لە ناموس پارێزیدا دەبیننەوە

٣- یاسای حاکمی غەددار بە پاڵ پشتی خاڵەکانی یەک و دوو! بەڵام بەسەر هەلدانی رێنسانس بۆ چونێکی نوێ لەسەر مرۆڤ خۆی لە فەرهەنگی رۆژئاوادادیتەوە، ئەویش بە ریوایەتێک کە خوا، خزیوەتە جەستەی مرۆڤ( عیسا) بەو هۆیەوە جەستەی مرۆڤ موقەددەس بو هەربۆیە جوانی ناسی جەستەی مرۆڤ کرا بە فەرهەنگی سەردەم، هونەرمەندان رویان لە کێشانەوەی جەستە روتەکان کرد،کە دەکرێ ئاماژە بەشاکارەکانی داوێنچی، میکڵ ئانژ، رافائیل بکەین، لەسەر دیوارەکانی کڵێسا کانی رۆم و فلۆرانس، کە پاشان ئەو جەستە روتانە خۆیان لە پەیکەرەکاندا دیتەوە، بەلام بە کێشانەوەی ئەو پەیکەرە رووتانە بوو کە هەنگاوی یەکەم لە مرۆڤی کامڵ شکلی گرت کە لەودا دین و یاسا و دەستەڵات بەرەوپەکسانی رێ کەوتن.

بەڵام لە رۆژهەلاتی نیوەراست لە ژێر هیژمونی ئیسلام بەلگە مێژوییە روتەکان وێران دەکرین ،کتێبە هونەرییەکان دەسوتێندرێن، بیری رادیکاڵی ژن بە توندترین شێوە بەرەنگاری لەگەڵ دەکرێ، سەرەرای شکل گرتنی ژومارەیەک رێکخراوی خاوەن پرۆگرام ومودێرن کە خۆیان لە قەوارەی تەشکیلات و سازمان وحیزبەکاندا دەبیننەوە کە ئەوەش لە خۆیدا خەباتێکی کوت کوت و پچر پچرە، زۆر جار خۆرسکانە لەرووی کڵپەی هەستەوە دیاردەیەک دونیا دەهەژێنی کە سەرەنجام وەک پەپولە بە زایەڵەی ئاگری ستەم هەڵدەقرچێ، بۆ ئەو مەبەستە ئاماژە بە خۆ رووت کردنەوەکەی عولیا ماجد مەهدی دەکەین ناوبراو سالی ١٩٩١ لە میسر لەدایک دەبێ چالاکی مافی ژنان و وێبلاگ نووس بوو عولیا بەو حەرەکەتەی بانگی کۆمەلگا و دەستەلاتدارانی دژە ژنی میسری کرد بێنە مەیدانی خەباتی ژنان، ناو براو بەو هەڵوێستە ئازایانەی مۆمی خەباتی ژنانی لەو ولاتە داگیرساند عولیا ژنێکی سیاسی بوو لە وێبلاگەکانی خۆیدا بەشێکی لە وێنەکانی خۆی و هاڤاڵانی بلاو کردۆتەوە کە لە مەیدانی تەحریر چۆن بەرەنگاری دوژمنانی ئازادی بونەتەوە لە یەکەم رۆژەکانی شۆرشی میسر دا! کە بەداخەوە دەستی تاوان دڵی پر لە هیوای کپ کرد! دوا بەدوای عولیا شایەدی چەند وێنەی نیوە رووتی کەسانی تر بوین! ئەویش لەولاتانی ئوروپاییکە ئەو هەڵوێستە حەرەکەتیکینامۆ نی هەر وەک لە پیشدا ئاماژەمان بە سەرەتای رێنسانس کرد. کەچی ژمارەیەک لە لایەنگرانی ئەوکەسانەی لە ئوروپا وەک درێژەدەری رێگای عولیا ماجد خۆ رووت دەکەنەوە. ئەو حەرەکەتە بە رەچە شکێنی نیو دەبەن، بە قەولی کورد دەلێ کردیانە بەرووی لە پێلک دەرهاتوو! بەڵام کردەوەی ئەوانە، نە رچەشکێنێ ،نە ئازایەتی تەنیا لاسایی کردنەوە.

هەر بەومەبەستەو چۆنییەتی خەباتی ژنان چەند دیمانەیەکم لەگەڵ ژومارەیەک ژنی چالاکی کورد لە بواری مافی ژنان پێک هیناوە لە بەشی دووهەمی ئەو بابەتەدا پێشکەشی خوێنەرانی دەکەم، هیوادارم بتوانم لەو بەستێنەدا یاریدە دەرێک بم.

٨ی مارس وەک رۆژی ژن وەک رۆژی پاریزگاری و رێز لێنانە لە خەباتی ژنان بۆ وەدەست هێنانی مافە زەوت کراوەکانیان، رۆژی پێداگری

**٨ی مارچ**

ئەو ژنە ئازا وبوێرانەیە کە بە شکاندنی قەید وبەندەکانی کۆمەلگا و بی ترس لە دەستەلاتدارانی غەددار، بە پێک هێنانی کۆر و کۆمەڵ و رێکخراوی سنفی و ئێن جی ئۆکان، بۆ پەرەدان بە خەباتی مەدەنی، قۆڵی هیممەتیان هەڵمالیوە، لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا خەریکن سەر کەوتن دەستە بەر دەکەن و ئازارو ژانەکانی ژن لە کۆمەلگای پیاو سالاری و لە ژێر هێژمونی بیری ئیسلامی و دەستەلاتدارانی داگیر کەردا تاو توێ و شرۆڤە دەکەن، ئەوەی راستی بێ بانگەوازی ئێمە روو لە پیاو و دەستەلات و ئایینە. وەک سێ فاکتەری سەرەکی کە بەردەوام دژ بە ژن و ئازادی ژنان، کە هەڵگری پاشکۆیەکی پڕ لە شورەیین، سەبارەت بە و چینە بەش مەینەتەی کۆمەلگا، کە نیوەی کۆمەلە.. ئەگەر لە باری وێژدان و شعوری مرۆڤایەتیەوە بێ ژن لە هیچ بارێکەوە چی لە پیاو کەمتر نیە، هەلاواردنی ژن لە زۆربەی ماف و بەها مرۆییەکان دەگەڕیتەوە بۆ بی عەدالەتی و بێ ویژدانی کۆمەلگا ودەستەلا ت دارانی حاکم لە خێڵ و ئایین و دەستەلاتی یاسا. جێێ داخە ئێستا لە سەدەی ٢١ دا ژن دەسوتیندرێ، دەکوژرێ، سەنگسار دەکرێ، بازرگانی پێوە دەکرێ، وەکو نێچیرێکی روح سوک رۆژانە دەکریتە خۆراکی ئەو هەوەسبازانەی کە چ لە مرۆڤ ومرۆڤایەتی نازانن!

ئێمە وەکو ژن پێویستە لەو رۆژەدا پەیمان نوێ بکەینەوە بۆ وەدەست هێنانی مافە زەوت کراوەکانمان، ئازایانەتر، شێلگیرانەتر، بێینە مەیدانی خەبات بە کردەوە، لە کۆگا و کارگە و شەریکەکاندا، لە خوێندنگا ورێکخراوە سنفی و مەدەنیەکاندا، لێژنەی چالاک پێک بێنین بۆ بەر پەرچ دانەوەی ئەو بێ عەدالەتی و دەست درێژیانەی کە رۆژانە دەکرێتە سەر ژن و مافەکانی ژن. بێ شک ئەورۆ پێشکەوتویی وشارستانییەتی هەر نەتەوەیەک خۆی لە ئاوینەی بالا نوێنی ژناندا دەبێنیتەوە، هەر وەک ژنی ئازاد و سەربەست و چالاکیش خۆی لە کۆمەڵگایەکدا دەبینیتەوە کە بە کۆمەلگای پێشکەوتوو ناسراوە، ئەورۆ ئێمەێ ژنانی کورد بۆ وەدەست هێنانی مافەکانمان ئەرکەکانمان قورسترە لە ژنانی نەتەوەکانی بالا دەست، هەر بۆیە دەبێ لە لایەک تێ بکۆشین پەرە بەخەباتی ژنان بدەین بۆ وەدەست هینانی مافە پێ شێل کراوەکانمان، لە لایەکی دیکەش شان بەشانی پیاوان بۆ وەدەست هینانی مافی نەتەوایەتی کە ئێمە لێک تەریب دەدا راشکاوانەتر بێینە مەیدان، چون ئەوەی راستی بێ رزگاری نەتەوەکەمان بە شێکە لە رزگاری ئیمەی ژن، بۆ ئەو مەبەستەش کەم نین ئەو پیاوانەی کە پاڵ پشت و یاوەرو هاندەری ئیمەن بۆ گەیشتن بەمافەکانمان، هیوادارین لە داهاتویەکی نە زۆر دووردا بە یەکێتی و هاو خەباتی هەموو لایەک، چ ژنان و چ ئەو پیاوانەی کە رۆژانە ویژدانی مرۆڤایەتیان دە وروژێ و دێنە نیو ریزی خەباتی فیمینیستی، بۆ دروست کردنی کۆمەلگایەکی ئارام و ئاسودە، ئازادی و رزگاری دەستەبەر کەین وئێمەی ژن خۆمان لە کۆمەلگایەکی ئارام وبێ کێشەدا وەبینین بە جۆرێک ٨ی مارسەکان بکەینە رۆژی جەژن و هەڵپەرین و سەر کەوتنی یەکجاری.

پیرۆز بێ ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژن.

یەکگرتو تر بێ خەباتی ژنان بۆ رزگاری و سەر بەستی.

سەرچاوە: ماڵپەری رۆژهەلات تایمز - رێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠١٢

# یاسای"پشتیوانی لە بنەماڵە" دیاریی ئەمساڵی رژیم بۆ ژنان

**(بە بۆنەی رۆژی جیهانی ژن)**



**ئێلهام چایچی**

جارێکی دیکە ٨ی مارس، رۆژی جیهانیی ژن گەیشتەوە، رۆژێک کە سەمبولی بەرەنگاریی ژنانی ئازادیخوازە کە بە نەترسیو بەرخودانیان، مێژوویەکیان خوڵقاندووە کە ئێستا ئێمە بە غروورو شانازییەکی گەورە رێزی لێ دەگرین.
بایەخی ئەم رۆژە گرینگە لەوەدایە کە دەبێ بیر لە یەک ساڵی رابردوودا بکەینەوە کە چیمان کردووەو لەمەوبەدوا چ دەبێ بکەین. لە ئێراندا! ولاتێک کە تەنانەت رێزگرتن لەم رۆژە بە واتای بەربەرەکانی لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی ئەم حکوومەتە لە قەڵەم دەدرێت، بیر لەوە بکەینەوە کە دەبێ چی بکەین؟

حکوومەتێک کە بۆ بەرەوپێشبردنی ئارمانە کۆنەپەرەستو سەپێنەرانەکەی خۆی لە هەر شێوەیەک بۆ گوشارو هەڕەشە لەسەر چالاکانی مافی ژنانو یەکسانیخوازان، کەڵک وەردەگریو بە راوێنێکی دوژمنکارانە لە بەرامبەر ژنانی ئازادیخوازی نەتەوەکانی ئێرانی، هەوڵ دەدا بیانخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە. بۆ وێنە لە کۆمەڵگایەکدا کە رێکاری پێشنیاری بۆ پشتیوانی لە ژنانی بێسەرپەرەست، نیکاحی کاتی (صیغە) بێتو یان جیاکردنەوەی جنسییەتی، یەکێک لە سیاسەتە فەرهەنگیەکانی دەوڵەتەکەی بێ، دەبێ چ بکرێ؟
دەبێ پرسیار بکرێ ٨ی مارس چ رۆژێکە؟ چۆن دەبێو شیاوە کە رێز لەم رۆژە بگرین؟ ئەمساڵ بۆ ژنانو پیاوانی ئازادیخوازی نەتەوەکانی ئێرانی چ گرینگیەکی هەیە؟ ژنانێک، کە ٣٠ ساڵە تەنیا بۆ ساتێکیش لە بەربەرەکانێ دژی هەڵاواردن لە لایەن حکوومەتێکی درندەو سەرکوتکەردا ماندوو نەبوونو پاشەکشەیان نەکردووە.

نەترسیی ژنانێک کە توانییان رۆژێکی وەک رۆژی ژن لە مێژوودا جێگیر بکەنو بیکەنە رۆژێکی فەرمی لە جیهاندا، دەبێ بۆ هەموو ژنانو بەتایبەت ژنانی نەتەوەکانی ئێرانی، نموونەیەکی شیاو بێت.

## ٨ی مارچ

**ئەمساڵ لە هەلومەرجێکدا ڕێز لەم ڕۆژە دەگرین کە حکوومەتی دژ بە ژنی کۆماری ئیسلامی، هەوڵ دەدات گەورەترین زەربەی خۆی لە بارودۆخی ژنانی نێو بنەماڵە، کە بچووکترینو گرینگترین پێکهاتەی کۆمەڵگایە، بدات. دیاریی کۆماری ئیسلامی بە بۆنەی ڕۆژی ژن، بۆ ژنان، پەسندکردنی گەڵاڵەی "پشتیوانی لە بنەماڵە"یە.**

**گەڵاڵەی "پشتیوانی لە بنەماڵە"، لە خەرمانانی ساڵی ١٣٨٦ لە لایەن دەزگای قەزایی ئێرانەوە، وەکوو گەڵاڵە درایە مەجلیسی کۆماری ئیسلامی، ئەم گەڵاڵەیە بە هێندێک ئاڵوگۆڕەوە بە کۆمیسیۆنی فەرهەنگیی مەجلیسی حەوتەم درایەوە، بەڵام دوای چاوەدێریی سەرەتاییەکان، بەهۆی ناڕەزایەتییەکان، پەسند نەبووو ئیدی قسەی لەسەر نەکرا. لە ساڵی ١٣٧٠دا، ئەم باسە - کە دوایی وەک گەڵالەی "پشتیوانی لە بنەماڵە" ناودێر کرا - لە لایەن هاشمی ڕەفسەنجانییەوە هاتەوە گۆڕێو مەبەستی ئەمجارە زیاترکردنی "کەڵک وەرگرتنی جینسی" بوو کە بە چارشێوی ئیسلام پێچراو وەک گەڵاڵەی "پشتیوانی لە بنەماڵە" هاتە گۆڕێ.**

**ناڕەزایەتیی چالاکانی مەدەنیو مافی ژنان کاتێک دەستی پێکرد کە ئەم گەڵاڵەیە لە کۆمیسیۆنی قەزایی مەجلیسی هەشتەمی کۆماری ئیسلامی بێ هیچ پێداچوونەوەیەک پەسندو بۆ دوایین پەسندکردنی پێشکەش بە مەجلیس کرایەوە. ئەم ناڕەزایەتییانە بوو بە هۆی لابردنی بەندەکانی ٢٣ و ٢٥ی ئەم گەڵاڵەیە.**

**ماددەی ٢٣ی ئەم گەڵاڵەیە بە پیاو ئیزنی ئەوەی دەدا کە ئەگەر توانایی ماڵیی هەبوو، دەتوانێ بە ئیزنی دادگاو بێ‌ڕەزامەندیی هاوسەری یەکەمی، چەندین هاوسەرگیریی دیکە بکات. ماددەی ٢٥ی ئەم گەڵاڵەیەش بۆ مارەیی زۆر ماڵیاتی لەبەرچاو گرتبوو.**

**لە کۆتاییدا ئەم گەڵاڵەیە دوای یەک ساڵ، لە کۆمیسیۆنی حقووقیی مەجلیسی کۆماری ئیسلامی بە هێندێک دەسکارییەوە پەسند کرا. بە پەسندکردنی وەها گەڵاڵەیەک، جارێکی دیکە سیمای حکوومەتی پیاوسالاری کۆماری ئیسلامی دەرکەوتو لە هەموو سەیرتر ناوەرۆکی ئەو دەسکارییانە بوو کە لەم گەڵاڵەدا کرا. بۆ نموونە بە پێی تێبینیی ماددەی ٤٢ی گەڵاڵەکە، ئەو پیاوەی کە نیکاحی کاتیی خۆی سەبت نەکردبێو ژن لەو نیکاحە منداڵی بێت، بە هێندێک سزا کە لە ماددەی ٤٢دا هاتووە، مەحکووم دەکات. هەروەها گونجاندنی دووبارەی ماددەی ٢٣یە کە پێشتر باسمان لەسەر کرد.**

**لە تێبینییەکەدا بۆ پیاو سزایەک دیاری کراوە، بەڵام هیچ باسێک لە داهاتووی ئەو منداڵانە نەکراوە کە لەم ڕێگایەوە لەدایک دەبنو بێ‌شک داهاتوویەکی ناڕوون چاوەڕوانیان دەبێو دیار نیە ئەمە تا چ ڕادەیەک لە بنەماڵە پشتیوانی دەکات.**

**بەداخەوە دەرچوونی ئەم گەڵاڵەیە ئەوە دەسەلمێنێ کە داهاتووی بنەماڵە بووەتە گاڵتەجاڕی بیرۆکەی دژ بە ژنو پیاوسالارانە کە نیشان دەدا حکوومەتی ئیسلامی بە لێکدانەوەی خۆی لە ئایین، هەرکات کە پێی خۆش بوو، دەتوانێ وەها بیرۆکەگەلێکی دواکەوتووانە بە سەر کۆمەڵگادا بسەپێنێ. ئامانجی ئەم گەڵاڵەیە پشتیوانی لە بنەماڵە نیە، بەڵکوو بێ‌هێزکردنی بناغەی ئەم پێکهاتە بچووکەو لە هەمان کاتدا گرینگەیە.**

**دیسان ٨ی مارس هاتەوە، بەڵام ژنانی ئێران دەرفەتی ئەوەیان نیە کە بیر لە یەک ساڵی ڕابردوو بکەنەوە، چونکە دەبێ لەگەڵ ئەو گرفتە نوێیانە کە حکوومەتی زاڵمو دژ بە ژنی کۆماری ئیسلامی بۆیانی پێک دەهێنێ، ئاشنا بنو ڕێکارگەلێک بدۆزنەوە تا پێش بە لێکترازانی بنەماڵەکانیان بگرن.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی خاکەلێوە**

# هەشتی مارس و چەند تێبینی



**کاوە ئاهەنگەری**

پێشەکی پێویستە بڵێم کە ئەم کورتە نووسراوەیە وەک لێکۆڵینەوەیەکی ئاکادمیک نەنووسراوە بەڵکوو هەندێک تێبینی و فەرز و بۆچوونی شەخسی و نەهێنی و ئاشکرای خۆمە و لە زەینی خۆمدا خەریکی شانەکردنیانم. بۆیە تەنیا وەک مشتومڕێکی فکری چاو لێبکرێ باشترە هەتا لێکۆڵینەوەیەکی زانستی. ئەم باسە کورتەش لە دوو تەوەری رابردوو و داهاتوودا دێنمە بەرباس.

## رابردوو

دەڵێن مێژووی مرۆڤ بە نیسبەت پیاو و ژن چیرۆکی نابەرابەرییە یان بە واتایەکی دیکە مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە نابەرابەری بە نیسبەت ژن و پیاو. بەڵام بە پێچەوانەوە پێموایە یان دەڵێم لە مێژوودا ژن هەر حیسابی "بوونی" بۆ نەکراوە هەتا " نابەرابەر بوون" ی بۆ حیساب بکرێ. وەکوو دووتای تەرازوو ئەگەر تای پیاو زۆر لەسەرەوەش بێ، ئەوە دەتوانێ بوونێک بۆ ژنان بێتە ئەژمار جا کەم یان زۆر! بۆیە لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ژن وەک مرۆڤ " بووە" هەتا کەمی بۆ حیساب بکرێ؟ بە واتایەکی دیکە پێموایە کە پێش هەمووشتێک ژن دەبێ "حیسابی بوون"ی بۆ بکرێ هەتا ئەوجار قسە لەسەر کەم یان زۆر بوونی بکرێ یان لە روویەکی دیکەوە باس لە خەباتی ژن بۆ زۆر کردنی خۆی بکرێ! بۆیە پێموایە کە ئیدەی بوونی " نابەرابەری" تەواو لە جێێ خۆیدا نیە و لانیکەم لەگەڵ ئەوەیکە پیاو لە مێژوودا خۆی لەگەڵ ژن هاوشان و هاو تەریب نەزانیوە، بەڵکوو تەنانەت خۆی لەگەڵ ژن هەڵنەسەنگاندووە هەتا کەم و زۆر بوونی بەش و مافی ژن مانادار بێ. کەوابوو بە نیسبەت" رابردوو" کە ئیتر بوونی نیە و رابواردووە و ناتوانین بیگۆڕین دەبێ تەنیا لە بوونێک بدوێین ئەویش پیاوە و ئەگەر قەرار بێ باس لە نابەرابەری بکرێ ئەوە نابەرابەری نێوان پیاوەکان دەگرێتەوە نەک نێوان ژن و پیاو.

## داهاتوو

دەڵێن و دەبینین کە ژنان بۆ بەرابەربوونی خۆیان لەگەڵ پیاوان تێدەکۆشن، بۆ وەدەست هێنانی مافی بەرابەر خەبات دەکەن و لە فورمولی

**٨ی مارچ**

ژن لەگەڵ پیاو بەرابەرە ( ژن= پیاو) کەڵک وەردەگرن.

لێرەدا چەند پرسیار ئەویش بە سووکە ئاوڕێک بە رابردوودا و ئێستاکەدا تێدەپەڕێ؛ گەلۆ مافی ئێستاکەی ناو دەست و جەستە و رووحی پیاوان، وەرگیراوێکە لە مێژوویەکی پیاوانە، خۆخوازانە، هێژمۆنیک و سوڵتەخواز و خۆپەسند و ...هتد، یاسای نووسراو هەڵقوڵاوی زۆر بەستەر و بنەمای کولتوری، کۆمەڵایەتی، ئایینی و ئابوورییە کە هەمووی پیاوانەیە! ئێستاشی لەگەڵ بێ جیهان و بگرە

ژیانیش لە دەست پیاوان دایە! بۆیە لێرەدا پرسیار لەسەر داخوازییەک دێتە ئاراوە کە چۆن دەکرێ لە رەشایی، تەک رەنگیی و ستەمدا بەرابەر بن؟ مادام مێژوو یان رابردوو پیاوانە بووە، دابەشکردنی ئەم بوونە پیاوانەوە بە دووبەش رێگەچارەیە؟ بەشێکی پیاوانە وەبەر ژنان کەوتن دەتوانێ بەرابەری پێکبێنێ؟ یانخود دەبێ بە شوێن رێچارە و فورمولێکیتردا بگەڕێین؟

## ئاکام

بە باوەڕی من رابردوو هێندە مەعیوبە کە بۆ دابەشکردن لە نێوان ژن و پیاودا نابێ و باشتر وایە چاو لە داهاتوو بکەین و بە شوێن بنیاتنانی سیستەمێکی کۆمەلایەتی نوێ بین، ئەمەش بە واتای پێوانە و مەبنادانانی بوونێکیتر بۆ ژن و پیاوە نەک پیاو بۆ ژن یان بە پێچەوانەکەی! ناکرێ سامانێکی مەعریفی و هزری کە هەزاران ساڵە لە مێشک و جەستە و نیگای پیاواندا شکڵیگرتووە ئەویش بەو تایبەتمەندیانەی کە باسمان کرد، لەگەڵ ژنان دابەش بکرێ، هەر هەمان مەعریفەت، تێگەشتن، روانین و لۆژیکە کە نابەرابەری ( دەیخوێنمەوە پێاوانە و پیاوەتی) ئافراندووە، بۆیە دابەشکردنی ئەم سامانە بەسەر دووبەشدا نە تەنیا بە قازانجی ژن نیە بەڵکوو کێشەی کۆمەڵگا و ژیانی مرۆڤ زێدەتر دەکات. باشتر وایە بیر لە خوێندنەوەیەکی نوێ لەسەر مەبنایەکی نوێ -نە ژن و نە پیاو- بەڵکوو " مرۆڤ " بکرێتەوە، بە واتایەکی دیکە بۆ بنیاتنانەوەی ژیانێکی ئینسانی و ئازاد و بەرابەر پێویستیمان بە پێداچوونە بە ستروکتووری هەنووکەی وەستاو لەسەر شانی رابردوومان هەیە، بۆیە بێگوومان پێویستە لە بواری جۆراوجورەوە ئامادەکاری بۆ وەها گۆڕانێک بکرێ و ئەمەش بەر لە هەموو شتێک خەبەری هاتنی شەپۆل و جەنگێکی مەعریفی و فکرییە کە ژنان پێویستە خۆی بۆ ئامادە بکەن بەڵام نەک بە تەنیا بەڵکوو بە هاورێیەتی پیاوانی باوەڕمەند بە جەوهەری بەرابەری مرۆڤ و ئینسانگەرا. واتە خەباتێکی چەند رەهەندی بە بەرنامە، هەنگاو بە هەنگاو و خاوەن ستراتژییەکی روون و بێ کشانەوە.

لەگەڵ هەموو ئەوانەش نابێ چاو لە بوونی هەندێک جیاوازی جەستەیی و عاطفی نێوان داپۆشین.
سەرکەوێ خەباتی ژن بۆ بنیاتنانی ژیانێکی نوێی ئینسانی

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - رێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠١٢

# وتەیەک لە بارەی ٨ی مارسی ئەمساڵەوە.



حوسێن ساڵح

لە کوردستان ساڵەهایە خەبات دەکرێ لە دژی نایەکسانیی ژنان و کوشتوبڕیان. هاوکات وەستانەوە دژ بەداب و نەرێت و فەرهەنگی هەڵاواردن و کارکردن بۆ گۆڕینی یاسای دژبە ژنان، کە بۆتە هۆی بەکەم گرتن وسوک تەماشاکردنیان، لایەنە سەرەکیەکانی ئەم خەباتە بووە. لەمەش زیاتر لەمەیداندا بوونی ڕێکخراو و هەڵسوراوانی ژنان و پەرەگرتنی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، کێشەی ژنانی کردۆتە کێشە وپرسی کۆمەڵگا. سەرەڕای مانەوەی توندوتیژیی دژ بە ژنان و چەوساندنەوەیان، بەڵام تاڕادەیەک کۆمەڵگا، لەم کێشەیە بێدەنگ نەبووە، بە تایبەتی کەباسکردن لە مۆدێرنیزم وپێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، بە بێ باسکردن لە پرسی ژنان و خەبات بۆ بەدیهاتنی ئەو خواستانەی کە یەکسانی نێوان ژن و پیاو دەستەبەردەکەت، مومکین نییە, هەربۆیە باسی ژنان ئاوێتەی پێشکەتن و مۆدێرنیزم بووە.

تا ئێستا بەشێکی زۆر لەحزبەکان باسی ژنیان کردوە و لە بەرنامە و کۆنگرە وبەڵێنی سەردەمانی هەڵبژاردنەکانیاندا، گرنگیان، بەمەسەلەی ژنان وڕۆڵیان لەنێو ئۆرگانەکانی حزب وحکومەتدا داوە, هەروەها لەپەرلەمان وکابینەکانی حکومەتدا، لەبارەی پرسی ژنانەوە قسە کراوە وسەرەنجام، بەیاسای "کۆتا"، ژنان بەشداریان پێکراوە، بەتایبەتیش کەخودی یاسای کۆتا مەسەلەی تەواوی ڕێکخراوەکانی ژنان بووە. تەنانەت مەسەلەی ژن لەنێو میدیای کوردی وبوارەکانی وەک ئەدەبیات و هونەر و شانۆدا، ڕەنگدانەوەی زۆری هەبووەو هیچ کام لەم بوارانە بەبێ باسکردن لەژنان تێنەپەریون , بەڵام ئەوەی ئاشکرایە، بەشێک لەوەی کەباس کرا، بەناچاری بۆ ڕوپۆشی وجوانکردنی ماهیەتی دژە ژنان بووە. بەتیبەتی حزبەکانی دەسەڵات وئەو دامودەزگایانەی کەناو ونیشانی دیموکراسی ومەدەنییەتیان لەخۆیان ناوە، ئەم جۆرە لەسیاسەتیان لەئاست ژنانی کوردستاندا پەیڕەوی لێکردووە ونەک هەر هیچ کارێکیان نەکردوە بەئاراستەی باشبوونی دۆخی ژنان، بگرە خۆیان ڕیگربووەن لەوەی کەخەبات بۆبەدیهێنانی یەکسان ومافەکانی ژنان لەیاساو لەئاستی کۆمەڵایەتیدا بچەسپێ، باشترین نمونەش دەنگدانی زۆرینەی لیستی حزبەکانی دەسەلاتە لەپەرلەماندا، بەیاسای فرەژنی، کەچەند یاسایەکی دواکەوتوانە ودژ بەژنانە. بەم جۆرەش دەکرێ بلێین کە خۆدی پەرلەمان، یەکێک لەو دەزگایانەیە کەئەم ڕێگریەی

لەبەردەم بەرەو پێشچوونی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی لەکوردستاندا پێک هێناوە وکۆسپێک بووە لەسەر ڕێگای ئەو خەبات وهەوڵانەدا کەڕووی لە ڕیشەکێش کردنی ستەمی سەر ژنانی کوردستانە.

بەڵام باسەکەی من لێرەدا واقعی بوونی ئەم پرسەیە، کەهەموو ڕۆژێک، یەخەی دەسەڵات دەگرێ وڕووبەری ڕۆژنامەکان وسایتەکان ومیدیاکان دادەگرێ ودەسەڵاتدارانیش ناچار دەکات ئەنجومەن و بنکەکانی دژی توندو تیژی بکاتەوەو هەر شەش مانگ جارێک کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی بگرن وئامارو زانیاری بدەن لەسەر ئاستی ئەو توندوتیژیەی کەلەژنان کراوە. بێگومان ئەمانە ئاکامی خەبات وتێکۆشانی هەموو ژنان وپیاوانی یەکسانیخوازە, کەتائەمرۆ تێکۆشاون وتێدەکۆشن وپەرچەمی یەکسانیخوازیان بەرز ڕاگرتوە, بەڵام ئەوەی جێگەی خاڵیە لەم بزووتنەوەیەدا، ڕۆڵی کارامەی رابەری ئەم بزوتنەوەیەیە. ڕابەرێک کەلە ژنان وپیاوانی چینی کرێکارەوە هاتوون وڕدیکاڵانە لەبەرژەوەندیەکانی ئەم چینەوە بۆمەسەلەی ژنان دەروانن. چونکە مەسەلەی ژنان مەسەلەی چینی کرێکارە. ئەگەرچی لەساڵانی نەوەتەکاندا, چەندین ڕێکخراوی کرێکاری ورابەرانی ژنی کرێکار لەنێو کارگەی ئەلبیسەی سلێمانی ڕۆڵیان هەبووە لەمەسەلەی کرێ وهەلی کار بۆکرێکاران وهەروەها لەکارگە ئەهلیەکان کەهەنسوڕاوانی ژنانی کرێکار لەگەڵ پیاوان کرێکاردا.

لە هەشتی مارسەکان ویەکی ئایارەکان و بەرێخستنی نارەزایەتیەکاندا دەوری بەرچاویان هەبووە, بەڵام لەدوای ساڵی دوو هەزارەوە, ئەم بارودۆخە گۆڕاوە وبەهەر هۆیەکەوە بوبێت. ئەوە ئێستا لەغیابی بزووتنەوەیەکی کرێکاری بەهێزدا، هەم مەسەلەی کرێکاری وهەم مەسەلەی ژنان بۆتە کێسەیەکی لاوەکی و گرنگی پێ نادرێ, دەنا ٨ هەشتی مارس ڕۆژی جیهانی ژن وەک مەسەلەی چینی کرێکاری کوردستان، کەلە بنەڕەتدا ڕۆژێکی بۆ باسکردن ونارەزایەتی دەربڕین لەدژی چەوساندنەوەی ژنان لەنیزامی چەوسێنەرانەی سەرمایەداریەدا، پانتاییەکی زیاتری دادەگرت و لەبارەی هۆکارە ئابوری وسیاسیو یاسایی وفەرهەنگیەکانی مانەوەی ستەمی سەر ژنان مشتومڕی فراوانی بەخۆوەدەگرت. واتە ئەوەی کە ژنان بەدەرەجە دوو وزەعیفە بەحیساب دێن و لەیاساکاندا لەگەڵ پیاوان یەکسانی نین, ئەبووە تەوەرێکی باس وشێوازەکانی خەبات بۆ نەهێشتنی لەڕۆژی ٨ی مارسدا.

دیارە ستەم و هەڵاواردنێک کەئەمڕۆ لەسەر ژنان هەیە، ریشەیەکی لەمێژینەی هەیە, بەڵام سیستەم ونیزامێک کەلە ئارادایەو ژیانی کۆمەڵگی لەقاڵب داوە، ئەم بەڵایەی سەر ژنانی لەمڕۆدا بەمیرات بردووە. یانی ئەم چەوەساندەنەوەیەی لەشێوازێکی نوێدا، سازداوەتەوە ولەیاساو رێساو کلتوری کۆمەڵگاشدا جێکەوتەی کردووە. کەلەئەنجامدا, دەستی چینی سەرمایەداری کوردستان وخاوەن کۆمپنیاکانی ئاوەڵا کردوە، تالە پرۆسەی کارو بەرهەمهێناندا جێگەورێگەی ژنان بەئاراستەی کەڵەکەی قازانج وسودپەرستیدا ڕابگرن ولێرەشەوە گشت ئاستی بژێوی چینی کرێکاری کوردستان لەخوارەوە سازبدەنەوە و لەهەلومەرجێکی سەختردا ڕاببگرن. ژنانی ماڵدار کە نە کاری ناوماڵیان بە حساب دەهێنرێ و وەوەک بێکار سەیر دەکرین خۆی بۆ بەرهەم هێنانەوەی دوبارەی هێزی کاری هەرزانی پیاوانە. ئەو ژنانەشی کارێک دەکەن لەکارگە ودامەزراوەکاندا، کرێ کەمتر لەچاو پیاواندا وەردەگرن و مافەکانی تریان دستەبەر ناکرێ. بەم بێ مافیانەوە، ئینسانی ژن لەنێو کاردا, بۆ سەرمایەداران سەرچاوەیەکی لەبارە بۆ بەدەست هێنانی قازانجی زیاتر. واتە ژنی کرێکار دووجار دەچەوسێتەوە, هەم وەکو رەگەز هەم وەکو کرێکار, یانی هێزی کارەکەی دووبەرابەری پیاوی کرێکار دەبرێ, وەختێک ژنان لەماڵن وکارێکیان نییە ئەوا بەبێکار بەحسان نییەن وکاری نێوماڵیشیان بەخۆڕاییە ولایەنی بەپرس لێیان هاوسەرەکانیانن. ئەمە لەڕووی بژێویەوە ژیانی کرێکارانی سەخت کردووە. لەلایەکی ترەوەوە کێشەی کۆمەڵایەتی دروست کردوە, چونکە لەم پەیوەندەدا، ژنان دەکاتە پاشکۆی پیاوان وپیاوانیش وەک

٨ی مارچ

منەتێک بەسەر هاوسەرەکانیانەوە بەدەستیەوە دەیگرن وهەقی ژیانکردنی ژنان دەیدەنەوە بەڕووی ژناندا. وەختێ سەرمایە پێویستی بەهێزی کاری ژنانە ئەوا سود لەکەمی کرێیان وەردەگیرێت وخواستەکانی تریش پشتگوێ دەخات, تەنانەت وەختێک سەمایەداری گیرۆدەی قەیرانی ئابوری دەبێ وئاستی قازانج دێتە خوارەوە، بۆ پێی لەیەکەمین هەنگاودا رێگەی بێکارکردنی ژنان هەڵدەبژێرێ ورەوانەی ماڵەوەیان دەکاتەوە.

ئەمە واقیعیەتی کۆمەڵگای کوردستانیشە وەک هەر کۆمەڵگایەکی تری سەرمایەداری وچینییەتی، بگرە بەهۆی چەند هۆکاری ترەوە هەلومەرجی ژنان بەرەو خرابتر وخراپترەوە پاڵپێوە دەنرێ. یەکێ لەوانە سەناعی نەبونی ئابوری کوردستان، کەژمارەیەکی کەمی کارگە هەن و بەشێکیش لەو کارگانە، لەکار خراون وژمارەیەکی کەمیش ژنان کاری تیادا دەکەن. ئەوەی بەرچاو بێ کارگەی جل وبەرگ ورستن وچنین و کارگەی جگەرە و پوختەکردن و چەند کارگەیەکی بچوک, هاوکات کارگوزاری وکاری کافیتیریاکان..ئەوەی باسی ئاماری ١ یەک ملیۆن بێکاری هەیە ژنان بەشی شێریان بەرکەوتوە, لەو بیمەی بێکاریەی دەدرێ بەخوێندکارانی دەرچویی زانکۆکانیش ژنان بەگشتی ناگرێتەوە, خاڵێکی تر نەبونی ئازادی رێکخراوبونە, ویاسایەک نییە ئازادی رێکخراوبون بۆ کرێکاران بەرەسمی بناسێ. هەرلەمبارەوە خاڵێکی تر ئەوەیە کەئاستی هۆشیاری کرێکاران وئاشنا نەبونیان بەرژەوەندی چینییەتی خۆیان.. هەموو ئەمانە وایانکردوە سەرەنجام هەل ومەرجی کارو ژیانی ژنانی کوردستان لەئاستێکی خراپدا، بێت ومەیدانی کار بۆئەوان بۆتە شوێنی بێ مافی وکۆیلەکردنیان وراگرتنیان لەژێر سایەی کرێی کەم ودابینەکردنی دایەنگا بۆمناڵان، لەشوێنی کاردا، بەخۆرایی وهەقی دایکایەتی بۆدایک وباوک بەکرێ ی تەواوە. سەرەرای هەموو ئەوانە دیاردەی قێزەوەنی تەحەروش پێکردنی جنسی، بەبێ ئەوەی شوێنێک هەبێ سزای ئەم کەسانە بدات, تەنانەت لەژێر سایەی دەسەڵات وقانونێکدا کەدژی ژنە، ئەوا ئاشکراکردنی شکات لەم بارەوە دەبێتە مایەی بێکاربوون ولەسەر کاردەرکردنی ژنان. بەم جۆرە ئەوە ژنانن کەزیاتر لەپێوان دەبنە قوربانی..

٨ی هەشتی مارسی ئەمساڵ دەبێ سەرەتای هاتنە مەیدانی کرێکارانی ژن وپیاو بێ لەپێناو باشکردنی هەل ومەرجی کارو ژیان. دەبێ لەمەیدانەکانی کاردا، ئەم بۆنەیە بکرێتە رۆژێک بۆسازدانی کۆبونەوەی گشتی کرێکاران بەژن وپیاوەوە ولەوێدا نوێنەرانی خۆیان هەلبژێرن ورێکخراوەکانی خۆیان دروست بکەن. ٨ ی مارسی ئەمساڵ دەبێ ببێتە رۆژێک بۆ هێنانە مەیدانی خواست وداواکاریەکان وبەخەباتی ئەم رۆەوە بناسرێتەوە ووەک سوننەتێک ساڵانە لەرەوتی پێشرەوی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی کۆمەڵگادا جێگیر بکرێ و دروشمی " پێوەری ئازادی هەر کۆمەڵگایەک بەندە بەئازادی ژنانەوە" بکاتە ئاڵای خۆی لەم یادەدا.

## ٨ی مارسی ئەمساڵ دەکرێ ئەم خواستانە لەخۆ بگرێ و وەک داوا وخواستەکانی ژنان، بەڕووی دەسەڵاتدا، بەرجەستە بکرێنەوە:

١- گۆرینی هەموو ئەو قانون و رێسایانەی دژی ژنەو جێگرتنەوەیان بە یاسای یەکسانی ژن وپیاو.

٢- ئازادی رێکخراوبون بۆ کرێکارانی کوردستان.

٣- کرێ ی یەکسان بۆ کاری یەکسان.

٤- دانی بیمەی بێکاری بەهەموو هاوڵاتیەکی ١٦ ساڵ بەژن وپیاووە.

٥- یاسای خانەنشینی بۆ کرێکارانی ژن.

٦- دابینکردنی دایەنگا بەخۆرایی لەشوێنی کار.

٧- دابینکردنی مۆڵەتی دایکایەتی وباوکایەتی بەکرێ ی تەواوەوە.

هەموو ئەم خواستانە ئەمرۆ ئیمکانی جێبەجێ بوونیان هەیە, بەڵام دەسەلاتداران وخاوەنکاران هەروا بەئاسانی ملی پێنادەن ودەبێ ئێمە ژن وپیاو لەیەک سەنگەردا خەبات بکەین بۆ بەدەست هێنانانی. ئەویش تەنیا رێکخراوی سەربەخۆی کرێکارانە.

بژی ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەمڕۆ ٠ ڕێکەوتی: ٨ی مارچی ٢٠١٢

# ژنانی کورد لە مێژووی ئیسلامدا



**سیروان موساپوور**

بە ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی کۆن و هاوچەرخی نەتەوەکەمان دەردەکەوێ کەم نین ئەو ژنانەی کە بە لێهاتوویی و توانایی خۆیان لە بوارە جیاجیاکاندا خزمەتی خەڵک و خاکی خۆیان کردوە و بە ئاستێک گەیشتوون کە ناویان وەک ژنانی ناوداری کورد لە لاپەڕە زێڕینەکانی مێژووی نەتەوەکەماندا تۆمار بکرێ. ژنانی کورد لە گشت بیاڤە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کلتوورییەکان و تەنانەت لە مەیدانی خەبات و بەرخۆدانیشدا شانبەشانی پیاوان و بگرە زۆرجار لەپێشتر لەوانیش چالاکییان نواندوە و دەنوێنن. مێژووی نەتەوەکەمان پڕییەتی لە ناوی حەپسەخان و قەدەم خێرەکان و شانازی بە بوونی شێرەژنانێکی وەک خانزاد و مەستوورە و لەیلاکانەوە دەکا. دەسڕۆیشتوویی شێرەژنێکی وەک حەپسەخانی نەقیب یان خانزادی سۆران، هۆنراوە دڵبزوێن و سەرنجڕاکێشەکانی مەستوورەی ئەردەلان،

ئازایەتی لەیلاقاسم و لەیلا زاناکان و وانەوتنەوەی ژنە کوردێکی وەک رووناک یاسین مەریوانی لە زانکۆکانی دوبلین و هاروارد و .. بێجگە لە توانایی و لێهاتوویی ژنانی کورد داخۆ هەڵگری چ پەیامێکی دیکەیە؟

باسکردنی ژیان و بەسەرهات و ئاوڕدانەوە لە کار و چالاکییەکانی ژنانی کورد لە گشت بوارەکاندا، پێویستی بە نووسینی دەیان پەرتووک و سەدان وتار و لە هەمان کاتدا کەسانی شارەزا لەم بوارەدا هەیە. بەڵام ئەوەی لێرەدا پێویستە ئەگەر وەک سەرەتایەکیش بێ ئاوڕی لێ بدرێتەوە، باسکردن و ناساندنی ژنانی کورد بە تایبەت ژنانی ناوداری کورد لە مێژووی ئیسلام دایە. چونکە لەگەڵ ئەوەیکە بابەتێکی گەلێک گرینگ و باسهەڵگرە، لە هەمان کاتیشدا زۆر بە کەمی ئاوڕی لێدراوەتەوە و تەنانەت ئەگەر بە جۆرێک لە جۆرەکان و لێرەولەوێش باسی کرابێ، زیاتر لە لایەن کەسانی غەیرە کوردەوە بووە. دەبێ ئەوە باش بزانین کە سنووردارکردنی بابەتەکانی پێوەندیدار بە ژنان بە تایبەتی بابەتە مێژووییەکان لە تەنیا بوارێک یان چەند بوارێکدا، ناحەقییەکە کە لە بەشێک لە ژنانی کورد لە بوارەکانی دیکەدا دەکرێ کەبێگومان فەرامۆشکردنی ژنانی ناوداری کورد لە مێژووی ئیسلامیشدا دەچێتە ئەم خانەیەوە و پێویستە بۆ هەرچی زیاتر ناساندنیان هەوڵی زیاتر بدرێ.

هەروەک هەمــوو لایەک ئاگــادارن مێــژووی کــورد و مێــژووی ئیســلام لە زۆر قۆناغــدا و لە زۆر لایەنەوە ئــاوێتەی یەکتــر بــوون و ئەم تێکەڵاوییەش بۆتە هۆی ئەوەکە نە تەنیا لە ژنان بەڵکوو لە پیاوانیشدا کەسانی ئەوتۆ هەڵبکەون کە بە هەستێکی کوردانە خزمەتی ئایین و بە باوەڕێکی ئایینی خزمەتی نەتەوەکەیان بکەن. ژنانی ناوداری کوردی نــاو مێژووی ئیسلامیش تەنانەت توانیویانە لە ئاستێکی بەرزدا و بە پێی توانا و لە قۆناغە جیاجیاکاندا خزمەتی مرۆڤایەتی بکەن و کار و کردەوەگەلێکی مرۆییانە ئەنجام بدەن کە لەو نێوەشدا دەتوانین وەک نموونە ئاماژە بە ژنە دەسڕۆیشتووەکانی بنەماڵەی ئەییووبی بکەین.

خەدیجە خــاتوونی ئەیــووبی، رەبیعەخــاتوونی کچــی ئەیــووب، زۆهــرە خــاتوون و زەیفەخــانی کچــی مەلیــک عــاڵ و، شــۆهدەی دیــنەوەری، ئەسماخاتوونی هەکاری، زێنەبــی ئەسعەردییە و .. تەنیــا ئەژمــارێکی کەم لەو ژنە نــاودارانەی کــوردن کە ناویــان لە مێــژووی ئیســلامدا دەدرەوشێتەوە. دروستکردنی دەیــان قوتــابخــانە و خوێنــدنگەی وەک مەدرەسەی حیسامییە لە لایەن زومورەدخــاتوونی ئەیــووبی، خوێنــدنگەی مورشــەدییە لە لایەن خەدیجەخــاتوون و لە ســاڵی ٦٥٤ی کــۆچی مــانگی لە ســووریای ئێســتا و، خوێنــدنگەی خــاتوونییە لە لایەن مۆنیسەخاتوونی ئەیــووبی و .. حاوانــدنەوە و تەنــانەت بەخێــوکردنی ئەو کەســانەی کە دەرسیان گوتــۆتەوە یــان بــۆ خوێنــدن ڕوویــان لەو خوێندنگایانە کردوە، تەنیا بەشێکی کەم لە کارو خزمەتەکانی ئەو ژنانەن. لایەنێکی دیکەی کــار و چالاکییەکــانی ئەم ژنــانە هاوکــاریکردن ویارمەتیدانی هەژاران و بێنەوایانی سەردەمی خۆیان بــووە. بە تــایبەت لەنــاو ژنــانی بنەمــاڵەی ئەیــووبی لەبەر ئەوەیکە تــا ڕادەیەکــی زۆر دەسڕۆیشتوو و خاوەن دەسەڵات بوون، لە پێناوەدا هەنگاوی گەورەیان هاویشتووە. بێجگە لە هەمووی ئەوانەش زۆربەی ئەم ژنــانە شــارەزای زانستی حەدیس بوون و لە گێڕانەوەی حەدیسدا دەستێکی باڵایان هەبووە. بە گشتی دەتوانین بڵێین ژنانی کورد لە مێژووی ئیسلامدا لە زۆر بواردا و بە تایبەت لە بواری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییدا رۆڵێکی گرینگیان بینیوە و لە سیما درەوشــاوەکانی نــاو مێــژووی ئیسلامن. ئەرکی ئێمەیە کە بۆ ناساندن و زیندووکردنەوەی بەسەرهات و کار و خزمەتەکانیان هەنگاوی جیددی هەڵگرین و نــاو و یــادیــان تــێکەڵاوی مێــژووی ژنانی ناوداری نەتەوەکەمان لە گشت بوارەکانی دیکەدا بکەین کە بێگومان نووسینی ئەم وتــارە کورتە و، خستنەڕووی چەند دێڕێک سەبــارەت بە نــاو و بەسەرهاتی ئەم ژنە کوردانە تەنیا وەک سەرەتایەک بۆ ئەم ئەرکە گرینگە و لە پێناوی وەها مەبەستێک دایە.

لە ژمارە ٥٧٨ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٢

# ٨ی مارس، سیمبۆلی رزگاری ژنان.

## وەڵامێک بۆ زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان



**حەمە غەفور**

تاقیکردنەوەی کۆمەڵگای کوردی لەگەڵ ٨ی هەشتی مارسو مەسەلەی ژنانو ئایینی ئیسلامو بڵنگۆی مزگەوتەکاندا ڕاستەوڕاست پێچەوانەی بۆچوونو ڕوانگەی ڕێکخراوی "زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانە". ئەم بەڕێزانە بەنیازن ڕاستیەک ئاوەژوو نیشانی کۆمەڵگای کوردستان بدەن. ئەو ڕاستیەی کە ئایینی ئیسلام هیچ بەهاو گرنگییەکی بۆ ژنان دانەناوەو چوار ژنو زیاتریشی بۆ پیاوێک بەڕەسمی ناسیوە، ژنی بە خوارتر لە پیاو داناوەو بە بێ عەقڵو نەفام لە قورعاندا وەسفیان کراوە. زانایانی ئایینی گەرەکیانە ئەم حەقیقەتە شەرماوەرەی ئایینی ئیسلام وەکو گرنگیدانانو مافدانان بۆ ژنان بە خەڵک بفرۆشنەوە.

بڵاوکردنەوەی فەتوای جۆراوجۆر لە دژی ژنان بە گشتیو ژنانی سفورو ئازادە بە تایبەتی، لە بڵنگۆی هەموو مزگەوتەکانەوە گەواهی ئەو ڕاستیە ئەدات کە ئەمڕۆ لەژێر گوشاری هەیبەتی هەقخوازانەو جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی ژناندایە، کە هەشتی مارس سیمبۆلی خەباتێکی جیهانیە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیانو بۆ ڕزگاری ژنان، وا زانایانی ئایینی ئیسلامی وەخۆ کەوتوونو بانگەوازو بڕیار بۆ ووتاربێژانی مزگەوتەکان دەرئەکات کە ووتاری ڕۆژی هەینی داهاتو، یانی ڕۆژێک دوای ٨ی مارس، تەرخان بکەن بۆ باسی "مافی ژنان"!

زانایانی ئایینیو ووتاربێژانی مزگەوتەکان بە تەجروبە نیشانیانداوە کە دژی هەر مافو ئازادیو ڕێوشوێنێکی مۆدێرن بوون بۆ ژنانو ئەمەشیان نەشاردۆتەوەو بە ڕاشکاوی لەو بڵنگۆیانەوە ڕایانگەیاندووە بە پشتیوانی دەسەڵاتی کوردی. دەرەنجامەکەشی ئۆقیانووسێک لە تاوان بەرامبەر بە ژنان ئەنجام دراوە. خەڵکو کۆمەڵگای کوردستانیش بەپێچەوانەی ئەوانەوە ژنانو مافەکانیانو چاوەڕوانیەکانیانو ٨ی

سەرچاوە
Serchawe

مارسو جوولانەوەی رزگاریخوازانەی ژنانیان لەئامێزگرتووەو لەبەرامبەر بە کۆنەپەرستی ئایینیو قەومیدا پاراستوویانەو پشتیوانیان لێکردووە. بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستیە گوشاری سەر ئەو ڕێکخراوەو هەوڵدانیانە بۆ بەلاڕێدابردنی سیمبۆلی ٨ی مارس لەڕێگای ووتاری هەینییەوە.

راگەیاندنی ووتەبێژی زانایانی ئایینی:" یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان داوادەکات وتاری رۆژی هەینی داهاتوو لە مزگەوتەکان تەرخان بکرێت بۆ رۆژی ٨ی مارس و مافەکانی ژنان.

### لەوبارەیەوە (جەعفەر گوانی) وتەبێژی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لە لیدوانێکدا بۆ نەوا وتی:

لەبەر ئەوەی ئاینی ئیسلام گرنگی بە ژنان و مافەکانیان دەدات ، بۆ ئەوەی چیتر ئەو هەڵانەی بەرانبەر بەژنان دەکرێت تێکەڵ بە ئایین نەکرێت، چونکە کارەکان کاری کۆمەڵگان و بەڵام بە کارێکی دینی و خواناسی سەیر دەکرێن بۆ راستکردنەوەی ئەو هەڵانە وەکو یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان نوسراوێکمان راگەیاندووە بەسەر هەموو لقەکانی یەکێتیزانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بۆ ئەوەی وتارەکانی رۆژی هەینی داهاتوو لە مزگەوتەکان تەرخان بکرێت بۆ رۆژی ٨ی مارس و مافەکانی ژنان."(لە ماڵپەری رادی نەواوە وەرگیراوە).

رووقایمییەکی ناوازەیە بۆ ڕێکخراوی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بوێری پەیدا بکەنو ٨ی مارس بکەنە بۆنەیەکو هەوڵدەن لە بڵنگۆی ئەو مزگەوتانەوە رووی ناشیرینی ئیسلام بەرامبەر بە ژنانی کوردستان سپیبکەنەوە کە فەتوای کوشتنی ژنانو کچانی بڵاوکردۆتەوەو زۆرترین بانگەشەی سازکردووە لە دژی ژنان بە بیانووی دەرچوون لە چوارچێوەی حوکمی ئیسلامو عادەتە سواوەکان. نەک هەر هێندەش بگرە لەو بڵنگۆیانەوە کە زۆرترین بیرو هزری دژەژنو دژ بە مافەکانی ژنانو دژی ئازادی ژنانو هەر مۆراڵو رەواڵو ڕێوشوێنێکی مۆدێرنانە بڵاوکراوەتەوە، ئێستاو لە ڕۆژی ٨ی مارسدا بڵندگۆی مزگەوت بگۆڕن بۆ باسی مافی ژنانو گرنگییپێدانی ئیسلام بە ژنان!

ئەو تاوانانەی ئەکرێت بەرامبەر بە ژنان، لە لیدوانی ووتەبێژی زانایانی ئایینیدا وەکو "هەڵە"ی کۆمەڵگا سەیرئەکرێن! وە هەوڵی زانایانی ئایینی ئەوەیە کە گوایا ئەو هەڵانە لەسەر ئایینی ئیسلام ئەژمار نەکرێن. لەکاتێکدا پێشهاتنی ئەو تاوانانە، وە خۆڕاگرتنی تەواوی عادەتو رەوشتە کۆنو عەشایەریو کۆنەپەرستەکان بۆ سەرکوتی ژنانو کۆیلەکردنیان پشکی گەورەی بەر ئایینی ئیسلام ئەکەوێت! ئەم کارەی زانایانی ئایینی بۆ بێبەری کردنی ئیسلام لە تاوانەکانی دژ بە ژنان کوتانی ئاسنی ساردە! چونکە بەشێکی هەرە گەورەی کۆمەڵگای کوردستان ئەو ڕاستیە ئەسەلمێننو لایەنگری رزگاری ژنانن وە خوازیاری یەکسانی ژنانن لەگەڵ پیاوان، ئەگەر چی هێشتا قورسایی بیروباوەڕی ئایینی ئیسلام بەسەریشیانەوە کاریگەری جێهێشتووە. بەڵام خۆشبەختانە هەموو ساڵێک لە ئاستانەی ٨ی مارس، رۆژی جیهانی ژناندا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەبەردەم ناهەقیو زوڵمێکی گەورە کە بەرامبەر بە ژنان رەوای بینیوە رادەوەستێو عارەقی شەرمەزاری ئەسرێ. هەموو ساڵێک لە ٨ی مارسدا وەڵامدانەوە بە مەسەلەی ژنانو جێگاو ڕێگای لەخوارتری نیوەی دانیشتوانی سەر زەوی لەبەرامبەر بە نیوەکەی تریدا دێتەوە پێشەوەو ئەبێتە دۆسیی سەرەکی سەر مێزی هەموو کەسو هەموو لایەک. پرسی رزگاری ژنان لە کۆیلایەتیو جیاکاریو ستەمو توندوتیژی بەرامبەریان سێبەری ئەخاتەوە سەر ئەنگیزەو ئەندێشەی کۆمەڵگاکانو سەرجەم دەوڵەتو دەسەڵاتو هێزو

**٨ی مارچ**

**حزب و ئایین و ئایدیۆلۆژیاکان.**

**بۆ جوولانەوەی ڕزگاری بەخشی ژنان خۆشی سەد ساڵ زیاترە ٨ی هەشتی مارس دەرفەتێکە مانیفێستی داخوازینامەی خۆی لە دژی سیستەمێک تەرح بکاتەوە کە ژێردەستەیی‌و بێمافیی ژنانی لە نێو سەرتاپای مەوداکانی ژیاندا کردۆتە بنەماو شەرعیەتی پێداوە. ئەم ڕۆژە بوارێکە هەتا ملیۆنەها ئینسانی ناڕازی، ملیۆنەها خەباتکاری ڕێگای یەکسانی‌و ڕزگاری ژن لە سەرانسەری جیهاندا بە یەک دەنگ بڕژێنە مەیدانەوەو پەیمانی نوێ گرێبدەن لەپێناو باشترکردنی ڕەوشی ژیانی ژنان، بۆ لابردنی نایەکسانی نێوان ژنان‌و پیاوان‌و کۆتاییهێنان بە ژێردەستەیی ژنان.**

**٨ی هەشتی مارس ڕۆژی نارەزایەتی گشتیە لە ئاستی جیهانیدا بەرامبەر بە بێمافی ژنان‌و ڕۆژی خستنەڕووی زۆرترین داواکاریەکانە بۆ سڕینەوەی ئەم نایەکسانیە، ڕۆژی پیرۆزکردن‌و بەرزڕاگرتنی قارەمانێتی ژنان‌و پیاوانێکە کە لەپێناوی یەکسانی ژنان‌و پیاوان‌و بۆ ڕزگاری یەکجاریی ژنان لە خەبات‌و تێکۆشاندان. ڕۆژی بەرزڕاگرتنی جوولانەوەیەکە کە مافەکانی ژنان‌و ڕزگاری تەواوی ژن گوتاری سەرەکیەتی‌و قسەی یەکەم‌و کۆتاییەتی. ٨ی هەشتی مارس ڕۆژی پیرۆزڕاگرتنی جوولانەوەی ڕزگاریبەخشی ژنانەو سەنگەرێکی شۆڕشگێڕانەیە بۆ پاککردنەوەی ئەم نەنگییە بەنێوچەوانی مرۆڤایەتیەوە. بۆیە دەڵێم؛ ٨ی مارس سیمبۆلی ڕزگاری ژنانە، کوا ئیتر جێگایەک هەیە بۆ مانۆڕێکی مایەپووچی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان هەتا لەم ڕۆژە پیرۆزەدا بتوانن پاساوێک بۆ ڕۆڵی تاوانکارانەی ئیسلام‌و بڵنگۆی مزگەوتەکان لە دژی ژنان بهێننەوە!**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەمڕۆ - ڕێکەورتی: ٧ی مارچی ٢٠١٢**

# دەربارەی رۆژی جیهانی ژن



شەهلا سیمایی

## بۆچی رۆژی جیهانی ژن؟

لە وەڵام بەم پرسیارە، ئەبێت بگەڕێینەوە بۆ باسکردن لەو رەوتە مێژووییەی کە بووە بە هۆی چەوسانەوە بوونی ژنان. بێگومان بوونی وەها رۆژێک وەڵام دانەوەیە بۆ ئەو دۆخەی کە هەیە و وەستانەوەیە دژ بە دۆخی هەبوو دژ ژنان لە کۆمەڵگای پیاوسالارییدا. وەک چۆن رۆژێک هەیە بە ناو رۆژی وەستانەوە دژ بە توندووتیژی، وەک چۆن رۆژێک هەیە بە ناو رۆژی جیهانی مافی مرۆڤ، رۆژێکیشمان هەیە بە ناو رۆژی جیهانی ژن، ئەویش وەک پێشتر وتم وەڵامدانەوەیە دژ بە دۆخی هەبوو. لە راستییدا ٨ی مارچ تەنها رەمز و سیمبۆلێکە، خۆی لە خۆیدا تەنها هەڵگری مانایەکی رەمزییە، ئەگینا ئەوە نەبێت کە تەنها رۆژێک رۆژی ژنان بێت، بەڵکوو هەموو رۆژێک رۆژی مرۆڤایەتییە و ژنانیش وەک بەشێک لە کۆمەڵگا هەموو رۆژەکان رۆژی ئەوانیشە. لێرەدا دەکرێت بڵێین ٨ی مارچ رۆژی جیهانی وەستانەوەیە دژ بە چەوسانەوە بوونی ژنان. چەوسانەوە بوونی ژنانیش شتێکی لەخۆڕا و کوت و پڕ نییە. بۆ لێکدانەوەی هۆکارەکانی چەوسانەوە بوونی ژنان ئەبێت بگەڕێینەوە بۆ شارستانییەتە سەرەتاییەکان. مێژوونووسان باس لە دوو قۆناغی گرنگ لە مێژووی مرۆڤایەتییدا دەکەن. قۆناغی دایک سالاری(ژن سالاری) و قۆناغی باوک سالاری (پیاو سالاری).

ویل دۆرانت باس لەوە دەکات لە قۆناغی (بەردی نویَ) دا ژن هێزێکی تایبەت دەگرێتە دەست، لە بەر ئەوەی ژن بە کاری کشت و کاڵەوە سەرقاڵ بووەو پیاوان بە کاری ئاژەڵدارییەوە، هەر بۆیە ژن بە پێی کارەکەی بە دایک و ئەربابی سروشت دەزانرا و ئایینی پەرەستش و عیبادەت کردنی ژنی خواوەند زیاتر پەرە دەستێنێت...

ویل دۆرانت لای وایە سەردەمی (بەردی نوێ) سەردەمێکە کە ژنان دەسەڵاتێکی زۆریان بووەو تا هاتووە لە هێزی پیاوانیان کەم کردۆتەوە. بەڵام "ئێولین رید" لە کتێبی "ئاخۆ چارەنووسی ژن بە جەستەیەوە بەندە؟" باس لەوە دەکات هۆکاری ئەوەی کە سەردەمی دایک سالاری گۆڕاوە بۆ باوک سالاری، ئەو سەردەمەیە کە بە "تیۆری راو"ناوی دەبات. ئێولین رید باس لەوە دەکات بە هۆی ئەوەی کە "راو" کارێکی فیزیکی بوو، ژن لە باری جەستەییەوە کەمتر توانای ئەمکارەی هەبوو، بۆیە زیاتر لە کونجی ماڵدا مایەوە، لەم رووەوە پیاو توانی "ئابووری" و "داهات"ی خێڵ بگرێتە دەست. ژنیش لە کونجی ماڵەوە مایەوەو ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی بەرەبەرە پێگەی خۆی لە دەست بدات. لە بەر ئەوەی چونکە بە ڕواڵەت ئەو کارەی ئەەو دەیکرد، واتە سەرپەرەشتی خێڵ و بنەماڵە داهاتی تێدا نەبوو، بۆیە بەرەبەرە پێگەی خۆی لە دەستدا. لێرەدایە مارکسیست فێمنیستەکان باس لە گرنگی ئابووری و پرسی ئابووری دەکەن بۆ نەمانی چەوسانەوەی ژنان و ئەوان سەربەخۆ نەبوونی ئابووری بە هۆکاری گەورەی چەوسانەوە بوونی ژنان دەزانن. فردریک ئەنگلس ئەم وەرچەرخانە مێژووییە واتە گۆڕان لە دایک سالارییەوە بۆ باوک سالاری تەنها بە زیانێکی گەورە نازانێت بۆ ژنان، بەڵکوو وەک چۆن لە کتێبی "سەرچاوەی بنەماڵە، خاوەندارێتی تایبەت و دەوڵەت"دا ئاماژەی پێدەدات، ئەمە بووبە هۆی سەرەتای سیستەمی چینایەتی، کە بە پێی ئەو سیستەمە چینێک چەوساوەو چینێک چەوسێنەرە. بە گشتی ئەنگلس ئەم وەرچەرخانە مێژووییە بە خەسارێکی گەورە بۆ مرۆڤایەتی ئەزانێت. ئەنگلس لە گەڵ جیاوازی ئابووری سەرهەڵدانی ئاینەکانیش بە هۆکارێکیتری چەوسانەوەی ژنان ئەزانێت. ئەو باس لەوە دەکات لە بەر ئەوەی سەرجەم ئاینیەکان بونیادێکی پیاوسالارییان هەیە، لەم رووەوە دەکرێت وەک یەکێک لە بنەماکانی چەوسانەوە بوونی ژنانیان بزانین بە درێژایی مێژوو.

دوانەی دەسەڵاتی ئابووری و دەسەڵاتی ئایینی یەک دەگرن، یەکگرتنێک لە بەرژوەندی دەسەڵاتداراندا، کە تەنها چینێکی تایبەتی پیاوانە. بەکەم زانینی ژنان لە کلتووره کۆنەکاندا لە چوارچێوەی جەستەییدا نەمایەوەو بە شێوەیەک وا جێ کەوت کە ژنان لە باری بیرکردنەوەشەوە کەمترن لە پیاوان، ئەوان کەسانێکی "ئێحساسی"ن و پیاوان کەسانێکی (لۆژیکی)ن . لۆژیکی بوونی پیاوان بوو بە بیانوویەک بۆ چەوساندنەوەی ژنان. ئەمە لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانیشدا رەنگی دایەوە بۆیە دەبینین لە سیستەمی دیمۆکراسی یۆنانی کۆندا، ژنان و کۆیلەکان، وەک یەک دەژمێردران و هیچکامیان خاوەنی دەنگ نەبوون, لێرەدایە پێگەی ژنان دادەبەزێت بۆ مرۆڤی پلە دوو. ئەم بیرکردنەوە بە درێژایی چەندین سەدە هەر درێژەی هەبوو، تەنانەت مۆنتێسکیۆ (بیرمەندی سەدەی ١٧)لە کتێبی "رۆحی یاساکان"دا باس لەوە دەکات ژنان کەسانێکی "هەستەوەر"(ئێحساسی)ن بۆیە ناتوانن لە پرۆسەی دیمۆکراسیدا بەشدار بن. بۆیە دەبینین ژنان لە هەموو پرۆسەکانی ژیان خراونەتە پەراوێزەوەو کۆمەڵگا بووە بە کۆمەڵگایەکی تەواو پیاوەمەزن. ئەم رەوتە هەر درێژەی هەبووە تا سەردەمی رەوشنگەری، ئەو سەردەمی کە پاش سەردەمی رێنسانس هاتووەو بەرەبەرە مرۆڤایەتی بە هۆی شۆڕشی کلتووری و پیشەسازییەوە لە ئەورووپا، بیرکردنەوەی کۆنی فڕێدا و هەوڵیدا جۆرێکیتر بیربکاتەوە، بەڵام بەمەشەوە هێشتا هەر دەسەڵاتی پیاوسالاری زاڵ بوو و ئێستاش هەر لە زۆر شوێن بە پێی یاسا ئەم دەسەڵاتە درێژەی هەبوو. وتمان ئایین و دەسەڵاتی ئایینی هۆکارێکی گەورەی چەوسانەوە بوونی ژنان بوون بە درێژایی مێژوو، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کەنیسە ببوو بە ناوەند و سەنتەرێکی گەورەی بڕیاردان لە ئەورووپا، لە بەرئەوەی دەسەڵاتی کەنیسەش دەسەڵاتێکی پیاوسالاری بوو، بە هەموو شێوەیەک هەوڵدەدرا بۆ سەرکوت کردنی ژنان. لە سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاستدا، دان و ستانێکی گەورە هەبوو لە نێوان دەسەڵاتی کەنیسە و دەسەڵاتی حکوومەتیدا، بەشێوەیەک هەموو دەم لە بەرژوەندی یەکتردا هەنگاویان دەنا، بەڵام رێنسانس شۆڕشێک بوو دژ بە دەسەڵاتی کەنیسەی کاتۆلیکی، بۆیە شکۆی کەنیسە و دەسەڵاتی رەهای کەنیسە چووە ژێر پرسیارەوە. سەردەمی رۆشنگەریش کە پاش ئەم شۆڕشە گەورەیە دێت سەردەمێکە کە کرانەوەیەکی گەورە هەیە

## ٨ی مارچ

بەرەو رووی کۆمەڵگا بە گشتی، چ لە بواری پیشەسازی و چ لە بواری کلتووری و ... وەوە. بەرە بەرە دەسەڵاتی فیوداڵی چووە ژێر پرسیارەوە، شۆڕشی پیشەسازی دەروازەیەکی گەورەی کردەوە بەرەو رووی کۆمەڵگای ئەورووپی ئەو سەردەم. مرۆڤایەتی لەو خەوە قووڵەی تێیدا بوو بە ئاگا هاتەوە. سەرلەنوێ چاخی زێڕینی بیرکردنەوەو فەلسەفە و زانست دەستی پێکرد. هونەر و زانست گەشەی سەند. هەموو ئەمانە رێگاخۆشکەر بوو بەوەی بزووتنەوەی ژنانیش بۆ گەیشتن بە مافەکانیان دەستپێبکات. مێژووی فێمنیسمی مۆدێرن وەک بنەمایەکی فەلسەفی، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١٨ و چاخی رەوشەنگەری،

لەم سەردەمەدا کەسانێکی وەک (مێری ڤۆرتلی فونتاگۆ)و (مارکۆئیز دێ کاندۆرست) پشتیوانیان لە خوێندنی ژنان دەکرد. یەکەم "کۆمەڵی ژنان" ساڵی ١٧٨٥ لە میدل بۆرخ، شارێک لە باشووری هۆڵەند بەڕێوە چوو، لەم سەردەمەدا چەند رۆژنامەیەک لە سەر پرسی ژنان بڵاوبۆوە.

دواتر لە سەدەی ١٩دا فێمنیسم بوو بە بزووتنەوەیەکی تۆکمە بەوەی خەڵک زیاتر وشیار ببنەوە بەرامبەر بەو چەوسانەوەی دژ بە ژنان هەیە. شارل فۆریە، سۆسیالیستی ئارمانخواز، ساڵی ١٨٣٧ یەکەم کەس بوو کە وشەی فێمنیستی بەکارهێناو لە سەر ئەو باوەڕە بوو بڵاوبوونەوەی پشتیوانی لە مافی ژنان لە هەموو کۆمەڵگاکاندا بەر لە ساڵی ١٨٠٨ دەستپێکردووەو پەرەی سەندووە. لە ساڵی ١٨٤٨وە دوای یەکەم کۆبوونەوەی بەربڵاوی ژنان لە نیۆیۆرک بزووتنەوەیەکی رێکخراو دامەزرا. ساڵی ١٨٦٩ جان ستوارت میل کتێبی "سەرکەوتنی ژنان"ی بڵاوکردەوە، کە تێیدا باس لەوە دەکات "بە پێی یاسا ئەوەی کە رەگەزێک بە دوای رەگەزێکیتر بکەوێت و ببێت بە شوێنکەوتووی رەگەزێک(پیاو فەرمان بدات و ژن بە دوای فەرمانەکەی بکەوێت) مرۆڤایەتی پێشکەوتن نابینێت بەخۆیەوە.

خاڵێک کە جێی سەرنجە و لێرەدا دەمهەوێت ئاماژەی پێبدەم، ئەوەیە گەشە سەندنی وشیاری رەگەزی کە دواتر بە فێمنیسم ناوی دەرکرد، بەرهەمی سەردەمی رەوشنگەری و لە گەڵ ئەمەش پەرەسەندنی پیشەسازییە، لە بەر ئەوەی پێشکەوتنە نوێکان ئەوەیان دەخواست ژنان لە کونجی ماڵ بێنە دەرەوەو رووبکەنە کار کردن لە کۆمپانیا و کارگەکان(هەرچەن ژنان و منداڵان وەک کرێکارانی هەرزان چاویان لێدەکرا) بەڵام ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی بە شێوەیەکی چالاکانە بێنەناو کۆمەڵگا و دەوری کاریگەرییان هەبێت. بە شێوەیەک ئەتوانین بڵێین هاوکێشەیەک هەیە لە نێوان پێشکەوتنی مۆدێرن و پەرەسەندنی وشیاری رەگەزی. لە لایەکەوە ژنان لەم پێشکەوتنانە کەڵکیان وەرگرت بۆ هاتنە ناو سەرجەم کایەکانی ژیان، هەر لە کاری پیشەسازییەوە بگرە تا دەگاتە کاری سیاسەت و کۆمەڵایەتی و... لە لایەکیترەوە زۆر بە راشکاوی ئەتوانین ئەوە بڵێین پرۆسەی مۆدێرنیزم و مۆدێرنیزاسیون و مۆدێرنیتە قەرزداری بەشداری ژنانە لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا. بەو مانایەی ئەگەر بێت و ئەم وشیارییە لای ژنان سەریهەڵنەدایەت و ژنان نەهاتبایەتنە ناو سەرجەم کایە کۆمەڵایەتییە و پیشەسازی و سیاسییەکانی کۆمەڵگاوە، کۆمەڵگا ئەم پێشکەوتنەی بەخۆیەوە نەدەبینی. ژنان بۆ ئامادەبوون لە کۆمەڵگادا رووبەڕووی زۆر کێشە بوونەتەوەو هەنووکەش ئەبنەوە، لەوانە کێشەی پیاوسالاری و کۆمەڵگای پیاوسالاری، عورف، ئایینەکان و... . بەڵام ژنان لەم پرۆسەیەدا هەر بەردەوام بوون و هەن و رووبەڕووی سەرجەم کۆسپ و لەمپەرەکان بوونەتەوەو ئەمڕۆکە بزووتنەوەی فێمنیستی بووە بە بزووتنەوەیەکی زاڵی دونیا و هیچ لایەنێکی سیاسی ناتوانێت بەشداری ژنان و ئامادە بوونی ژنان و ئەم بزووتنەوەیە لەبەرچاو نەگرێت. ئەمڕۆکە ٨ی مارچیش وەک رەمزێک بۆ بزووتنەوەی ژنان لە دونیا یەکێک لەو رۆژانەیە وەک رۆژێکی نێونەتەوەیی لە هەموو دونیا –تەنانەت لە دژە ژنترین سیستەمەکانیشدا- رێزی لێدەگیردرێت و رێ و رەسمی هەشتی مارچ لە کۆڕ و کۆبوونەوەی بچووکەوە بگرە تا هاتنە سەر شەقام و...

بەڕێوە ئەچێت. داخوازی ژنان لە ئێستادا لە جیهانی ڕۆژئاوا، نەک حەقدەستی یەکسان و سەعاتی کاری کەم، بەڵکوو بووە بە کۆمەڵێک داخوازی رادیکاڵ، بە تایبەت لە خواستی شەپۆلی سێهەمی فێمنیسمدا، کە لێدانی گەورەیە لە داری کۆن و بەساڵاچووی پیاوسالاری و رەوتەکە بەوە دەڕوات ئەم دارە کە تەمەنی هەزاران ساڵەی هەیە لە رەگەوە وشک بێت.

## مێژووی ٨ی مارچ:

١- رۆژی ٨ی مارچی ١٨٥٧، ژنانی کرێکاری کارگەکانی رستن و چنین لە نیۆیۆرکی ئەمریکا هاتنە سەرشەقام و خوازیاری زیادکردنی حەقدەستەکانیان، کەمکردنەوەی سەعاتی کارکردن و باشتر بوونی دۆخی نالەباری کارەکانیان بوون. ئەم خۆپیشاندانانە لە لایەن پۆلیسەوە سەرکوت کراو پۆلیس هێرشی کردە سەر ژنان.

٢- ساڵی ١٩٠٧ لە سەردەمێکدا کە خەباتی ژنان بۆ گەیشتن بە دابین کردنی مافی سیاسی و کۆمەڵایەتییان پەرەی سەندبوو، بە بۆنەی پەنجایەمین ساڵڕۆژی خۆپیشاندانەکانی نیۆیۆرکەوە لە ٨ی مارچ، ژنان هاتنە سەر شەقام خۆپیشاندانیان کرد.

٣- بیرۆکەی هەڵبژاردنی رۆژێک وەک "رۆژی ژن" یەکەم جار لە سەردەمی خۆپیشاندانەکانی ژنانی نیۆیۆرک بە دروشمی "مافی دەنگدان بۆ ژنان" هاتە ئاراوەوە ٢ هەزار ژنی خۆپیشاندەر رۆژی ٢٣ی فێبریەی ١٩٠٩ پێشنیاری ئەوەیان کرد هەموو ساڵێک دوایین یەکشەمەی مانگی فێبریە، خۆپیشاندانێکی هەمەگیر لە ئەمریکا بە بۆنەی "رۆژی ژن" بەڕێوە بچێت.

٤- ساڵی ١٩١٠ "دووهەمین کۆنفرانسی ژنانی سۆسیالیست" کە کلارا زتکین سەرپەرەشتی دەکرد، پەرژایە سەر پرسی"رۆژی نێونەتەوەیی ژن". ژنانی سۆسیالیستی ئۆتریش(نەمسا)یی پێشتر پێشنیاری ئەوەیان کردبوو "یەکەم رۆژی مانگی مای" وەک رۆژی جیهانی ژن دیاری بکرێت. بەڵام "یەکەم رۆژی مانگی مای" مانا و پێگەیەکی تایبەتی هەبوو کە دەکرا پێگە و خەباتی ژنان بۆ گەیشتن بە مافەکانیان بخاتە ژێر چەتری خۆیەوە. لە بەر ئەوەی ئەم رۆژە پێشتر وەک رۆژی جیهانی کرێکار دیاری کرابوو. ژنانی سۆسیالیستی ئەڵمان، پێشنیاری ئەوەیان کرد رۆژی ١٩ی مانگ وەک رۆژی ژنان دیاری بکرێت. ئەوەی کە ژنانی ئەڵمان ئەم رۆژەیان دیاریکرد، دەگەڕاوە بۆ خەباتیشۆڕشگێڕانە لە ساڵی ١٨٤٨ دژ بە رژێمی پاشایەتی پرۆس کە بوو بە هۆی پاشەکشەی دەسەڵاتی پاشایەتی لە رۆژی ١٩ی مارچدا.

٥- ١٩ی مارچی ١٩١١ لە وڵاتانی ئەڵمانیا، ئۆتریش(نەمسا) سوئیس، دانمارک، ژنان و لایەنگرانی یەکسانی مافی ژن و پیاو هاتنە سەر شەقام و شەقامەکانیان خستە جووڵە. تەنها لە وڵاتی ئۆتریش ٣٠ هەزار کەس هاتنە سەر شەقام. هێزەکانی پۆلیس هێرشیانکردە سەر ژنان و بەشێک لە ژنانیان قۆڵبەست کرد.

٦- ساڵی ١٩١٣"دەبیرخانەی نێونەتەوەیی ژنان"(یەکێک لە دامەزراوەکانی ئەنترناسیۆناڵ سۆسیالیستی دووهەم)، ٨ی مارچی وەک رۆژی جیهانی ژن دیاریکرد، بە هۆی خەباتی ژنانی کرێکار لە ئەمریکا. هەر لەو کاتەدا ژنانی زەحمەتکێش و ژنانی رۆشنبیری شۆڕشگێڕ لە رووسیای تێزاری و هەموو ئەورووپا، رێ و رەسمی (٨ی مارچ)یان بە شێوەی خۆپیشاندان و میتینگ بەڕێوە برد.

٧- ساڵی ١٩١٤ جەنگی یەکەمی جیهانی دەستی پێکرد. لە ئەورووپا کە سەنتەری جەنگ بوو، ژنانی شۆڕشگێڕ هەوڵیاندا خۆپیشاندانەکانی ٨ی مارچی ١٩١٥ و ١٩١٦ لە ژێر دروشمی (دژ بە جەنگی ئەمپێریالیستی) بەڕێوەببەن. لەو وڵاتانەی کە سەرقاڵی جەنگ بوون، چینە جیاوازەکان بە دوو بەرەی لایەنگران و نەیارانی جەنگ دابەش ببوون و ئەم دابەشبوونەش بزووتنەوەی ژنانی گرتبۆوەو هەر ئەمە لەتبوونە بوو بە هۆی ئەوەی ژنان نەتوانن رێ و رەسمی (٨ی مارچ)ڕۆژی جیهانی ژن بەڕێوە ببەن.

٨- ساڵی ١٩١٧ خۆپیشاندانەکانی ژنانی کرێکار لە پێترۆگراد دژ بە برسییەتی و جەنگ و تیزاریسم، بوو بە سەرەتاییەک بۆ شۆڕشی رووسیا. کرێکارانی شار بۆ پشتیوانی کردن لەم خۆپیشاندانانە، مانگرتنی گشتیان راگەیاند. ٨ی مارچی ١٩١٧ بوو بە رۆژێکی فەرامۆش نەکراو لە مێژووی شۆڕشی رووسیادا.

٩- ساڵی ١٩٢١ "کۆنفرانسی ژنانی ئەنترناسیۆناڵی سێهەمی کۆمۆنیستی" لە مۆسکۆ بەڕێوەچوو. لەو کۆنفرانسەدا، بڕیاردرا رۆژی ٨ی مارچ وەک "رۆژی جیهانی ژن" دیاری بکرێت. کۆنفرانس داوای لە ژنانی هەموو دونیاکرد بەشێوەیەکی بەربڵاو و نەپساوانە خەبات بکەن دژ بە سیستەمی زاڵی پیاوسالاری و کۆڵ نەدەن تا ئەوەی بە مافە ڕەواکانی خۆیان دەگەن.

١٠- لە ناوەڕاستی دەیەی ١٩٣٠دا، جیهان جارێکیتر بەرەو جەنگێکی نوێی جیهانی دەڕۆشت و مەترسی ئەوە بوو جەنگێکیتر سەر هەڵبدات. بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانی "رۆژی جیهانی ژن" لەو وڵاتانەی لە ژێر دەسەڵاتی فاشیستیدا بوون قەدەغە کرا و بوو بە شتێکی نایاسایی. سەرەڕای ئەم قەدەغە کردن و بە نایاسایی راگەیاندنە، لە ٨ی مارچی ١٩٣٦دا، ژنان لە بەرلین خۆپیشاندانیان سازکرد. هەر لەو رۆژەدا، ئیسپانیای ژێر دەسەڵاتی فرانکۆی فاشیستی، شاهیدی خۆپیشاندانی بەربڵاو بوو لە مەدرید. لەم رۆژەدا ٣٠ هەزار ژنی کۆمۆنیست و کۆماریخواز دروشمی "ئازادی و ئاشتی"یان بەرز کردەوە.

١١- لە سەردەمی جەنگی دووهەمی جیهانیدا، شۆڕش و بزووتنەوە رزگاریخوازەکان لە چەند وڵاتێک دەستپێکرد. ژمارەیەکی زۆر لە پیاوان و ژنان لە وڵاتی چین خەباتی خۆیان بۆ رزگاری ژنان لە چەوسانەوەی سیستەمی پیاوسالاری دەستپێکرد. لەو ساڵانەدا، زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو و مۆدێرن هەوڵیاندەدا رێ ورەسمی "رۆژی جیهانی ژنان بەڕێوە ببەن.

١٢- لە دەیەی ١٩٦٠دا، لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین، بزووتنەوە رزگاریخوازەکان دەستپێکرد، لە وڵاتانی بۆرژوازی پێشکەوتووش بزووتنەوەکان و خەباتی پێشکەوتووخوازانە زیاتر پەرەی سەند و بزووتنەوەی رزگاری خوازی ژنانیش زیاتر پەرەی سەند.

لە ئەمریکا و ئەورووپا، ژنان دژ بە نەریت و کۆت و بەندەکانی سیستەمی پیاوسالاری خەباتیان کرد و دژ بە کەنیسە هەستانەوە کە مەشرووعیەتی ئەدا بە سیستەمی پیاوسالاری. لە بزوووتنەوەی ژناندا، لە دەیەی ١٩٦٠ بەدواوە کە دەکرێت بە قۆناغی دووهەمی بزووتنەوەی فێمنیستی ناوی لێببەین و کەسانێکی دیاری وەک سیمۆن دوبۆڤار بەشداریان تێدا دەکرد، بابەتگەلێکی وەک مافی جیابوونەوە(تەڵاق)، لەباربردنی منداڵ، مافی دەرفەتی کاری یەکسان، قەدەغە کردنی ئازاری جێنسی(سێکسی)، دژایەتی کردن لە گەڵ بە سووک روانین بۆ ژنان، کەمکردنەوەی سەعاتی کاری رۆژانە و... هاتە ئاراوە. ئەم بزووتنەوە توانی لە هەندێ لە بوارەکاندا سەرکەوتن بە دەست بێنێت و پێش بکەوێت. لە خۆپیشاندانەکانی ٨ی مارچی ١٩٦٩ ژنان لە زانکۆی بێرکلی لە ئەمریکا کۆبوونەوەو دژ بە جەنگ لە

ڤیەتنام خۆپیشاندانیان کرد. نابێت ئەوە فەرامۆش بکەین خۆپیشاندانی بزووتنەوەی خوێندکاران لە دەیەی ١٩٦٠ و بە تایبەت ١٩٦٨ی فەرانسە کاریگەری هەبوو لە سەر رادیکاڵتر بوونەوەی بزووتنەوەی ژنان لەم ساڵانەدا.

١٣- ساڵی ١٩٧٧ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پەسەندکراوێکدا رۆژی ٨ی مارچی وەک "رۆژی مافی ژنان و ئاشتی نێونەتەوەیی دیاری کرد.

سەرچاوەکان:

١- ویکی پیدیایی فارسی
٢- ویکی پیدیای ئینگلیسی
٣- ایا زیستشناسی سرنوشت زنان است؟ نوشته اولین رید
٤- 1975Womans Evolution: From Matriarchal Clan to Patriarchal Family-(Evelyn Reed)-

سەرچاوە: ماڵپەری رۆژهەڵات تایمز - رێکەوتی: ٧ی مارسی ٢٠١٢

# ٨ی مارس و ئاوردانەوە لەخەباتی پەرتەوازەی ژنی کورد



**ناهید موکری**

ساڵانە لە ٨ی مارسدا لەسەرانسەری جیهان قسە لەسەر ژن و مافی ژن و کاری ژن و دەستکەوتی ژن و ژیانی ژن و چەوساندنەوەی ژن و ئازادی ژن و تادوایی... بازاری راگەیاندنەکان گەرمدەکات، مەجیلسی ژنانی چالاک دەخاتە جوڵە. قسەکردن لەمەڕ هەمان پرس بیری زۆر پیاوێکیش دێنێتەوە، کەهەتا ئەو رۆژە بیریان نییە کە ژن هاوبەشی ژیان و کاراکتەرەی سەرەکی بەردەوامی دانە بەدنیاو ژیان.

بەڵام تاکوئیستاو وێرای زۆری قسەکان و هەوڵەکان، دروستبوونی ژیانی بەرابەرو بەکردەکردنی ئەو یاساو قسەوباسانەی کە لەهەمبەر پرسی ژن دەکرێت، زۆر کەمتر لەوەن بۆ ئەو مەبەستە دانراون و نوسراون.

بێگومان هەموو ئەو پرس و باسانەش کە دێنە گۆڕێ و هەریاسایەکیش کە لەخزمەتی ئینسانیەت و تێیدا لەخزمەتی پرسی ژن ئەنوسرێت، لەخۆڕا نانوسرێن، چونکە لەهەموو دنیادا ئەوە ئینسانەکان نین وەک ئینسان دەسەڵاتی دنیا بکەن، بەڵکو ئەوە پیاوەکانن جیهان فەرمانڕەوایی دەکەن، لێرەدا مەبەستم نییە بڵێم پیاو ئینسان نیە، ئەوەندەی مەبەستمە بڵێم ئەگەر دەسەڵاتێک و حوکمرانیەک بەتەنها رەگەزێک بیکات، دەسەلاتێکی کامڵ ئینسانی نییە، چونکە ئەو دەسەڵاتە ویستێکی خۆ پەرستی لای دەسەڵات بەدەست دەخولقێنێ.

بەداخەوە جیهانیش تا ئەمرۆ لەلایەن پیاوەوە بەڕێوە دەبرێت و ئەو بەرێوەبردنەش وایکردووە پیاو بیر لەدەسەڵاتێکی کامڵی ئینسانی نەکاتەوەو پێی کەسریی بێت لەتەنیشتی خۆی ژنێک ببینێت کە وەک وی ساحەب دەسەڵاتە و بریار دەدات و ئیدارە دەکات. راستە لەهەندێ لە وڵاتانی دنیا ژنیش لە لوتکەکانی دەسەڵاتدا خاوەن مەنسەبن بەڵام ئەگەر لێی ورد بینەوە کاتێک ئەو ژنە دەگاتە ئەو پۆست و بەرێوەبردنانە، یاسایەک جێبەجێ دەکات کە بەعەقڵیەتی زۆرینە پیاو دارێژراوەو نوسراوە و بەیاساکراوە.ئەو خۆپەرستیەی پیاوانی بریار

**٨ی مارچ**

بەدەست لە جیهان، لە ئیدارەکان، لە کلتورەکان، لەخێزانەکان، شێوازی جیاجیای خولقاندووە لەتەعامولیان بەرانبەر بەژن، قۆناغ هەبووە ژن تێیدا بە تەواوی کۆیلە و هەبووە ژن بە قسە، شەریک و هاوبەش لەژیان و بریار، بەڵام دیسان بەکردەوە بێ بەش لەهەموو ماف و ئازادیەک بووە، ئەم گۆرانکاریانە بەپێی جێگاو جوگرافیاوپێگەی ئایین وقۆناغەکانی مێژو و کراوەیی و داخراوی سیستەمەکان، بەرزونزمی بەردەوامی بەخۆوە دیووە، دیارە ئەو وڵاتانەی کە پێشکەوتون لە بواری پێناسە کردنی مافەکانی تاک، لە بواری پراکتیک و کردەوە زۆر لەپێش ئەو وڵاتانەن کە تاکو ئیستاش دەرگاکانی بیرکردنەوەو و وڵات بەرێوەبردنیان هەمان دەرگا داخراوەکانی سەرەتای دروستبونی ئینسانە لە بیروکەیەکی ئایینی دا. بەڵام لەهەمان وڵاتانی کراوەشدا ژن وەک ئینسان بەکردە نەگەشتووە بە هەموو ئەو مافانەی کەشایەن و مافی خۆیەتی، بۆیە خەباتی ژنان و داواکاری و نارەزاییش بەردەوامە.

ئەگەر لەوڵاتانی پێشەکەوتوو تاکو ئەمرۆش ژن نەگەشتبێتە سەرجەم مافەکانی و بێ مافکردنی ژن بەشێوەیەک لەشیوەکان بەردەوام بێت، ئەوە بێگومان لەوڵاتی خۆمان لە هەر چووار پارچەی کوردستان، کە جوگرافیای کەوتۆتە ناو چەقی حکومەتە دیکتاتۆرەکان، کلتورو نەریتە داخراوەکان و خەڵکەکەی لەژێر کاریگەری ئەواندا ژیانی کردووە و ژیان دەکات، شتێکی چاوەوانکراوە، کە بێ مافی کردن و سوکایەتی بەکەرامەتی ئینسان بوونی ژن گەشتبێتە لوتکە، وەک ئەوەی دەبینین نەک ژن نابێت هاوتای پیاو بریار بدات و دەسەلات بکات، بەڵکو رۆژانە هەواڵی کوشتنی ژن و سوتاندن و سوکایەتی پێکردن و لەناوبردنی، جەرگ و ویژدانی ئیسان شەقار دەکات.

باسکردن لەو خەباتی ژن لەسەراپای جیهان و بەرزونزم بونی دەستەکەوتەکانیان بێگومان لەبابەتێکی وا کورتدا جێگای نابێ و دەرفەتت نابێ، بۆیە هەوڵم ئەوەیە لێرەدا بچمەوە سەر قسەکردن لە دۆخ و خەباتی ژنانی کورد.

لەناو ئەم میللەتەی ئێمە ژن هەبووەو هەیە خەبات بۆ هاوتا بوونی ئینسان دەکات، بەڵام بەو هۆیانەی کە ئیشارەمان پێ کرد، هاوتای ئەوەی کە هەر لە بنەماڵەوە هەتا هەموو دەزگا مەدەنی و ئیدارییەکان ژنان رووبەرووی رێگری سەخت دەبنەوە، بۆیە بەبەراود بەژنانی میللەتانی رۆژئاوا، خەباتی ژنانی کورد بۆ دەستخستنی مافەکانیان، سەخترتر و پرلە کێشەترە، بەڵام خەباتی ژنی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافی ئینسانبونی ژن و ژیانی بەرابەر بەردەوامی هەیە.

بەڵام لێرەدا پرسیار ئەوەیە، لە ئایا بەردەوامی خەباتی ژنانی کورد، دەستکەوت چی بووە؟، بۆچی بەبەراورد بەماندووبونیان دەستخستنی مافی ژن هەنگاوی پێویستی نەبرپووە؟، بۆچی وێرای هەبوونی خەباتی بەردەوامی ژنانی کورد، وێرای رووبەرووبونەوەیان لەگەڵ نەریت و یاساو سیستەم و دەسەڵاتێکی بەرد ئاسا بەرانبەر مافەکانیان، نەیانتوانیوە بگەنە، یان نزیک بنەوە لەگەشتن بەئامانج؟، ئایا تەنها هۆکار هەبوونی دەرگا ئاسنینەکانە؟، یان هۆکاری تریش هەن؟.

من بروام وایە وێرای هۆکارە سەرەکییەکە کە بریتیە لەداخراوی ناوچەکەو کلتورو دەسەڵات و یاسای بەرد ئاسا، هۆکار هەڵەی خودی ژنانیش خۆمانین، کە نەمانتوانیوە لەرێگاکان روناکی ببخەشینە بەرپێی خۆمان لە هانگاوەکانمان و رێگاکانمان سەختتر کردووەو دوورتر خستۆتەوە.

٨ی مارچ

**دیارترین هەڵەکان لەخەبات و تێکۆشانی ژنانی کورددا بەبڕوای من بریتن لە:**

* ترس و دلە خۆرپێی لە قەزاوەتی و ناڕەزایی خەلک، بنەماڵەو هتد.
* شینەکردنەوە یا ناشفاف بوون یا تعامول کردن دەگەڵ کێشەگەلێک کە ئایین خۆڵقێنەرو ئەساسێتی - نەبونی باوەری راستەقینە بە گرفتی یەکسانی بە تایبەت لە بواری کرداری.
* خۆ تەیار نەکردن بەزانستەکانی رۆژ و شێوازی خەباتی سەردەم.
* نەبوونی کاری جدی و عەمەلی لە بواری بەرهەم هێنانی فکرو بیری ژنانە بەرانبەر بە شێوەی هاوبەش بیر کردنەوە. بە شێوازی پیاوانە کارکردن یا حاکمییەتی عەقلی پیاو لە جستەی ژنانە دا.
* کاری بەربڵاو و پەرتەوازە.
* نە بوونی یەکگرتوویی و رێکخستنی هێزو چالاکیمان، بۆ بەرنگاربوونەوە و بە گژداچونەوەی دەسەلاتی دژە ژن.

لەهەموو ئەو خاڵانەدا بەبڕوای من کاریگەرترین رێگریان لەبەردەم پێشەوەچوونی خەباتی ژن، پەرتەوازەبوون و دابەشبونمانە بەسەر قوتابخانە فکرییە جیاوازییەکان، وەک راست و چەپ و رەش و سپی و سورو شین و دابەشبوونی چالاکی و جوڵەو کار و هێزی ژنان، بەسەر ئەحزاب و لایەنەکاندا، کە خودی ئەو لایەنانە یارمەتیدەری سەرەکین، لەبێ مافکردنی ژن و ماف پێنەدانیان.

بۆیە کاتی ئەوە هاتووە، ژنانی کورد، گرنگی بە کاری هاوبەشی ژنانە بدەن، بەچاوپۆشی لەبرواو مەبدەئی سیاسیان چالاکییەکانیان لەژێر یەک بروادا کۆبکەنەوە، کە بروابونمانە بە دروستکردنی ژیانی بەرابەرو یەکسان بۆ ئینسانەکان، هەر ئەو بڕوایە بکەینە ئەولەویەتی فکری و کارمان، چیدی نەبینە یارمەتی دەری ئەو فکرانەی کە ئیبداعی عەقلی پیاون و رێگایەکی نوێن بۆ دەسەلات و سالاربوونی پیاو.

ئاخر مێژوو سەلماندوویەتی، هەرکات کاری دەستەجەمعی هەبوو، هەر داخوازییەک بوو بە داخوازی گشتی و هەر ناڕەزاییەک بوو بە ناڕەزایی کۆمەڵ، ئەنجام سەرکەوتن مسۆگەرە، بۆیە هەموو ئەوکاتانەش کە داواکانی ژنان بوونەتە یاسا خراونەتە بەرنامەی کاری دەسەڵاتەکان، تەنانەت لەوڵاتانی پێشکەوتووش، بەرهەمی کۆدەنگی ژنان و چالاکوان و رێکخراوەکانیان بووە، نەک رەحم و لوتفی دەسەلاتی پیاوانەو بەرهەمی ماندوێتی یەک قوتابخانەی فکری..

ژنی کورد ئەمرۆ زیاتر لە هەمیشە پێویستی بە یەک دەنگی هەیە، بۆکۆتایی هێنان بەۆ جەهەنەمەی بۆ ژنانی وڵاتەکەی دروستکراوە، بۆ کۆتاهێنان بەو هەموو ستەمەی لەژن دەکرێت بە هەواڵەکانی سوتدناندن و کوشتن و زیندانکردن و بێ مافکردن، کەویژدانی مرۆڤایەتی دادەڕزێنێت، ئاواتمە لە ٨ی مارسی ئەم ساڵدا ژنان لەدووری کاری خۆیان، ئاورێک لەخەباتی پەرتەوازەو دابەشبوونیان بدەنەوە بەسەر برواو فکر و لایەنە جیاوازەکاندا، بزانن ئەنجامی رێگای هەموویان چەند دووریان دەخاتەوە لەئامانجە سەرەکیەکە، کە بەدەستهێنانی مافی ئینسان بونی ژن و ژیانی بەرابەرە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - رێکەوتی: ٨ی مارچی ٢٠١٢

# هەشتی مارس ڕۆژی وەستانەوەیە بەڕووی تاوانکاری لەدژی ژنان!



**حەمەغەفور**

٨ی مارس ڕۆژی نارەزایەتیە بە دژی ئەم هەموو تاوانکاریە لە دژی ژنانو لە دژی مرۆڤایەتی. ٨ی مارس ڕۆژی وەستانەوەیە لە بەرامبەر سەرجەمی ئەم ڕەسمو یاساو نەریتە دژژنو دژە ئینسانیانە. ٨ی مارس ڕۆژێکە کە ژنانو پیاوانی کوردستانو ئەم کۆمەڵگایانەش پێکەوەو لە یەک ڕیزی سەربەخۆدا بە گەرەو بچوکەوە تیایدا ڕادەگەیەنن کە ئەم نەنگیەو ئەم کۆیلەتیەو ئەم دوبەرەکیە کۆمەڵاتیە ڕەتئەکەنەوەو نایانەوێ. لە ٨ی مارسدا هەق وایە هەموو تواناو ئینێرژیەک بخرێتەکار بۆ خستنەڕێی هەیەجانێکی جەماوەریو کۆمەڵایەتی سەرتاسەری لە پێناو دیفاع کردن لە مافەکانی ژنان، لە جێگاوڕێگای یەکسانیان لەگەڵ پیاوان وە بۆ بەرگری لە مافە ئینسانیەکانی ژنان.

هەق وایە هەر لە ئێستاوە هەمو ژنانو پیاوانی ئازادەو یەکسانیخواز، هەمو ئەو کەسانەی کە لایەنگری کۆتاییهاتنی کۆیلەتی ژنانن، هەوڵ بدەنو کارێک بکەن کە هەمو خەڵکی کوردستان بزانن کە ئەو ڕۆژە ٨ی مارسەو ئەو ڕۆژەش ڕۆژی ژنانە، ڕۆژی داخوازینامەو بانگەوازی یەکسانی هەمەلایەنەی نێوان ژنانو پیاوانە! تێکۆشنو کارێک بکەن کە هەمو کەس بزانێت کە لەم کۆمەڵگایەدا بە پاڵپشتیو بە پشتیوانی دوو حیزبی دەسەڵاتدار، بە هۆی سایەی ئیسلامو نەریتی داسەپێنراوی ئایینیەوە سەدان ساڵە شاڵاوێکی تاوانکاریو جینایەت لە بەرامبەر بە ژناندا بە ڕەوا دائەنرێو بە کردەوە چەندین ساڵە درێژەی هەیەو پاساویش ئەدرێ. کارێک بکەن کە هەمو خەڵکی شەریفو ئازادیخوازی کوردستان ئەم تاوانکاریانە لە دژی ژنانو لایەنگارانیان ڕیسواو ڕەزیل بکەن. کارێک بکەن کە ژنانی سەتمدیدەو ژنانی ژێر دەمی چەقۆی ناموسپەرستان لە ٨ی مارسدا هەست بکەن کە دەنگو سەدایەکی گەورەی کۆمەڵایەتی لە پشتیانەوە ڕاوەستاوەو لەجیاتی بیرکردنەوە لە خۆکوشتنو خۆسوتاندن، بیر لە ڕزگاریو سەرفرازیو خەباتو تێکۆشان بکەنەوە لە پاڵ ئازادیخوازانو لایەنگرانی ژناندا بۆ کۆتاییهێنان بەم جەورو ستەمە کۆمەڵایەتیە بێڕەحمانەیە.

دیموکراسیەک یان مافی مرۆڤێک کە ئەم حیزبانە ڕۆژانە جاڕی بۆ ئەدەنو گوێی عالەمیان پێی کەڕ کردووە، جگە لە ڕوکەشێک بۆ

**٨ی مارچ**

فریوکاریو داپۆشینی ئەم دڕندەییو تاوانکاریانەی کە لە بەرامبەر ژناندا بە پانتایی کۆمەڵگا ڕۆژانە ئەنجامئەدرێ هیچی تر نیە. بە ڕاستی ڕوویەکی قایمی دەوێ کەسانێک کە خۆیان بە نوێنەری خەڵکو بە فریشتەی بەرپاکردنی دیموکراسی بزانن، وە لەژێر سایەی دەسەڵاتو حکومەتو یاساو ڕێسای دیموکراسیانەی ئەواندا ژنان لەم پلەوپایە نزمو بێنرخەدا ڕاگیرابن، کەچی هێشتاش هەر درێژەبدەن بە لێدانی قەوانی سواوی کوردستانی دیموکراسیو سەرکەوتنی ئەزمونی نمونەیی خۆیان بۆ ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ! ئەمە ئەوپەڕی بێدەربەستیو ئەوسەری سوکایەتی کردنە بە خەڵکی کوردستان، بە کۆمەڵگای شارستانیو بە ئەسڵو بەهاو بایەخە بەرزو پیرۆزە ئینسانیەکان! ئەم جەورو ستەمە، ئەم بێئینسافیو بێویژدانیە بەرامبەر بە ژنان نابێت قبوڵ بکرێت. پێویستە وەڵامی بەرەی شارستانیوجیهانی سەردەم وەربگرێتەوە!

لە ٨ی مارسدا ملیۆنان گەرووی ئازاد با بە یەک دەنگ بانگەواز بکەن کە ژیان کردن لە کۆمەڵگایەکدا کە نیوەمان یانی ژنان، هەر لە ئەوەڵ ڕۆژی لەدایکبونیانەوە پایین ترو نامەرغوب بن، پلە سێهەمو نائینسان لە قەڵەم درابن بە شەرمەزاری دائەنێین. با پێکەوە بڵێین؛ ئەگەر ئینسان شەریفو میهرەبانو ئازیزە لەبەر ئەوەیە کە نیوەی لە ژنان پێکهاتووە!

**سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان - ڕێکەوتی: ٩ی مارچی ٢٠١١**

# بە بۆنەی ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژنان



**نگین شێخ ئوسلامی**

لە ٨ مارسی ١٨٧٥ ژنانی کرێکاری نیۆیۆرک لە ئامریکا رژانە شەقامەکان، بۆ زێدە کردنی مووچە و کەم کردنی کاتی کارکردن و باشتر کردنی هەل و مەرجی کار، ٥٠ساڵ دوای ئەوە ، ژنان بۆ دابین کردنی مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان، هەر وەها بە بۆنەی پەنجاهەمین ساڵوەگەری رێپێوانەکەی نیۆیۆرک رێپێوانێکیان بەرێوە برد و داواکاری ئەوە بوون کەوا ئەم رۆژە وەک رۆژی جیهانی ژنان بناسرێت.

کاتێک لە تێکۆشانەکانی بەرێ ژنان دەکۆڵینەوە ، جەوهەری ڕاستەقینەی ئەم تێکۆشانانە هەڵقوڵاوی داخوازیە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی ئەوەان بووە، هێدی هێدی کە وا ئەم تێکۆشانانە لە چوار چێوەی کۆمەڵگادا جێ دەگرت وهەندێ لە داخوازەکانیان بەدەست دەخەن، ژنان تا رادەیەک بە خواستی ژنانەی خۆیان کە بەشێک لە دەرکەوتنی کەسایەتی ژنانەیانە سەر قاڵ دەبن، بەڵام ئەم داخوازیانەی ژنان کە باوەرێکە بە بوون و متمانە بە خۆ، هەنگاوێکە بەرەو پێش، کە لە هەست کردن بە خۆی ژنانی تێکۆشەرەوە سەرچاوە دەگرێت، کە هەر لە لایان هاورێ و هاوسەنگەرەکانیانەوە حاشایان لێ کرا. لێرەدایە کە ژنان سەەنگەرهایەکی جیاواز هەڵدەبژێرن، لەبەر ئەوەی کە تێکۆشان لە یەک سەنگەردا، دابڕانی ئەوە لە خواستەکانی، هزر و باوەڕی ژنانە پێویست بووە، کە تەواوی سەنگەرەکانی هەبێت، ئاوەها بوو، کە تێکۆشانی ژنان هەنگاوی بەرەو پێش نا ئەو نووسینی سەرەوە هەندێک لە گەڵ هەل و مەرجی رۆژهەڵاتی ناوین بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی جیاوازە، رەوتی تێکۆشانی ژنان لە رۆژهەڵاتی ناوین بە لە بەرچاوگرتنی پێکهاتەی کولتووری و ئاینی تایبەت کە هێشتاکەش بە سەریدا زاڵە، رێگایەکی تر پێویستە بپێوێت، لە کوردستان دا ژنان "نە" یان وت بە هەموو ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەی کە تێدا جێیان گرتبوو، ئەم " نە" وتنە بە سەرنجەدان بەوەی کە ژنان لە کوردستان پێکهاتەی حکوومەتێکی سەربەخۆ - کە لە قووڵایی کولتوور و مێژووی راستەقینەی خۆیەوە بێت - نەبووە؛ هەندێک جیاوازتر لە کۆمەڵگەکانیتر بووە، ژنان بە جێگرتن لە پارتە سیاسیە جیاوازەکان کە لە کاتێکی تایبەتدا بوو، وتیان" نە" بۆ نەریت و پێکهاتە مەزهەبی و باو و دینیەکانی کۆمەڵگا و خەباتیان بە شێوازیکی ناڕاستەوخۆ دەستپێکرد، هێمای هاوبەش لەمەدایە، کە ژنانی کورد بە جێگرتن لە بەرەگەلێکی سیاسی بوون و توانایی خۆیان دۆزیەوە، بەڵام هاوکات

**٨ی مارچ**

لە لایەن ئەوانەوە کە بڕاریان بۆ خەباتی ژنان ڕەخساندبوو، دانیان پێا نەنراو ولەبەرچاو نەگیران؟! لە هەمان کاتدا کە هەوڵیان دەدا، تا بوون و تواناکانیان بسەلمێنن، بە هێواشی خرانە پەراوێزەوە، ژن نە، ژنیەتی ژن خرایە پەراوێزەوە، تێگەیشتنی ڕاستەقینە لە ژنیەتی تەنیا وەرگەڕایە گلەیی و گازەندە، هەرچەند ئەم بەشداریکردنە، بووە بنەمای خەباتی ژنان لە دەیەکانی دوواتردا، ئیستاکە ئەم بەشداری کردنە دیسانەوە دابڕانێکیتری بە دوواوەیە، ژنان ناکارامەیی خۆیان گەڕاندەوە بۆ بەشداری کردنیان لە سیاسەتدا،

بە شێوازێکیتر، گەڕان بە شوێن چارەسەریدا، ئەمجارەیان سیاسەت" نە". خەبات لە پێناو ژن بووندا لە دەرەوەی هەر بازنەیەک، ئەمەیان ڕاستە، پێویستە بازنەکانی بکرێنەوە و سنوورەکان وەلا بنرێن، ئەمە کاتێک گۆنجاوە کە بوون و شوناسی ژنانە، لەگەڵ خودی راستەقینە، لەو دیوی بازنەکانەوە دانی پێدابنرێت، لە پێگەیەکدا کە تو هێشتا شوناسێک - بە ناوی ژنی کوردت - نییە، کە تێدا بگەڕی بۆ ئازارەکان و هۆکارەکانی! کەواتە دەبێت چی بکرێت؟ پێویستە ئەو لاوازیانەی کە هۆکارێکن بۆ سەرکوت، وەلاوە بنیت، و سەنگەرەکان بۆ خەبات بیووژێنرێتەوە، پاراستنی سەرجەم سەنگەرەکان ژنیەتی بۆ من دەگەڕێنێتەوە.

لێرەدا دەتوانین خاڵە هاوبەشەکان لە تێکۆشانی ژنان لە پارەزوینە(قارە) جیاوازەکاندا ببینین، زۆر یان کەم لە سەرەتاوە یەکێک بووە ؛ بەڵام بەدەست هێنانی سەرکەوتنەکان جیاوازە، چونکوو لە شێوازی تیکۆشاندا دابڕانگەلێک لە ئارادا بووە ، ئەمڕۆ پێویستە کە ژنانی ئێمە، لە سەنگەرە کۆمەڵایەتی، کولتووری و سیاسیەکاندا درێژە بە تێکۆشانی خۆیان بدەن، تا بگەنە ئاستی پێناسە کردنی ژنیەتی خۆیان، زۆر ئاشکرایە، بەجێهێشتنی سەنگەرێک هەردەم دابڕانیکە بۆ داخوازیەکانیتری ژنان.

ئەمڕۆ ئێمە دەبینین جیاوازیەکی بەرچاو هەیە لە نێوان ژیانی ژنێک لە ئورووپا و ئامریکا لە گەڵ ژنێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، ژنی ئورووپایی هەریکەم پاسایەکی هەیە کە پشتیوانی لێدەکات، ئەمە هەڵقوڵاوی ئەو هزەرەیە کە ئەوان پێشتر بیریان لێکردووەتەوە، ئەوان لە نێوان بزووتنەوە و چالاکیەکانیان هەماهەنگیان پێکهێناوە، کەوابوو دەبێت ئێمەش وابکەین، دەستبەردان لە سەنگەرەکان دەستبەردانە لە خواستە ژنانەکانی ئێمە کە جەوهەری ڕاستەقینەی ژنیەتی دەتوانێت لە مەیدانە جیاوازەکاندا پیشانی بدات، تێکۆشانی ژنی کورد پێویستە، کە تێکۆشانێکی کۆمەڵایەتی - کولتووری - سیاسی بێت، تا بە دەستهێنانی سەنگەرە جیاوازەکانی سەرکەوتن ڕێگای نالەباری ژنیەتی لەبار بکەین، جیاواز لەمە، هەوڵدان - تەنیا - بۆ بەرابەری مومکین نییە، ئەمە ڕێگایەکە، کە ژن وەک منداڵێک دەگەیەنێتە قەناعەت، و ڕێگر دەبێت لە دەستڕاگەیشتن بە لووتکەی تووانایەکانی، بوونی ژنان لە سەنگەرە جیاوازەکان، پێداگری لە جەوهەرەی ڕاستی ئەو لە بیر و باوەڕی خۆیدا دەسڕێتەوە، ژنیەتی وەرزێکە لە هەر ژنێک، کە بۆ خۆشی جارجار دەچێتە شەڕی و پێداگری لە نەبوونی دەکات، چونکوو لە کۆمەڵگەیەکدا کە هەموو شتێک لە دژی ئەو بووە، ئەویش ئەوە بە جوانی نابینێت و لەژێر دەمامکی خود ڕاستەقینەدا دەیشارێتەوە، ئەم پێداگری و شاردنەوەیە لە لایەن خۆی و کەسانیتر ئەوەندە درێژەی دەبێت، کە دەبێتە نەریتێکی کۆمەڵایەتی، ئیستا بۆ سڕینەوەی ئەو باوەڕە کە لە کۆمەڵگەدا دابڕان و نائارامی هێناوەتە ئاراوە، بەو زمانێ کە بۆ منداڵەکەی خۆی لایە لایە دەخوێنێت، یان دڵێک کە سەرچاوەی هەست وئاشتیە، هەموو شیاوی ئەوەن کە بە شوناسێکی ڕاست لە من بوون بڕازرێنێتەوە.

تێکۆشانی ڕاشکاوانەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین لە دژی دیکتاتورەکان هۆکارێکی زۆر روونە، بۆ گرنگی تێکۆشانی ژنان لە سەنگەرە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوریەکان، و ژنانی نیشتمانپەرەوەری ئێمەش نابێت لەم پێوانەیە بەدوور بن، لە بزووتنەوەیەکی سەربەخۆدا بە هەماهەنگی لەگەڵ ژنان و بزووتنەوەکانیتر لە کۆمەڵگە پێویستە داخوازیە ژنانەکانیان بەدەست بهێنن.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست - ڕێکەوتی: ٨ی مارچی ٢٠١١**

# ٨ی مارس ڕۆژی هاوپێوەندی و بیرهێنەرەوەی خەبات و خۆڕاگریی ژنان



**کوێستان فتووحی**

٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان، بیرهێنەرەوەی خەباتی مافخوازانەی ژنانی جیهانە بۆ گۆڕینی هەلومەرجی نادادپەروەرانەی ئابووری، سیاسی و کۆمەلایەتی. ٨ی مارس ڕۆژێکە کە ژنان بە دەسەلات و سیستمی سیاسیی ولاتەکانیان رادەگەیەنن پێوانەی ئازادیی کۆمەلگە، ئازادیی ژنانە. بە سیستمی پیاوسالاری کۆمەلگەی رادەگەیەنن هەتا خواستەکانمان کە دابین بوونی ئازادی و یەکسانییە، نەیەتەدی، دەست لە خەبات و تێکۆشان هەلناگرین.

ئەمسالێش لە کاتێکدا رێز لە خەبات و خۆراگریی ژنانی جیهان بۆ مافەکانیان دەگیرێ، کە تائێستاش لە زۆربەی ولاتانی دنیادا یەکسانیی ژن و پیاو نەهاتۆتەدی. لە زۆربەی ولاتاندا سێبەری قانوونە پڕ لە هەلاواردنەکان بەسەر ژنانەوە قورسایی دەکا. هەژاری، نەخوێندەواری، دەسترانەگەیشتن بە ئیمکاناتی لەشساغی و چەوسانەوەی جینسییەتی، ژیانی میلیۆنان ژنی تاریک و تال کردوە.

٨ی مارسی ئەمسال حال و هەوایەکی تایبەتی هەیە. لە ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست زنجیرەیەک شۆرشی دژی دیکتاتۆری دەستی پێ کردوە و خەلک لە دژی ستەم وناعەدالەتی خرۆشاون و دەیانەوێ سێبەری دیکتاتۆری لەسەر خۆیان رامالن. هەموو دنیا شاهیدی ڕاپەڕینی توونێس و میسر بوو کە چۆن کۆشکی دیکتاتۆرانیان رووخاند و لەرزەیان خستە دلی دەسەلاتدارانی لە چەشنی ئەوان لە ولاتانی دیکە.

هەوالی ئازاد بوونی هەر ولات و مرۆڤێک لە دەست دیکتاتۆر و زالم بۆ هەموو ئەوانەی باوەڕیان بە ئازادی و بەختەوەریی مرۆڤ هەیە، جێی دلخۆشی و شانازییە و بێگومان بۆ هەر دیکتاتۆر و زالمێکیش، ئەم جۆرە هەوالانە،وەک کابووسێک وان و خەوی ئارامیان لێ تێک دەدا.

۸ی مارچ

منیش وەک زۆربەی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز دڵخۆش و هیوادار بووم بە شادی و رزگاریی ئەو خەڵکانە و رووخانی ئەو دیکتاتۆرانە. بەڵام پرسیارێک لە ناخمدا دێت و ودەچێ و ئازارم دەدا. ئەویش ئەوەیە ژنانی ئەم وڵاتانە کە ئاوا ئازایانە لە ریزی رووخێنەرای کۆشکی دیکتاتۆراندا بوون و هەن، چارەنووسیان چی بەسەردێ؟ بەتایبەتی کە مەزهەبییە توندئاژۆکان لەم وڵاتانە نفووز و کاریگەرییان هەیە و دەیانەوێ هەڵەکان بە قازانجی خۆیان بقۆزنەوە. بڵێی ژنانی ئەو وڵاتانە هەرئەو بەرهەمە نەچننەوە کە ژنانی ئێران لە شۆڕشی ١٣٥٧ چنیانەوە؟ بەڵام شتێکی کە لە نیگەرانییەکەم کەم دەکاتەوە، ئەوەیە خەڵکی ئەو وڵاتانە ئەزموونی خەڵکی ئێرانیان لە ساڵی ٥٧دا لەبەرچاوە و تووشی ئەو هەڵەیە نابن کە بە هیوای ئازادی و بەبێ هیچ ناسینێک، دەنگ بە حکوومەتێک بدەن کە بە ناوی ئیسلام و لە ژێر بانگەشەی دادپەروەری و ... دا هەستی ئایینیی خەڵک بە قازنجی خۆی دەقۆزێتەوە بەڵام دواتردەبێتە دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ و ستەمکار و مافە رەواو ئینسانییەکانیان دەخاتە ژێر پێ.

ئەزموونی ئێران دەتوانێ وشیار کردنەوە بێ بۆ خەڵکی ئەو وڵاتانە و بە تایبەتی بۆ ژنان کە نا بە هەر جۆرە دەسەڵاتێکی مەزهەبی بڵێن. خەڵکی ئاگا و وشیاری ئەو وڵاتانە بە تایبەتی ژنان لەوە تێگەیشتوون کە ئازادی و بەرابەریی مافەکانیان بە پێوانە و ستانداردە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ، لە ژێر سایەی حکوومەتێکی مەزهەبییدا هەرگیز وەدی نایە. ئەگەر ژنێک بەپێچەوانە بیر بکاتەوە ئەوە بە دڵنیاییەوە دەبێ چاوپۆشی لە مافی یەکسان لەگەڵ پیاواندا بکا.

## هەلومەرجی ژنان لە ئێران

ئەمڕۆ یەکیک لەو وڵاتانەی کە ژنانیان لە هەلومەرجێکی نالەباری سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری دا دەژین، وڵاتی ئێرانە. لە رێژیمی کۆماری ئیسلامیدا ژنان بە شێوەیەکی سیستماتیک و بەردەوام مافەکانیان پێشێل دەکرێ و بە شێوەیەکی نامرۆڤانە رووبەرووی توندوتیژی و سووکایەتی و ستەم و ناعەداڵەتی دەبنەوە. ئازادیخوازان و چالاکانی ژن تەنیا بە تاوانی هەوڵدان بۆ وەدیهاتنی دنیایەکی ئازاد و دادپەروەر، دەخرێنە قەفەزی زیندانەکانەوە وحوکمی نارەوا و نامرۆڤانەیان بەسەردا دەسەپێ.

بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە ژنانی ئێران بە هۆی خەباتیکی دوور و درێژی مافخوازی و راوەستان و بەربەرەکانی لەگەڵ کۆنەپەرستانی دەسەڵاتدار، دەسکەوتی بەنرخیان وەسەریەک ناوە و یاسا و کولتووری پیاوسالار نەیان توانیوە ئەوان لە رەوتی بەرەوپێشچوون دوا بخەن.

٣٢ ساڵە بەردەوام ژنان لە شەقامەکان، لە شوێنە گشتییەکان، لە خوێندنگە و شوێنی کار و... ریزیان لە ریزی پیاوان جیا دەکرێتەوە و سووکایەتییان پێدەکرێ. ٣٢ ساڵە کۆماری ئیسلامی بۆ قایم کردنی بناغەی نیزامەکەی، بە سەدان شێوەی فێڵاوی خەریکی دروستکردنی دیوار و کۆت و بەندی جینسییەتییە، بەڵام ژنانی ئێران نەچوونەتە ژێر بار و لەگەڵ ئەم رێژیمە کۆنەپەرست و ناحاڵییەدا کەوتوونە ململانێ ورووبەرووبوونەوە، هەڵبەت ئەم ململانێیە هەر لە سبەینێی بە دەسەڵات گەیشتنی ئەو رێژیمەوە کە بە نافەرمانی لە دژی دەستووری حیجابی زۆرەملیی خومەینییەوە دەستی پێ کرد، ئێستاش بە شێوەیەکی ئاگایانە درێژەی هەیە. ئەمڕۆ دەبینین ژنان بە ئەزموونێکی زۆری خەباتەوە لە ریزی پێشەوەی حەرەکەتە ئێعترازییەکاندان. دیارە زۆر پێشتر لەوەڕێکەوتنی بزووتنەوەیەک کە بە ناوی

سەرچاوە
Serchawe

بزووتنەوەی سەوز ناوی دەر کردوە، بزووتنەوەی ژنان وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی هەراو لە ئارا دا بووە و ئێستاش، بەشێکی سەرەکییە لە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی ئێران. بە هیچ جۆر ناکرێ حاشا لە نەخشی بەرچاوی ژنان لەو خۆپێشاندان و حەرەکەتە ئێعترازییانە دا بکرێ کە لە دژی رێژیم لە گۆڕێدان. حزووری بەرچاو و ئازایانەی ژنان لە حەرەکەتە ئێعترازییەکاندا نیشانەی ئەوەیە کە نیزامی کۆماری ئیسلامی ئەو ئامانجەی ٣٢ ساڵە بەزەبر و زەنگ دەیەوێ بیچەسپێنێ - جیاکردنەوەی ژن وپیاو - پێی نەگەیشتوە. ئەمرۆ دەبینین بەبێ سەرنجدان بەو دیوارانەی ئەو نیزامە بۆی دیاری کردوون، ژنان و پیاوان دەست لە نێو دەستی یەک، بۆ نەمانی دیکتاتۆرییەت و وەدیهاتنی ئازادی و دیموکراسی لە شەقامەکان بەدەنگی بەرز دروشمی مردن بۆ دیکتاتۆرییەت دەڵێنەوە. ئەو دیوارەی هەڵاواردن کە نیزامی کۆماری ئیسلامی ویستوویەتی بیکاتە کولتوورێکی جێگرتوو لە کۆمەڵگەدا، رووخاوە. ئەگەر ئەمرۆ زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران شانازی بە بوونی ژنان لە ریزی خۆپیشاندانەکاندا دەکەن، ئەگەر خوێنی ژنێک دەکەنە نماد و سەمبولی خەباتی ئازادیخوازی، بەرهەمی خەباتی مەدەنیی دەیان ساڵەی ژنان لە دژی نایەکسانی لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندایە. ژنان بە ئەزموونێکی زۆری خەباتی مافخوازییەوە لەو حەرەکەتانە دا بەشدارن. بێگومان ئەوبەشدارییە دەبێتە دەستەبەرێک بۆ دابینبوونی مافەکانی ژنان لە ئێرانی داهاتوو دا. چاوەڕوانییش لە چالاکانی ژن دەکرێ لە درێژەی خەباتی مافخوازانەی ژناندا بەبەرنامەیەکی روونەوە لە حەرەکەتە مەدەنییەکاندا بەشداری بکەن.

ئامادەبوون و بەشداریی ئازایانەی ژنان لەو حەرەکەتانەدا و ئەزموونی دوور و درێژی خەباتی مەدەنی دژی دیکتاتۆری و پیاوسالاری و دانی ئەو هەمووە نرخە لە لایەن ژنانەوە، هەر لە ئێستاوە مزگێنیی لەرزین و درزتێکەوتنی دیواری پیاوسالاری لە ئێرانی داهاتوواندا دەداتێ و بە کردەوە هێز و توانا دەبەخشی بەو بزووتنەوەیەی کە ئێستا لە ئێراندا هەیە.

ئەمساڵ،لە ٨ی مارسدا، زایەڵەی پەیامی یەکسانیخوازانەی ژنانی ئێران، تێکەڵ لە گەڵ دروشم و هاواری بزووتنەوەی سەراسەریی هاونیشتمانان دژ بە دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامی، بە گوڕتر لە هەمیشە دێتە گوێ. ئێستا ٣٢ ساڵ دوای هاتنە سەرکاری ئەو رێژیمە، هەمووان بەو رێگایە دا دەڕۆن کە پێش هەر چین و توێژێکی خەڵکی وڵات، ژنان گرتیانە بەر، ئەویش رێگای نەویستن و رەتکردنەوەی دیکتاتۆریی مەزهەبی و پیاوسالاری کۆماری ئیسلامی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٨ی مارچی ٢٠١١

# هەڵسەنگاندنی ژنی کوردی دیاسپۆڕا و ژنی کوردی دانیشتووی وڵات




**نووسین وپێشکەش کردنی گوڵاڵە شەرەفکەندی لە ڕۆژی 8 ی مارس**

خەباتی ژنی کورد بە دائیم کەوتۆتە ژێر تەئسیری موبارزاتی میللی، سیاسی و حیزبی و لە بەراورد لەگەڵ ئامانجەکانی نەتەوایەتی، کێشە و گرفتی مافی یەکسانی لەگەڵ پیاوان هیچکات لە ئاستێکی بەرزدا نەبووە.

یەکێک لە هۆکارەکانی بنەڕەتی ئەو گرفتە ئەوەیە کە سازمان و ڕێکخراوی سەربەخۆ بۆ وەدەست هێنانی مافی ژن لە کوردستان وجوودی نەبووە، بەڵکوو تەنیا هێزەکانی سیاسی بەرپرسایەتی ئەو ئەرکەشیان بەئەستۆوە بووە. لەبەر ئەوەی بەدائیم مەسائیلی گرینگتر لە پێرەوپرۆگرامی ئەواندا جێیگرتووە، فرسەتێک بۆ ڕێفۆرمەکانی کۆمەڵایەتی و دابین کردنی مافی ژنان نەماوەتەوە. ئەگەر کارێکیشیان لەو بوارەدا کردبێ قۆناخی شیعاری تێنە پەڕاندووە.

دیارە بوونی ئەو ئەحزابە سیاسیانە فرسەتێکی بە کەڵک بووە بۆوەی ژنانیش بتوانن نەخشێکی نوێ جیا لە ڕۆڵی سوننەتی پێشوویان لە کۆمەڵگادا وەستۆ بگرن. ژنانیش مەجالیان بووە لە ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکانی نەتەوەیی و پاراستنی نیشتماندا گیانباز بن و ڕاست لە نووختەیە دابووە کە ژیانی دیاسپۆڕاش دەستی پێکردووە. واتە ژنی کورد بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگادا و ڕزگاری نیشتمان دەستی بە خەبات کرد و تێکەڵ بە ڕێکخراوەکانی سیاسی بوو و هاورێ لەگەڵ ئەوان لە وڵاتی خۆی دوور کەوتەوە و تووشی هەندەران و ژیانی ئاوارەیی بوو. دەکرێ بڵێین ژنی کوردی دیاسپۆڕا ئەو ژنەیە کە لەگەڵ ئەحزابی سیاسی پەڕەوازەی هەندەران بووە و دوور لە وڵاتی دایک ڕێگای ڕوشدی خۆی گرتۆتەبەر. واژەی دیاسپۆڕا بۆ یەکەم جار سەبارەت بە جوولەکانی دوور لە وڵاتی دایکیان بەکار هێندرا و لەگەڵ وشەی تاراوگە یەک مانا دەدەن.

من لێرەدا دەخوازم هەڵسەنگاندنێکی کورت لە نێوان ژنی کورد و ژنی دیاسپۆڕا یاکوو تاراوگە بکەم. بە واتایەک، بۆچی موقایسە و هەڵسەنگاندن، چ هەڵسەنگاندنێک و هەڵسەنگاندنی چ کەسانێک.
هۆکار و دەلیلی ئەو هەڵسەنگاندنە ئەوەیە کە ژنی کورد ساڵانێکی زۆری دوور لە نیشتمانەکەی گوزەراندوە و ئەزموونێکی فرەی لە تاراوگە وەدەست هێناوە، بەو پێیە هاتۆتە سەر ئەو باوەڕە کە دەتوانێ نەخشی ڕێبەری هەبێ.

ژنی تاراوگە هەڵبەت جاروبار بۆ ژنانی ناوخۆی وڵات نەناسراوە و لە تێگەیشتنی قسە و باسەکانی تووشی گرفت دەبن و پێچەوانەشی روو دەدا. وەک ئەوەی هەردووکیان بە یەک زبان قسە دەکەن بەڵام لە یەکتر تێناگەن و لەباری فکریەوە بە فەرسەخ لێکدوورن. کەی و چ زەمانێک و لەکوێ ئەو رووداوە قەوماوە و بۆچی و لە پێناو چیدا بابەتگەلێکن کە ئامانجی هەڵسەنگاندنی بارودۆخی حازری منە. ئەو نەسڵ و وەچەیەی کە قەرارە بکەوێتە بەر هەڵسەنگاندن، ئەو وەچەیەیە کە بەناوی نەسڵی سووتاو دەیناسن. بە واتایەک هەمان نەسڵی ئینقلاب کە لەباری تەمەنیەوە ٥٠ - ٣٠ ساڵێک دەبێ و بەشێکیان لە داخڵی وڵاتدا دەسووتێن و خەبات دەکەن و بەشێکیشیان لە دەرەوە هاوار دەکەن.

ئیزن بدەن بە کورتە باسێک ژنی کوردی دیاسپۆرا پێناسە بکەین. ژنی دیاسپۆرا ژنە موهاجیرێکە کە ڕێی کەوتۆتە ناو کۆمەڵگای بێگانە و پرۆسەی ئەکاڵچرێیشنی دەست پێکردووە. ئەکاڵچرێیشن، کاتێک روودەدا کە دوو دەستە یا گرووپی خاوەن فەرهەنگی جیاواز بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە. ساڵی ١٩٨٠ بێری لەو بارەوە گوتوویەتی ئەو پرۆسەیە سێ قۆناخی ئەسڵی تێپەڕ دەکات. قۆناخی یەکەم دەبێتە تەماسی ژنی موهاجیر لەگەڵ فەرهەنگی خانەخوێ واتە ئەو کۆمەڵگا نوێیەی تێیدا دەژی. مەرحەلەی دووهەم کێشەی فەرهەنگی دایک لەگەڵ فەرهەنگی خانەخوێە. سێهەم قۆناخیش، هەڵبژاردنی سیاسەت لە پێوەندی لەگەڵ ڕادەی وەرگرتنی فەرهەنگی خانەخوێیە.

دیارە رادەی وەرگیرانی فەرهەنگی خانەخوێ بە دوو هۆکار و عامیل بەستراوەتەوە. یەکیان سیاسەتەکانی ئەو کۆمەڵگایە و دووهەمیش ڕادەی پایبەندی ژنی موهاجیر بە فەرهەنگی دایکە. کارناس بێری Berry ساڵی ٢٠٠٢ لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئەو پرس و گرفتە لە ئەنجامدا بەو چوار حاڵەتە کۆتایی دێت.

ئاسیمیلاسیۆن Assimilation

سێپاراسیۆن Separation

مارگینالیزاسیۆن Marginalization

ئینتێگراسیۆن Integration

**حاڵەتی یەکەم** ئەوەیە کە تاک یاکوو بڵێین ژن وەفاداری خۆی بە فەرهەنگی دایک لەدەست دەدا و بە تەواوی گیرۆدەی فەرهەنگی خانەخوێ دەبێ، دەکرێ بڵێین خۆی هاوئاهەنگ لەگەڵ ئەو فەرهەنگە نوێە دەکات.

**لە حاڵەتی دووهەمدا** ڕەنگە کەسەکە لەو پێوەندییەدا توانایی و خواستی وەرگرتنی تەواو یاکوو بەشێکی فەرهەنگی تازەی نەبێ، لەو وەزعەدا موهاجیر زیادتر بیر لە فەرهەنگی دایک دەکاتەوە و ڕێگای دووری لە فەرهەنگی نوێ هەڵدەبژێرێ و هەمان سێپاراسیۆن و جیایی دێتە ئاراوە.

**حاڵەتی سێهەم** ئەوەیە کە ئەو شەخسە بە کوردی خۆمان لە هەردوو دینان دەبێ، حەول دەدات نووختە پۆزێتیڤەکانی کۆمەڵگای نوێ

سەرچاوە
Serchawe

وەرگرێ، بەلام فەرهەنگی خۆی لەو نێوەدا لەبیر دەچێتەوە. لە ئەنجامدا نە فەرهەنگی خانەخوێی وەرگرتبێ و هی دایکیشی لەدەست داوە. ئەوەش دەکرێ بلێم ونبوونی ئەو تاکە یا ژنەیە لە باری پێناسەوە.

باشترین حاڵەت دەبێتە هەمان ئینتێگراسیۆن، شەخس بالانس و تـوازون لەنێوان خاڵەکانی پۆزێتیڤی فەرهەنگی دایک و کۆمەڵگای خانەخوێ ڕادەگرێ و لە تێکەڵاوی خاڵەکانی پۆزێتیفی هەر دوو کۆمەڵگای پێشوو و تازە فەرهەنگێکی نوێ دەخوڵقێنێ.
ژنی سەرکەوتووی تاراوگە ئەو کەسەیە کە توانیویەتی لە وەرگرتنی ئەوەی پێی دەڵێین ئینتێگراسیۆن سەرکەوتوو بووبێ، واتە جێگایەکی لەناو کۆمەڵگای نوێدا دۆزیبێتەوە و لە ئوسولەکانی پۆزێتیفی وڵاتی خانەخوێ تێگەیبێ و لە هەمان کاتدا خاڵەکانی پۆزێتیفی فەرهەنگی دایکیشی پاراستبێ و لەجێی خۆیدا بەکاریان بێنێ و لە تێکەڵاوی ئەو دوو لایەنە هەم وەک ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵگای نوێ بێت و هەمیش عوزوێکی وەفاداری جامیعەی دایک بێت.

هەڵبەت ئەورۆکە لە کۆمەڵگای سوئێدیدا باسی نوێتر وەک موڵتیکاڵچرالیسم هاتۆتە گۆڕێ کە ئەو پرسەی تەواو گۆڕیوە.

ئایا تەواوی ژنانی دیاسپۆڕا کە لە دەرەوەی وڵات دەژین، خاوەن تایبەتمەندییەکانی حاڵەتی چوارەم هەن؟ ئایا بە حوکمی ئەوەی لە دەرەوە دەژین، خۆی تەزمینی هەموو شتێک دەکات؟ ئایا لە تاراوگە ژیاندا، نەخشی ڕێبەری بە ژن دەبەخشێ؟
ژنی کوردی دیاسپۆڕا ئەو کەسایەتییەیە کە لە کۆمەڵگایەکدا دەژی، فەرهەنگ و یاساکان هەر هەموویان بۆ پاراستنی مافی ئەو لەجێدان. هەڵبەت ڕادەی دەست پێڕاگەیشتنی ژن بە فەرهەنگی کۆمەڵگاکەی بە میزانی تێکەڵاوی بنەماڵەکەی لەو جامیعەیەدا بەستراوەتەوە و گەلێک فاکتەر لەو بارەوە کارتێکەریان هەیە.

بەلام ژنی کوردی ناوەخۆی وڵات چی، ئەو چی کردوە، ئایا هەمان ئەو ژنەیە کە ٢٨ ساڵ لەمەبەر لە کوردستان بەجێمان هێشت. ئەو ژنە لە کوێیە؟ ئەو لە کۆمەڵگایەکدا دەژی کە نە حیمایەتی بنە
ماڵەی هەیە و نە پشتیوانی فەرهەنگ و کۆمەڵگاکەی. بۆیە بە تەنیا بەربەرەکانی لەگەڵ تەواوی سوننەتەکانی پیاو سالار دەکا و سەرباری ئەوەش یاسا ئیسلامییەکان تا ڕادەیەکی زۆر سەبارەت بە مافی ژنان بێ تەفاوەت و بێ ئیعتنان.

ئەو ژنە چ دەکات و لەکوێیە، ئایا زەمان بۆ ئەو هەر ئەو کاتەیە کە پێشتر بوو واتە هەمان کاتە کە ئێمە جێمان هێشت. ئەو خۆی چی کردوە؟ بەپێی ئاماری بانکی جیهانی لە ساڵی ١٩٨٠دا یەک لە سێی ژنانی ١٥ تا ٢٥ ساڵە لە ئێراندا بێسەواد بوونە، بەلام لە ساڵی ٢٠٠٠دا کەمتر لە یەک دەهومی ژنانی نەخوێندەوار گوزاریش کراون. ئەو ئامارە بۆ تەواوی جەماوەری ژنانی ئێرانی لە ٦٠ لەسەدی ساڵی ١٩٨٠ گەیشتۆتە ٣٠ لەسەدی ساڵی ٢٠٠٠. بەپێی ڕاپۆرتی گۆڤاری ژنان لە مانگی جولای ٢٠٠١دا، ڕادەی کەسانێکی توانیویانە بچنە دانیشگاکانی ئێران ٦٠ لە سەدیان ژن بوونە، پرسیاری من لێرەدا ئەوەیە ئایا دەرسەدێکی ئەوتۆ ژن لێرە لە وڵاتی سوئێد ساڵانە واریدی زانستگاکان دەبن؟

بە پێی ئاماری بانکی جیهانی ژنانی مژوڵ بە کار لە ساڵی ١٩٨٦دا ٢٠ لە سەد بووە، لە حاڵێکدا لە ساڵی ٢٠٠٠ ئەو ڕێژەیە گەیشتۆتە

٢٧ لە سەد. ڕێژەی بەرز بوونەوەی نفووس و جەمعییەت یاکوو میزانی تیعدادی منالآن لە بنەماڵەکاندا ٦،٥ لە ساڵی ١٩٨٥دا بووە، ئەوەش بە نۆرەی خۆی گەیشتۆتە ٢ منالْ لە ساڵی ٢٠٠٠دا، ئایا ئەوانە بەڵگەیەک بۆ بەرەو پێش چوون نێن؟

هەرچەند کوردستان یەکێک لە ناوچەکانی مەحرومی ئێرانە بەڵام ژنی کورد لەو ڕەوتەدا بێبەهرە نەبووە. ڕادەی خوێندەواری ئەویش چۆتە سەر و میزانی زانستی سەبارەت بە کۆنترۆڵی نفووس و سڵامەتی بنەماڵە جیاوازی بەخۆوە بینیوە. دیارە ئەو ئامارە هێشتا ڕەزایەت بەخش نییە بەڵام نیشانەی ئاڵوگۆڕێکە کە بەئەنجام گەیشتووە. ئەو ئاڵوگۆڕە لە کۆمەڵگایەکدا هاتوونە کایەوە کە یاساکانی دژی کارکردنی ژن لە دەرەوەی ماڵەوەیە و لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژی دامەزراون کە هیچ چەشنە مافێکی یەکسانی بۆ ژن لەبەرچاو ناگرن.

لە کۆتاییەکانی ١٩٨٨دا ئێرانی خاوەن ئابووری مەییو و دیفاعی رووی لە گەشە کردن کرد. دوای مەرگی خومەینی ئیقتیسادی ئازادی ئێران درگای بۆ بازاڕەکانی جیهانی کردەوە و بووە هۆی زیاد بوونی کار و فرسەتێکی موناسیب بۆ حزووری ژنان لەو بازاڕەدا. لەو پرۆسەیەدا، ژنان توانیان بێنە دەرەوەی ماڵ، داخوازیەکانیان باس بکەن و لەسەر وەدەست هێنانی جێگایەکی شایستەتر پێداگرن و لە مەیدانی خەبات و بەربەرەکانیدا قاڵ بنەوە و لە کۆمەڵگایەکدا کە هیچ جێگایەکی بە ژن ڕەوا نەدەدی بتوانن بێدەنگ نەبن و هاوار بۆ مافی خۆیان بکەن.

ئەو برە مافەی ئیمڕۆ هەیانە و ڕەنگە لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ حقووقی ئێمەی دیاسپۆڕادا لە ئاستێکی بەرز نەبێ، بەڵام بەرهەمی ڕەنج و تێکۆشانی خۆیان بووە، نەک یاساکانی کۆمەڵگا دابینی کردبن. لەناو ئەو ژنانەدا لایەنی جۆراوجۆری فیکری لەگۆڕێدان و بەپێی پلەی تێگەیشتوویی بنەماڵەکانیان دەکەونە بەر زەخت و زۆری جیاواز.

خۆسووتاندن بەردەوامە، گیرۆدە بوون بە مادە سڕکەرەکان ڕۆژ بە ڕۆژ پەرە دەستێنێ، تەوژم پتر لە پێشوو خۆدەنوێنێ، بەو حاڵەش ڕێژەی ژنانی خوازیاری ئاگاداری لە ئاڵوگۆڕەکانی سیاسی لە کۆمەڵگادا کەم نین. ئەوانەی کار دەکەن و بیری خەباتگێریان بۆ وەدەست هێنانی مافەکانیان لە میدانی بەکردەوەدا هاتۆتە گۆڕێ دەبێ بڵێیم گەلێکن. ئەگەر هەڵسەنگاندنێک لەو نێوەدا بەینی تێکۆشانی ئابووری ژنانی کوردی تاراوگە لەگەڵ ژنانی ناوەوەی وڵات بکەین، داخوا خەبات و بەرخۆدانی کامیان بەوەجترە و بۆچی؟

ڕاستە ئەو لە کۆمەڵگایەکدا دەژی کە مافی لەبەر بردنی منالی نییە، ناچار کراوە گوێلەمست بێ و تەمکین بکات، نابێ چێژ لە ژیانی هاوبەش بەرێ، بەڵام ئایا ئەو دیاردە ناحەزانە بوونەتە هۆکاری نەفامی ئەو؟ یاکوو ئێمە ژنانی تاراوگە خۆمان بە خاوەنی تەواو عەیاری خەباتی سیاسی ئەوان دەزانین کە ڕەنگە زۆر جار ئێمەمانا بابەتگەلێک بێنینە بەرباس بە هەزاران فەرسەخ دوور لە خواستەکانی ئەوان بێ. ڕەنگە لە نێوان ئەو تێکۆشانەی ئێمە ناوی خەباتی سیاسی لەسەر دادەنێین لەگەڵ ئەو ستراتێژیەی ژنی ناوەخۆی وڵات بەدوایدا دەگەڕێ، جیاوازی هەبێ و ئەوەی ئێمە دەیخوازین ڕەنگە خواستی ئەو نەبێ. ئێستا پرسیار ئەوەیە کە بۆ لێک تێگەیشتن چارە چییە، پێوەندی نێوان ئەو دوو لایەنە چۆن دادەمەزرێ، چۆن بزانین دروشمەکانی ئێمە بۆ ئەو کارسازە، ئایا بایخی عەمەلیان لە کۆمەڵگای ئەودا هەیە یاکوو دەبێ جارێکیتر لەسەر بنەمای فکری جامیعەکەی ئەو دووبارە بنووسرێنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٠ی مارسی ٢٠١١

# هەشتی مارس وەک سیمبولێک بۆ داخوازیەکانی ژنان



**کوێستان عومەرزادە**

لە مێژووی هەر میللەتێکدا هێندێک رۆژی مێژووی هەن کە دەبنە سیمبوڵ بۆ ئەو میللەتە یان دەبنە رۆژێکی جیهانی لە پێناویادکردنەوە و تازەکردنەوەی پلان و پرۆگرامەکانی خۆیان،هەروەها بۆ بەرزراگرتنی ئەوو رۆژانە بە جەژن و رێ و رەسمێکی تایبەت یادی دەکەنەوە. رۆژی هەشتی مارسیش رۆژێکی سیمبولیکە بۆ ژنانی جیهان بەگشتی، رۆژێکە بۆ لێ وردبوونەوە و خوێندنەوەیەکی درووست و زانستیانە لە خەباتی ژنان تا بتوانن ژنانی زوڵملێکراو ئازادیخواز لەو رۆژەدا بەپلانی باشترو بیر و بۆچوونێکی سەردەمیانەتر زیاتر لە مافەکانیان هۆشیار و نزیک ببنەوە. هەشتی مارس، واتا ئاوردانەوە لە مێژو پڕ لە فیداکاری و ئازایەتی ژنان لە گۆشەیەکی دوونیادا کە بۆ مەشخەڵ بۆ هەموو ژنانی جیهان، تا وەک سیمبوڵێک یادی بەرز راگرن لە پێناو بە دەستهێنانی مافەکانیان. ئایندەیەکی گەشتر هەمیشە چاورێی ئەو کەسانە دەکات کە لە پێناو بە دەستهێنانی مافەکانیان لە هیچ تەنگ و چەڵەمەیەک ناسڵمێنەوە و برەو بە خەباتی خۆیان دەدەن تا بتوانن بوونی خۆیان بیسەڵمێنین. ئازادی و بە دەستهێنانی مافەکانی هەر کەس و نەتەوەیەک بەندە بە هوشیار بوونەوەیان و هەوڵدانی بێ وچانیان .

ژنان دەبێت لە هەشتی مارسدا پەیمان نوێ کەنەوەو و بوونی خۆیان لە ناو خێزان و کۆمەڵگە بسەڵمێنن و تاکەکانی کۆمەڵگە هوشیار کەنەوە کە ژنیش وەک پیاو مافی ژیانی هەیە، هەروەها پیاوانیش دەبێت لەو پێناودا پشتگیری ژنان بکەن، چونکە گەشەکردنی هەر کۆمەڵگەیەک بەندە بە تێگەیشتنی ژن و پیاو لەیەکتر. لێرەدا دەتوانم بڵێم کە پیاو و ژن تەواوکەری یەکن ناکرێ هیچ کام یەکتر لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان یەکتر بچەوسێنەوە و مافی یەکتر زەوت کەن. پیاوان دەبێت لە بەرابەر کەسایەتی و ناسنامەی ژن هەڵوێستێکی ژیرانە بگرن تا مافەکانیان بە دەست بێنن و هوشیارانەش مامەڵە لە گەڵ ئەو دیاردانە بکەن کە دەبنە هۆی چەوساندنەوەی ژنان لە کۆمەڵگەدا.

**٨ی مارچ**

بە راشکاوی دەتوانم ئاماژە بەوە بکەم کە رێز گرتن و بایخدان بەو رۆژە (هەشتی مارس)، لە کولتوری کوردەواریدا تاکو ئێستا حەقی تەواوی خۆی پێنەدراوە، لە راستیدا، هەشتی مارس بە واتای ئەوە نیە کە تەنها جەژن بگیرێت، بەڵکو یادکردنەوەی هەشتی مارس دەبێت بە کۆر و کۆبونەوە سمینار سەبارەت بە مافەکانی ژنان و هوشیارکردنەوە تاکەکانی ناو کۆمەڵگە دوڵە مەند بکرێت، لەیادمان بێ ئەوە غەدرێکی مێژووییە کە سیستەمێکی داهێنا بە ناوی پیاو ساڵاری بە درێژای مێژوو پیاوی کردۆتە باڵا دەست و ژنیش کردۆتە پاشکۆ و پەراوێز لە کۆمەڵگە و بریارداندا، کەواتە ئەرکی سەرەکی لە سەر شانی ژنان خۆیانە کە دەبێت شێلگیرانەتر لە رابردوو رووبەرووی ئەو سیستەمە ببنەوە تاکو بتوانن مافە زەوتکراوەکانی خۆیان بە دەست بێننەوە، پیاوانیش دەبێت لەوە تێبگەن کە ئەو مافانە بگێرنەوە تاکو بە هەوڵی یەکتر کۆمەڵگە یەکی تەندروست و بێ کێشە بێنە دی کە هەر دوو مافەکانیان پارێزراو بیت. هەروەها، دەبێت لەو رۆژەدا ژنان جارێکی دیکە لە دلاقەی رامانەوە سەیری مێژووی مرۆڤایەتی بکەنەوە لەبەرابەر ئەو ستەمانەی کە بەسەریان هاتووە،

دەبێت لە سەردەمی ئێستادا کە سەردەمی تێکنۆلۆژی و زانیاریە خاوەن بیرو هەڵوێستی تازە و خۆیان بن بۆ بەرەوپێشەوە چوونی کۆمەڵگەیەکی یەکسان کە چیتر ژنان پەراوێز نەخرێن. لە هەشتی مارسدا، خەباتی ژنان دەبێت پەرەی پێبدرێت و رێزی لێنەرێت و رێگە لەبەرابەر توندو تیژیەکانی دژ بە ژنان بگیرێت، رۆژی هەشتی مارس پێمان دەڵێت تا چیتر ژنان وەک پاشکۆ و لەدەرەوەی بازنەی سیاسی و دەسەلات نەمێنەوە، با لە هەشتی مارسی ئەم ساڵەدا، ئێمە ژنانی تاراوگە نشین ببینە بە هاندەر بۆ هەموو ئەو ریکخراو پیاو و ژنانەی کە کاردەکەن بۆ ئازادی ژن و کەمپینێک رێک بخەین کە بتوانین ستەم و توندو تیژو سوکایەتی بە کەسایەتی ژن کەم و ریشەکێش بکەینەوە. دەبا هەشتی مارسی ئەمساڵ، جیاواز لەساڵانی رابردوو میتۆدی بیرکردنەوە و پرۆگرامەمان بگۆرین و هەنگاوەکانمان قایمتر و جددیتر بهاوێژین لە پێناو دەستەبەرکردنی مافەکانمان لە سەردەمێکدا کە تێکنۆلۆژیا و دەزگاکانی راگەیاندن دەوری سەرەکی دەگێرێن لە هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە ودیموکراتیزەکردنی. بەو هیوایەی لە ئایندێکی نزیکدا ژن و پیاو بگەنە ئەو ئاستە هوشیاریە کە رێز لە مافەکانی یەکتر بنێن و خێزان و کۆمەڵگەیەکی تازە بنیات بنێن.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٨ی مارچی ٢٠١١**

# خەباتی چینایەتی و ئازادی ژنان

**تێبینی**: (ئەوەی دەیخوێننەوە وەرگێڕدراوی پێشەکی کتێبی " خەباتی چینایەتی وئازادی ژنان" نووسراوەی "تونی کلێف"ە. "تونی کلێف" لەم کتێبەدا باس لە خەباتی ژنان لە وڵاتانی رووسیە، ئاڵمان، ئینگلیستان، فەڕانسە و ئامریکا لە ٥٠ساڵی رابردوودا، و رەخنە لە "بزووتنەوەی فێمینیستی" و بەشێک لە بۆچوونە چەواشەکاریەکان دەگرێت.)

**وەرگێڕانی: بێستون**




لە ماوەی سەد ساڵی رابردوودا دوو بزووتنەوەی جۆراوجۆر لە هەوڵ دابوون هەتا لە بزووتنەوەی ژنان بکۆڵنەوە: مارکسیزم و فیمینیزم. داخوازیی هەردووکیان خاشەبڕ کردنی نایەکسانی و بارودۆخی ژێر دەستەیی ژنان لە کۆمەڵگای ئەمڕۆیی و سەقامگیر کردنی هەل و مەرجێکی یەکسانی ژنان و پیاوان بووە. بەڵام ئەم دوو بزووتنەوەیە، ستەمی سەر ژنان بە دوو شێوەی تەواو جیاواز لە یەکتر ئەبینن و ئیستراتێژی جیاوازیان بۆ ئەم رزگار بوونە گرتۆتەبەر، کە بەتەواوی دژبەیەکن.

فیمینیزم دوو فاقەبوونی سەرەکی لە جیهاندا، بە لەتبوونی نێوان ژن و پیاو دەبینێ و هۆکاری ستەم لەسەر ژنان، پێداگری پیاوان لەسەر درێژەی دەسەڵات و کۆنترۆڵی ژنان دەزانێ، مێژوو، بەسەرهاتی پێکهاتەی پیاوەمەزنانەی نەگۆڕە کە پیاوان لە رێگای ئەوانەوە ژنان دەکێشنە ژێر رکێفی خۆیانەوە. تەنیا رێگای ژێروژوورکردنی ئەم پێکهاتانە لە لایەن ژنانەوە لە هەر چینێکی کۆمەڵایەتی بن، یەکگرتوویی لە دژی پیاوان لە هەر چینێکی کۆمەڵایەتی بێ، دایە.

بەڵام بۆ مارکسیزم، چارەسەری بنەڕەتی لە کۆمەڵگا، ئانتاگونیسمی چینایەتیە و نەک دژایەتی نێوان رەگەزەکان. هەزاران ساڵە کە کەمایەتیەک لە ژنان و پیاوانی کرێکار پێکەوە هاوکاریان کردووە. خەباتی چینایەتی نێوان چەوسێنەران و چەوساوەکان بەدەر لە

سەرچاوە
Serchawe

ڕەگەزەکەیان، هێزی پاڵنەری ئاڵ و گۆڕە مێژووییەکان بووە. ستەمی سەرژنان تەنیا لە نێو جەرگە و پێکهاتەی بەرینتری چەوساندنەوەی چینایەتیدا، بۆ لێتێگەیشتن دەبێ.

بەمجۆرە ڕوون دەبێتەوە کە هیچ سات و سەودایەک لە نێوان ئەم دوو بۆ چوونەدا لە ئارادابێ، هەرچەند لە چەند ساڵی ڕابردوودا ژمارەیەک لە "فێمینیستە سوسیالیستەکان" هەوڵیان داوە کە بە جۆرێک پردێک لە نێوان ئەم دوو ڕەهەندەدا دروست بکەن. لە سەردەمی بیرمەندانی گەورەی سوسیالیزمی خەیاڵی سەرەتای سەدەی ١٩ واتە سێن سیمۆن، فوریە و ڕابێرت ئوون، سوسیالیستەکان ڕزگاری یەکجارەکی

ڕەگەزی مرۆڤایەتیان بە ئامانجی خۆیان داناوە. واتە لەنێو بردنی ستەمی چینایەتی و ستەمی ڕەگەزی و هەر شێوازێکیتر لە ستەم. مارکس و ئێنگڵس بە بەرین کردنەوەی چەمکی ماددی مێژوو، توانیان ڕوونی بکەنەوە کە تەنیا خەباتی چینایەتیە کە دەتوانێ سوسیالیزم و ڕزگاری ژنانی لێبکەوێتەوە. چەوساندنەوەیەک کە کرێکارانی پیاو و ژن بە یەکەوە لە جەریانی کاردا تەجرەبەی دەکەن، ئەوان بەرەو ڕێکخستنی هەمە لایەنە لە دژی سەرمایەداری ڕێنوێنی بکات. خەباتی چینایەتی کرێکاری یەکگرتوویە کە ستەم و چەساندنەوە ژێرووژوور دەکات.

## یەکەم: تێگەیشتنی ئەم بزووتنەوەیە لە نوێنگەی ژنانەوە لە مێژوودا

بزووتنەوەی ژنان بە دروستی گلەیی دەکات کە "ژنان" لە ڕوانگەی مێژووییەوە پشت گوێ خراون، بەڵام ئەم پشت گوێ خستنەیان لەپەیوەند لەگەڵ ناوەڕۆکی چینایەتی بە شێوەی نووسین و پەروەردەی مێژوویی لە کۆمەڵگای ئێمەدا نابینن. چونکە ڕوانین بۆ مێژوو تەنیا بۆ کردەوەی دەسەڵاتدارانی وەک پاشاکان، ژنێراڵەکان، وەزیرە پایەبەرزەکان، پاپەکان، خاوەن بانکەکان، کارخانەکان، هونەرمەندانی گەورە،بیرمەندان و فەیلەسووفەکان دەڕوانێ. سەرجەمی ئەوانەش بێجگە لە چەند پاشا، ئیمپراتۆر و ژاندارک هەموویان پیاون. بەمجۆرە مێژووش هەروەک بەسەرهاتی پیاوان نووسراوەتەوە. بەڵام تەنیا چەند کەسایەتیەک شانازی ئاوڕدانەوە لە مێژوویان پێ براوە. کەوابوو ئەم ڕەخنەیە کە ژنان لە مێژوو جیاکراونەتەوە، بەبێ سەرنجدان بەوەیکە سەرجەم پیاوانیش بە کردەوە تووشی ئەم چارەنووسە بوون، لە بنەڕەتدا بە مانای قەبووڵ کردنی ئوسولی نوخبەگەرایانەی مێژووی فەرمیە. تەنیا مارکسیستەکانن نەیاری لێبڕاوی دژبەم بیرە جێکەوتووەن کە بە ئاشکرا ڕایانگەیاندووە کە "مێژووی کۆمەڵگا بریتیە لە خەباتی چینایەتی" و بەمجۆرەیە کە چینی چەوساوە وهەروەها چینی ژێردەستە - ژنان و پیاوان - جێگەی باسی مێژوون.

هەڵبەت مێژوونووسانی بورژوازی، جەماوەری خەڵک وەک بوونەوەرێکی پاسیڤی مێژوو کە تەنیا لە ژێر کاریگەری کردەوەی چینە دەسەڵاتدارەکانن، دەناسێنن. بە پێی ئەم بۆچوون و تێگەیشتنەیە کە بزووتنەوەی ژنان، ژنان وەک کارتێکراوانی مێژوو واتە "قوربانیانی" ستەمی پیاوان دەبینێ. فێمینیستەکان باس لەوە دەکەن کە ئەوەی کۆمەڵگا و یان تاک بەسەر ژنانی داسەپاندووە. لەم بۆچوونەدا ژنان پاسیڤ و یان لانی زۆر لە دژکردەوە لە ئاست گوشارەکانی پیاواندا خۆیان دەردەخەن. گەورەترین پارێزەری چەمکی "قوربانی بوونی" پێگەی ژن لە مێژووی چەند ساڵی ڕابردوودا "سیمین دۆبوار" بووە. لە ڕوانگەی ئەووە ژنان هەمیشە بێ ئیرادە و نمونەگەلێکی تایبەتی وەک ژنانی گەورەی مێژوو لە چەشنی ژاندارک و ئەلیزابێتی یەکەمن، کە مەزنایەتی خۆیان بە وەدەست هێنانی ڕەوشتێکی پیاوانەوە

بەدەست هێناوە.

یەکێکیتر لە روانگەکانی پەیوەندیدار بە "قوربانی بوونی" ژنان ئەوەیە کە ئەوان بە درێژایی مێژوو ئاڵ و گۆڕیان بەسەردا نەهاتووە و لەوە ئەچێ بۆ هەمیشە رەنگدانەوەی تایبەتمەندی ژنانە بوون، هەتا شتێکیتر. ئەو بایەخانەی کە لە لایەن بزووتنەوەی ژنانەوە پارێزگاری لێدەکرێ، بێگومان لە بەرانبەرکێی بایەخی ستەمکاران واتە ئەوەی کە "پیاوان بەڕێوەی دەبەن" قەرار دەگرێ. پیاوان نوێنگەی "هیرارشی"، پیاو مەزنی و دەسەڵاتن و ژنانیش نوێنگەی خوشکایەتی، هاوپشتی و یەکێتی کۆمەڵایەتین. لە روانگەی ئەوانەوە،

حیزبە سیاسیەکان و یەکێتیە کرێکاریەکان هەروەک "پێکهاتەیەکی پیاوانە" و رێکخراوگەلێک بە مۆدێلی پیاوانە دەناسرێن. سەرپێچی کارانی بنەمای فێمینیستی لە نێو خۆیاندا بە سیفەتی "وەک پیاوانەوە" پاداشت دەکەن.

بە پێناسەیەکی ئەوتۆیە کە دەبینین بزووتنەوەی ژنان هەر ئەو بایەخ و ئیستانداردانە وێنا دەکات کە زۆربەی پیاوانی کۆنەپەرەست لە مێژوودا لە سەقامگیر کردنیدا هەوڵیان بۆ داوە. دووژمنکارانەترین کردەوە بەرانبەر بە ژنان ئەو کەسانە ئەنجامی دەدەن کە بەردەوام پشت بە ناوەرۆکی هەمیشەیی و نەگۆڕی ئەوان دەبەستن: ژیانی هەمیشەیی وەک بیانوویەک بۆ پاکانەی شێوازی جۆراوجۆری ئاستەنگ و بەربەستی کۆمەڵایەتی و یاسایی بەرانبەر بە ژنان کەڵکی لێوەردەگیرا. ئەم بۆچوونە کە لە بنەڕەتدا سەرجەم ژنان وەک یەک پێناسە دەکات،زۆرلایەن لە بزووتنەوەی ژنان بەرەو ئەو شوێنە پەلکێش دەکات کە بە کردەوە پیاوانیش وەک یەک ببینێ. بۆ وێنە یەکێک لە گرینگترین کتێبەکانی بزووتنەوەی رزگاری ژنان واتە "سیاسەتی رەگەزی" نووسراوەی "کیت ملیت" لەبەرچاو بگرن کە لەو کتێبەدا سەرجەم پیاوان وەک پیاوەمەزنانێکی دڵرەق بە هەستێکی سووکایەتی پێکردنەوە و بە لەخۆبایی بوونەوە باس لە ستەمی سەر ژنان دەکات. کاتێک کە سەیری کۆیلەتی پیاوان لە رابردوو و یان ئەو کرێکارانەی کە لەسەر کار دەرکراون و وەتەنگ هاتووی ئێستا دەکەی، هەڵە بوونی ئەم ئیدیعایە باشتر هەست پێدەکەی.

تێڕوانینی سوننەتی بۆ مەسەلەی ژنان بە تێگەیشتنی نەگۆڕ و دەروونی بۆ ژنان، هێمای کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکان، سەرچاوە گرتوو لەو هێزانە نازانێ، کە لە نێو ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژین، هەڵس و کەوت دەکەن. بەڵکو سەرچاوە گرتوو لە سروشتی خودی ژنانەوەی پێناسە دەکات و ئەم بۆچوونە رەنگە بە شێوەیەکی هەڵە بەڵام بە شێوەیەکی بەربڵاو لە نێو بزووتنەوەی ژناندا قەبووڵ کرابێ. توندڕەوترین باڵی بزووتنەوەی رزگاری ژنان واتە "radical lesbians" بە ئاشکرا کردنی پەیوەندی ژن لەگەڵ ژن وەک بەیانیەیەکی سیاسی تەنیا کارێک کە ئەیکات چەواشە کردنی پێناسەی سوننەتی لە ژنان بە زیانی پەیوەندیان لەگەڵ پیاوانە.

هەوڵ دەدەین هەتا لەم کتێبەدا روونی بکەینەوە کە هیچ ریزبەستێکی رێک و پێک وەک گرووپی ژنان لەگەڵ گرووپی پیاوان بێجگە لە لایەنی بیولوژیکیەوە نەبێ، لە ئارادا نیە. رەهەندی نێوان کۆیلە و کۆیلەدار، خان و رەعیەت، چەمکی "پیاوان"ی بە هەمان رادە بێ مانا کردووە کە رەهەندەکانی نێوان ژنی کۆیلەدار و کۆیلەی ژن، چەمکی "ژنانی" بێ مانا کردووە.

بزووتنەوەی ژنان بە هۆی بۆچوونێک کە بەسەریدا زاڵە بە کەڵک وەرگرتن لە دەستەواژەی "ژنان" و "ستەمی سەر ژنان" ئاوێتەی رێڕەوێکی

گوماناوی، بێ متمانەیی و دژی مێژوویی دەبن.

بۆ ژنانی کۆیلە، ستەم بە مانای توندوتیژیی جەستەیی، چەوسانەوەی رەگەزی و جیاکردنەوەی زۆرە ملی لە منال و بۆ ئەویندارى لەش پەروەر و خۆش نشینی کۆچبەری ئوروپایی بە مانای بەرتەسک کردنەوەی کۆمەلایەتی و یاسایی و سەرکوتی ئارەزووە رەگەزییەکان بووە. بۆ ژنانی چینی کرێکار، شۆرشی پیشەیی چەوساندنەوەی بێبەزەییانەی سەرمایەداری و هەروەها ترس لە منالداری لە هەل و مەرجی دژواری کار لەم کۆمەلگایەدا پێناسە دەکات. (مردنی بەشێکی بەرینی منالان هەر لە سەردەمی کۆرپەییدا). بۆ ژنی سەرمایەدار بەلام ژیانی زالمانە و لەش پەروەرانە. وێنا کردنی سەرجەم ژنان لە ریزبەستنێکدا بە مانای هەلاواردن و دەرهاویشتنی هەل و مەرجی مێژوویی تایبەتی و لەبەرچاو نەگرتنی رۆلی ژنانی خاوەن سەروەت لە بە کۆیلە کردن و چەوساندنەوەی پیاوان و ژنانی کرێکارە.

لە نێو بزووتنەوەی ژناندا زۆر جێکەوتووە کە بارودۆخی ژنان وەک بارودۆخی کۆیلەکان، کەمایەتی رەگەزی ژێرستەم و لە بواری ئابووریەوە گروپی سەرکوت کراوی خەلک بە یەک روانگە ببینن. بەلام خالی هاوبەشی نێوان ئەم بەشانە زۆر کەمە. ژنان تاقمێکی جیاکراوە نین. ئەوان بەشێکی بەرینی کۆمەلگان، ئەگەر ژنان چەوساوەن. پەیوەندی ژنان لەگەل پیاوان لە بنەمالەدا لە بنەرەتدا لەگەل پەیوەندی کرێکار و سەرمایەدار، یان نێوان رەش پێست و سپی پێست جیاوازە. پەیوەندی قول و دژواری ئابووری، رەگەزی و دەروونناسی، ژنانی ناچار بە هاوکاری کردن لە بنەمالەدا کردووە. رەش پێستەکان بە جیاواز لە ناوچەی سپی پێستەکان رادەگیرێن. سۆزی نێوان ژنان و هاوسەرەکانیان و خۆشەویستی نێوان دایک و کوڕ پەیوەندی زال و فەرمانبەرانە تێکدەشکێنێ. رەش پێستەکان لە رەگەزپەرەستانی سپی پێست تورەن، بەلام ژنان تەنانەت لە هەل و مەرجی نایەکسانیشدا دەکەونە بەر خۆشەویستی پیاوانەوە.

ژنان بە بەشێک لە کۆمەلگایەک کە تێیدا دەژین دەژمێردرێن و بەمجۆرە ناکرێ بارودۆخی ئەوان بە جیا هەلبسەنگێندرێ. ناوەرۆکی سەرەکی ئەم کتێبە لێکدانەوەی چۆنیەتی پەیوندی چەمکی ستەمی سەر ژنان بە چەوساندنەوەی چینایەتیەوەیە. زۆربەی لایەنگرانی بزووتنەوەی ژنان کاتێک کە باس لە ستەمی هەنووکەیی سەر ژنان دەکەن، وەک بەرهەمی "پیاو مەزنی" باس لە ئاکامی ئەو ستەمە دەکەن. و بەمجۆرە ژێردەستەیی و زالبوون وەک هۆکارێک لە دەرەوەی مێژوو وێنا دەکەن کە بە جیا لە کۆمەلگەی چینایەتی، یان سەرمایەداری بوونی خۆی دەردەخات.

لە ئاست ئەم بۆچوونەدا "ئاماژە بە "سەرچاوەی بنەمالە، خاوەنداریتی تایبەتی و دەولەت"ی فرێدریک ئێنگێلس وەک بنەمایەکی تێئۆریک دەکەین. ئێنگێلس بەمجۆرە بەلگە دێنێتەوە کە سەرهەلدانی خاوەنداریتی تایبەتی و دابەش بوونی کۆمەلگە بە چینەکان بوو، کە کۆت و بەندی ژنانی لێکەوتەوە. لە کۆمەلگەی سەرمایەداریدا، بەرهەمی پێویستیە سەرەتاییەکانی ژیان، بەرهەمێکی کۆمەلایەتیە، دەبینین کە ئێستاش نۆژەنکردنەوەی ئەو _ واتە پەروەردە کردنی منال _ کردەوەیەکی تایبەتیە کە بەردەوام لە چوارچێوەی مالدا دێتە ئاراوە. ستەمی سەر ژنان لە بەرانبەرکێ و ناکۆکی نێوان ئەم دوو رەهەندەوە سەرچاوە دەگرێ. بەمجۆرە خەبات بۆ رزگاری ژنان ناتوانێ لە خەبات دژی سەرمایەداری جیابێ. بوونی ستەم خۆی لەخۆیدا خەبات بۆ رزگاری لێناکەوێتەوە. ستەمی سەر ژنان بە هەلاواردنیان و دەستبەسەرکردنیان لە چوارچێوەی بنەمالەدا بە گشتی، لاوازی و کۆیلەتی ئەوانی لێدەکەوێتەوە. تەنیا لەم شوێنە کە ژنانی کرێکار هێزی یەکگرتوویان هەبێ دەتوانێ متمانە بە خۆیان پێبدا بۆ خەبات لە دژی چەوساندنەوە و توانا و هێزی خەبات لە دژی ستەمێک کە بەسەریان داسەپاوە وەک ژن

پەیدای دەکەن. لایەکیتری مەسەلەکە ئەوەیە کە کرێکارانی ژن وەک لایەنەکانی دیکەی ستەم لێکراو، لە سەردەمی قەیرانی کۆمەڵایەتی لە زۆر بواردا شۆڕشگێڕانی خۆڕسکی ئەم بوارە لە پیاوان بە تواناترن. خەباتی کرێکاران لە دژی چەوسانەوە، کلیلی خەباتی سەرکەوتوانەی ئەوانە لە دژی هەر جۆرە ستەمێک. بەمجۆرە یەکەم هەنگاوی ژنانی چینی کرێکار بۆ هاتنە نێو گۆڕەپانی خەبات لە پێناو رزگار بوونیان، هاتنەدەر لە گۆشەی ماڵ وپێ نانە نێو گۆڕەپانی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنانە. بەڵام ئەم کارە بە مانای "رزگار بوون لە رێگای کارو پیشەوە نیە". ئێنگڵس لە کتێبی "بارودۆخی چینی کرێکار لە ئینگلیستان" بە وردەکاریەکی زۆرەوە شیدەکاتەوە کە چۆن ژیانی چینی کرێکار بە پەلکێش کردنی ژنان بۆ سەر کار لە کارخانەکان ئاستێکی دڕندانە و نامرۆڤانە بەخۆیەوە دەگرێ. لە روانگەی کۆمەڵناسان، ئابووری زانان و مێژوونووسانی سەرمایەداریەوە، چەوساندنەوە تەنیا چەوسانەوەیە، بەڵام لە روانگەی مارکسیستەکانەوە چەوسانەوە تەوەرەی خەباتی چینایەتی و سەکۆی دەربازبوونی رزگاری مرۆڤەکانە. ئەو توندوتیژی و وەحشیگەرییەی کە ئینگڵس باسی دەکا، خەباتی هاوبەشی ژنان و پیاوانی لە پێناو ئاڵ و گۆڕی کۆمەڵایەتی لەبەرژوەندی چینی کرێکاری لێدەکەوێتەوە، کە ئێمە هەوڵ دەدەین لەم کتێبەدا ئەوە شیبکەینەوە. لەم کتێبەدا پێداگری ئێمە لەسەر ژنانی چینی کرێکار وەک کارتێکراوانی مێژوو و دروستکردنی ئەم مێژووە دێتە ئاراوە. مێژووی خەباتی ژنانی کرێکار بە جۆرێک دەوڵەمەند و بەرینە کە بۆ من زۆر دژوار بوو بتوانم چەند بەشێک لەم گۆڤارەدا بگونجێنم. لە ئاکامدا ناچار بووم تەنیا پوختەی ئەم خەباتە هەڵبژێرم. لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کە مێژووی ژنانیش لەخۆ دەگرێ، شۆڕشەکان ئەم پوختەیەن و هەر بۆیە ئاماژەم بە رۆڵی ژنان لە چوار شۆڕشدا کردووە.

بە شۆڕشی سەدەی ١٧ی ئینگلیستانەوە دەستم پێکردووە کە بۆ یەکەمجار بیرۆکەی رزگاری ژنان و جۆرێک لە ئەخلاقیاتی رەگەزی نوێ پشکوتن. شۆڕشی فەڕانسە لە سەدەی ١٨ و کۆمۆنی پاریس لە سەدەی ١٩١٩، خەباتی لێبڕاوانەی ژنانی کرێکار ئاشکرا دەکات.

لە کۆتایی دا ئاماژە بە مێژووی شۆڕشی ١٩١٧ دەکەین کە لە راستیدا دەکرێ بڵێین لەوە بەدواوە بوو کە یەکەم ساتەکانی رزگاری ژنان دەست پێدەکا. یەکەم هەڵێک کە یەکسانی تەواوی ئابووری، سیاسی و رەگەزی ژنان دەخرێتە دەستووری کاری مێژووە. سەرەتای نوێی سیاسی، ئابووری و بنەماڵەیی دەست پێدەکا کە ئامانجیان ژێروژوور کردنی یەکجارەکی نایەکسانی چەندسەد ساڵە بووە. دەوڵەتی نوێ مافی دەنگدانی بۆ ژنان بە رەسمی ناسی، یاسای تەڵاق و مافە مەدەنیەکانی پەسند کرد کە بە گوێرەی ئەوان ئیزدواج پەیوەندیکی داخوازانە بوو و جیاوازی لە نێوان منداڵی "مەشروع و نامەشروعی" هەڵوەشاندەوە.

بەڵام بە سەرنجدان بە ناکامی شۆڕش بۆ پەرەگرتن لە وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری و گرینگتر لەوەش لە ئاڵمان، شۆڕشی تەریک کەوتووی رووسیە لە رەوتی سەرەکی خۆی لایدا و لە سەردەمی ئیستالین، دژە شۆڕش سەقامگیر بوو. هەموو شتێک کەوتە ژێر کاریگەریی بنەمایی سەنعەت. هەر بۆیە رژیم رێک سەرنجی نەدا بەو بەشانەی کە دیانتوانی لە ئازاری ژنانی کرێکار کەم بکاتەوە. رژیم، لەسەردەمی ئیستالیندا بە مانای توێژبەندی توندی کۆمەڵایەتی بوو. کاربەدەستانی رژیم پێکهاتەی بنەماڵەیان هەر وەک پاوانخوازان بۆ کۆمەڵگا بە قازانج دەزانی.

مێژووی هەوڵدانی رێکخستنی ژنانی کرێکار لە رێکخراوە سوسیالیستیەکانی وەک مێژووی گشتی بزووتنەوەی چینی کرێکار، بەسەرهاتی دوور و درێژی هەوراز و نشێوەکانە. سەربردەی دژوار و شکستە دڵتەزێنەکان. سەرەڕای ئەوەش خەبات درێژەی هەیە، تەنانەت ئەگەر قەرار بێ

هەموو شتێک لەسەرەتاوە دەست پێ بکات.

لە خەباتی رزگاریدەرانەدا - رزگاری ژنان و پیاوان- رۆڵی سەرەکی دەبێ حیزبی شۆڕشگێڕی کرێکاران لە ئەستۆی بگرێ. ئەرکی ئەم حیزبە ئەوەیە کە رێبەرایەتی خەباتی چینایەتی بەدەستەوە بگرێ و بە خەبات لە دژی بیروباوەڕی زاڵی بورژوایی هەوڵ بدات بەسەر کەند و کۆسپەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی چینی کرێکار - هەروەها نێوان ژنان و پیاوان- زاڵ بێت و سەرەنجام لە ئاڵ و گۆڕی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵایەتیدا ئەم چینە رێبەرایەتی بکات. مێژوو بە شێوەیەکی بێ بەزەییانە دەری دەخات کە هەتا چەندە دامەزراندنی حیزبی جەماوەری سوسیالیستی ئەرکێکی تاقەت پڕوکێن و دژوار بووە و ئەو گیروگرفتانەیە کە لەسەر هەوڵەکانی پەیوەندیدار بە سەرکەوتنی ژنانی کرێکارەوە کاریگەری دادەنێ. پێنج بەش لەم کتێبە تەرخان کراوە بۆ سەرکەوتن و شکستەکانی رێکخستنی ژنانی کرێکار لە نێو بزووتنەوەی سوسیالیستیی ساڵەکانی ١٨٦٠ و ١٩٢٠ لە وڵاتانی ئامریکا، ئاڵمان، رووسیە، فەرانسە و ئینگلیستان. گەشەی ئەم بزووتنەوە جۆراوجۆرانە، جیاوازی زۆریان پێکەوە هەبووە. یەکەم جیاوازی بۆ جیاوازی گەشەی ئابووری لەم وڵاتانە هەڵدەگەڕێتەوە. پەیوەندی بارودۆخی ژنان لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان لە ئارا دابووە و هەروەها ئەم بیروباوەڕانەی کە لە لایەن ژنانی سوسیالیستەوە لەم وڵاتانە پەرەی پێدەدرا و لەم بیرۆکانەدا نوێنگەی سیاسی و رێکخراوەیی بزووتنەوەی ژنانی سوسیالیست گەشەی دەکرد، زۆر هەستیار و ناسک بوو. هەر بۆیە بزووتنەوەی ژنانی کرێکار لە وڵاتانی جۆراوجۆر جیاوازی زۆریان بەیەکەوە هەبووە و ئەم جیاوازیانەش لە جیاوازی نێوان چینی کرێکار لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان و هەروەها لە جیاوازی گەشەی ئابووری لە وڵاتەکاندا زۆر زیاترە.

بەڵام پاش ساڵەکانی ١٩٢٠، مەسەلەی رزگاری ژنان بە هەڵکردنی گێژاوی ترسناکی قەیرانی گەورەی ئابووری، نازیسم، ئیستالینیسم و سەرهەڵدانی دووبارەی سۆسیال دێمۆکراسیی راستگەرا کەوتە پەراوێزەو لەبیرکرا. تەنیا نیوسەدە دواتر بوو کە بزووتنەوەی نوێی ژنان لە ساڵەکانی قەیرانی قوڵی سەرمایەداری جیهانی لە کۆتایی دەیەی ٦٠ و سەرەتای دەیەی ٧٠ سەرلەنوێ سەری هەڵدایەوە. لە بەشەکانی کۆتایی کتێبەکەدا چاوێک دەگێڕین بەسەر بزووتنەوەی رزگاری ژنان لە ئامریکا و بریتانیا. پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و شێوەی کارکردی ئەوان هەڵدەسەنگێنین. نیشان دەدەین کە چۆن ئەم بزووتنەوانە سەرنجیان داوەتە قەڵەمڕەوێک کە ژنان و پیاوان لە یەکتر نامۆن، -دەست درێژی جینسی، لێدانی ژنان، و حەقدەست بۆ کاری نێوماڵ - و سەرنجیان نەداوە بە خەباتێکی گرینگ کە ژنان بۆ وەدەست هێنانی پشتیوانی پیاوان، سەرکەوتنی گەورەتر بەدەست دێنن بۆ وێنە مانگرتن، دژایەتی لەگەڵ کەمکردنەوەی هەزینەکانی ئاسایش، حەقدەستی وەک یەک و یەکێتی کرێکاری. بزووتنەوەکانی ئەم سەردەمەش، ژنان بە قوربانیانی زاڵ بوونی پیاوەمەزنی وێنا دەکات و نەک وەک ئەندامی خەباتگێڕی چینی کرێکار. بە جێگای وردبوونەوە لەو شوێنانەی کە ژنان بەهێزترن - لە چەشنی یەکێتیەکان و شوێنەکانی کار- زۆرتر سەرنجیان داوەتە ئەو لایەنەی کە تێیدا لاوازترن. هەر بۆیە بزووتنەوەکانی ژنان کەوتوتە پەراوێزەوە و لە بەرەبەری لێکترازان و هەڵوەشان دابووە، هەر چەند کە بیرو باوەڕەکەیان هەنووکەش لە ئاستێکی بەریندا کاریگەری هەیە.

لەم بزووتنەوانەدا وردەبورژوازی نوێ، مۆری چۆنیەتی و تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی خۆی لە چەمکی ستەم و رزگاری ژنان داوە. هەم ژنان و هەم پیاوانی ئەم چینە بەدەست جۆرێک لەخۆنامۆ بوونەوە ئازار دەکێشن - و ژنان زیاتر بەدەست ئەم لەخۆنامۆ بوونەوە دەناڵێنن چونکە بەردەوام لە بەرز و نزم بوونەوەی پیشەکاندا زوڵمیان لێدەکرێ و تووشی هەڵاواردن دەبن- شۆڕشی ئەم چینە ناونجیە ئەوندە گرینگ بوو کە مارکس وەک "سوسیالیزمی وردە بورژوایی" پێناسەی دەکات. ئەوان نایەکسانی و شەڕاشۆییەکانی نیزامی سەرمایەداری لەقاو دەدەن،

بەڵام هەروا تاک پەرستن و توانای ئاوێتە بوون لەگەڵ چینی کرێکاریان نیە، کە چینی کرێکار تاکە چینێکە دەتوانێ کۆتایی بە سەرچاوەی ئەم نایەکسانیانە بێنێ.

لە کۆتاییدا ئاورێک لە ستەمی سەرژنان لە کۆمەڵگای ئێستادا و هەروەها بنەماڵە و پێشینەی مێژووی کە بنەماڵەی چینی کرێکاری شکڵ پێدا، دەدەینەوە. بۆچی بنەماڵەی چینی کرێکار کە لەسەردەمی سەرەتای گەشەی سەرمایەداری ئەوەندە "هاوچەشن" نەبوو، توانی بمێنێتەوە؟ چۆن و بۆچی ژنان و پیاوانی کرێکار لە پێناو بەرگری لە بنەماڵە خەباتیان کرد و ژنان دەبێ چ نرخێک بۆ سەرکەوتنە دیاریکراوەکانی خۆیان لە توندوتیژی سەرمایەداری بدەن؟ ئەمڕۆکانە بنەماڵە رۆڵی پشتیوانی هەیە یان ستەمکارانە و یان هەر دووکیان؟ رۆڵی ئەو وەک کانوونی لەخۆنامۆ بوونی ژنان چیە؟ ئایا بنەماڵە دەتوانێ خەڵوەتگایەکی هێمن بۆ ئەوین و جوانیەکانی دەروون لە کۆمەڵگایەکدا بێ کە سەرجەم پەیوەندی تاکەکان چەواشە کراوە؟ چین، چۆن لەسەر بنەماڵە کاریگەری دەبێ؟ بە کام شێوە بنەماڵەکانی چینی کرێکار لەگەڵ بنەماڵەکانی چینی نێوەراست، جیاواز دەبن؟

بەشی کۆتایی باس لە پەیوەندی نێوان چەوساندنەوەی ژنانی کرێکار و ستەمی سەر ئەوان وەک ژن دەکات. بە شێوەی گشتی ستەم لە کۆمەڵگادا و بە تایبەت لە بنەماڵە، چ کاریگەریەکی لەسەر ژنان دەبێ؟ پەیوەندی نێوان خەباتی چینایەتی لە دژی چەوسانەوە و سەرمایەداری لە لایەک و خەبات لە دژی ستەمی سەر ژنان چیە؟ ئەو رێکخراوانەی کە بۆ رێبەرایەتی کردنی ئەم دوو خەباتە پێوستن کامانەن؟ ئێمە هەوڵ دەدەین کە پێگەی چەمکی مارکسیستیی پەیوەندی چەوسانەوە، ستەم و رزگاری لە نێو جەرگەی مێژوودا روون بکەینەوە. ئێمە لەسەر ئەو بڕوایەین کە رزگاری ژنان ناتوانێ بە بێ سەرکەوتنی سوسیالیزم وەدەست بێت و سوسیالیزمیش بە بێ رزگاری ژنان مسۆگەر نیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - رێکەوتی: ٩ی مارسی ٢٠١٢

---

# رووداوە گرنگەکان لەمێژووی خەباتی ژنان و دەرکەوتنی ٨ مارس



شلان یاسین

(خویندنەوەیەکی شیکارییە بۆ مێژووی هەشتی مارس و پەلکێش کردنی بۆ وولاتان)

بیرمەندێکی فەرەنسی دەڵێت: من شارستانیەت نابینم بەبێ ئافرەت . یان ئەوەی کە دەیڵێن ئافرەت کارگەی شارستانیەت و رۆشنبیرییە.لە یۆنانی کۆن(لیسستراتا) هەڵسا بە قەدەغەکردنی سێکسی ئافرەت لەگەڵ پیاو ئەمەش وەکو مانگرتنێک لە پێناو راگرتنی شەڕ. کە ئەوەش خۆی لە خۆیدا جۆرێک لە ئاشتیخوازی ژنان دەسەلمێنێت.ئەگەر چاوێک بە مێژوودا بخشێنینەوە دەبینین چیرۆکی هەشتی مارس مێژووی تێکۆشانی ئافرەتمان نیشاندەدات. لەپێناوی هێنانەدی و ئاشتی و یەکسانی و دادپەروەری و گەشە سەندن و برەودان. ئەمەش بۆ بەشداریکردنی ئافرەتان لە پێکهێنانی کۆمەڵگەدا.ئەگەر لە رووی مێژووییەوە لە وولاتان و سەرهەڵدانی خەباتی ئافرەتان و پێلکێشکردنی بنۆڕین دەبینین کەوا کۆمەڵێک رووداو هەیە کە ئافرەتانی هەر دەوڵەتێک خەباتیان بۆ کردووە و بۆ ئەوە دەتوانین بڵێین شۆڕشێک بووە . ئەوەتا ئافرەتانی فەڕەنسی لەماوەی شۆڕشی فەڕەنسی لە پاریس رێپێوانیان لە پێناو (سەربەستی ویەکسانی) تا بەردەم کۆشکی فرسای ئەنجام دا. بەمەش بیرۆکەی تەرخانکردنی رۆژێک بۆ ئافرەتان لە جیهان دانرا، چونکە جیهانی پیشەسازی بەرفراوان بوو خەڵک زۆر بوو ئایدۆلۆجیای رادیکاڵی جیاوازی دروست بوو.

ویلایەتە یەکگرتووەکان:لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش بنج و بنەوانی ئەو رۆژە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١٩ نۆزدەهەم. ئەو دەمەی بزوتنەوە کرێکاری و جەماوەرییەکان لە دژی چەوساندنەوەی مرۆڤ بە دروشمی(نان بۆ منداڵەکانمان) سەریانهەڵدا و گەشەیان سەند.

ئامانجی ئەو بزوتنەوانەش تەنها باشکردنی بژێوی ژیانی کرێکاران نەبوو بەڵکو گۆڕینی رەوشی ئافرەتان و پیاوانی ئەم چینە بۆ هێزێکی سیاسی و هەوڵدان بۆ دانپێدانان بە مافی دەنگدانیان مەبەستی سەرەکی ئەوان بوو، یەکەم خۆنیشاندانی ئافرەتە کرێکارەکانیش لە ساڵی

(١٨٥٧) لە شاری نیویۆرک سازکرا، کە بەسەدان ئافرەتی کرێکار لە کارگەی چنین ئەو شارە رژانە سەر شەقامەکان بۆ نارەزایی دەربرین لە دژی بارودۆخی ژیان و کارکردنی رۆژانەیان کە ماوەی دوانزە کاتژمێر بێ پچران کاریان دەکرد، لەگەڵ ئەوەی هێزەکانی پۆلیس بە شێوەیەکی درندانە بەرپەرچی خۆنیشاندەرانیان دایەوە کەچی ئەو رادەربرینەی ئافرەتان رۆڵێکی کاریگەری بینی لە خستنە رووی کێشەکانی ئافرەتان بە گشتی و ئافرەتە کرێکارەکان بە تایبەتی ئەوە بوو دوای دوو ساڵ یەکەم سەندیکای تایبەت بەبەرگری کردن لە مافەکانی ئافرەتانی کرێکاری کارگەی چنین دامەزرا. دوای پەنجا ساڵ لە سازکردنی ئەو خۆپیشاندانانە و لە بەهاری ساڵی ١٩٠٨ نزیکەی پازدە هەزار ئافرەتی کرێکار لە شاری نیویۆرک لە خۆپیشاندانێکی بەرفراواندا داوای کەمکردنەوەی کاتەکانی کارکردنی رۆژانە و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی رۆژانە و کارپێنەکردنی منداڵان و پێدانی مافی دەنگدان بە ئافرەتیان دەکرد. هەر لەو ساڵەشدا نزیکەی سەد و بیست و نۆ ئافرەتی کرێکار لە شیکاگۆ لە کارگەیەک کاریاندەکرد سوتێنران ، بەهۆی کەمتەرخەمی خاوەن کارگەوە ئەو کارەساتە رووداوێکی مێژوویی بووە ویژدانی هەموو مرۆڤێکی دیموکراتی خوازی لە جیهاندا هەژاند.

ئەم کارەساتە مێژووییە مێژوویەک بۆ دەنگ هەڵبرینی ئافرەتان و نموونە بوو بۆ چەوساندنەوە و ژێردەستی ئافرەتان کە لە سادەترین ماف و رادەربرین و پرس پێکردن بێبەشدەکران ، دروشمی سەرەکی ئەو خۆپیشاندانەش (نان و گوڵ) بوو. لە ساڵی ١٩٠٩ نزیکەی سی هەزار کرێکاری ئافرەت لە کارگەی چنین مان گرتنی گشتییان لە کارکردن راگەیاند کە بۆ ماوەی سێزدە هەفتە بەردەوام بوو تیایدا داوای زیادکردنی کرێی رۆژانە و باشتر کردنی بارودۆخی ژیانی رۆژانەیان دەکرد. ئەوەش بە گەورەترین مانگرتنی ئافرەتانی ئەو سەردەمە دادەنرێت. لە ١٩١١ ئەمەریکا رووداوێکی تری خەمناکی بەخۆیەوە بینی، لەشاری نیویۆرک بەهۆی رووداوێکی ئاگر کەوتنەوەی خەمناک لە ٢٥ی مارس ١٩١١زیاتر لە ١٤٠ ئافرەتی کرێکار کە زۆر بەیان کۆچبەری ئیتاڵی و جوولەکە بوون سووتان. هۆکاری ئەو هەموو قوربانیییەش نەبوونی کەرەستەی تایبەت بەکارەکانی فریاگوزاری و ئاگر کوژێنەوە بوو، لەکاتی ناشتنی تەرمی قوربانییەکانیشدا زیاتر لە سەد هەزار هاووڵاتی بەشدارییانکرد، کەئەوەش بووە هۆی دروستبوونی گۆرانکاری گەورە لە یاساکانی کارکردنی تایبەت بە ئافرەتانی کرێکار.ئەو رووداوە کاریگەری زۆری لەسەر باشتر کردنی رەوشی کارکردن و رێساکانی کارکردن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەبوو. بەمەش حیزبی ئیشتیراکی ئەمەریکی بریاریدا لەسەر تاسەری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ٢٥ مارس ئاهەنگ و بۆنە سازبکات. ئەمە تا ساڵی ١٩١٣ درێژەی کێشا.

خەباتی ئافرەتان لە دانیمارک:لە ١٩١٠ حیزبی ئیشتراکی نێودەوڵەتی لە کۆبنهاگنی پایتەختی دانیمارک بریاریدا رۆژی ١٩ی مارس تەرخان بکات بۆ رۆژی ئافرەت، ئەمەش حکومەت خۆی سەرپەرشتی دەکرد و دەستی تێکەڵاوی بە دەستهێنانی مافەکانی ئافرەتان دەکرد و بریاریدا لە کۆنگرە پارمەتی پێشکەشی ئافرەتان بکات. ١٧ وڵاتی جیاواز لەو کۆنگرەیە بەشداربوون کە لە نێویاندا سێ ئافرەت پاڵێوراوی ئەندامی پەرلەمانی فینلەندی بوون و تاکو ئێستا مێژوو کۆنگرەیەکی تری ئاوای بەخۆیەوە نەدیوە.

ووڵاتانی ئەوروپا و دیاریکردنی رۆژێک بۆ ئافرەتان:رەگ و ریشەی بزافی ئافرەتانی ئەورووپاش دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٨٩٢ ئەو کاتەی لە ئەڵمانیا و نەمسا حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی گۆڤارێکی تایبەت بە کرێکارە ئافرەتەکانی بەناوی (یەکسانی) دەرکرد، (کلارا تسیتکین) دەریدەکرد، پاشان چەندین کۆرو کۆبوونەوەو خۆپیشاندان لە چەندین شوێنی جیاجیای جیهان سازکرا خاڵی هاوبەشی هەموو ئەوانەش پێداگرتن بوو لەسەر بەدیهێنانی مافەکانی ئافرەتان. لە دەرئەنجامی بریارەکانی کۆنگرەی کۆبنهاگن کە لە ساڵی ١٩١٠ بۆ

**٨ی مارچ**

یەکەمجار لە ١٩ی مارس ئاهەنگ گێڕدرا. لە ساڵی ١٩١١ واتا ساڵێک دواتر لە ئەڵمانیا و دانیمارک و سویسرا و نەمسا پتر لەیەک ملیۆن ئافرەت رژانە سەر شەقام و دەنگیان هەڵبڕی بۆ کارکردن لە پلە و چینە جیاوازەکان و داوای مافی کارکردنی ئافرەتیان دەکرد و نەمانی جیاکارییان دەویست لەکارکردن.ئەورێپێوانە یەک هەفتەی خایاند.

مێژووی تێکۆشانی ئافرەتی رووسی:بیرۆکەی سەرهەڵدانی یادی رۆژی جیهانی ئافرەتان بۆ یەکەمجار لەسەرەتای سەدەی رابردوو هاتە کایەوە. ئەو دەمەی جیهانی پیشەسازی بەرفراوانبوون و گەشەندنێکی جۆری و زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی بەرێژەیەکی بەرز بەخۆیەوە بینی و هاوکات بیرو ئایدۆلۆژیای رادیکاڵی جیاجیا سەریهەڵدا. نیزامی ئیشتراکی سۆڤێتی لەمەسەلەی ئازادکردنی ئافرەت لە هەموو کۆت و بەندێکی سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتی رۆڵی هەبوو بەهۆی باڵا دەستی ئەلیکساندرا کۆلۆنتای کە پاشی شۆڕشی ئۆکتۆبەر وەکو یەکەم وەزیرە دەستنیشانکرا، کە رۆڵی باڵای هەبوو لە بەرزکردنەوەی پایەی ئافرەت لە کۆمەڵگەی سۆڤیەتی و چەند باخچەیەکی ساوایانی کردەوە کە بۆ ئەو کات تەواو تازە بوو جگە لەوەش نۆرینگەی تایبەتی تەرخانکرد بۆ ئافرەتان. لە مانگی شوباتی ١٩١٧ بەسەدان هەزار ئافرەتی رووسی رژانە سەر شەقامەکان و خۆنیشاندانیان لە دژی جەنگ و سیاسەتی چەوتی حکومەتی ئەوسای ئەو وڵاتە سازکرد. کە جەنگ جگە لە سەرداران و سەرمایەداران لە بەرژەوەندی کەسی دیکەدانەبوو. بواری ئابووری و بژێوی ژیانی خەڵکیش لەوپەڕی خراپی دابوو کە ئەوەش وای لە ئافرەتان کرد بوو لە دەرەوەی ماڵ کاری کرێکاری بکەن و بەهۆیەوە پێشێلی مافەکانیان دەکرا، ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە ئافرەتان بە هیچ شێوەیەک مافی رادەربڕین و دەنگدانیان نەبوو، هەر ئەوەش وای لە ئافرەتان کرد کە بەشێوەیەکی بەرفراوان بەشداری لەو خۆپیشاندانانە بکەن و چوار رۆژی خایاند، لە بەرامبەریشدا هێزەکانی پۆلیس نەیانتوانی بەرپەرچی ئاپۆراو حەشاماتی ئافرەتانی خۆنیشاندەر بدەنەوە کە لە کۆتاییدا ئاکامی روخاندنی رژێمی قەیسەر نیقۆلای دووەمی لێکەوتەوە. ئەو رووداوانەش لە کاتی خۆیدا بەشۆڕشی شوبات ناونرا. لەمەوە ئیتر ئافرەتان لە هەموو کیشوەرەکان بەبێ جیاوازی و هەبوونی دووبەرەکی بەجیاوازی زمان و رۆشنبیری و کلتوورو داب و نەریت و ئابووری جیاواز و رامیاری جیاوازەوە، کۆبوونەوە و ئاهەنگ و بۆنە دەگێڕن لەم یادەدا و لافیتە و دروشمی جۆراوجۆر بەرزدەکەنەوە. کۆڕو کۆبوونەوەی تایبەت سازدەکەن و تەنانەت فیلمی دیکۆمێنتاری تایبەت بەم یادەش بەرهەمدەهێنن. هەر لەبارەی رووداوە گرنگەکان مێژوو ئەوەمان بۆ باسدەکات کە لەساڵی ١٩٧٧ داو دوای تێپەڕبوونی دووساڵ بەسەر ساڵی جیهانی تایبەت بە ئافرەت.کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بڕیارێکدا داوای لە وڵاتانی جیهانکرد. کە رۆژێک تایبەت بکەن. بە ئاهەنگ گێڕان بۆ بەدی هێنانی مافەکانی ئافرەتان و ئاشتی جیهانی. هەربۆیە لەو ساتەوە ٨ی مارس بەشێوەیەکی فەرمی بوو بەرۆژی جیهانی ئافرەتان لەسەرانسەری دونیادا. ئافرەتانی جیهان ئەو بۆنەیە دەقۆزنەوە بۆ پێشکەشکردنی چالاکی جۆراوجۆر لەپێناو بەدیهێنانی یەکسانی نێوان پیاوان و ئافرەتان و هەڵسەنگاندنی ئەو کۆسپ و تەگەرە و بەربەستانەی کە بوونەتە رێگر لە بەردەم بە جێگەیاندنی حەز و خولیاکانی ئافرەت و خستنە رووی ئەو پێشنیاز و رێو شوێنانەی کە دەبنە مایەی چارەسەرکردنی کێشەو گیرو گرفتەکانیان.ئافرەتان تاکو ئێستاش وەکو پێویست مافی خۆی پێنەدراوە هێشتا لە زۆر شوێندا وەکو کۆیلە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ. تاکو ئێستاش ئەو بەڵێن و گوتانەی کە دەکرێن زارەکین و بە کردارنین جێگای شەرمەزارییە بۆ مرۆڤایەتی کە لە سەدەی بیست و یەک توێژێک کە نیوەی کۆمەڵە بە چاوێکی نزم سەیر بکرێت و تەنها لەپێناو تێرکردنی غەریزە سێکسییەکان و هەوەسەکانی پیاوان تەماشای ئافرەت بکرێت. ئافرەت بوون و گرنگی خۆی لەدەستبدات و لەپێناو داخوازییەکانی پیاوان ژیان بەسەر ببات. کێشەی ئافرەت بەتەنها بە ئافرەت چارەسەرناکرێت بەڵکو دەبێت رەگەزی بەرامبەریش هەوڵی بۆ بدات و دۆزینەوەی رێگا چارەی بێت. تاکو ئێستا چەندین رێکخراوو سەنتەری تایبەت بە ئافرەتان هەن کەچی وەکو پێویست نەتوانراوە عەقڵی بۆگەنی هەندێک لە پیاوان بگۆردرێت، تەنانەت ئەو ئافرەتە زوڵملێکراوانەش کە لەژێر مێشکی ئەوانەوە ژیان

دەگوزەرێنن رزگارییان بکات. ئەو پیاوانەشی کەلە دەرەوە بانگەشەی دیموکراتی و ئازادی ئافرەت دەکەن کەچی لە ماڵەوە بەشێکیان جێبەجێی ناکات و خۆی پێشێلی دەکات تەنانەت لە ژنەکەشی دەدات. ئێستا چەندین نوێنەری ژنان لە پەرلەمانی ئەوروپا داوادەکەن کە وێنەی کیژۆڵە لەسەر لاپەرەکانی یەکەمی گۆڤار و رۆژنامەکان لابچێت. لە ئەفریقیای خواروو ژنانێکی زۆر توشی نەخۆشی ئایدز دەبن هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە ئەو پیاوانەی ئایدزیان هەیە ئەگەر لەگەڵ کچان جووت بن ئەوە لە نەخۆشییەکەیان رزگاریان دەبێت یاخود وەکو تۆڵەکردنەوەیەک کە چۆن ئەوان توشبوون دەیانەوێت خەڵکانی تریش توش بکەن. ئەوەتا ساڵانە ٢٢٠٠٠٠ پیاوی ئەڵمانی بۆ تێکەڵبوونی کچان سەفەری تایلاند دەکەن. لە میترۆپۆڵەکانی ئەوروپاوە بە ملیۆنان پیاو ئەو تاوانە ئەنجامدەدەن. لەلایەکیترەوە سەرتاسەری شەقامەکانی رۆمانیا بە سۆزانیخانە وە رازێنراونەتەوە. چەندین ژنی رووسی مۆڵداڤی، ئیتلەندی، ئۆکرانی، وەک کۆیلەی بازاری سێکسی بە هەرزان لە ئەوروپا بازرگانییان پێوەدەکرێت. هەربۆیەشە ئێستا نەتەوە یەکگرتووەکان زۆرجار ئەو بۆنەیە دەقۆزنەوە ساڵانە بۆ جەخت کردنەوە لەسەر دانانی سنورێک لە نێوان ئافرەت و ئایدز. چونکە ساڵ بەساڵ رێژەی توشبووانی ئایدز زیاتر دەبێت کە چاوەڕێ دەکرێت یەک لەسەر سێی ژنانی جیهان توشی ئەو نەخۆشیە بووبن و هەڵگری ئەو ڤایرۆسە بن. ئەو ژنانەش تەمەنیان لە نێوان ١٥ تا ٢٤ساڵیدایە. بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەوەش رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سندوقی تایبەتی تەرخانکردووە بۆ یارمەتیدانی ژنانی توشبوو . رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی و فاوو رێکخراوی تەندروستی جیهانی و یونسکۆ چەندین شێوازییان گرتۆتە بەر بۆ یارمەتیدانی توشبووانی و رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی و چارەسەرکردنی هەڵگرانی ئەو ڤایرۆسە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان ٢١ نێت

# ژن و قەیرانی جیهانی ئیسلام



**ب. بی نیاز (داریوش)**

خەباتی ژن لە وڵاتانی ئیسلامی دژی پیاوسالاری نیشانەی ئەوەیە کە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتانی ئیسلامی گۆڕانیان بە سەر داهاتوە و یا لە حاڵی گۆڕان دان و دەبێ پیاوانی موسوڵمان ئەو راستییە وەربگرن. ساڵەهایە کە ئەم جەنگە دەستی پێکردوەو بەڵگەکان ئەوەمان پێ دەڵێن کە درەنگ یا زوو ئەم جەنگە بە سوودی ژنان کۆتایی پێ دێ، بە هەمان شێوەی کە پیاوانی جیهانی مەسیحی لە ئەنجام دا ناچار بوون مافی یەکسانی ژنان و پیاوان بە فەرمی بناسن.

## جیهانی مەسیحی

قەیرانی ئەمڕۆکەی جیهانی ئیسلام، هەمان ئەو قەیران و چارەنووسە کە جیهانی مەسیحی و ئایین و کولتوورەکانی دیکە لەگەڵی بەرەو ڕوو بوون یان بەرەو روو دەبن. ئەگەر بمانەوی تەنیا خاڵە وەرچەرخانەکانی مێژووی جیهانی مەسیحی لەبەرچاو بگرین بۆمان دەردەکەوێ کە یەکەم قەیران لە دەسەڵاتی کلیسا دا بە گۆڕانکارییەک لە بواری راگەیاندن دا دەستی پێکرد. ئەو گۆڕانکارییە تەکنیکیە لە بیاڤی راگەیاندن دا، نهێنی پیشەسازیی چاپ لە چینەوە بۆ ئیتالیا بوو. بە هاتنی پیشەسازیی چاپ بۆ ئورووپاو داهێنانی یەکەم ئامێری چاپ لە لایەن گۆتێنبرگ لە سەدەی ١٥ی زایینی، وردە وردە بەستێنی سەردەمی رێنسانس واتە نوێبوونەوەی ژیانی فەرهەنگی، زانستی و سیاسیی یۆنان و رۆمی کۆن و دوورکەوتنەوە لە رێنوێنییە ئایینییەکانی مەسیحی ئامادە بوو.

سەیر نییە کە ئێستا کە زۆرێک لە کۆمەڵناسان لە سەر ئەو بڕوایەن کە ئینتێرنێت بۆ جیهانی ئیسلام هەمان ئەو رۆڵە دەگێڕێ کە لە رابردوودا پیشەسازیی چاپ بۆ جیهانی مەسیحی گێڕاوییەتی.

ڕێنسانس یەکەم زەبری فەرهەنگی لە دەسەڵاتی کلیسا( دەسەڵات ئایینی) لە ئورووپا وەشاند. بە بێ پیشەسازیی چاپ و دەسپێکی ڕێنسانس، بیرۆکەی وەرگێڕانی ئینجیل لە لاتینی یەوە بۆ ئاڵمانی لەلایەن مارتین لۆترەوە نەدەهاتە، گۆڕێ. لۆتریانیزم لە سەرەتاکانی سەدەی شازدە کە دواتر بە پرۆتستانیسم( ڕیفۆرمیسم/ چاکسازیی ئایینی) ناوی دەرکرد زەبری دوویەمی لە پەیکەری دەسەڵاتی کلیسا وەشاند (١٥٢٩). هەرچی پرۆتستانیسم گەشەی زیاتری دەکرد بە هەمان ئەندازە توندوتیژی دەسەڵاتی ئایینی کاتۆلیکەکان زیادی دەکرد. ئەو توندوتیژییانە تا ئە جێگەیە بەرەو پێش چوو کە شەڕە ئایینی یەکانی سی ساڵە( ١٦٤٨ - ١٦١٨) ی لێ کەوتەوە. لەو شەڕە وێرانکەرە دا حەشیمەتی ئورووپا بۆ ٧/١ دابەزی و نێوەنجی تەمەن گەیشتە ٤٢ ساڵ. لە ئەنجام دا لە ساڵی ١٦٤٨ دا لایەنەکانی شەڕ لە ڕێککەوتنێک دا «ئازادیی ئایینزاکانیان» قبووڵ کرد.

هەر چەند دەسەڵاتی تاک لایەنەی کاتۆلیکەکان لە ئورووپا دا شکا، بەڵام ژیانی خەڵکی ئورووپا هەروا لەلایەن ئایینی مەسیحەوە دیاری دەکرا. لە ناوچە کاتولیک نشینەکان دا دامەزراوەکانی ئایینی کاتۆلیک بڕیار دەر بوون و لە ناوچە پرۆتستان نشینەکان دا دامەزراوەکانی ئایینی پرۆتستان قسەی کۆتاییان دەکرد.

هێشتا پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان ئاڵوگۆڕی بەرچاویان بەسەر دا نەهاتبوو، تەنیا دەسەڵاتی ئایینی لە نوێوە دابەش کرابۆوە. بەڵام ئەو جەنگە ئایینی یانە ببوونە هۆی ئەوەی کە کەلێنی گەورە لە دەسەڵات پێک بێ و نەوەیەکی نوێ لە شارۆمەندان سەرهەڵ بدا.

بەڵام گرینگترین و کاریگەرترین زەبر بە پێکهاتە کۆنەکان کە بووە هۆی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و ئابووری، گەشەی زانست و پیشەسازی لە ئورووپا بوو کە سەدەیەک دواتر شۆڕشی پیشەسازی لێ کەوتەوە. شۆڕشی پیشەسازی لە ئورووپا (١٧٥٠) بە داهێنانی ماشێنی هەڵم و بە کار هێنانی لە کارگەکان و پاشان گواستنەوە (شەمەندەفەر) دا پێناسە دەکرێ کە لە سەریەک سەدەیەکی خایاند( تا نێوەڕاستەکانی سەدەی ١٩). چینی نوێی خاوەن سەرمایە بە بێ ستراکتورە کۆنەکانی دەسەڵات نەیدەتوانی بەردەوام بێ. ئەو چینە نوێیە لە سەرەتا دا بە هەزاران ڕیشاڵ بەسترابۆوە بە پیاوانی ئایینی لە لایەک و دەرەبەگەکان لە لایەکی دیکەوە هەم لە رووی فەرهەنگی و هەم لە رووی ئامرازەکانی دەسەڵاتەوە. هەرچەند لە نێو ئورووپاو جیهانی مەسیحی دا سیستەمی نوێی سەرمایەداری گەشەی کرد بەڵام ئەو سیستەمە بە تەواوی ئاوێتە بە ئایین و دەرەبەگایەتی بوو. هێشتا بایەخ و نۆرمەکانی جیهانی کۆن زاڵ بوون و پێوەندییە نوێیەکان، خۆیان بە بایەخە کۆنەکان پێناسە دەکرد. سەرمایەداری لە ناخی پێوەندیگەلێک لە دایکبوو کە لانیکەم دە هەزار ساڵ مێژوویان هەبوو و جێی خۆیان لە وردترین تانوپۆ کۆمەڵایەتی یەکان دا کردبۆوە.

هاوکات لەگەڵ گەشەی سەرمایەداری لە ئورووپا، گۆڕانی گەورە بە سەر ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی کار دا هاتە ئاراوە. کەمیی هێزی کار بوو بە هۆی ئەوەی کە ژنان ڕاکێشی بیاڤی بەرهەمهێنان بکرێن. ئەوە گەورەترین دەسکەوتی سەرمایەداری بوو کە دواتر دژکردەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی گەورەی لێ کەوتەوە. سەرمایەداری، نیوەکەی دیکەی مرۆڤەکانی کە تا ئەو کات بەشیان لە دابەش کردنی کاری کۆمەڵایەتی دا تەنیا زاوزێ و مدبەق بوو، هێنایە نێو جیهانی کارەوە. هەر لەو کاتەوە کە بزووتنەوەی ژنان بەرە بەرە دەست پێ دەکا.

### ٨ی مارچ

بۆ یەکەم جار لە مێژووی مرۆڤایەتی دا، ژنان توانیان لە پرۆسەی بە دەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنوسی خۆیان دا وڵامی پرسیارێکی مێژوویی . کۆمەڵناسی بە روونی بدەنەوە: مێژووی شارستانییەتی ئێستا، مێژووی پیاوان بووە و هەموو ئایینەکان، ئایینی پیاوانەن.

هاوکات لەگەڵ گەشەی بزووتنەوەی ژنان لە ئورووپا، بەرەنگاری جیهانی پیاوانیش شێوازی وردتری و توندتیژتری بە خۆوە گرت. پیاوانی ئوروپایی بە مەبەستی پاراستنی پێگەی مێژوویی و کۆمەلایەتیی خۆیان هەوڵیان دەدا بە پشت بەستن بە ئایینی مەسیحی و یا بە دواداچوونی شێوە زانستییانە بسەلمێنن کە ژنان لە رووی جەستەییەوە، لاواز، ناتەواو و پلە دوون. کاتێک کە بۆ یەکەم جار «جان ئیستوارت میل» لە ساڵی ١٨٦٦ لە پارلەمانی ئینگلستان داوای مافی دەنگدانی بۆ ژنان کرد، وتەکانی دژبەرانی مافی دەنگدانی ژنان جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ئیسلامیستەکانی ئێستا نەبوو. نزیکەی ٥٠ ساڵ دواتر لە ساڵی ١٩٠٨، پارلەمانی ئینگلستان پەسندی کرد کە ژنان دەتوانن لە هەڵبژاردنەکان دا دەنگ بدەن نەک هەڵبژێردرێن.

## حیجاب پێش ئایینە ئیبراهمییەکان

حیجاب نە داهێنانی ئایینی یەهوودە، نە مەسیح و نە ئیسلام. پێش ئایینە ئیبراهمییەکان حیجاب لە ناوچەی میزۆپۆتامیا (نێوان دوو زێی فوورات و دیجلە) وەکوو سەمبولی دەسەلاتی پیاوان چەسپ بوو. ئەمرۆکە بە هۆی لێکۆڵینەوە زانستییەکان کە بە بەڵگەی حاشا هەڵنەگرەوە پشت ئەستوورن، نزیکەی تەواوی کۆمەڵناسان لە سەر ئەوە هاوڕان کە حیجاب پێش ئایینە ئیبراهمییەکانیش هەبووە و تەنانەت یاساورێسای تایبەتی خۆی هەبووە. یاسا بە جێ ماوەکانی ئاشوورییەکان و بابلییەکان بە تایبەت کۆمەڵە یاسای حەمورابی بە روونی دەری دەخەن کە بارودۆخی حیجاب و ژن لە هەزارەکانی پێش لە دایکبوونی مەسیح دا چۆن بووە.

لە کۆمەڵە لێکۆڵینەوەیەک کە خاتوو گردا لرنر سەبارەت بە چۆنیەتیی بیچم گرتنی باوک سالاری لە کۆمەڵگەکانی پێش ئایینە ئیبراهمییەکان ئەنجامی داوە(سەرهەڵدانی باوک سالاری)، بە بەڵگەی روون دەری خستوە کە دۆخی حیجاب و ژن لەو سەردەمانە دا چۆن بووە. سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەی خاتوو لرنر، بەردنووسە بە جێ ماوەکانی ئاشوورییەکان و کۆمەڵە یاساکانی حەمورابی( بابل)ن.

هەم لە ئاشوورو هەم لە بابل ژنان دەبوایە حیجابیان هەبوایە. ئەو ژنانەی زەماوەندیان کردبایە تەنانەت ئەگەر مێردەکانیشیان مردبان(بێوەژن) دەبوو لەچکەیان لە سەر کردبا. دیارە لەچکە یا داپۆشینی سەر لە ناوچە جۆراوجۆرەکان جیاواز بووە، بەڵام گرینگ ئەوە بوو کە دەبوایە ژنی خاوەن مێرد یان بێوەژن حیجابیان هەبێ. هەروەها ئەو یاسایە ئەو ژنانەش دەگرێتەوە کە سەرپەرشتی پیاویان هەبوو. ئەو ژن یا کچانەی کە مێردیان نەبوو یا سەرپەرستی پیاویان نەبوو بێ حیجاب بوون.

وردە وردە ژنە سەڵتەکانی چینە دەوڵەمەندەکان ئیزنیان پێ درا حیجاب بپۆشن، واتە مافی حیجابیان پێ درا تا لەگەڵ قەرەواشەکان و کچانی چینە هەژارەکان جیا ببنەوە. ئەم شێوە حیجابە لە عەرەبستان پێش ئیسلامیش دەبینین، کچانی چینە دەست رۆیشتووەکانی هۆزە عەرەبەکان حیجابیان دەپۆشی بەلام کچانی چینە هەژارەکان ( کە دەبوایە کار بکەن) بێ حیجاب بوون. بە پێی لێکۆڵینەوەکانی خاتوو لرنر، حیجاب پێشاندەری سەمبولی چینایەتی و بەستراوەیی ژن بە پیاو بووە. بێ حیجابی بە واتای نەبوونی مێرد یان نەبوونی

## ٨ی مارچ

سەرپەرشتی پیاو ( تەنانەت ئەگەر ئەو سەرپەرشتییە تەنیا لە چوارچێوەی دابینکردنی پێویستیە سێکسییەکانی پیاو دابایە) دەهات، واتە سەر بە چینە خوارەوەکانی کۆمەڵگە. لە راستیدا بێ حیجابی نە تەنبا ئیمتیازێک نەبوو بۆ ژنان، بەڵکوو سەلمێنەری پێگەی لاوازی ژنان بوو.

بە کورتی، حیجاب لە قۆناخێکی مێژوویی تایبەت دا لە ناوچەی ئۆراسیا بە واتای هێژمۆنی پیاو بە سەر ژن دا دەهات. هەر لەو قۆناغە مێژووییە دا بوو کە یاساکانی (زنا، قصاص،حەد) و هتد کە لە یاسا چەسپاوە عەشیرەییەکان بوون، رێکخران و پاشان خۆیان لە ئایینە ئیبراهیمییەکان دا دیتەوە.

ئەمڕۆکە هیچ ئیسلام ناسێکی شارەزا نییە کە پێی وابێت لە ناوچەی عەرەبستان پێش ئیسلام ژنان بێ حیجاب بوون. حیجاب دیاردەیەک بوو کە پێش ئیسلام لە نیمچە دورگەی عەرەبستان لە نێو هۆزە جۆراوجۆرەکانی عەرەب دا، هەر کام بە پێی هەلومەرجی ژیانیان باو بووە. لە زانستی کۆمەڵناسی دا پرەنسیپێک هەیە کە هەمیشە ئیعتباری هەیە، ئەم پرەنسیپە دەڵێ: بۆ ئەوەی کە ئایینێکی نوێ، ئیدئۆلۆژییەکی نوێ و یا رەفتاریکی نوێ لە شوێنێک گەشە بکا، دەبێ لە فیلتەری فەرهەنگی تێپەڕێ.

واتە خۆی لە گەڵ فەرهەنگی پێشووی ئەو شوێنە بگونجێنێ تا مرۆڤەکان بتوانن ئایین یان ئیدئۆلۆژیی نوێ وەرگرن( پرۆسەی خۆماڵی کردن). بۆ وێنە مارکسیسم لە ئورووپا سەری هەڵداوە، ئەو ئیدئۆلۆژیە کاتێک دەتوانێ لە رووسیە، ئێران یا چین جێی خۆی بکاتەوە کە سەرەتا لە فیلتەری فەرهەنگی ئەو وڵاتانە تێپەڕێ و خۆی لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیانە بگونجێنێ تا مرۆڤی نوێ ئەو کۆمەڵگەیانە بتوانن وەری گرن. بەم هۆیەوە تێگەیشتنی مارکسیسم لەو وڵاتانە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ تێگەیشتنی مارکسیسم لە شوێنی سەرهەڵدانی دەبێ.

ئایینی نوێی ئیسلام لە نیمچە دورگەی عەرەبستان لەو پرەنسیپە گشتیەی کومەڵناس بە دوور نییە. بە مەبەستی ئەوەی ئیسلام لە لایەن دانیشتوانی عەرەبستان وەرگیرێ. دامەزرێنەری ئیسلام چارەیەکی نەبوو جگە لەوەی کە ئایینی تاکخواپەرەستی خۆی لەگەڵ فەرهەنگی جێگرتووی ناوچەکە بگونجێنێ. دانانی کەعبە وەک پەرستگەی موسوڵمانان( کە شوێنی پاڕانەوەی کافران بوو)، پشتراست کرانەوەی بوتەکان لە ئایەتە قورئانییەکان( آیات شیطانی)، وەرگرتنی یاسا جەزایی یەکانی عەشیرەیی وەک (قصاص و حد) لە شەریعەتی ئیسلام داو لە ئاکامدا قەبووڵی حیجاب لەلایەن دامەزرێنەری ئیسلام نموونەی بەرچاوی خۆماڵی کردنی ئایینی ئیسلام بوون. هەر هەمان پرۆسە لە ئینجیلی سەردەمی عەتیق دا دەبینین. ئینجیلی سەردەمی عەتیق و پێنج کتێبی مووسا(تورە)، درێژەی فەرهەنگ و ئایینە چەسپاوو جێگیرەکان لەو ناوچانە دا بووە کە خەڵک( لە میسرەوە تا میزۆپۆتامیا) لە سەری راهاتبوون. ئەگەر بروانینە جیاوازییە وردەکانی وڵاتانی ئیسلامی لە ئاسیا و ئەفریقا، لەو فیلتەرە فەرهەنگییە تێدەگەین.

تێپەر کردنی ئیسلام لە فیلتەری فەرهەنگی ئێرانییەکان لە ئەنجام دا شێوازێکی دیاریکراو لە ئیسلامی لێ کەوتەوە( شیعەی دوازدە ئیمامی) ئەگەر لە گۆشەنیگای ئەو پرنسیپەوە چاو لە مێژوو بکەین، ئیتر ناتوانین باس لە»شۆڕش« یان دابرانێکی ریشەیی بکەین. بەو واتایە کە بتوانین ئیدعا بکەین کە رابردوو( پێش شۆڕش) لە گەڵ هەنووکە (دوای شۆڕش) خاڵی هاوبەشی نییە و یا خاڵی هاوبەشی زۆر کەمی هەیە!. گەر لەو گۆشەنیگایەوە بروانین، بۆمان دەردەکەوێ کە چەمکی «شۆڕش»، چەمکێکی درۆزن و فریوکارانەیە. مێژووی گۆڕانکاریی زۆر هێدی و هەنگاو بە هەنگاو. رابردوو لە ئێستا دا و ئێستاش لە داهاتوو دا بوونی هەیە. واتە شۆڕشی سۆسیالیستی روسیە بە شێوەیەک

درێژەی تێزاریسم بووە و شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بە شێوەیەک درێژەی دەسەڵاتی پاشایەتییە، دیارە بە بێ کەم بایەخ کردنی ئاڵوگۆڕی چکۆڵە و گەورە لە هێندێک بواردا.

ئەمڕۆ بۆ هەر موسوڵمان و غەیرە موسوڵمانێک روون و ئاشکرایە کە گرێ پووچکەی قەیران خوڵقێنی بیرۆکەی ئیسلامی لە کوێ دایە: ژن.

تا ئەو کاتەی ژنان لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکان کۆنترۆڵ دەکرێن کۆمەڵگەی پیاوانەی ئیسلامی هەست بە ئەمنیەت دەکا. بەم هۆیە هەموو هەوڵی دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان ئەوەیە کە » حیجاب»ی ژنان بپارێزرێ. لەبەر ئەوەی حیجاب بۆ پیاوانی موسوڵمان تەنیا هێمای خۆسەپاندن نییە بەسەر ژناندا بەڵکوو لە رەهەندە مێژووییەکەی خۆیدا بە واتای پاراستن و درێژەدانی پیاوسالاری واتە پاراستنی پێگەی مێژوویی پیاوانە. »حیجاب»ی ژن بۆ پیاوی موسوڵمان نیشانەی باڵادەستی رەگەزی پیاوە بەسەر رەگەزی ژن دا. واتە بڕیارەکان چ لە بیاڤی گشتی دا چ لە بیاڤی تایبەت دا لە لایەن پیاوانەوە دەردەچن. جیهانی ئیسلام بەهۆی فشاری هەلومەرجی جیهانی و نێوخۆیی ئامادەیە ژنان لە کاروباری ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی دا بەشدار بکا بەڵام بە مەرجی پاراستنی حیجاب. لە زۆرێک لە وڵاتانی ئیسلامی ئەوە دەبینین: ئەندونزی، مالزی، ئێران، کوەیت، میسر و...هتد. بە دەربڕینێکی دیکە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان توندڕەوترین رەوتە ئیسلامییەکان

وەک تاڵەبان و ئەلقاعیدە و «لیبراڵ»ترین رەوتە ئیسلامییەکان وەک ئەردوغان و خاتەمی دا نییە. لەبەر ئەوەی حیجاب بۆ هەموویان، بنەمایەکی هاوبەشە بۆ درێژەدانی پیاوسالاری لە رەهەندە مێژووییەکەی دا. دیارە ئەوە بەو واتایە نییە کە بە لابردنی حیجابی زۆرەملی، یەکسەر کۆمەڵگەی پیاوسالاری موسوڵمان دەبێتە کۆمەڵگەیەک بە مافی یەکسانی ژن و پیاو. هەرگیز! بەڵام ئەو بەستێنە کۆمەڵایەتییانە ئامادە دەبن کە ژنان بتوانن لەسەر ئەو بنەمایە بە شێوەیەکی ساناتر لایەنە دیارو نادیارەکانی پیاوسالاری بخەنە ژێر پرسیارەوە. هەموو هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی پاراستنی حیجاب بووە. رێبەرانی حکوومەتی ئیسلامی لە سەرەتاوە تا ئێستا وێرای هەموو ناکۆکییەکانیان لەسەر ئەو پرسە هاوڕا بوون: پاراستنی حیجاب. بە پێچەوانەی بۆچوونی زۆرێک لە رەخنەگرانی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان کە وەک سەمبولێکی فەرهەنگی، ئیسلامی یا ئایینی چاو لە حیجاب دەکەن، حیجاب رەنگدانەوەی خەباتێکی قووڵی مێژوویی نێوان دوو رەگەزی پیاوو ژنە لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا. واتە خەباتی ژنان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان لە کۆمەڵگە ئیسلامییە رۆژهەڵاتییەکان دا بەستراوەتەوە بە لابردنی حیجابی زۆرەملی و ریفۆرمی ئایینی لە پرسی حیجاب دا. تا ئەو کاتەی کە جیهانی ئیسلام خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ حیجاب نەکا، تا ئەو کاتەی کە حیجابی ژن گرینگترین پرسی ئیسلام بێ، ئەو واتایە دەگەیەنێ کە جیهانی ئیسلام هێشتا پێداگرە لەسەر هێژمۆنی مێژوویی پیاو بەسەر ژن داو ئامادە نییە یەکسانی مافی ژنان و پیاوان بە فەرمی بناسێ.

ئێستا رەنگبێ ئەو پرسیارە بێتە گۆڕێ کە بۆچی حیجاب لە ئورووپا یا جیهانی مەسیحی دا (کە لە ئایینە ئیبراهیمییەکانە) نەبۆتە سەمبولی سەرکوتی ژنان؟ ئایا لە بنەڕەت دا جیهانی مەسیحی ئامرازێکی راستەوخۆی سەرکوتی دژی ژنان هەبووە؟ بەڵێ، جیهانی مەسیحی ئامرازی دیاری دژەژنی هەبووە. هەروەک لە سەرەوە ئاماژە کرا بۆ ئەوەی کە ئایین یا ئیدئۆلۆژییەکی نوێ لە شوێنێک گەشە بکا دەبێ خۆی لەگەڵ فەرهەنگی پێشتر سەقامگیربووی کۆمەڵگەکە بگونجێنێ. لە ئوروپا بە پێچەوانەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست حیجاب، سەمبولی هێژمۆنی پیاو بەسەر ژندا نەبوو. لە نێو هۆزەکانی ژێرمەن و بە گشتی ئورووپای نێوەڕاست و باکووردا، سێحربازی بەتایبەت بەربێژی زۆر خراپ لە

داهاتوو، سزای هەبوو ئەو فەرهەنگە لە نێو هۆزە ئوروپاییەکاندا جێگیر بوو. هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی مەسیحییەت لە ئوروپاو وەرگرتنی ئەو ئایینە لە لایەن ئیمپراتوری رۆمەوە (سەدەی چوارەمی کۆچی)، مەسیحییەت لە ئوروپا بە مەبەستی جێگیرکردنی پیاوسالاری و تەریک خستنەوەی ژنان، بوو بە ئامرازێک کە پێشتر هەبووەو لە باری کۆمەڵایەتییەوە پاساوهەڵگر بوو: «کوشتنی ژنی سێحر باز». مەسیحییەت بە پشت بەستن بە ئینجیلی سەردەمی کۆن، فەرهەنگی دژە ژنی هۆزە ئوروپاییەکانی لە لایەنی نەریتییەوە بەرەو لایەنی ئایینی برد. لە کتێبی «لاویان»، بەشی ١٩، ئایەی ٢٦دا هاتوە: «نابێ پێشگوویی یا سێحربازی بکرێ.» و لە کتێبی «خروج» بەشی ٢٢، ئایەی ١٧دا هاتوە: «نابێ مەجالی ژیان بە ژنی سێحرباز بدرێ.» مەسیحییەت بە پشت بەستن بەو دوو ئایەیە و هەندێک ئایەی دیکە، پاساوی ئەو فەرهەنگەی دا کە لە پێشترەوە هەبوو و بەم شێوەیە یەکێک لە رەشترین قۆناغەکانی مێژوویی بۆ ژنان بەرهەم هێنا. تا ئەو جێگەیەی کە لەساڵی ١٤٨٥ کتێبێکی ١٠٠٠ لاپەڕەیی بە ناوی «چەکوچی ژنە سێحربازەکان» (**hexen hammer**) دەرچوو کە شێوازەکانی لێکۆڵینەوە، دانپیانان، شکەنجە، زیندانی و ئیعدامی ژنانی سیحربازی بە درێژی خستبوە بەرباس.ئەو کتێبە یەکێک لە سەرچاوە گرینگەکانی لێکۆڵەرەوانی (تفتیش عقاید) لە دژی ژنانی سێحرباز بوو. لە سەدەکانی نێوەڕاست دا ژنان بە تاوانی سێحربازی دەسووتێنران. تۆمەتی سێحربازبوون، گەورەترین و باوترین ئامرازی سەرکوتی پیاوان دژی ژنان لە ئوروپای مەسیحی دابوو. سێحربازی بۆ ژنان لە ئوروپای مەسیحی دا (وەک حیجاب لە ئیسلام دا) ببوو بە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتیی - فەرهەنگی بۆ سەرکوتی ژنان. ژن کوژی ( ژنی سێحرباز کوژی) هەم لە لایەن پرۆتستانەکان و هەم لە لایەن کاتۆلیکەکانەوە بەڕێوە دەچوو. ئەوپەڕی دژایەتی ژنان لە شێوازی کوشتنی ژنانی سێحربازدا لە نێوەڕاست و کۆتاییەکانی سەدەی ١٧ی زایینی دا بوو کە تەنانەت شایەدی دانی مێرد و منداڵیش دژی ژنان باو بوو.

حیجاب وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتیی، خۆی بەرهەمهێنی فەرهەنگێکی بەربڵاوە کە هەم رەهەندی ئاشکراو هەم رەهەندی نهێنی هەیە و بە کردەوە هەمان کارکردی کوشتنی ژنانی سێحربازی لە وڵاتانی مەسیحی دا هەیە. ئێستا حیجاب لە وڵاتانی ئیسلامیدا ئەرکێکی دوو لایەنەی بە خۆوە گرتوە : لە لایەکەوە درێژەی پیاوسالاری لە وڵاتانی ئیسلامییە و لە لایەکی دیکەوە بۆتە ئامرازێک بۆ دژایەتیی فەرهەنگی رۆژئاوا. بە واتایەکی دیکە، ژنان هەم بابەتی سەرکوتن و هەم ئامرازی سەرکوتی پیاوانی ئیسلامی دژی رۆژئاوا. بەم هۆیەوەیە کە جیهانی ئیسلام بە هیچ شێوەیەک دەست لە حیجاب هەڵناگرێ.

لە وتاری خامنەیی لە کۆڕی زانکۆییەکان و بەرپرسانی رەسمی چەند ساڵ لەمەوبەردا، ئاماژە بەو خاڵە کراوە. تەواوی رەخنەو پێداگرییەکانی خامنەیی لە زانکۆکانی ئێران، لەسەر پێوەندی کراوەی کوڕان و کچانە.

ئەمڕۆکە لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا هەستیاری سەبارەت بە پرسی حیجاب هەزاران جار زیاترە تا لەسەر بابەتگەلی باو و پەرەگرتووی وەک ئەلکۆل، مادده سڕکەرەکان و گەندەڵی ئەخلاقی. لە راستیدا کۆمەڵگەی ئیسلامی و بیرمەندانی ئایینی و غەیرەئایینی ئیسلامی، هەموو قورئان و ئیسلامیان لە یەک خاڵ دا کورت کردۆتەوە: حیجاب. بە واتایەکی دیکە ئەمڕۆ چەمکی ئیسلام و حیجاب هاوتەریبن و یەک واتا دەگەیەنن. حیجاب نەتەنیا شوناسی ژنی موسوڵمان، بەڵکوو بۆتە شوناسی پیاوی موسوڵمان. بە وتەیەکی دیکە ئەگەر حیجاب لە ئیسلام جیا بکەینەوە، شتێک لە ئیسلام نامێنێتەوە و ئەو ئایینە تووشی قەیرانێکی قووڵی دەروونی دەبێ کە نازانێ بۆ دەرمانی خۆی پەنا بۆ کوێ بەرێ.

٨ی مارچ

ئەو قەیرانە دەروونییە ئیسلامییە ئاکامی بە جیهانیبوون و تێکەوەپێچرانی پێکهاتە کۆنە کۆمەڵایەتییەکان لە وڵاتانی ئیسلامییە. بەم هۆیەوە خەباتێک کە ئێستا دەستی پێ کردوە ڕێگەیەکی درێژی لە پێش دایە. لە بەر ئەوەی مەسەلەکە تەنیا ئیسلام نییە بەڵکوو ڕەهەندێکی زۆر قووڵتری هەیە. واتە دارمانی هەنگاو بە هەنگاوی پیاوسالاریی کۆن لە وڵاتانی ئیسلامیدا.

پەرەگرتنی بەرەوژووری سەرمایەی جیهانی لە لایەک و گۆڕانکاریی تەکنۆلۆژی ڕاگەیاندن (ئینتێرنێت) لەلایەکی دیکەوە، بە پەلەو بە هەنگاوی گەورە پێکهاتە کۆنە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لە جیهانی ئیسلام دا تێکەوە دەپێچێ و وڵاتانی ئیسلامی بەرەورووی پرسگەلێک دەکاتەوە کە توانای وەڵامدانەوەیان نییە. بەڵام کاکڵەی کێشە هەنووکەییەکانی جیهانی ئیسلام، خەباتی ژنانە کە دەیانەوێ ئەرکە کۆمەڵایەتیەکان سەر لە نوێ دابەش بکەنەوە و پێگەی خۆیان وەک بەشێک لە سەرمایەی کۆمەڵایەتی لە دەرەوەی پێناسەی پیاوانەی ئێستایان، جێگیر بکەن. بە هەرحاڵ کە لەو گۆشەیەوە چاو لە بابەتەکە دەکەین دەتوانین لە توندوتیژیی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان دژی ژنان تێبگەین. لەبەر ئەوەی هەر هەنگاوێک کە ژنان بۆ ئازادی و مافی دیاریکردنی چارەنووس دەیهاوێن، بە هەمان بڕ پێگەی مێژوویی پیاوانی موسوڵمان لاوازتر و لە هەمان کاتدا توندوتیژتر دەبن. (ترس و توندوتیژی، گرێدراوی یەکن). پیاوانی موسوڵمان و دەسەڵاتدارانی ئیسلامی لە وڵاتانی ئیسلامیدا لەم ساڵانەی داوییی دا دەریان خستوە کە ئامادەن لە زۆر بواردا لە یاسا ئیسلامییەکان بگوزەرێن، لە زۆرێک لە یاساکانی سزای ئیسلام چاوپۆشی بکەن، پێبەند بن بە یاساکانی سەرمایەی جیهانی، لە گەورەترین کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی خواردنەوەی ئەڵکۆڵی دا بەشدار بن، بەڵام لەسەر یەک بابەت هەرگیز سازش ناکەن کە هەمان پرسی ژن یا حیجابە. ئەگەر لە گۆشەنیگای مێژووییەوە بڕوانینە مەسەلەکە نەک تەنیا لە ڕووی ئایینیەوە، بەو دەرەنجامە دەگەین کە ئێستا پیاوسالاری لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکان دا بە توندی کەوتۆتە بەر هەڕەشەی ژنان. سەرچاوەی ئەو هێرشەی ژنان دژی پیاوسالاری لە پلەی یەکەم دا بە هۆی گۆڕانکاری لە پێکهاتەی کۆمەڵاتیی ئەو کۆمەڵگایانەیە. ژنان بە شێوەیەکی بەربڵاو هاتوونەتە نێو ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی کار، بەردەوام ئەوە دەبینن و ئەزموونی لێ وەردەگرن کە نەتەنیا لە پیاوان کەمتر نین بەڵکوو لە زۆر بواردا باشتر لە ڕەگەزی پیاو دەردەکەون.

کێشەی سەرەکیی ڕیفۆرم خوازی ئیسلامی هەم لە ئێرانی شیعەدا و هەم لە جیهانی سوننی دا، خۆدزینەوە لە ڕەخنە گرتن لە حیجابە. لە بەر ئەوەی ڕەخنە لە حیجاب تەنیا ڕەخنە لە ئیسلامی سوننەتی نییە بەڵکوو ڕەخنەیە لە فەرهەنگی پیاوسالاری. پاساو هێنانەوەی باوو خەڵک پەسند سەبارەت بە حیجاب بە زۆری بەو شێوەیەیە.

«حیجاب و پۆششی دروست یەکێکە لە هۆکارە زۆر کاریگەرەکان لە پاراستنی بنەماڵەدا. ژنێک کە خۆی دەردەخا، ئاگری هەوەسی پیاوان بڵێسەدار دەکاو چاوو دڵیان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. هەزاران پەروەندەی جینایی و ناموسی، فەسادی ئەخلاقی و پێوەندیگەلی ناشەرعی لە دەرەنجامە تاڵەکانی پەتای بێ حیجابی و یان بەدحیجابین کە جیهانی ئەمڕۆ پێیانەوە دەناڵێنێ. حیجاب، هەرێمی پاکیی ژن و مەتەرێزێکی قایمە کە ڕێگە بە فەسادو خوێڕێتی دەگرێ و ڕێز و کەسایەتی بە ژن دەبەخشێ تا نەبێتە قومارۆچکەی هەوەسبازیی پیاوان. لە کۆمەڵگەیەک دا کە ژنان بە حیجاب و پۆششی تەواوە هاتوچۆ بکەن، لاوەکانیش لە کەشێکی ئارام دا سەرقاڵی کارەکانیان دەبن و بە دوور لە هەر چەشنە ورووژانێکی ناشەرعی و لە کاتی گونجاودا زەماوەند دەکەن و بنەماڵە پێک دێنن.»

لە ناخی ئەو ڕستە بە ڕواڵەت بێ ئازارانەدا، نە نووسەر ئاگای لە پێگەی مێژوویی خۆیەتی و نە شتێکی لە بارەوە دەزانێ. کاکڵی

سەرچاوە
Serchawe

وتەی نووسەر ئەوەیە کە ژن تا ئەو کاتەی حیجابی هەبێ «فرشتە»یەو بە بێ حیجاب «شەیتان»ە. نووسەر زۆر بێگەردانە هەموو بەرپرسیارێتیی خراپەکاری پیاوان دەخاتە ئەستۆی بەدحیجابیی ژنان. ئەو بە راحەتی بەرپرسایەتیی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی لە پیاوان دەسرێتەوە. بەم هۆیەوە ئەو رستانەی سەرەوە بۆ ژنان کوشندە و وێرانگەرن. لەبەر ئەوەی ئەگەر بچووکترین «رووداوی ئەخلاقی ناشیرن» روو بدا، ئەوان تاوانبارن. ئەوانەی کتێبی بەڵگەمەندی خاتوو پەروین بەختیارنەژاد سەبارەت بە قەتڵە نامووسییەکانیان خوێندۆتەوە لە نێوەڕۆکی ئەو رستانەی سەرەوە دەگەن. پیاوانی موسوڵمان بۆ پاراستنی پێگەی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی خۆیان بەو بەڵگە هێنانەوانە دەست بە خوێنی ژنان سوور دەکەن، بیچم بە پێکهاتەکانی دەسەڵات دەدەن و سەرکوت نە تەنیا بە دژی ژنان بەڵکوو دژی بەشێکی گەورە لە کۆمەڵگە ئەنجام دەدەن.

حجیاب، تەنیا پۆششێک نییە بەڵکوو فەرهەنگێکی پیاوسالارانەیە کە سەردەمی کۆن بۆی بەجێهێشتووین و رەخنەی کردۆتە تانوپۆ ئاشکراو نا ئاشکراکانی ژیانی گشتی و تایبەتی ئێمەدا زمان، هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و سێکسی، هەڵسوکەوتی سیاسی و بە کورتی هەموو رەهەندەکانی ژیانی ئێمەی داگیر کردوە.

راستییەکەی ئەوەیە کە «جەنگی حیجاب»ی ئارایی، لە جەوهەری خۆی دا جەنگێکی ئایینی نییە، بەڵکوو جەنگە کە زۆر قووڵترە لە ئایین، جەنگە لەسەر پێگەی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی دوو رەگەز لە وڵاتانی ئیسلامی دا. خەباتی ژنانی وڵاتانی موسوڵمان دژی پیاوسالاری دەرخەری ئەوەیە کە ستراکتۆری کۆمەڵایەتیی وڵاتانی ئیسلامی گۆڕانیان بەسەر داهاتووە و یان لە حاڵی گۆڕان دان و پیاوانی موسوڵمان دەبێ ئەو راستیە بسەلمێنن. ساڵەهایە ئەو جەنگە دەستی پێ کردوەو بەم شێوەیەی کە لە نیشانەکانیەوە دیارە، ئەو جەنگە زوو یا درەنگ بە سوودی ژنان کۆتایی پێ دێ، بە هەمان شێوەی پیاوانی جیهانی مەسیحییەت کە لە ئەنجام دا ناچار بوون مافی یەکسانی ژنان و پیاوان بە فەرمی بناسن و رێگە بۆ داهاتوویەکی مرۆڤانە (نەک پیاوانە یا ژنانە) خۆش بکەن.

سەرچاوە: www.biniaz. Net - وەرگێڕ: رەحمان سەلیمی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان کورد - رێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٠

# هەشتی مارس و هیوا و هەوڵ و ئەرکەکانمان



**سەرگوڵ بێتووشی**

هەروەک لە لای هەمووان ئاشکرایە رۆژی هەشتی مارس رۆژی جیهانیی نێونەتەوەیی ژنانە. ساڵی ١٨٥٧ و لەوەها رۆژێکدا بوو کە ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش و پێشڕەو لە کارخانەکانی قوماش لە نیۆیۆرک رژانە سەر شەقامەکان و خوازیاری چوونەسەرێی حەقدەستەکان و کەمکردنەوەی سەعاتەکانی کار کردن و باشترکردنی بارودۆخی نالەباری کار بوون. بەڵام بیرۆکەی دانانی رۆژێک بە ناوی رۆژی ژن، بۆ یەکەم جار لە خۆپیشاندانێک لە ٢٣ی مانگی فێبریواری ساڵی ١٩٠٩ هەر لە نیۆیۆرک گەڵاڵە کرا کە لەو خۆپیشاندانەدا زیاتر لە دوو هەزار ژن بەشدار بوون و خوازیاری ئەوە بوون کە هەموو ساڵێک دوایین یەکشەممەی مانگی فێبریواری خۆپیشاندانێکی سەرتاسەری لە ئامریکا بە بۆنەی رۆژی ژنەوە بەڕێوە بچێت. لە ساڵی ١٩١٠دا و لە دووهەمین کۆنفرانسی ژنانی سۆسیالیستدا بە رێبەرایەتی کلارا زتکین، پرسی دیاریکردنی رۆژی نێونەتەوەیی ژنان تاوتوێ کرا و لەو کۆنفرانسەدا ١٩ی مانگی مارسی وەکو یەکەمین مراسیمی رۆژی ژن دیاری کرا. ساڵی ١٩١٣ دەبیرخانەی نێونەتەوەیی ژنان کە ئەویش یەکێک لە دامەزراوەکانی ئەنترناسیۆناڵی سۆسیالیستی دووهەم بوو، بە مەبەستی رێزگرتن لە خەباتی ژنانی کرێکاری ئەمریکا، هەشتی مارسی وەکو رۆژی جیهانیی ژن دیاری کرد و هەر لەو ساڵەدا ژنانی شۆڕشگێڕ لە سەرتاسەری ئەوروپا و لە روسیەش، بە خۆپیشاندان و بەڕێوەبردنی میتینگ رێزیان لە هەشتی مارس گرت. ساڵی ١٩٢١ کۆنفرانسی ژنانی ئەنترناسیۆناڵی سێهەم لە مسکۆ بەڕێوەچوو، لەو کۆنفرانسەدا بوو کە رۆژی هەشتی مارس وەکو رۆژی جیهانیی ژن پەسند کرا و سەرەنجام لە ساڵی ١٩٧٥دا رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەشتی مارسی وەکو "رۆژی جیهانیی ژن" بە فەرمی پەسند کرد.

هەشتی مارس لە سەرەتاکانی دامەزراندنیەوە زۆرتر بە خەباتی چەپ و کۆمۆنیستیەوە گرێ درابوو، بەڵام ئەمڕۆکە دەبینین زۆربەی هەرەزۆری ژنانی هەموو جیهان بە یەکەوە یادی وەها رۆژێک دەکەنەوە و پێداگری لە سەر وەدیهێنانی مافە زەوتکراوەکانیان دەکەنەوە و رۆژی هەشتی مارسیش وەک هەموو رۆژە سیمبولیەکانی تر رۆژی پێداگرییە لە سەر وەدیهێنانی مافە رەواکانی ژنان و ئازادی و یەکسانی بۆ هەردوو رەگەزی نێر و مێ.

# هەشتی مارچ سیمبولێک بۆ داخوازیەکانی ژنان

سەرچاوە
Serchawe

## ٨ی مارچ

هەموو سەردەمەکانی پێش خۆمان شایەتی ئەوەن کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ناتوانێ بەردەوام و سەرکەوتوو و بێ گرفت بێت بە بێ بەشداریی کردن و هاوڕابوون و هاوکاریی لە نێوان هەردوو رەگەزی نێر و مێ. بەڵام بە داخەوە تا ئێستاشی لە گەڵ بێت دابونەریتی باوی ناو کۆمەڵگای پیاوسالاری و بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی کە ئایین و دەسەڵات لێک جیا نەکراونەتەوە زۆربەی هەرەزۆری کار و ماف و دەسەڵات لە بەرژەوەندیی نێرینەدا (پیاو) خۆیان دەردەخەن چونکە لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا جۆرەها رێگا و شوێن دەگیرێنە بەر بۆ کەمتر دەستگیربوونی هەلی کار و خۆسەلماندن کە لێرەدایە زۆرکەس پێیانوایە کە نەخێر ئەو تواناییانەی کە لە پیاوێکدا هەیە لە ژناندا کەمترە کە ئەمەش بە تەواوی پێچەوانەی سەلماندنی زانستییە.

بە رای من ژنانی کرێکار و کەم داهات دووجار دووچاری چەوساندنەوە دەبنەوە: یەکێکیان لە بەر ئەوەی لە بواری ئابوورییەوە خاوەنی سەربەخۆیی خۆیان نین و دووهەمیان لەبەر ئەوەی کە ئەو کۆمەڵگایەی ئەوان پیاو حوکمی بەسەردا دەکات و بە دڵنیاییەوە لەم بوارەشدا پشکی چەوساندنەوەیان بەر دەکەوێت. بەڵام دەبێ ئەو راستییەمان لەبیر نەچێت کە ئێمەی ژن نابێت بە هیچ شێوەیەک لە شێوەکان دەستبەرداری مافە رەواکانی خۆمان بین و هەردەم یەکسانبوون لە گەڵ پیاو لە راپەڕاندنی هەموو کاروبارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا دروشمی سەرەکیمان بێت، چونکە بە هەر رادەیەک لە کەمتر بەشداربوونی ئێمەی ژن لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا هەر بەو رادەیەش بەشدارنەبوونمان دەبێتە هۆکاری کەمبوونەوەی دەرخستنی تواناکانی ژنان و سەپاندن و کاریگەری خستنەڕووی بڕواکانمان لە سەر ئاستی کۆمەڵگادا چونکە هەموو ئەو بڕیارانەی کە هەن و دەردەچن راستەوخۆ کاریگەری دەخەنە سەر چۆنیەتی ژیان و داهاتووی ئێمەی ژن و هەموو مرۆڤایەتیش.

تا ئێستاشی لە گەڵ بێت لە کۆمەڵگا پیاومەزنیەکاندا زۆر بە ئاشکرا ئەو ناهاوتاییەی لە نێوان ژن و پیاودا دروست کراوە هەستی پێدەکرێت بەوەی بۆ نمونە: هەردەم وادەبیندرێت کە پیاو بەرهەمهێنەری سەرەکییە و نان پەیدا کەری بنەماڵەیە چونکە لە راستیدا ئەو پانتاییەی بۆ نێرینەیەک رەخسێندراوە بۆ دەستکەوتنی هەلی کارکردن، بۆ ژنان ئەم هەلە زۆر لاوازتر دەردەکەوێت بۆیە ژن زۆرتر وەک بەکارهێنەرێک سەیر دەکرێت لەناو خێزاندا ئەمە بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئەو ئەرکانەی کە ژنانی ماڵدار لە نێو خێزانەکانیاندا پێی هەڵدەستن وەک هەموو کاروبارەکانی ناو ماڵ و نانەوەی وەچەی زیاتر و گەورەکردن و پێگەیاندنیان. بەڵام دیسانیش پیاو باڵادەستە لە دەرکردن و بڕیاردان لەسەر هەموو کاروبارە سەرەکییەکانی ناو خێزان بۆ نمونە مافی جیابوونەوە تا ئێستاشی لە گەڵ بێت هەر لە ژێر دەستی پیاوانە بە بێ ئەوەی مافی رەگەزی بەرامبەر لەبەرچاو بگیرێ و بزاندرێ کە ژنیش وەک پیاو مرۆڤە و ئامراز نییە تاوەکو بتوانرێ پاوان بکرێ کە ئەمەش تەواو بڕیارێکی تاکڕاییە.

لێرەدا ناکرێ بە گشتی چاوپۆشی لە بەشداریی ژنان لە کاروبار و بڕیارەکاندا بکرێت بەڵام زۆرجار ئەمەش لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتی و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدرێت کە ئەمەش بە قازانجی بارودۆخی ژنان نییە چونکە بە زۆری لێرەدا ئەو ژنانەی کە بواری خوێندن و خۆرۆشنبیرکردنیان هەبووە لە کۆمەڵگادا ئەتوانن نزیک ببنەوە لەمجۆرە دەسەڵاتانە.

ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە بیڵێم ئەوەیە دەبێ هەوڵبدرێ ئەو کێشە و گرفتانەی ژنان لە ریشەی ئەسڵیەوە چارەسەر بکرێ و ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش و ماڵداریش هان بدرێن بۆ زیاتر بەشداربوونیان لە بونیاتنانی کۆمەڵگای بەشەریدا. ئەگەر وایە پێویستە ئێمەی ژن زۆر لێبڕاوانە هەر کەس لە ئاست خۆمانەوە هەوڵەکانمان بخەینە گەڕ بۆ بەشداری پێکردنی زۆرتری ژنان لە هەموو بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بە تایبەتی لە بواری دەرکردنی بڕیارە چارەنوسسازەکان، چونکە گرنگ ئەوە نییە کە ژمارەی بەشداربوونی ژنان لە دەسەڵاتدا چەندە بەڵکو گرنگ جۆری رادە و تێگەیشتنی ئەو ژنانەیە لە کێشە و گرفتەکانی ژنان و کۆمەڵگا بە گشتی.

## هەشتی مارچ سیمبولێک بۆ داخوازیەکانی ژنان

### ٨ی مارچ

ئێمەی ژن هیچکاتێک نابێ پاڵپشتی دەسەڵاتی وەستاو لە جێی خۆیدا بین، ئەبێ هەردەم و هەردەم بۆ بەرەوپێشچوونی زیاتر هەوڵبدەین. پێویستە زۆر بە جیددی کار بکرێت بۆ تێکەڵکردنی ئەو رێکخراوانەی کە ژنان لە ئاستێکی بەرزدا کاریان تێدا دەکەن لە گەڵ ئەو رێکخراوانەی کە لە سەر بنەمای هاوتەریب بوونی کۆمەڵایەتی کار دەکەن بۆ ئەوەی ژنانی چینی هەژار و چەوساوەش بێنە گۆڕەپانی کاری بەکردەوە و گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی گشتگیری لێ بکەوێتەوە. دەبێ ئەوەندە بوار هەبێ بۆ ژنانی کرێکار و چینی چەوساوە و هەژار کە نە تەنیا بە هەبوونی رێکخراوێک کە رەنگە تەنیا هاوکار بن لە یارمەتیدانی کێشە سەرپێیەکانی ژیانی رۆژانە بەگشتی رازی بن، بەڵکو دەبێ زیاتر پێداگری بکرێت لە سەر هاوتەریب بوونی هەردوو رەگەز.
ئەوەی لە ئەمڕۆدا زۆر گرنگە و پێویستە جەختی لەسەر بکرێتەوە، پێویستیی هاوخەباتیی ژنان لە گەڵ رێکخراوە کرێکارییە یەکسانیخوازەکانە چونکە ئەگەر بێنین چاوێک بۆ نمونە بەسەر وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازی سەرمایەداریدا بخشێنینەوە دەبینین لە زۆربەی ئەم وڵاتانەدا لە گەڵ پێشوەچوونی دەسەڵاتی سەرمایەداری ئەو نیزامە ناچار بووە دان بە هەندێک مافی رەوای ژنانیشدا بنێت ئەمە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی بۆ نمونە خوێندن و کار کردن لە دەرەوەی ماڵ و بەشداربوون لە پۆستەکانی سەرەوەی دەسەڵاتیشدا. لە هەمانکاتدا ئەگەر بە چاوێکی وردبینانەترەوە سەیر بکەین دەبینین کە هێشتاش زۆرن ئەو جیاوازیانەی کە لە نێوان رەگەزی نێر و مێ دا بەرجەستە دەبنەوە. بەڵام من لێرەدا دەمهەوێت جیاوازیەکی تا رادەیەک سەرەکی و سەرەتایی بخەمە روو لە نێوان ماف و داخوازیەکانی ژنانی وڵاتانی پێشکەوتوو لە رووی ئابوورییەوە لە گەڵ وڵاتانی دواکەوتوو. لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی ئابووریدا ئێستا ئیتر ژنان زیاتر هەوڵدەدەن کە بتوانن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا هاوشانی رەگەزی بەرامبەریان واتە پیاوان بن بەڵام لە وڵاتانی دواکەوتووی ئابووری هێشتا بە داخەوە ژنان دەبێ لە هەوڵی ئەوە دابن کە لە زیندانی چێشتخانەکانیان بێنە دەرەوە. لە کێشە زەقەکانی ناو ئەوجۆرە کۆمەڵگایانە کە بەردەوام روبەڕوی ژنان دەبنەوە دەتوانین ئاماژە بە: بەزۆر بەشوودان و هەبوونی چەند هاوسەری و نەبوونی سەربەخۆیی ئابووریی و کوشتنی ژنان لە ژێر پەردەی پاراستنی ناموس دا بکەین و بە راستی جێگەی داخە کە هێشتاش پیاوان شانازی بە پیاوسالاربوونی خۆیانەوە دەکەن. هەر بەو هۆیانەوە ئێمە دەبینین و دەبیستین کە رۆژانە هێشتاش ژنان لە پێناو بەدەست هێنانی سەرەتاییترین مافەکانیان لە لایەن کەسانی ترەوە بەداخەوە دەکەونە بەر پەلاماری بێبەزەییانە و بە هەموو شێوەیەک ئازار و ئەزیەت دەدرێن و زۆر جاریش تا رادەی لەناوچوون دەڕۆن.

من دەمهەوێ لە کۆتاییدا ئەوە دووپات کەمەوە کە نابێ لەبیرمان بچێت کە هەشتی مارس دەرئەنجام و رەنگدانەوەی خەباتی ئەو ژنانە بوو کە لە گیان و ژیانی خۆیان خۆش بوون بۆ بەدەست هێنانی ئازادی و یەکسانی بۆ هەمووان. هەشتی مارس و تێکۆشانی ژنانی کرێکار و پێشڕەو هەردەم بە نەمری دەمێنێتەوە و هەردەم هاندەر و پاڵنەری نەوەکانی دوای خۆیەتی بۆ هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی مافە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان لە کۆمەڵگادا. هەربۆیە ئێمەی ژن پێویستیمان بە دووبارە خۆ رێکخستنەوە و بە رێکخراوکردن و وشیاری تەواو هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەمان لە دژی ئەو بێمافیانەی کە دەرهەق بە ژن و هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز لە هەموو جیهان دەکرێت.

سەربەرزی و خۆڕاگری بۆ بزووتنەوەی ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز

بەرز و بەڕێز بێت رۆژی هەشتی مارس

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان - ڕێکەوتی: ٤ی مارچی ٢٠١١

سەرچاوە
Serchawe




کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕەشەمەی ٢٧١٥ی کوردی - مارچی ٢٠١٦ی زایینی